گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس

سەرچاوە:
حوار مع أدونيس ، الطفولة ، الشعر ، المنفى
أجراه : صقر أبو فخر
المؤسسة العربية للدراسات والنشر / بيروت 2000

ناوی کتێب: گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس
وەرگێڕانی : نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
بابەت: گفتوگۆ
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
تایپ: سۆنیا عەباس
هەڵەچنی: نیشتمان محەمەد فاضل
وێنەی سەربەرگ: ئەدۆنیس بە کامێرای کاردۆ کامۆ
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 3000 دینار
ژمارەی سپاردن: 445 ی 2001
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی 2001
چاپی : دووەم ساڵی 2008
کوردستان سلێمانی
www.serdam.net
www.serdam.info

گفتوگۆ لەگەڵ

ئەدۆنیس

مندالّی، شیعر، ئاراوگە

وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

چاپی دووەم

سلێمانی 2008

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (445)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

پێرست

- پێشەکی: ئەو شاعیرەی بە ناو مەلەکووتی "با" دا سەفەردەکات 7
- بەشی یەکەم: منداڵی و لادێ 15
- بەشی دووەم: خزمەتی سەربازی و کۆچ بەرەو لوبنان 23
- بەشی سێیەم: سەرەتاکان و یەکەمین کارتێکەرەکان 41
- بەشی چوارەم: شاری کۆتایەکان و شاری سەرەتاکان 57
- بەشی پێنجەم: لەتێوان گۆڤاری [شیعر] و گۆڤاری [دیالۆگ] 73
- بەشی شەشەم: کێشەکانی تازەگەرپی عەرەبی 89
- بەشی حەوتەم: کەلەپوور و ڕێنیسانس و گلۆبالێزم 105
- بەشی هەشتەم: گلۆبالێزم و ڕۆشنبیرپی مردووان 119
- بەشی نۆیەم: ڕۆشنگەری و عەلمانییەت، ئایین و سەلەفییەت 135
- بەشی دەیەم: زایۆنیزم و فەلەستین، ئازادی و بخەوێ 151
- پەراوێزەکان 171
- هەندێك گفتوگۆی دیکە 187

ئەو شاعیرەی بەناو مەلەکووتی "با"دا سەفەر دەکات

ناوی (عەلی) یە.. هەروەها ناوی (ئەدۆنیس) ە.

نە ناوی یەکەم و نە شوێنی لە دایکبوونی یەکەمی هەڵنەبژاردووە، بەڵام بۆ خۆی ناوی دووەمی هەڵبژاردووە. هەروەك بەیروونی وەك شوێنی دووەمی لە دایکبوونی شیعریی هەڵبژاردووە.

ئەو کورپژگەیەی لەنێوان درەختەکانی زەیتون و شەتڵەکانی تووتندا لە دایکبووە کە پاشان گوندەکەی خۆی جێهێشتووە و لەنێوان شیعرو ئەوین و سیاسەت و شۆڕش و شارەکاندا گەشتی کردووە، تا ئێستا گەڕۆکێکی ئاوارەیەو کەشتییەکەی لە کەناری هیچ بەندەرێکدا لەنگەری نەگرتووە.

شیعر لەلای ئەو تەقینەوەیەکی بەردەوامە لە زەمەنێکی بەردەوامدا، شیعر گەشتێکە بەرەو هەرێمەکانی (نادیار) تا شاعیر ئەو شتانە کەشف بکات کە نازانرێن، نەك وتنی ئەو شتانەی دەزانرێن، شیعر هەوڵێکە بۆ وتنی ئەو شتانەی زەحمەتە بووترێن.

وەك قەدیسێکی بەربەری، یان وەك پێغەمبەرێکی دەرکراو، وەك خواوەندێکی دوورخراو، جارێکیان بەخۆی گووت: (عەلی، تۆ ویستت شتی نابنەرەتی بە گەوهەر بکەیت).. پاشان چووە ناو سەرچڵییە سیحری و ئاڵۆزو سەختەکەیەوە. لەو بیابانەدا ئاگرێکی کردەوەو.. لەو دەشتە چۆڵەدا شیعری خولقاند.

ئەمە ناوەکەیەتی. ئەوە (عەلی) یە کە مانای شیعری گۆڕی، لەسەر دەستەکانی ئەودا قەسیدە بوو بە دۆزینەوەو کرانەوەو.. بوو بە ڕم.

لە گوندی (قصابین) لە دایکبووە، ئەو گوندە قەشەنگەی دەکەوێتە باکووری سوریاو بە دڕێژایی ساڵ دار زەیتوونەکانی سەوزن، شەتڵەکانی تووتنیش لە وەرزی بەهاردا لەگەڵ ڕەنگی سەوز شەپۆل دەدەن.

عەلی لەم گوندەداو لەنێو گەڕەکە قوڕاوییەکانی و لەناو ماڵە تۆزاوی وبێدەنگەکانیدا ژیاوە کە (جگەلە نائامادەیی شتێکی تر ڕاناگەیەنن). لەو ماڵە کش و ماتانەدا تەنیا دووکەڵ ئاماژەیە بۆ بوونی ژیان. شەوە درێژەکانی زستان بۆ زەمکردنی زەمەن و خوێندنەوەی شیعرو گێڕانەوەی سەربردەو باسکردنی وەرزە بەپیت و وەرزە نەهاتەکانە, دیسان باسی جنۆکەو دێو و بوونەوەری درندەو خورافی و ناوهێنانی مردووەکان و گێڕانەوەی خەونە ترسناکەکانە.

عەلی لە سەرەتای تەمەنیدا بەردەوام لە ژێر ئەو درەختە کۆنەدا شیعری دەووت کە لقەکانی بەسەر ماڵ و سەکۆکەدا ڕاخرابوون، لەوێدا (عەلوشی) کەپرێکی بۆخۆی بینا دەکرد و، بۆ خوێندنەوەو وتنی شیعر خۆی جیا دەکردەوە. لە منداڵییەوە شەیدای سیحری تەم و مژو وشەی نامۆ بوو. بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر بە بەرد گەمەی دەکرد، شێوەی جۆراو جۆری دروست دەکردو پاشان دەیڕماندن و دروستی دەکردنەوە، کاتێکیش دایکی لێی دەپرسی : عەلوشی چی دەکەی ؟ دەیووت: (مام عومەر پاپۆڕێکی حەکیمە)، کەس نەیدەزانی مەبەستی لە (پاپۆڕی حەکیم) چییە, ئەو تا ئەو کاتە پاپۆڕ و ئۆتۆمبیلی نەبینیبوو. **(خالیدە سەعید، چەند لاپەڕەیەکی تایبەتی لە بیۆگرافیایەکی گشتی، پاشکۆی ئەدەبیی ڕۆژنامەی (النهار) بەیروووت** – 19 / 1996/10).

منداڵیی ئەدۆنیس نهێنییە، وشەکانی سیحرن, قەسیدەکانی ڕمن، لە کتێبی (فاتحة لنهايات القرن) دا دەڵێت: (ئەم جیهانە، زیندانە. ئەرکی یەکەمی هونەرمەند ئەوەیە

دیوارەکانی ئەو زیندانە بڕوخێنێت) ، ئەدۆنیس هەوڵیدا دیوارەکانی ئەو زیندانە بە ڕەمی قەسیدەکانی کون کون بکا، هەوڵیدا شتەکان بڕوخێنێ و سەرلەنوێ بنیاتیان بنێتەوە. ئەدۆنیس ئەوەی کەشف کرد کە لێرەدا بۆ گۆڕینی جیهان دوو ئاست هەیە: یان بە سیاسەت، یان بە هونەر. سیاسەت ڕاستەوخۆ جیهان دەگۆڕێت، بەڵام لەم گۆڕینەدا ڕووی زەوی دەشێوێنێ و شەقار شەقاری دەکات، کاتێکیش مرۆڤ لەناو چێژو ڕەونەقی ڕۆئیای هونەریدا دەژی، ئەوسا خۆیشی دەگۆڕێ، کە خۆیشی گۆڕا، ئەوسا کار لە واقیع دەکات و ڕووە ناشرین و دزێوەکانی دەسڕێتەوە، بەم مانایە هونەر دەتوانێت شت بگۆڕێت بەڵام لەدوای گەڵاڵە بوون و پێگەیشتنێکی دوور و درێژ .

ئەدۆنیس کاتێك لە سووریا دەرکەوت نەزار قەبانی زۆر بە تونـدی هاوچەشـنی و یەکجۆریی شیعری تەقلیدیی دەلەرزاندو شوێنگە جێگیرەکانی لەق دەکرد .

لەو ساتانەدا بدوي الجبل و عمر ابو ريشة و سليمان العيسى و نديم محمد تێدەکۆشان شوێن و پایەی قەسیدەی کلاسیکی بگەڕێننەوە، ئەو شیعرە کلاسیکییەی، بە مەرگی بدوي الجبل، مرد. دەشێت مەرگی عمر أبو ريشة و محمد مهدي الجـواهري و مـستەفا جەمالودین، گەواهیی نەمانی قۆناغێکی تەواوی شیعری عەرەبی بن .

ئەدۆنیس پڕیشکی تازەگەریی هاوچەرخی لە شیعری عەرەبیدا وەشاند، مەزەنـدەی ئەدۆنیس دەست لەملانێی خواستەکانی بوو بۆ ئازادی و گۆڕانو داهێنان. هەر لە سەرەتاوە پێی وابوو ڕۆشنبیری تەنیا بەکارهێنانێکی نوێ نییە بۆ زمان بەقەدەر ئەوەی نوێکردنەوەی زمانە. بەم مانایە، مەعریفە و تازەگەری، تێکۆشانە، واتە مەعریفە و تازەگەری ئامانجێکی بنچینەییان لە تەفسیرکردنی دنیا یان ژیان یان مرۆڤدا هەیە، ئەویش: گۆڕینی دنیا و ژیان و ئینسانە. (**ئەدۆنیس، گۆڤاری- مواقف-، پێشەکیی ژمارە (1)، تشرینی یەکەمی ساڵی 1968**).

ئەدۆنیس لە ئەزموونی شیعرییدا بە پێنج سەرچاوە کاریگەربووە:

1- شیعری کلاسیکیی عەرەبی، بەتایبەتی موتەنەببی و ئەبو عەلای مەعەرِی و ئەبو نەواس .

2- بزوتنەوەی سۆفیزم و فیکرو خەونەکانیان، واتە بە نووسینی سۆفیزم کاریگەربووە نەك بە شیعری سۆفیگەری .

3- فیکری یۆنانی، بەتایبەتی هیراکلیتس-ی فەیلەسووف .

4- فەیلەسووفی ئەڵمانی فریدریك نیچە بە تووڕە بوون و ڕتکردنەوەو یاخی بوونەکانییەوە .

5- مەعریفەی زانستی و بیرکردنەوەی زانستییانەی هاوچەرخ .

بەبێ شارەزاییەکی زمانەوانی و ئەدەبیی قوواڵ و بەبێ ڕۆشنبیرییەکی چەسپیو لە میژوو و کەلەپوورو سۆفیزم و چیژێکی جوانی شیعر، زەحمەتە بتوانیت بچیتە ناو سەرکێشیی شیعری ئەدۆنیس و بەنێو کەشە بەنێویەکداچووەکانی قەسیدەو ئاسۆ بێکۆتاییەکانیدا شۆڕبیتەوە، ئەمە جگەلە پشت بەستن بە مەعریفە تیۆری و فیکرییە هاوچەرخەکان، چونکە دنیای شیعریی ئەدۆنیس هەندێجار چڕە وەك عەتر، هەندێجاریش نەرمە وەك هەور.

دنیای شیعریی ئەدۆنیس لەیەك کاتدا فرە دەنگ و فرە ئاستە، وەك چینە جیۆلۆجییەکان بەسەر یەکدا ڕیزکراون، چینێك چینێکی تر ناسڕێتەوە، بەڵکو هەر چینێك لەسەر ئەوەی پێشوو بیناکراوەو دەبێتە سەرەتایەك بۆ چینەکەی دواتر دەبێتە دامەزرانێنی تەقینەوەو هەڵقوواڵێنێکی نوێ .

ئەدۆنیس ئەزموونە شیعرییەکەی لە کۆتایی چلەکاندا دامەزراند، لەگەڵ ڕێك بوونەوەی ساڵی 1954 دا قەسیدەی (بۆشایی) ی بەسەر خەڵکیدا بلاۆکردەوە کە ئەو کاتە بە نیشانەیەکی دیارو جیاوازی ئەزموونی شیعریی ئەو دادەنرا، ئەم قەسیدەیە مژدەی شاعیریەتێکی دیارو هەستیارییەکی شیعریی جیاوازی ڕاگەیاند، کەچی پڕۆژە شیعرییەکەی هەرگیز تەواو نەدەبوو، چونکە ڕوانینی شیعری لای ئەدۆنیس بازنەیەك نییە، تا چێوەکەی

بەسەر خاڵە ئەسڵییەکەیدا دابخات، بەڵکو ئاسۆیەکە کۆتایی نییە، فەزایەکی کراوەیە بەسەر فرەرەهەندیی خوێندنەوەدا، قەسیدە لەلای ئەو لە فەزایەکی تەماویی بێکۆتاییدا گەشە دەکات, قەسیدە تەقینەوەیەکی گڕدارە، بروسکەی سەرسوڕهێن و گەردەلوولی سەرکێش و زمانی بەپیت و خەونی جوان بە گشت لایەکی ئەو فەزا تەماوییەدا دەتەقێنێت.

ئەدۆنیس هەر لەو کاتەی لە ساڵی 1957 دا شیعری (البعث و الرماد) ی بڵاوکردەوە، ڕووخساری نوێکردنەوەی لە شیعرەکانیدا جێگیرکرد، بەڵام شیعرە جوانەکانی پتر لە کۆمەڵە شیعری (أغاني مهيار الدمشقي) دا ڕوونتر دەرکەوتن، لە شیعرەکانی ئەم دیوانە شیعرییەدا زمان بوو بە هێمایەك و چیدی ئەو زمانە گەیاندنێك نەبوو بەبێ ڕەوانبێژی یان ڕەوانبێژییەك کە ناگات. لەسەر دەستەکانی ئەودا زمانی شیعری لە چەند موفرەدەیەکی ڕیزکراو یان چەند دەستەواژەیەکی ڕیزکراو یان ئاخاوتنی ڕێزکراو، گۆڕا و بوو بە شیلەی ئاخاوتنی نووسراو.

شیعری پاکژو دلۆپێنراو، بەڕاستی، لە دیوانە شیعری (مفرد بصيغة الجمع) بەڕوونی دەرکەوت، لەوێدا قەسیدە کۆمەڵێك پیت نییە چاو بیانبینێ، بەڵکو عەتری گوڵاوێکە وەك چرپە دەچێتە نێو خانەو کونیلەکانی هەستەوەو زۆر بە هێمنی دزە دەکاتە نێو دڵەوە. لەگەڵ ئەوەی کەسێك بەڕێگەکانی (الكتاب: امس المكان الآن)دا بڕوات دەبێت هەوڵێکی زۆر بۆ تێگەیشتن بدات ، بەڵام شیعر لەوێدا وەك فرمێسکەکانی سپێدەی گوندەکەی، (قصاين)، پاکژو خاوێن بوو .

هەمیشە بیرو هەڵوێستەکانی ئەدۆنیس ناکۆك و جیاواز بوون، لە گۆڤاری (شیعر) و لە پەخشانە شیعریشدا هەروابوو, لە هەڵوێستیشدا بەرامبەر مێژوو و کەلەپوور و تازەگەری و سەردەم و سیاسەت جیاواز و ناکۆك بوو . ئەگەر چی فیکرو هەڵوێستەکانی ئەم شاعیرە ڕوونا کبێرە، بەهۆی هێزی بەربلاوییان، بوون بە دەسەلاتێك ، بەڵام ئەو بەردەوام خۆی لەوە

دەپاراست وەك سوڵتانێك قسە بكات یان وەك كەسێك وەاڵمەكان پێشكەش بكات، ئەو بەردەوام پرسیاری گرنگ و تیژبین دەخاتەڕوو، پاشان بە گەڕان و توێژینەوەو شیكردنەوە، وەك خاوەن ڕوئیایەك دەچێتە نێو قوواڵیی پرسیارەكانەوە، لە كێشمە كێشی ئەو كۆشنانەدا دەبینیت بە چەندین وەاڵمی ئاشكراو بەبێ تەفسیڵ ڕۆشناییەك دەدا، یان وەك قەدیسێكی بەربەری، كەلە دەشتاییە چۆڵەكانی زەمەندا كۆچ دەكا، دادەگیرسێ، یان وەك ڕیپێنێكی كۆنی وەسەنی بە بێدەنگی دەدرەوشێتەوە .

ئەوكاتەی كتێبی (الثابت و المتحول) ی بلاۆكردەوە, هەراوزەنایەكی زۆری نایەوە كە تائێستاش تەپوتۆزەكەی نەنیشتۆتەوە, قیامەتی دنیای كۆنی لەسەر هەستایەوە و بوونەوەرە ئەشكەوتییەكانی لێ ڕاست بوونەوە، هەروەها چەند كەسێكی پێشكەوتنخوازیش بەاڵم بێ ئەوەی نییەتێكی خراپیان هەبێت.

هەندێك لە كۆمۆنیستەكانی وەك حسێن مرووە و مەهدی عامل هێرشیان كردە سەری و بە هیگڵیزم تاوانباریان كرد، هەندێك لە ڕۆشنبیرە ناسیونالیستە سووریەكانیش تۆمەتی كۆمۆنیزمیان خستە پاڵی، ئیسلامییەكان بەڕەنگاری بوونەوەو جارێك بە ماركسیزم تۆمەتباریان دەكرد و جارێكی دی بە ناسیونالیستی سووری. ئەو هێرشانەی لە هەموو الیەكەوە بەسەریدا دەباران لەڕاستیدا ئەوەی دەسەلماند كە ئەدۆنیس ڕووناكبیرێكی دیالێكتیكی و عەقلانیی تەواو سەربەخۆیە لە ئایدیۆلۆژیاو عەقیدەو مەزهەبەكان. ئەوەی لەالی ئەدۆنیس جێگیرو بێ بزاوتە رژێمی عەرەبییە بە گشت دامەزراوە جێگیرەكانی و بە دەزگا زگماكییەكانی و بە ڕەگەزە پێكهاتووەكانی، ئەم ڕژێمە بە شێوەیەكی ئۆرگانی پابەندی ئایین و تەئویلی دامەزراوی ئایینیە، بەاڵم تەنیا كەسە نارازی و پەراوێزكراوەكان گیانی گۆڕان و بزاوتیان تێدایە و خەمۆكیی ئەم گەردوونە و دزێویی ئەم پێكهاتەیە ڕەت دەكەنەوەو دەڕوانن ئاسۆكانی چۆنیەتیی گۆڕینی دنیا و دامەزراندنی جوانییەكی نوێ لە ژیان و كۆمەڵدا، ئەوەی یەكەم هێزی هەژموون و ستەمگەرا دەنوێنی، دووەمیان هێزی

نوێکردنەوەو دادپەروەری دەنوێنێ. ناولێنانی جێگیرو بگۆڕ یان ستاتیك و دینامیك (الثابت و المتحول) یش, وەك خۆی دەڵێ, جگەلە زاراوەیەك کە قابیلی ڕاڤەو ڕوونکردنەوە نییە، شتێکی ترنییە ، جێگیر هەمیشە بە جێگیری نەماوەتەوە، بگۆڕیش بەردەوام بگۆڕ نەبووە، بەڵکو لەنێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا بەردەوام گۆڕینی شوێن و جەدەلێکی قوڵ هەبووە، بەڵام ئەو جەدەلە زۆرجار و بەتایبەتی لە وەرچەرخانە مێژوویی یەکلاکەرەوەکاندا نەبووەتە هۆی بەرپاکردنی گۆڕانکاریی ڕادیکاڵی کە بەرەو تازەگەریی بچێ، چونکە کۆمەڵگەی عەرەبی لە جەوهەردا لەسەر فیکرو بەهاو بونیادی دژ بە تازەگەری ڕاوەستاوە, لەبەرئەوە نوێکردنەوەی کۆمەڵگەی عەرەبی، بە شۆڕشێکی ڕەگو ڕیشەیی، تا ئەندازەیەکی زۆر مەحاڵ بووە.

پاسەوانانی نەواویسە[1] کۆنەکان بەوەندە نەوەستان هێرش بکەنە سەر ئەدۆنیس، بەڵکو مێگەلێك لەو خوێندەوارانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان نەیانتوانیوە توانای خۆیان لە ڕۆشنبیری و داهێناندا بسەلێنن، بەڕوویدا وەستان، بگرە ئەوانە توانای خۆیان لە پیرۆزکردنی دەرگاکانی حاکمەکاندا دەرخستووە، ئەوانە هیچ ڕۆژێ ڕۆشنبیری ڕەخنەگر نەبوون لەگەڵ زوڵمەت شەڕ ێکی بدەن، بەڵکو ئەوانە نەعلی سوڵتانەکانی ئەم

گەورە لە مێژوودا، بەمانایەك لە ماناكان، ڕووناكبیرێكی گەورە بووە، مەعەری لەتەك ئەوەی شاعیرێكی گەورە بوو بیرمەندێكی گەورەش بوو، موتەنەبی و ئەبو تەمام و ئەبو نەواس هەموویان بیرمەندی گەورە بوون، چونكە نە تەنیا كۆمەڵێك بەهای ئیستاتیكییان دامەزراند بەڵكو چەند بەهایەكی فیكریشیان دامەزراند، ئەبو نەواس لەبەرامبەر هەموو بەهایەكی بەداوەتدا بەهای شاریی دامەزراند، ئەبو تەمام هەموو بەهایەكی ئیستاتیكی پەیوەست بە هەستییاریییەكی نوێ و بە زمانێكی نوێ دامەزراند، دەتوانین هەمان شت لەبارەی موتەنەبی- ش بڵێین كە بیروباوەڕو فەلسەفەی سەردەمەكەی خۆی لە شیعرەكانیدا تواندەوە، هەروەك لەلای ئەبو عەلای مەعەری-ش هەمان شت دەبینین، ئەمانە چەند لوتكەیەكی شیعری و فیكرین. ئەنتوان سەعادە ئەو ئاڕاستەیەی لەلا پتەوكردم كە دەیوت شیعر لە فیكر جیانابێتەوە، شیعر بینینێكە بۆ دنیا، پاش ئەوەی ڕێگەی دەربڕین و گوزارشت كردن دەمێنێت، دەبێت فیكر لە شیعردا بتوێتەوە. قەسیدە هەروەكو گوڵ گشت ڕەگەزەكانی گەشەكردنی تیایە: خۆڵ و ئاو و پەیین و كەش و تیشك و با، بەڵام دواجار گوڵ بە بۆنە خۆشەكەیەوە، نە پەیینە نە خۆڵ و نە ئاو، بەڵكو بۆنی عەترە، لێرەوە پێداگرتن لەسەر شێوەی دەربڕین دێتە پێشێ، شیعر تەنها ئامرازێك نییە بۆ دەربڕین وەك لەم نموونەیەدا دەردەكەوێت:

الناس في صورة التشبيه اكفاء

ابوهم آدم و امهم حواء

ئەمە جۆرێكە لە فیكر بەڵام شیعرنییە، كەواتە شیعر وەك (با) وایە، شیعر بای جیهانە، بای جیهانیش سنووری نییە و گشت كیشوەرو شوێن و كەش و فەزاكان دەبڕێت. بڕیاری قوولّی گشت شیعرێكی مەزن بریتییە لەو بڕیارە مرۆیی و شارستانییە تاك و تەنیایە، بەڵام مۆركی ئەو زمانە دەگرێت كە لە میانییەوە خۆی دەردەبڕێت، بەڵێ كاریگەریی ئەو كتێبەی سەعادە كاریگەرییەكی مەزن بوو، باوەڕم وایە ئەو كتێبە تا

ئێستاش یەکێکە لە گرنگترین کتێبە دامەزرێنەرەکانی ئەو بوارە، ئەوەندە بەسە کە ئەنتوان سەعادە ئەو کتێبەی نووسیوە .

*** دەتوانین بڵێین شیعر ئاخاوتن نییە بەڵکو شێوەی ئاخاوتنە .**

- شیعر بۆنە، ئەمە میتافۆر جەختی لێدەکات، بۆنمونە کاتێک غەزەلێك لە غەزەلییاتی شیعری عەرەبی دەخوێنیتەوە کە باسی ئەویندارو جلوبەرگ و چاو و سینە و ڕوومەت و ئارەزوو حەنین و نازانم چیتر دەکات، ئەمجۆرە شیعرە لە شیعری عەرەبیدا ئێجگار زۆرە، ئەمە شیعرێکی وەسفیی ڕاستەوخۆیە و هیچ چڕییەکی تیانییە، شیعری ڕاستەقینە، تەنانەت لە پەیوەندیشدا، ڕەمزێکت بۆ دەخولقێنێت، بۆنمونە شیعری شاعیرێکی کۆنی عەرەبی بخوێنیتەوە کە لە میسردا ژیاوەو ناوی الشریف العقیلی-یە لە شیعرێکدا بۆ خۆشەویستەکەی، دەڵێت:

ضاقت علي نواحيها فما قدرت

عای الاناخة في ساحاتها القبل

کاتێك شیعرێکی وەك ئەمە دەخوێنیتەوە، هەموو شیعرێکی غەزەلی مەئلوف دەیتە شیعری بێ مانا، کاتێکیش دێڕە شیعرێکی ئەبو تەمام دەخوێنیتەوە کە وەسفی باران و بێداربوونەوە دەکات، ئەوسا جیاوازییەکەت بۆ دەردەکەوێت, ئەبو تەمام دەڵێت:

مطر يذوب الصحو منه و خلفه

صحو يكاد من النضارة يمطر

ئەم وێنەیە جیهانێکی سەرسوڕهێنت بۆ دەکاتەوە، هەموو ئەو فیکرانەنش کە ساف دەبنەوە دەگەنە جۆرێك لە دەربڕینی تواوە، سنوورەکانی نێوان شێوەو ناوەڕۆك دەسڕنەوو وەك ئەو شتانەیان لێدێت کە لەناو یەکتردا دەتوێنەوە. ئەمەیە شیعر .

*** لە قەسیدەی " قالت الأرض" [7] دا بە بدوي الجبل-ی شاعیر کاریگەر بوویت، پاشان لەدیوانی "قصائد اولی" دا کاریگەریی سەعید عەقل [8] دەرکەوت. لە شاعیرە گەورەکان بە کێی دیکە کاریگەر بوویت ؟**

- پێم وایە نکۆڵی کردن لە کاریگەری هەڵوێستێکی تەواو هەڵەیە، چونکە ئەگەر تۆ زیندوو بیت ئەوا کاریگەریت لەسەر دەبێت، تەنها بەرد هیچ شتێك کاری تێناکات، بگرە تەنانەت بەردیش ڕتوبەت کاری تێدەکات، شیعر وەك با وایە، لە گشت شاعیرێکی ڕاستەقینەدا کاریگەری هەیە، بەڵام لەم ئاستەدا سەرەتاکان دیارنین و سەرەتاکان زنجیرەیەکی نادیارن، بۆیە جیدال و گفتوگۆی جیاواز لەبارەی کێ بۆ یەکەمجار، بۆنموونە، پەخشانە شیعری نووسیوە، بەهیچ جۆرێك مانای نییە, گرنگ ئەوە نییە کێ یەکەم کەسە، گرنگ قەسیدەکە خۆیەتی, دەشێت فلاّن کەس یەکەم کەس بێت بەڵام قەسیدەکەی باش نەبێت. کاریگەری لەیەك کاتدا ئاگاو نائاگا دەبێت. کاریگەریی بە ئاگایانە، لەلای من، لەو کەسانەوە هاتووە کە تۆ ناوت هێنان، بەڵام لێرەدا کاریگەرییەکی تێپەڕیو و نائاگا لە قۆناغێکی دیاریکراودا هەیە وەك کاریگەریم بە سەعید عەقل و بەتایبەتی بە زمانەکەی، سەعید عەقل زمانی کورت دەکردەوەو یەکەم قەسیدەی کورت و مەحکەمی بەرهەم هێنا، سەعید عەقل لە ئاستی زماندا کاریگەرییەکی گرنگی هەیە کەچی دنیای شیعریی، بەرتەسك و سنووردارو دووپاتکراوە، من بەهیچ شێوەیەك بە دنیای شیعریی سەعید عەقل کاریگەر نەبوومە، بەپێچەوانەوە من لەم ئاستەدا بەتەواوی هاودژم، ئەگەرچی لە سەرەتاکانی نووسینمدا وەك تۆ ئاماژەت بۆ کرد کاریگەریی زمانەکەیشیم لەسەر بووبێ.

بەڵام لە بدوي الجبل- دا بە ڕوونی و شەفافیەتی شیعرەکانی کاریگەر بووم، ئەو ڕوونی و شەفافیەتەی لە شیعری کۆنی عەرەبیشدا هەیە، بەڵام بایەخی بدوي الجبل لەوەدایە کە بەتەواوی کلاسیکییە، واتە، توانی ئەو زمانە شیعرییە سافە هەرس بکات و لە سەمتێکی تردا بینووسێتەوە، بەم مانایە لەو باوەڕەدام بدوي الجبل بۆنی گولاّوی شیعری عەرەبیی لە

جەواهیری [9] پتر تیایە، بۆنمونە لە شیعری جەواهیریدا گەلێك ئالۆزی و قۆقزی و موفرەداتی مردوو و لێکدراوی بەسەر چووی تیایە بە چەشنێك، لەتەك گرنگیی شیعرەکانی، بەلآم بۆنی گولّی زۆر کەم تێدایە بە بەراورد لەگەلّ شاعیرێکی وەك بدوي الجبل، کەچی جەواهیری لەبەر کۆمەلّێك هۆی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، لەلای ڕژێمەکان زۆر ناودارتر و بلآوتر بوو، جەواهیری لە بدوي الجبل زیاتر دەست بۆ ئایدیۆلۆژیا و فیکرو ڕوودارەکان دەبات، بدوي الجبل هەموو ئەو مەسەلانەی تێکەلّ بە خۆی و بە ئەزموونەکەی کردووە و تەنیا بۆنی گولآوەکەی هێشتۆتەوە، دۆزینەوەی بۆنی گولآو زۆر دژوارترە لە دۆزینەوەی ڕووداو. جگە لەوانەی باسکردن کاریگەریی ئەزموونە شیعرییەکانی خۆرئاوام بە سەرەوەیە، بە ئاگابوونێت یان بەبێ ئاگا بە هەندێك لە شاعیران کاریگەربووم، بەلآم زیاتر کاریگەربووم بە بزاوتە فیکرییەکان، هەر بۆنمونە نیچەو هیراکلیتس [10] .

بەشی چوارەم

شاری کۆتاییەکان و شاری سەرەتاکان

* مۆنۆپۆلیزەکردنی دامەزراوەکان لەلایەن دەسەلآت و ڕێگە نەدان بە دامەزراندنی ئازادانەی دەرگای ڕۆشنبیری و زانستی، دەرفەتەکانی داهێنان دەخنکێنێت.

* شارەکانی ئێمە پڕن لە گیرو گرفتی کارەبا و ئاو و گرفتی هاتوچۆو پۆست و... تەنانەت نان پەیداکردنیش خۆی گرفتێکە، باشە چۆن دەکرێت شوێنێکی وا ببێتە شارێك بۆ داهێنان .

ئەڕنیس لەم بەشەی گفتوگۆکەدا باسی دیمەشق دەکات وەك شارێکی داخراو کە بە مێژوو پەرژینکراوەو ئاسۆیەکی بۆ تەقینەوە یان بۆ کرانەوە تیانییە، شاری سەوداکردنەو لەنێوان سیاسەت و بازرگانیدا دێت و دەچێت، کەچی بەیروت شاری سەرەتاکانەو ئاسۆیەکی کراوەی هەیە، بەلآم ئەو بەیروتەی لە سەردەمێکدا ئەدۆنیسی تیادا ژیاوە زۆر جیاوازە لەم بەیروتەی ئەمڕۆ کە شاعیر ترسێکی زۆری هەیە ئەم شارە دلگیرە بەرەو وێرانی و داخران بچێت، ترسی لەوەیە بەیروت بگۆڕدرێت و ببێت بەو شارەی خێڵ و تایفەکان تەنها لەگەڵ خۆیاندا قسە بکەن و مۆڵ بخۆن، کە جاران لەگەڵ یەکتردا دیالۆگیان هەبوو، ئەدۆنیس لەوە دەترسێت بەیروت لەناو پەرژین و شورەیەکی گەورەدا ببێت بە کۆمەڵێك شاری بچووك بچووك. هەر لەم گفتوگۆیەدا باسی هەلومەرجەکانی سەرهەڵدانی گۆڤاری "شیعر" دەکات کە وەك شۆڕشێکی نوێکاری هەنگاوی گەورەی هاویشت .

لەنێوان دیمەشق و بەیروت
شاری کۆتاییەکان و شاری سەرەتاکان

*** تۆ دیمەشق بە شاری سەرەتاکان ناو دەبەیت. لەنێوان دوو زەمەنی جیاوازدا بەیروت چۆن دەبینیت؟ مەبەستم بەیروتی نیوەی دووەمی پە نجاکان، کە تۆ تیایدا ژیاویت، لەگەڵ بەیروتی ئەوەتەکان؟ پاشان دیمەشق لە دوو سەردەمی جیاوازدا چۆن دەبینیت، دیمەشقی نیوەی یەکەمی پە نجاکان لەگەڵ دیمەشقی ئەمڕۆ؟ ئەی چۆن ئەم دوو شارە لەڕووی ڕۆشنبیری و شارستانی وهێمنی و جوانیی ژیان بەراورد دەکەیت؟**

- ئەمە باسێکی درێژە جگە لەوەی ئالۆزیشە. دیمەشقم ناوناوە شاری کۆتاییەکان یان شارێکی تەواوکراو و کۆتایی پێهاتوو، لەبەرئەوەی ئاسۆیەکی لەولەبییانەی هەیە، واتە شارێکی هەمەچەشنە لەسەر دوو بنچینەی چەسپیو ڕاوەستاوە، ئەو دوو بنچینەیەش لە

سیاسەت و بازرگانیدا قەتیس دەکەم، دیمەشق لەڕووی شێوەو ڕووبەرەوە بەردەوام فراوان دەبێتەوە بەڵام لە جەوهەردا هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئەمڕۆ کاتێک دەگەڕێمەوە دیمەشق، ئەو گۆڕانکارییانە دەبینم کە لە پەنجاکانەوە تا ئێستا بەسەریدا هاتوون-بۆماوەی چوار ساڵ بە چڕی لەو شارەدا ژیاوم- گۆڕانکارییەکانی ئەم شارە تەنها چەند گۆڕانکارییەکن لە ڕووالەتدا، ژمارەیەکی زۆری کۆشک و خانوو زیادیان کردووەو شەقامەکان فراوانتر بوونەتەوە، دەشێت هەندێکیان پاکترو ڕێکوپێکتر بووبنەوە، بەڵام لە جەوهەردا دیمەشق تا ئێستاش شارێکە لەناو پەرژینێکدا دەژی، لەوانەیە ئەو پەرژینە لە جاران گەورەترو فراوانتر بووبێتەوە، بەڵام تێکڕای گواستنەوەو گۆڕانکارییەکان لەناو ئەو پەرژینەدا ڕوویانداوە. دیمەشق، بەمانایەکی تر، شاری سەوداکردن و یەکلاکردنەوەی حیساباتەکانە نەک شاری تەقینەوەو هەڵقوڵین و زیندەگی، بەم مانایە دیمەشقم بە شارێکی کۆتایی پێهاتوو ناو لێناوە، چونکە لێرەدا وەهمێك یان هەستێکی قوول هەیە کە ئەمە شارێکی کاملەو پێویستیی بەهیچ شتێکی تر نییە جگە لە پاراستنی ئەوەی کە هەیە، لەبەرئەوە دیمەشق شارێکە مومکین نییە هیچ تەقینەوەیەکی تیادا ڕووبدات، سا تەقینەوەی ئەدەبی بێت یان فیکری یان سیاسی، خۆئەگەر شتێکیش لە تەقینەوە سیاسی و ئابووریییەکانی تیادا ڕووبدات، ئەو تەقینەوەیە دەبێتە مەسەلەیەکی کاتی و تێپەڕیو، لە دۆخێکی واشدا ئەوجۆرە تەقینەوانە لە ناوەوەو لە بزاوت و زیندەگیی ناوەوە نەهاتوون بەڵکو لەدەرەوە هاتوون, کەواتە دیمەشق شارێکی دڵنیاو هێمنە. بەڵام بەیروت، بە پێچەوانەی دیمەشق، شارێکی جیاوازە. بەیروت شوناسێکی پێشینەی نییە. دیمەشق شوناسێکی پێشینەی هەیەو پارێزگاری لەو شوناسە دەکات، جا لەبەر ئەوەی بەیروت شوناسێکی پێشتری نییە, کە دەچیتە ناوی وەك ئەوەیە بەڕاستی بچیتە ناو ئاسۆیەك، شوناسەکەیشی لەگەڵ کارو لەگەڵ فیکری هاوشانی ئەو کارە دەخوڵقێت، بەیروت دەرفەتی بۆ هەموو گروپێك و بۆ هەموو کەسێك دەڕەخساند لەتەك خولقاندنی کارو فیکردا بەردەوام

شوناسی خۆیان دروست بکەن، ئەم شارە لەم لایەنەوە شارێکی کراوەیەو تەواو نەبووە، شاری سەرەتاکانە، هەمیشە دەتوانیت وردە وردە دەست پێ بکەیت، بەڵام ئەمڕۆ خەتەری گەورە لەسەر بەیرووت ئەو وێنەیەیە کە لەدوای شەڕی ناوخۆ دروست بووە. زەحمەتە پێشبینی بزاوتی واقیع بکرێت، دەشێت هەر یەکێك لە ئێمە لە ئاستی فیکردا پێشبینی هەندێك شت بکات وەك ئەوەی عەقڵی خۆی بۆ پێشبینی چارەنووسی نەتەوەی عەرەبیان نەتەوەی سووری بخاتەکار بەڵام لە ئاستی بزوتنەوەی واقعیدا باوەڕم وایە زۆر زەحمەتە پێشبینی بکرێت، لەبەرئەوە ترسی ئەوەم هەیە بەیرووت بە عەرەب بکرێت بەو مانایەی لەبارەی دیمەشق قسەم لەسەر کرد، دیمەشق جگە لە نموونەیەکی شارە عەرەبییەکانی تر شتێکی تر نییە, بەڕاستی ترسی ئەوەم هەیە بەیرووت بەمانا نێگەتیڤەکەی بە عەرەب بکرێت .

*** واتە پیربەبێت ؟**

- بەڵێ، ببێت بە شارێك هەستێکی وای تیابێت کە شارێکی کاملّ و تەواوەو هەوڵی پاراستنی شتە جێگیرەکانی تیادا بدرێت، بەتایبەتی دۆخی خێڵ و تایفەکان، تایفەکان لە ڕابردوودا کەمتر تایفەگەراییان دەکرد وەك لە ئێستا، تایفەکان بەر لە شەڕی ناوخۆ لەبەرامبەر دیالۆگی بێ سنووردا کرابوونەوە، کەچی ئەمڕۆ سوننییەك زۆر لە جاران سوننی تر‌ەو شیعەیەك زۆر لە جاران شیعەترە، هەر بە تەبیعەتی حاڵیش مارۆنییەك زۆر لە جاران مارۆنی ترە، واتە ئەو کرانەوەیە بەر تەسکترو بچوکتر بۆتەوە، لێرەدا جۆرە داخرانێك هەیە، ئەوەی دەمترسێنێت ئەوەیە بەیرووت ببێت بە شارێکی ئاڵۆز لە دیمەشقیش ئاڵۆزتر، ببێت بە کۆمەڵێك شاری بچوك بچوکی ناو شوورەیەك و ببێت بە کۆمەڵێك داخرانی ناو ئەو شوورەیە، ئەوەی لێرەدا دەیڵێم لە ترسەوەیە نەك لە یەقینەوە، چونکە وەك وتم زەحمەتە پێشبینیی واقیع بکرێت، ئەوەی پاڵ بەهەر یەکێك لە ئێمەوە دەنێت لەو حاڵەتە بترسێت: ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر مرۆڤ لە لوبناندا بە بەهرەی تایبەتی و بەتوانا و لێهاتوویی

خۆی کارەکان ئەنجام نادات، بەڵکو بە لایەنگیریی تایفەگەرایی کاردەکات، تەنانەت لەناو تایفەکەی خۆیشیدا بەپێی ڕادەی نزیکی یان دووریی لە سەرۆکی خێڵەوە، کاردەکات. جاران ئەجۆرە هەڵسەنگاندنە لەناو خێڵدا هەبوو بەڵام جۆرێك لە بزاوت و جوواڵنەوەش هەبوو، لەناو هەر خێڵێکدا هەمەجۆری و فرەیی هەبوو، لەبەرئەوە پەراوێزێکیش بۆ بەهرەدارە بە تواناو بوێرەکان هەبوو تا لە مەتنی ئەو فرەییەدا بجوواڵنەوە. ئێستا لە دیمەشق مرۆڤ، لە هەموو شتێك زیاتر، لەڕووی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و بازرگانییەوە هەڵدەسەنگێنرێت، واتە کەسانی سیاسەتەداری بازرگانی شارێکی مەزنی وەك دیمەشق بەڕێوە دەبەن، ئەمەش لەڕاستیدا شارەکە پارچە پارچە دەکات و تێکیدەشکێنێت و دەیخنکێنێت. ئێستا لەوە دەترسم تایفەگەری/ بازرگانی, سیاسی/ بازرگانی بەیرووتیش بخنکێنێت [1] .

*** پێم وایە بەیرووت خاسیەتە کۆزمۆپۆلیتییەکانی ون دەکات .**

- ئەگەر مومکین بێت شار بکوژرێت وەك چۆن مرۆڤ دەکوژرێت، ئەوا مومکینە بڵێین بەیرووت "کوژرا" لەچاو ئەو وێنەیەی پێشتر ئێمە بینیومانەو تیایدا ژیاوین، دەشێت وێنەیەکی تر بۆخۆی وەربگرێت، لێرەدا شتێك هەیە ڕێی بینین دەگرێت بەڵام دەبێت ئێمە بە ڕوونی ببینین، مەبەستم بوونی ئیسرائیلییە، لایەنی پارادۆکس لە وجودی ئیسرائیلدا ئەوەیە کە لەسەردەمی هەڵکشانی ناسیونالیزمدا پەیدابوو، لەسەردەمی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی و ئەو ڕێکخراوانەی وەك ئەلتەرناتیڤی بورژوازیی کۆن و فیودالێزمی تەقلیدی خۆیان پێشکەش دەکرد، واتە ئیسرائیل لەناو جەرگەی ئەو بزوتنەوە عەرەبییە دامەزرا کە بەرەو ئازادی و پێشکەوتن دەڕۆیشت، ئەمە پارادۆکسێکە دەبێت ئاگاداری بین, خراپترین کارەساتی ئێمە لەو قۆناغەدا ڕوویدا، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەناوەوە هەر لەو قۆناغەدا ڕوویدا، واتە ئێمە لەو کاتەی دەهات هەناسەیەکمان بێتە بەر، کەچی لەگەڵیدا تەنگەبەری و خەم و ئازارمان بەسەردا باری .

*** ئاخۆ وای دەبینیت بەیرووت، پاش ئەو هەموو مەینەتییەی بەسەریدا هات، هیوایەکی تیامابێت بتوانێت کەمێك لە گەشانەوە ڕۆشنبیرییەکەی بەدەست بێنێتەوە ؟**

- دەبێت مرۆڤ هەمیشە هیوای هەبێت، وەك سەعدولّلاّ وەنوس[2] دەڵێت: "ئێمە مەحکومین بە هیوا" یان وەك ئەنتۆنیۆ گرامشی[3] دەڵێت: "ئێمە مەحکومین بە هیوای ئیرادە". بەڵاّم هیوای من وەك شاعیرێك زۆر دوورترە لە هیوای من وەك کەسێکی پابەند بە کۆمەڵ .

*** شار لە جیهانی عەرەبیدا زۆرە بەڵاّم ئەو شارە گەورانەی جاران پێیان دەوت (حواضر)، جاران دیمەشق و بەغدا و قاهیرەو لەوانەیە ئەسکەندەرییەش کۆمەڵێك (حواضر)ی دیاربووون، دەشێت بەیرووتیش ئەو ڕۆڵەی هەبووبێت، بەڵاّم هەموو ئەو شارانە هێزیان لێبڕاو پیربوون، ئایا ئەمڕۆ (حاضرة) یەکی عەرەبی هەیە ؟**

- بەداخەوە دەڵێم نەخێر،لەگەڵ ئەوەی ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی کردنی شاری عەرەبی بە (حواضر) بوونیان هەیە کەچی دامەزراوەکان لەو ئاستەدانین هەست بـە گرنگیـی ئـەو ڕەگەزانە بکەن، لەبەرئەوە دەبینیت هاووڵاتی بووە بە کەسێکی نائومێد و ئیماندار. ئێمە گشتمان پتر سەیری چەندایەتی دەکەین نەك چۆنایەتی، پتر شتومەك بەکار دەهێنو هیچ بەرهەم ناهێنین، ئێمە پتر بە سیاسیی تێپەڕیو وەرگیراوین نەك بە سیاسیی قوڵ، من لەوە دەترسم لە سەدەی بیست و یەکدا وڵاّتە عەرەبییەکان- کە شارستانیەتێکی دێرینیان هەیە و دەکەونە ناو دوو کیشوەر- بگۆڕرێن و تەنها بن بە شوێنێکی جوگرافی .

*** زیاتر حەز دەکەیت لە چ شارێکدا جێگیر بیت ؟**

- لەڕاستیدا دەبێت بڵێم: نازانم. ناتوانم دیاریی بکەم .

*** لە درێژەی قسەکاندا دەمەوێت بڵێم شار لە دنیای هاوچەرخدا بەندیخانەی ڕۆحە، بەڵاّم بەبێ شاری پڕ لە هەراو ژاوەژاو، بوارێك نییە بۆ خەیاڵگەو داهێنان و یاخی بوون. کەچی شار لە دنیای عەرەبیدا بووە بە بەندیخانەی جەستەو ڕۆح پێکەوە، بگرە شار بریتییە لە کۆمەڵێك سندووقی بەربینو لە تەنیشت یەکترەوە دانراون، وەزیفەی شار بریتییە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵی بەشەری،**

ئەو بەشەرانەی بە دوای کارو پشوو و نووستن و خواردن و خواردنەوەو سێکسدا ماندوون. ئایاهێنانلە ژیانی ڕۆژانەماندا لەگەڵ مردنی شاری عەرەبیدا ون دەبێت؟

- وەلآم لە پرسیارەکەتدا هەیە، پرسیارەکەت خۆی وەلآمە. ئێستا ئەگەر بچینە سەر باسکردنی کارکردن دەبینین مرۆڤی تاك لە شاری عەرەبیدا بەردەوام سەرقاڵی دابینکردنی خزمەتگوزارییە ڕۆژانەییەکانن، شارێك هەموو جۆرە گرفتێکی تیایە: گرفتی کارەباو گرفتی ئاو و گرفتی هاتوچۆو گرفتی پۆست و زۆر گرفتی تریش، بگرە نانپەیداکردن خۆی گرفتە. باشە چۆن دەکرێت شوێنێکی وا ببێتە شارێك بۆ داهێنان ؟

بەڕاستی ئەمە شارێکی بکوژ و خنکێنەرە، ئەمەش دەکەوێتە سەر بەرپرسیارێتیی دەسەلآت و دەزگاکانی دەسەلآت. بەلآم کاتێك ژیانی هاووڵاتی لە ساتەوەختی لە دایکبوونییەوە تا مردنی دەبێتە زنجیرەیەك گیروگرفتی یەك لە دوای یەك و بە کۆمەڵێ پێوەند کۆت دەکرێت، ئیدی چۆن دەکرێ شار ببێت بە شوێنی خەیاڵگەو داهێنان. کە خەڵکی سەر قاڵی ژیانی ڕۆژانەن لە مردوو دەچن، بەلآم ئەگەر -تەنانەت لەو جۆرە شارانەشدا- هەل و دەرفەت بۆ تاکەکان بڕەخسێنرێت و کۆمەڵێك دەزگا بۆ ئازادیی داهێنان دابمەزرێت، ئەوسا دەبینیت کەسانێکی زۆر پێدەگەن و تونا ڕاستەقینەکانی خۆیان دەخەنەکار. ئێمە لە ولآتانی دەرەوەدا لە سەرجەم بوارەکاندا زۆر کەسی لێهاتوو و بە توانامان هەیە، خۆ ئەگەر ئەو کەسە بە توانایانە هەر لە ولآتەکەی خۆیاندا بمابان، ئەوا وەك هەر کەسێکی تری ناو ولآت دەبوون: دەبوونە ئەو بوونەوەرانەی تەنها سەرقاڵی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەن. کەواتە لێرەدا ناتەواوییەك هەیە، پێم وایە ئەو ناتەواوییە لە سروشتی دەسەلآتی سیاسیدا پەنهانە.

بەکورتی دەڵێم مۆنۆپۆلیزەکردنی دامەزراوەکان لەلایەن دەسەلآتەوەو ڕێگەنەدان بە دامەزراندنی ئازادانەی دەزگای ڕۆشنبیری و زانستی، یەکێکە لەو فاکتەرە گرنگانەی دەرفەتەکانی داهێنان دەخنکێنێت .

گۆڤاری "شیعر" و پەخشانە شیعر
پێشبینی و ئوێکاری

*** گۆڤاری "شیعر" بە جۆرێکی وا دەرکەوت وەك بڵێی لە ئاراستە و ڕووکاردا بە ڕەگەز سووری یان "سووری نەتەوەیی" بێت. تۆ و (یوسف الخال) و (محمد الماغوط) و (نذیر العظمة) و پاشان(کمال خیري بك) و (فواد رفقه) [4] لە سووریا لە دایکبوون و لە عەقیدەشدا نەتەوەیی بوون. ئاخۆ عەقیدو شوێنی لە دایکبوون کاریان لەسەر پێکهاتنی گۆڤاری "شیعر" دا هەبووە ؟**

- کاتێك (یوسف الخال) م لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1956 دا بینی، لە حزبی سووری نەتەوەیی کۆمەڵایەتی جیا ببۆوە، بگرە بەمانای سیاسی لە دژی حزب بوو، زیاتر لە فکری (شارل مالك) نزیك بوو. کەواتە (یوسف الخال) م لە کاتێکدا بینی کە لە حزب جیابۆوە بەڵام من تا ئەو کاتەش ئەندامی حزب بووم، حزب وەك دامەزراوێك بەهیچ جۆرێك کاری لەسەر پێکهێنانی گۆڤاری "شیعر" دا نەبووە، بگرە پێچەوانەکەی ڕاستە: پاش دامەزراندنی گۆڤارەکە بەماوەیەك, حزب ئیغرای کردم تا لەو گۆڤارە جیابمەوە، چەند کەسێك لە حزبییەکان لە ڕقی (یوسف الخال) پێیان وتم: وەرە لای ئێمەو هەر گۆڤارێك تۆ دەتەوێت بڵاوی بکەرەوە. من دەمزانی ئەم قسەیە تەنها ئیغراکردنە، پێم وتن:نا، من واز لەو گۆڤارە ناهێنم. کەواتە لەم لایەنەوە حزب هیچ کاریگەرییەکی نەبوو. خۆ ئەوانەی تۆ ناوت هێنان ئەگەر چی سەر بە حیزبی "سووری نەتەوەیی" بوون بەڵام بەڕاستی ئەمە ڕێکەوتێکی میژوویی یان ڕێکەوتێکی بابەتی بوو. (یوسف الخال) شوێنی ڕێژو سەرسامی لوبنانییەکان نەبوو تەنیا لە چوارچێوەیەکی بچوکدا نەبێت کە پەیوەست بوو بە (شارل مالك)، ئەو چوارچێوەیەش بەهیچ جۆرێك پەیوەندیی بە ئەدەبەوە نەبوو, لە سەرەتادا لوبنانییەکان دژایەتیی (یوسف الخال) یان دەکرد، پاشان کەسانی دیکەی غەیرە لوبنانیش دژایەتییان دەکرد، تەنانەت حزبی سووری نەتەوەییش دژایەتیی دەکرد، بەڵام من لەگەڵیدا

وەستام و جەختم لە هاوکاری و پشتگیریی تەواوی خۆم بۆ ئەو دەکرد. ئەوەی هەردووکمانی دەجولاندو لە یەکتری نزیك دەکردینەوە، ئەو ناوکۆکە قوولە بوو لە هەناوی هەردووکماندا هەبوو، واتە کرۆکی کۆچکردن و کۆچبەری"موهاجیر" .. من لە کۆمەڵگەیەکی جیاوازەوە هیجرەتم کردبوو، کاتێك گەیشتمە بەیرووت وام زانی گەیشتوومەتە کۆتایی گەردوون، ئەمە شتێك بوو باوەڕم نەدەکرد. لە منداڵیمدا کاتێك دەچوومە شارێکی بچووکی وەك (جبلە) یان (بانیاس) یان (لاذقیة) خۆم وا دەبینی کارێکی گەورەم کردووە. کەسێکی موهاجیر و نامۆی وەك من — (یوسف الخال) یش هەستێکی وای هەبوو—دەبوو شتێکی جیاوازو داهێنانێکی جیاواز ئەنجام بدەم مادامەکی لە پەراوێزی ئازادیدا دەرفەتێك هەبوو شتی جیاواز دامەزرێنم. ئەم هەستکردنە بەرەو ئەوەی بردم خزمەتی سەرجەم ڕۆشنبیریی عەرەبی بکەم نەك بە تەنیا ڕۆشنبیریی لوبنانی یان فینیقی یان تەنانەت سووری.نەتەوەیی وەك هەندێك کەس ئەو پڕوپاگەندەیەیان بۆ دەکردم . ئێستا دەتوانم بڵێم کاریگەریی ئەتوان سەعادە لەسەر من بەرەو ئاڕاستەیەکی شیعریی ناحزبی و نا سیاسی جوولاندمی، ئەو کاریگەرییە بوو منی لەڕووی شیعرییەوە لە حزب دەرهێنا. بەڵام ئەو کارتێکردنانەی تۆ ئاماژەت بۆ کردن لە سەمتێکی تردا کاری خۆیان هەبووە, ئەمە لە واقیعدا بنچینەی دامەزراندنی گۆڤاری "شیعر" بوو، هیچ فیکرێکی ئایدیۆلۆژی یان حزبیی لە پشتەوە نەبوو. بە پێچەوانەوە ئەوەی لە پشتی ئەم دامەزراندنە بوو، ئارەزووی دەرچوون بوو لەهەر ئینتیماو لایەنگرییەك جگەلە لایەنگیریی شیعرو ڕۆشنبیریی عەرەبی. بێگومان ئێمە عروبەی سیاسیمان لە عروبەی شیعری جیادەکردەوە. من ئەوسا و ئێستاش دژی عروبەی سیاسی و هەروەها دژی عروبەی ئایینیم، چونکە ئایین و سیاسەت شتێکە و کاری ڕۆشنبیری و هونەریش شتێکی تر، ئێمە جەختمان لە جیاکردنەوەی (سیاسی) لە (ڕۆشنبیری) دەکرد، مامەڵەکردنیشمان لەگەڵ شاعیران بەجۆرێك بوو هەوڵمان دەدا عەقیدەیان لە شیعریان جیابکەینەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە یەکەم قەسیدە کە لە گۆڤاری

"شیعر" بلاوّمان کردەوە قەسیدەیەکی (سەعدی یوسف)ی [5] شاعیر بـوو، بێگومـان سەعدی یووسف ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی بوو، هەروەها شیعری (بدوي الجبل) مان بلاوّکردەوە کە پیاوێکی سیاسیی تەقلیدی بوو و بەپێی کێشی خەلیلی شیعری دەنووسی، ئەگەر تەماشای ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە بکەیت شیعری (جۆرج صیدح) [6] و هەندێك لە شاعیرە شیوعییەکان دەبینی، ئێمە لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری "شیعر"دا هێڵە گەورەکانمان کێشاو لەوێدا جەختمان لەوە کرد کە گۆڤارەکە تەنها بایەخ بە بابەتی شیعری و ڕۆشنبیری و هونەریی تەواو دەدات لـە دەرەوەی دامـەزراوی سیاسـی و لـە دەرەوەی دامەزراوی ئاییینی. ئەمە بوو بنچینەی گۆڤاری "شیعر" . هەموو ئەو قسانەی لەسەر ئێمە دەکران و گشت ئەو شەڕانەی ڕووبەڕوومان دەبوونەوە بریتی بـوون لـە کۆمـەلێك تێڕوانینی هەڵە کە لەسەر ئەوهام و مەزەندەی ناڕاست دروست ببوون، چونکە ئەوانەی دژایەتییان دەکردین جیاوازییان لە نێوان ئایین و عروبە یان سیاسەتی ڕژێمە عەرەبییەکان و ڕۆشنبیریی عروبە نەدەکرد، ئەوانە نەیاندەتوانی لەو چوارچـێوەیەدا ڕۆشـنبیری ببیـنن، شیعریان تەنها وەك خزمەتکاری کێشەکانی خۆیان دەبینی. لەگـەڵ ئـەوەی نیـازێکی خراپیشیان نەبوو بەڵآم ئەمە هۆیەك بوو وای لێکردن هێرش بکەنە سەر گۆڤاری "شیعر" کە لەناو چوارچێوەکانی ئایدیۆلۆژیا هاتبووە دەرێ و خۆی جیاکردبۆوە. ئێستا لەدوای مەرگی گۆڤارەکە ڕوون بۆتەوە کە ئەو گۆڤارە بە ئەندازەیەکی گەورە خزمەتی بزوتنەوەی شیعری عەرەبیی کردووە، ئەمەش ئەزموونێکی زیندووەو دەبێت سوودی لێوەربگرین. باوەڕم وایە ئەدیب یان هونەرمەند یان ڕۆشنبیر هەرچەند بتوانێت مەسافەیەك لەنێوان خۆی و سیاسەت دابنێت ئەوسا پتر دەتوانێت خزمەتی ڕۆشنبیری و هونەر و ئەدەب و کێشەکەی خۆی بکات .

*** کاتێك ژمارەی یەکەمی گۆڤاری "شیعر" لە کانوونی دووەمی ساڵی 1957 دەرچوو, ئەمانج تەنیا نوێکردنەوەی فۆرمی شیعری نەبوو بەڵکو نوێکردنەوەی ڕوانین و هەڵوێست لە مرۆڤ و بوونیش بوو.ئایا**

گۆڤاری "شیعر" هەرتەنها پێشبینییەك بوو یان لەناو تەقینەوەیەكی گەورەی ڕەگەزە نوێیەكانی تازەگەرییەوە هاتە دەرێ، كە بە بزوتنەوە یاخیگەرییەكانی لاوان و هەروەها بە دەركەوتنی چەپی نوێو ڕەخنەگرتن لە دنیای كۆن بە هەموو ڕواڵەتەكانییەوە, گوزارشتی لە خۆی دەكرد ؟

- ئەو گۆڤارە نبوئەت و پێشبینییەك بوو لەناو ئەو تەقینەوەیەی تۆ ئاماژەت پێدا.

ئەگەر هەستی نبوئەت نەبوایە باشتر بوو گۆڤارەكە زوو بمردایە، ئەگەر هەستی نبوئەت نەبوایە گۆڤارەكە لەو ڕێڕوە تەقینەوەییەدا نەدەما كە ڕێڕەوی چەندین پڕۆژەو تێڕی نوێ بوون بۆ گۆڕینی مۆڵگەو ڕزگاربوون لە دنیای كۆن، چونكە تۆ ناتوانیت كاری نوێگەری ئەنجام بدەیت تەنیا ئەگەر مەسافەیەك لە دنیای كۆن جیات بكاتەوە. بەم مانایە گۆڤاری "شیعر" لە سەمتی تەقینەوەیەكی تازەگەرییانەدا پێشبینییەك بوو، پێشبینی گۆڤارەكە لەدەوری هونەرو فیكردا تەوەرەی بەست. گۆڤارەكە لە شیعردا مژدەی ئەوەی دا كە توانا گەورەكانی زمانی عەرەبی تەنها لە "كێش"ی شیعریدا قەتیس نەكرێت، چونكە ئەو "كێش"ە مەزنانەی خەلیلی كوڕی ئەحمەدی فەراهیدی [7] پۆلێنی كردن، لە مۆسیقای زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، كەواتە مۆسیقییەتی زمانی عەرەبی لە "كێش"ە كانی ئەو زمانە فراوانترە. وەك چۆن كەسانێكی لێهاتووی وەك فەراهیدی هەڵكەوتن، دەیێت بوار بۆ كەسانی تریش بكرێتەوە تا لە مۆسیقای زمانی عەرەبییەوە ئیقاعی ترو مۆسیقای تری جیاواز بخولقێنرێت. ئەمە لەڕووی پێشبینیی هونەرییەوە, چونكە هونەر لەچەند فۆرمێكی دیاریكراودا قەتیس ناكرێت، لەبەردەمی هونەردا كۆمەڵێك پێكهاتەو كۆمەڵێك دەربڕینی بێكۆتایی هەیە، ئەمەش هەرگیز مانای ئەوە نییە كۆن ڕەت بكرێتەوە لەبەر ئەوەی كۆنە. دەشێت واز لە شێوەی هەندێك دەربڕین بهێنرێت بەڵام كەس ناتوانێت لە ئاگرو پڕیشكەكانی جیابێتەوە كە لەپشتی ئەو فۆرمانەن. ئەگەر شێوە كۆنەكانی دەربڕین بەو كوانووە بچوێنین كە ئاگری تیا دادەگیرسێت، ئەوا كەلەپووری زیندوو لەو ئاگرەو لەو پڕیشكە هەمیشەییەدا پەنهانە. ئێمە لە گۆڤاری شیعردا بڕیارماندا لەتەك كوانووە

کۆنەکاندا چەندین کوانووی دیکە دابگیرسێنین، ئەمەش بێگومان خستنە سەرو دەولّەمەندکردنی شیعری عەرەبییە، ئێمە هەرگیز نەمانتووە لە کۆن جیا دەبینەوە، خۆ جیاکردنەوەی تەواو لە کۆن مەحالّە، چونکە هەر تەنیا نووسین بە زمانێك کە میژوویەکی کۆنی هەیە واتە نووسەر لەناو ئەو کەلەپوورەدایە، ئێمە وتمان: دەبێت دەرفەت بۆ گشت بەهرەکان بکرێتەوە بۆ خولّقاندنی ئەو فۆرمانەی لەگەلّ شوناسە هونەرییەکەیدا دەگونجێت، بەم مانایە جەختمان لە شێوە نوێیەکانی دەربڕین کرد، لەوانە پەخشانە شیعرو قەسیدەی تەفعیلە بە هەمەڕەنگیی تەفعیلەکان، بەردەوام هەولّمان دەدا پشتگیریی بیروڕاکانی خۆمان لەم بوارەدا بە گەڕانەوە بۆ خودی کەلەپور پتەوتر بکەین، بۆنموونە قورئان. ئەوانەی لە سەرەتادا ئیسلامیان ڕەتدەکردەوە قورئانیان ناو لێنا شیعر، ناو لێنانی قورئان بە شیعر ئەوە دەردەخات کە ئیمکانی شێوەیەکی تری دەربڕینی شیعری هەیەو بۆی هەیە بەبێ (کێش) بنووسرێت، سا ئەگەر باب و باپیرانی ئێمە تێگەیشتنێکی وایان هەبوویێت، کەواتە بە مسۆگەری لێرەدا چەندین ڕێگای دەربڕینی ناکێشدار هەیەو دەشێت ناوی بنێین شیعر. دیسان ئێمە لە گۆڤارەکە دەگەڕاینەوە بۆ سۆفیگەری و میتۆدی سۆفیگەری تا نزیك ببینەوە لە بەڕەسەنکردنی بیروڕاکانمان، هەروەها جەختمان لەوە دەکرد مومکین نییە دەولّەتێکی نوێ لەسەر ئایین دابمەزرێت، بەڵکو دەبێت بەتەواوی ئایین لە ژیانی مەدەنی جیابکرێتەوە بەجۆرێك ئایین ببێت بە کاری شەخسی و بە ئەزموونی شەخسی، بۆئەوەی هەموو کەسێك، جا باوەڕی ئایینی و نا ئایینی هەر چییەك بێت، دەرفەتی ئەوەی بۆ بڕەخسێت بە ئازادییەکی تەواوەوە بیروڕاکانی خۆی دەربڕێت. بەم مانایە ڕەخنەمان لە ڕۆشنبیریی عەرەبی دەگرت، ئەو ڕۆشنبیرییەی لەسەر پایەکانی تێکەڵکردنی سیاسەت و ئایین، و ڕۆشنبیری و ئایین ڕاوەستاوە، وەك پێشبینییەکی سەرەتاییش دەمانوت تێکڕای حزبە عەرەبییەکان سەرکەوتوو نابن چونکە بنچینەکەیان هەڵەیە، تۆ ناتوانیت بە چەمکە کۆنەکان کۆمەڵگەیەك بنیات بنێیت، کەواتە هەر دەبێت چەمك و تێگەیشتنە کۆنەکان

بەپێی واقیعی حاڵ جێبەجێڵدرێت یان بگۆڕدرێت یان ڕاست بکرێتەوە. قسەکانی (میشێل عەفلەق) [8] لەبارەی ئیسلام کە پێی وایە ئیسلام جەوهەرو ڕۆحی عروبەیە، بێ ئەوەی مەبەستی خۆی لەمانای وشەی ئیسلام دیاری بکات، ئەمە تەنیا قسەیەکی سیاسییانەیەو لەڕووی مەعریفی و زانستییەوە هیچ نرخێکی نییە، جگەلەوەی ئەم قسانە دژی ئەو بیروباوەڕە پێشکەوتنخوازییەیە کە حزبەکەی خۆی بانگەشەی بۆ دەکات. لەڕاستیدا پڕۆسیسەی بەعسییەکان لە قوولاییدا پڕۆسیسەیەکی ئایینی و ڕەگەزپەرستی و داپڵۆسێنەرانەو دژی هەر جۆرە ئازادییەك بوو، نووسەرانی حزبی بەعس و فەرمانبەرو کارمەندانی حزبی بەعس بوون نەیاندەهێشت ئەوکاتە گۆڤاری (شیعر) بچێتە ناو ولاتی سووریا، لەنێوان ئەو نووسەرانەدا وەك پێیان وتین, علي الجندي و زکریا تامر [9] بوون، ئەمانە سانسۆریست بوون، پاشان کە هاتنە لامان بۆ گۆڤارەکە ئێمە بە سینەیەکی فراوان پێشوازیمان لێکردن و بابەتمان بۆ زەکەریا تامریش بلاوکردەوە، کەواتە ئێمە بەدەر لە بیروڕای سیاسیی نووسەرەکە، تەماشای کارە هونەرییەکانمان دەکرد.

نابێت دەوڵەت لەسەر ئایین دابمەزرێت، بەڵکو دەبێت لەسەر کۆمەڵێ بەهای تەواو شارستانی دابمەزرێت، لەم پێناوەشدا دەبێت ڕۆشنبیریی عەرەبی بچێتە ناو چنینی ڕۆشنبیریی گەردوونییەوە بەڵام نەك وەك شووناسێکی داخراو بەڵکو دەبێت بەردەوام دیالۆگی لەگەڵ کەسانی تر لە دەرەوە هەبێت. لە میژووی ئێمەدا ڕۆشنبیریی عەرەبی تەنیا لە ڕێگەی پەیوەندیکردن لەگەڵ (ئەویدی) توانیویەتی ڕێنیسانسێك — بەمانای قوولی وشەی ڕێنیسانس — بەخۆوە ببینێت .

سۆفیگەری بریتییەلە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەویدی، ڕۆشنبیریی ئیبن سیناو فارابی و ئیبن ڕوشد بریتی بوو لە پەیوەندیکردن بە ئەویدی، ئێمە جەختمان لەسەر هەموو ئەمانە دەکرد، کرانەوە بەرامبەر بە ئەویدی بەشێکی بنەڕەتیی کارکردنی ئێمە بوو لە گۆڤاری (شیعر)، دواجار گەیشتینە بیرۆکەیەکی بنچینەیی کە دەبێت چەمکی شیعر بگۆڕدرێت،

نابێت شیعری عەرەبی لە چەند وەسفێکی باودا قەتیس بکرێت، واتە نابێت ئاخاوتنێکی کێش و سەروادار بێت، ئەمە مەحاڵە. شیعر بوو بە ئەزموونێکی شارستانی، قەسیدەش تۆڕێکی شارستانییە، تۆڕی شارستانیش هەروەکو تەقینەوەیەکی بورکانی فۆرمێکی گونجاو بەخۆوە دەگرێت، ئێمە چەمکی شیعرمان گۆڕی. ئەمانە ئەو تۆخمە بنچینەییانە بوون کە بزاڤی ئێمەیان ئاڕاستە دەکرد، لەتەك سەرسامبوونێکی گەورە بە کەلەپووری عەرەبی و بە ڕۆشنبیریی عەرەبی، ئێمە بە سروشت و بە واقیع بە شێکین لە کەلەپوورو کولتووری عەرەبی. مادامەکی تۆ بە زمانی عەرەبی دەنووسیت و جوانییەکی نوێ تێدا دەخولقێنیت، ئەمە واتە تۆ جوانییە کۆنەکەی ئەو زمانە دەزانیت و ئاگاداریت. شاعیرە لاوەکانی ئەمڕۆ، ئەوانەی ئاگاداری ئیستاتیکای کۆنی زمانی عەرەبی نین، ناتوانن ئیستاتیکایەکی نوێ بخولقێنن سا هەرچەندێك بنووسن و هەرچەندێك دیوانە شیعر بلاوبکەنەوە. بەم مانایە زۆر کەس بە هەڵە لە یوسف الخال و لە گۆڤاری (شیعر) تێدەگەیشتن، بەڵام ڕەخنەگران و میژوونووسانی ئەدەب ئەمڕۆ تا ڕادەیەك و بە شێوەیەکی ڕێژەیی لەو ئەزموونەی ئێمە تێدەگەن، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش لە قوڵایی کێشەکەو لە قوڵیی نبوئەتی گۆڤارەکە تێنەگەیشتوون .

بەشی پێنجەم

لەنێوان گۆڤاری (شیعر) و گۆڤاری (دیالۆگ)

* لەماوەی دوو هەزار ساڵدا نزیکەی دە شاعیر بە درەوشانەوەیەکی جوانەوە دەرکەوتوون , شاعیرانی دی بریتین لە هەمەجۆری و هەمەڕەنگیی ئەو دە شاعیرە.

* پرسیاری سەرەکیی من ئەوەیە : بۆچی نیشتمانەکەم نابێتە نموونەیەك بۆ ئازادی و پێشکەوتن ؟ نهێنی لەوەدا چییە ئێمە لەدواوەی جیهانین ؟

گواستنەوە لە قەسیدەی کلاسیکییەوە بۆ پەخشانە شیعر پەرەسەندنێکی سروشتیی ژیانی شیعریی ئەدۆنیس بوو، پەخشانە شیعر لە ڕۆشنبیریی عەرەبیدا کرانەوەیەك بوو بەڕووی ئاسۆیەکی نوێ، یان وەك ئەدۆنیس دەڵێت: (هەوڵێك بوو بۆ کردنەوەی تونایەکی نوێ بۆ شێوە دەربڕینە جدییەکان و بۆ بەخشینی چەندین توانای دیکە بە زمانی عەرەبی تا کۆمەڵێك پێکهاتی دیکە پێك بهێنرێت)، ئەدۆنیس مەترسیی خۆی لەوە ناشارێتەوە کە لە نووسینی پەخشانە شیعردا قەیرانێکی ڕاستەقینە هەیە، ئەو قەیرانەش لەوێوە سەرهەڵدەدا زۆربەی ئەوانەی پڕۆسەی ئەو شێوە نووسینە دەکەن، بە زمانێك دەنووسن لەڕاستیدا بەتەواوی شارەزای زمانەکە نین، ئەوانە بەپێی ئەدۆنیس، هەوڵدەدەن بە زمانێك جوانییەکی نوێ بخوڵقێنن ئاگاداری ئیستاتیکاو جوانییەکانی ئەو زمانە نین، بۆیە مەحاڵە لە دۆخێکی وادا ئیستاتیکایەکی نوێ بخوڵقێنرێت، ئەدۆنیس باوەڕی وایە ئەو پەخشانە شیعرەی ئێستا دەنووسرێت تەنها بریتییە لە ڕستەی لێکدراو و کەڵەکە کراوو بێژەو لێزانی، لەم سەمتەدا ئەدۆنیس قسە لەسەر کۆتایی پڕۆژەی گۆڤاری (شیعر) دەکات کە مەرجەکانی بوونی لە دەستدا چونکە دوچاری قەیرانی ڕوانین (ڕوئیا) بوو. پاشان ئاماژە بۆ پڕۆژەی هەردوو گۆڤاری (شیعر) و (دیالۆگ) دەکات و ئەوە ڕەتدەکاتەوە پەیوەندی لەنێوان ئەو دوو پڕۆژەیەدا هەبێت لەگەڵ ڕێزی زۆری بۆ (توَفیق صایغ) ی سەرنووسەری گۆڤاری (دیالۆگ)، چونکە پڕۆژەکەی صایغ-یش خزمەتی ڕۆشنبیریی عەرەبی دەکرد .

ئەدۆنیس دەڵێت: قەیرانی نەتەوەی عەرەبی، ئەمڕۆ، بریتییەلە (قەیرانی خوێندنەوە), بۆیە ئێستا پتر سەرقاڵی گەڕانە بەدوای چوار چێوەی دامەزراندنی خوێندنەوەیەکی نوێ، چونکە قەیرانی ئەمڕۆی ڕۆشنبیریی عەرەبی لە گشت لایەنێکدا پتر قەیرانی (خوێندنەوە) یە وەك لەوەی قەیرانی (نووسین) بێت. پاشان قسە لەسەر هونەری شێوەکاری و پەیوەندیی ئەم هونەرە بە شیعرەوە دەکات .

لەنێوان گۆڤاری (شیعر)و گۆڤاری (دیالۆگ)

*** تۆ لە شیعری ستوونییەوە بەرەو قەسیدەی تەفعیلە هەنگاوت نا، واتە لە شیعری(قالتالأرض) ەوە بۆ دیوانی شیعری (قصائد اولی)، پاشان لە گۆڤاری (شیعر)دا بەرەو نووسینی پەخشانە شیعر ڕۆیشتیت. ئەو فاکتەرە قوولانە چی بوون تۆیان بەرەو ئەو گواستنەوەیە برد ؟**

- من هەر لە سەرەتاوە قەسیدەی تەفعیلەم دەنووسی، ئەمەش لە دیوانی (قصائد اولی) بەڕوونی دیارە، هەروەها قەسیدەی کێشداریشم نووسیوە هەروەك لە (قالت الأرض) دا دەرکەوت، پاشان پەخشانە شیعرم لە گۆشە ڕۆژنامەییەکان دەنووسی کە بە ناونیشانی (علی الدرب) و بەناوی خوازراوی (سائر) لە ڕۆژنامەی (البناء) لە سەرەتای پەنجاکان لە دیمەشق بلاوم دەکردەوە. چەند حەز دەکەم ئێستا بتوانم بگەڕێمەوە بۆ ئەو دەقە کورتانەی لە شێوەی پەخشانە شیعر دەمنووسین. نالێم من یەکەم کەس بووم دەستم بە نووسینی پەخشانە شیعرکرد، چونکە من دژی سەرەتاکان و دژی چەمکی سەرەتاو هەوڵ کەس و دژی ئەوەم کێ یەکەم کەس نووسیویەتی، بەڵام هەر لە سەرەتاوە، وەکو ئێستا، بەرامبەر بە دنیاو بەرامبەر بە ئەویدی کراوەبووم، هەروەها کراوە بووم لەبەرامبەر هەموو شێوە مومکینەکانی دەربڕینی زمانەوانی، لەبەرئەوە لە دایکبوونی پەخشانە شیعر لە کاروانی شیعریی مندا لە دایکبوونێکی ئاسایی بوو، گواستنەوە بوو لە دنیایەکەوە بۆ دنیایەکی تر، ئەمەش وای دەبینم کارێکی پەیوەندارو هەمەڕەنگیی دەربڕینە لە تێڕوانینم بۆ دنیا، لە ڕاستیدا من هەستم بە هیچ گواستنەوەیەکی کتوپڕ نەکردووە، نە لە شیعری ستوونییەوە بۆ شیعری تەفعیلەو نە لەمیشەوە بۆ پەخشانە شیعر، مەسەلەکە زۆر ئاسایی بوو، بەتاییەتی من دەمویست کاری (ديوان الشعر العربي) تەواو بکەم و بچمە سەر (ديوان النثر العربي)، تا ئێستاش ئەم پڕۆژەیە ماوەو بەڵام پێویستم بە کات و بە یارمەتی هەیە بۆئەوەی بەتەواوی خۆمی بۆ تەرخان بکەم، کۆمەڵێك دەقی ئێجگار زۆرم لە پەخشانی عەرەبی

لەلایە، باوەڕم وایە پەخشانی عەرەبی لەڕووی چەندایەتییەوە بایەخ و ئیستاتیکایەکی گرنگتری لە چەندایەتیی شیعری عەرەبی هەیە، چونکە جومگە گەورەکانی شیعری عەرەبی ژمارەیان کەمە و دەتوانم بڵێم نزیکەی دە شاعیر هەن لەماوەی دوو هەزار ساڵدا بە درەوشانەوەیەکی جوانەوە دەرکەوتن، بەڵام شاعیرانی دی بریتین لە هەمەجۆری و هەمەڕەنگیی ئەو دە شاعیرە، کەچی لە پەخشاندا کۆمەڵێك دەقی باش هەن بەبێ هەمەجۆری، لەبەرئەوە، بەم مانایە، دەوڵەمەندیی پەخشانی عەرەبی لەڕووی بارستایی و چەندایەتییەوە لە دەوڵەمەندیی شیعری عەرەبی گەورەترە. هیوادارم ڕۆژێك بێت بتوانم دیوانی پەخشانی عەرەبی تەواو بکەم .

*** تۆ و یوسف الخال خەمی نوێکردنەوەتان تیابوو، کەچی نوێکردنەوە لەلای ئەوشاعیرانەنابینن کە لەدوای ئێوە هاتن. ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟**

- بەپێچەوانەوە، پێم وایە خەمی نوێکردنەوە تا ئێستاش بەردەوامە بەڵام نوێکردنەوە لەم قۆناغەدا شێوەیەکی تری وەرگرتووەو ناچێتە ناو پڕۆژەیەکەوە، لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی هیچ پڕۆژەیەك بوونی نییە، نەك تەنیا لە بواری هونەری بەڵکو لە بواری نەتەوایەتیشدا. نەبوونی پڕۆژەی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی و سیاسی، بە تەبیعەتی حاڵ، بۆتە هۆی نەبوونی پڕۆژەی هونەریش، لێرەدا ئاسۆیەکی داخراو هەیە، ئەمڕۆ نووسین لە ناو ئەو ئاسۆ داخراوەدا دەخولێتەوە، لێرەدا خەڵکی پتر خەریکی کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خۆیانن و لەسەر شتە ڕاستەوخۆکانی ژیانی خۆیان دەنووسن، لەکاتێکدا پڕۆژەی گەورە پاشەکشەی کردووەو ئامادەبوونی نییە، دەشێت ئەمە هۆیەك بێت بۆ نەبوونی خەمی گەڕان بەدوای ئەو ڕێگەو شێوازانەی ڕێگە بۆ خولقاندنی دنیایەکی تر دەکەنەوە یانبۆ نەبوونی ئەوەی تۆ ناوی خەمی نوێکردنەوەی لێدەنێیت .

*** خاڵی هاوبەش و خاڵی جیابوونەوەی نێوان گۆڤاری (شیعر) و گۆڤاری (دیالۆگ) چییە، بۆچی تۆفیق صایغ[1] بەشێوەیەك دەرکەوت وەك بڵێی ئەزموونێکی جیاوازی هەبێت و ڕێچکەیەکی جیاوازی لەو ڕێچکەیەی ئێوە گرتبێت؟**

- هیچ جۆرە پەیوەندییەك و لەهیچ ئاستێكدا لەنێوان گۆڤاری (شیعر) و گۆڤاری (دیالۆگ) دا نەبووە سەرباری ئەو هەموو تۆمەتانەی بۆیان هەڵدەبەستین، بەپێچەوانەوە گۆڤاری دیالۆگ لەبەرامبەر گۆڤاری شیعر هەستی بە بێزاری و بە جۆرە ڕژدییەك دەكرد. گۆڤارەكەو تۆفیق صایغ خۆیشی ئەوەیان نەدەشاردەوە كە (دیالۆگ) پەیوەستە بە دەزگایەكی ڕۆشنبیریی نێودەوڵەتی بەناوی (ڕێكخراوی جیهانی بۆ ئازادیی ڕۆشنبیری)، بەهەرحاڵ سەرهەڵدانی گۆڤاری (دیالۆگ) پتر ئێمەی جوولاندو بۆ كارو چالاكیی زیاتر پاڵی پێوە نایت، لەوێدا مونافەسەو بەربەرەكانییەكی جوان هەبوو، تۆفیق صایغیش ڕەوشتێكی زۆر بەرزی هەبوو و زۆرم خۆشدەویست و ڕێزیم دەگرت، بەڵام هاوكاریی یەكترمان نەكرد، هەریەكەمان بە ڕێگەی تایبەتیی خۆی كاری دەكرد، بەڵام ئێمە بە فیعلی برادەربووین، برادەری پیشەو برادەری شیعرو برادەری یەك جۆرەكار، گۆڤاری (دیالۆگ) پش گەواهییەكی شیعری بوو و خۆی سەپاندو لە كایەی ئەدەبیشدا پایەیەكی بەرزو گرنگی هەبوو، من ڕێزی گۆڤاری دیالۆگ و بێگومان ڕێزی تۆفیق صایغیشم دەگرت. جیاوازی بنەڕەتیی نێوانمان ئەمەبوو: گۆڤاری دیالۆگ لەناو چوارچێوەیەكی ڕۆشنبیریی دیاریكراودا ئازادانە دەجوڵایەوە، كەچی گۆڤاری شیعر لەناو چوارچێوەی خەم و هیواو پێشهات و كێشەكانی ئێمەدا دەجوڵایەوە لەتەك پێداگرتنی بەردەوام لەسەر كرانەوەیەكی تەواو بەرامبەر بەگشت شەپۆل و ڕێبازو ئاڕاستەكان, لەم پەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ، لەبەرئەوە بوێری و جەسارەتێكی زۆرمان هەبوو بۆكرانەوە بەڕووی هەموو شتێك .

*** بەم بۆنەوە دەڵێم لەوانەیە تۆفیق صایغ نەیزانیبێت كە (ڕێكخراوی جیهانیبۆئازادیی ڕۆشنبیری) و CIA بە ئەپێنی تەمویلی گۆڤارەكە دەكەن، بەڵكو دواتر ئەو ڕاستییەی بۆ دەركەوت .**

- ئەمە ڕاستە، لەبەرئەوە دەستی لەكار كێشایەوە. لەڕاستیدا كەس ئەو شتەی نەدەزانی، تۆفیق صایغ باوەڕی وابوو ئەو ڕێكخراوە بانگەشەی ئازادیی دەكات، بەڵام ئێمە دەمانزانی ئەمە ڕێكخراوێكە دژی كۆمۆنیزمە، كەچی تۆفیق صایغ - ئەمەش

گەواهییەکە بۆ ئەو - لە گۆڤاری (دیالۆگ) دا یەک وشەی دژی کۆمۆنیزم نەنووسی، لێرەدا پارادۆکسێك (موفارەقەیەك) هەیە: ئەگەر ئەو ڕێکخراوە لە دژی کۆمۆنیزم دانرابێت ئەوا گۆڤاری دیالۆگ دژی کۆمۆنیزم نەبوو، ئەمە ڕێك هەروەکو دەزگای فرانکلین، ئەم دامەزراوە ئەمەریکییە خزمەتی ڕۆشنبیریی عەرەبی کرد، باشە بۆچی ئەم لایەنەش نەبینین و تەنها پێ لەسەر یەك لایەن دابگرین کە دەشێت واش نەبووبێت. بەهەر حاڵ کاتێك حەقیقەتی ئەو ڕێکخراوە ئاشکرابوو، تۆفیق صایغ دەستی لەکار کێشایەوە. .

*** لەوانەیە شۆکی ئەم حەقیقەتە پەلەی لە مەرگی تۆفیق صایغ کردبێت ؟**

- لەوانەیە .

*** یوسف الخال لەدوا سەروتاریدا لە گۆڤاری (شیعر) دەڵێت یەکێك لە هۆیەکانی وەستانی گۆڤاری (شیعر) بەریەککەوتنی بوو بە بەربەستی زمان. ئایا ڕاستە گۆڤارەکە بەر دیواری (زمان) کەوت، یان لەڕاستیدا بەر دیواری (واقیع) کەوت و نەیتوانی ئەو دیوارە کون بکات ؟**

- ئێستا بەپشت بەستن بە زانین و شارەزاییم لەو پیاوە، دەکرێت وەلاّمی یوسف الخال بدەمەوە: بەهانەی بەریەککەوتن بە دیواری (زمان) قەرەبوویەك بوو یان پەردەیەك بوو بۆ داپۆشینی بەریەککەوتنی قوولّی گۆڤارەکە بە دوو دیواری تر: دیواری واقیع و دیواری بزاوتی واقیع .

گۆڤاری (شیعر)، وەك بزوتنەوەو وەك پڕۆژە، لەزەمەنی خۆیدا دژی هەموو شەپۆلێکی غەیرە عروبی بوو بەمانا ڕۆشنبیرییەکەی، ئەمەش پابەند نییە بە زمانەوە، بەرکەوتنیش بە دیواری زمان واتە بە بەربەستی بزاوتی واقیع، مانای ئەوە نییە بەر خودی زمان کەوتبێت، دەنا (یوسف الخال) زمانێکی تری نەدەگرتە خۆ کە بانگەشەی بۆ دەکردو ناوی لێنابوو (زمانێك دژی زمانی سەعید عەقل)، ئەمە زمانێك نییە هی (سەعید عەقل) بێت، بەڵکو خودی زمانی عەرەبییە بەلاّم بەبێ بزاوت و جوولاّنەوە، فەرقێکی گەورە لەبەینی ئەو دووانە هەیە، ئەو زمانەی ئێستا قسەی پێدەکەین هەمان ئەو زمانەیە کە

(یوسف الخال) تەبەننیی دەکرد، ئەو زمانی عەرەبی بە هەموو فەرهەنگەکانییەوە بەخۆوە گرت بەلاّم بەبێ جوولاّندنەوە .

*** بابڵێین زمانێکی بە پەتیکراویان زمانێکی پەتی کە لە زمانی میللی نزیك دەبێتەوە..**

- لەوانەیە، تاڕادەیەك، لەبەرئەوە یوسف الخال لەدوا ڕۆژەکانیدا بەو زمانە دەنووسی نەك بە زمانی میللی، نەك بە زمانی (طلال حیدر) یان بە زمانی (میشال طراد) [2] و (سەعید عەقل) . ئەو بەمانا تیۆرییەکەی دژی زمانی عەوام و میللی بوو بەلاّم ئێمە، وەك شێوەیەك لە شێوەکانی ئازادیی دەربڕین، پێشوازیمان لەو شێوە دەربڕینانەش دەکرد،گۆڤارەکەی ئێمە شیعری بۆ (میشال طراد) و (طلال حیدر) یش بلاّوکردۆتەوە، دەمانووت هەر کەسێك چۆنی ئارەزوو لێیە با بەو جۆرە گوزارشت بکات و بنووسێت، گفتوگۆی درێژم لەگەلّ (یوسف الخال) دەکردو هەمیشە پێم دەووت تەنانەت ئەگەر وای دابنێین زمانی عەرەبی زمانێکی مردووە بەلاّم من هەر بەو زمانە دەنووسم تا پێی دەمرم، بۆ زانیاری هەندێك لە ڕێزمانزانە کۆنەکان و زانستی نەحو (سینتاکس) دەیانووت ئیعراب پێویست نییە، دەشێت هەندێك کەس وەك تیۆر ئەم ڕایە وەربگرن، بەلاّم حەرەکاتی ئیعرابی لای من وەك شاعیرێك بریتییەلە مۆسیقا، ئیعراب مۆسیقایە، ئەگەر ئیعراب لە زمانی عەرەبی دەربهێنرێت دەبێتە زمانێکی ترو ناتوانم پێی بنووسم، من پابەندی ئەو زمانە پەتییەم، ئیتر تۆش هەرچ ناوێکی لێدەنێیت: زمانێکی فەرامۆشکراو، یان زمانێك لەڕووی بابەتییەوە دەمرێت چونکە ئەهلی ئەو زمانە لاوازو بێهێزیان کردووە...هتد. زمان وەك هەر شتێکی جوان، بۆ ئەوەی شتە جوانەکەی بزانیت،پێویستیی بە کۆمەلێك موعاناتی گەورە هەیە تا بگەیتە جوانییەکەی. زمانی عەرەبی وەك ئاسۆیەکی یێکۆتایی وایە، ناتوانیت بگەیتە شوێنێکی دیاریکراو و لەوێدا بووەستیت و بلێیت ئەمەیە زمانی عەرەبی، دەبێت شاعیریش ئامادەبوونێکی وای تیابێت تا ئەو (یێکۆتایی) یە لەویشدا بوونی هەبێت وەك ئەوەی هەرجارەی قەسیدەیەك دەنووسێت هەست بەوە بکات جارێکی

تر زمان دەخولقێنێت. ئێستا عەرەب لە باریکی خراپدان بەلأم ئەم خراپیە بەهۆی زمانەکەیانەوە نییە بەڵکو بەهۆی عەقڵیانەوەیە، زمان هیچ خەتایەکی نییە بەڵکو خەتایەکە لە عەقڵی عەرەبیدایە. من دەڵێم: ئەگەر زمانی عەرەبی بمرێت مانای وایە عەقڵی عەرەبی و بگرە هەموو عەرەب دەمرن نەك هەر تەنها زمانەکەیان. من وایدەبینم گۆڤاری (شیعر) بەر دیوارێکی تر کەوت: دیواری ڕوانین (روئیا)، ئەم گۆڤارە گەیشتە قۆناغێك ئیتر خولی خۆی تەواوکرد، ئەوسا دەبوو یان بە خوێنێکی تازە خۆی تازە بکاتەوەو پاشان ڕوانینی تازە بکاتەوە، یان دەبوو بووەستێت. من ئەو کاتە بۆچوونم وابوو دەبێت ئێمە ڕوونترو بوێرتربین بۆ وەرگرتنی کەلەپووری عەرەبی وەك بابەتێکی بنچینەیی زمانی عەرەبی، هەروەها پتر بەڕووی کێشەکانی کۆمەڵگەی عەرەبیدا بکرێینەوە دەنا گۆڤارەکە بڕستی لێدەبڕێت و دەخنکێت .

هەندێك کارکردی شەخسی بەشیان لەم مەسەلەیەدا هەبوو، بەلأم بنچینەیی نەبوون، کارکردی بنەڕەتی بریتی بوو لە جیاوازیمان لە سەیرکردنی ئایندەی شیعرو ئایندەی ڕۆشنبیری، واتە جیاوازی لە جۆری کارکردن و لە جۆری بینین، لەڕاستیدا ڕوانینی جیاوازی من، بەرەو دامەزراندنی گۆڤاری (مواقف) ی بردم .

دەبێت جاروبار ڕێبەران و دامەزرێنەران (سا ئەگەر ئەوانە گۆڤار یان بزووتنەوەیەك یان حزبێك دامەزرێنن) دەبێت هوشیاری و توانایەکی وایان هەبێت بتوانن مەسافەیەکی بابەتی لەگەڵ حزب و بزووتنەوە یان گۆڤاردا بخولقێنن، کاتێکیش قودرەتی نوێکردنەوەی بەردەوامیان نامێنێت, ئەوسا دەبێت ئەوەی دایانمەزراندووە، بیمرێنن، مراندنی گۆڤار یان بزووتنەوە یان حزب لەو حالەتانەدا، لە ئاستی دامەزراندندایە .

*** لەوە دەچێت پەخشانە شیعر وەك یاخیبوونێك لە قەسیدەی تەفعیلە سەری هەڵدابێت پتر لەوەی وەك چەشنێکی نوێی شیعری دەرکەوتبێت. چۆن ڕەخنە لەم گوتەیە دەگریت ؟**

- دەبێت لەڕووی بابەتییەوە بەجۆرێك سەیری پەخشانە شیعر بكەین وەك ئەوەی بەشێكە لە تەقینەوەی دەربڕینی شیعری و بەشێكیشە لە پەرەسەندنی چێژو پەرەسەندنی پەیوەندیی مەرجەعیانە بە كەلەپوورەوە. ڕاستە ئەم چەشنە نووسینە وەهمی ئاسانكاری پیشاندەداو پڕۆسەكردنیشی جۆرێكە لە یاخیبوون، بەڵام لەم جۆرە شیعرانەدا هەروەك لە شیعری كێشداریشدا، شیعری باش هەیەو شیعری خراپ و ناشیعریش هەیە، هەر تەنها نووسینی پەخشانە شیعریش پێوەر نییە بۆ باشیی شیعرەكە وەك چۆن نووسینی شیعری كێشداریش پێوەر نییە بۆ خراپیی شیعر. ئێمە لە بنەڕەتدا و لە گۆڤاری (شیعر)یشداو لە قوولاێی تێڕوانینماندا پەخشانە شیعرمان تەنها وەك یاخیبوون نەژماردووە، بەڵكو هەوڵێك بوو بۆ كردنەوەی توانای نوێ بۆ كۆمەڵێك گوزارشت و دەربڕینی جیددی، هەوڵێك بوو بۆ بەخشینی كۆمەڵێك توانای تر بە زمانی عەرەبی، تا چەند پێكهاتێكی تر بخولقێنرێت، بەڵام ئێستا لە نووسینی پەخشانە شیعردا قەیرانێكی ڕاستەقینە هەیە، ئێستا كەسانێك پەخشانە شیعر دەنووسن زمانەكە بەتەواوی نازانن، لەتەك ئەوەی دان بە بەهرەو توانای زۆر كەسیشدا دەنێم، هەندێك لەو كەسانەی پەخشانە شیعری خراپ دەنووسن هەوڵ دەدەن ئیستاتیكایەكی تر بە زمانێك بخولقێنن كە خۆیان شارەزای ئیستاتیكای زمانەكە نین، بۆیە مەحاڵە بتوانن ئیستاتیكایەكی نوێ بخولقێنن، ئەوەی ئێستا دەنووسرێت تەنها پێكهاتەو كەڵەكەبوون و كەڵەكەكردنی وشە و بێژەو دەرخستنی لێهاتوویی،لەگەڵ ئەوەش لەماوەی ئەم پەنجا ساڵەدا بێگومان كۆمەڵێك بەهرەی شیعریی جوان و نووسینی چاك پەیدا بوون.

*** پەخشانە شیعر لە دنیای عەرەبیدا كەی دەستی پێكرد ؟ كێ بوو یەكەم كەس ئەو جۆرەشیعرەی نووسی ؟**

- لەهیچ ئاستێكدا بەلامەوە گرنگ نییە كێ یەكەم كەس بوو، من دەڵێم لە شیعرو لە فیكردا یەكەم كەس نییە، بگرە چەمكی یەكەم كەس دژی شیعرو دژی فیكرە، چونكە یەكەم كەس جۆرێكە لە لاساییكردنەوەی یەكەم ئەفرێنەر (خالق). یەكەمین شت كە دژی

شیعرییەت و دژی فیکرییەتە، پێداگرتنە لەسەرئەوەی کێ یەکەم کەس بووە، یەکەم کەس لە شیعرو فیکردا زنجیرەیەکی دریژی سەرەتا نادیارەکانە، لێرەدا گرنگ ئەوەیە پرسیاری ئەوە بکەین کێ شکلێکی جوانترو دەوڵەمەندتری بەو جۆرە نووسینە بەخشیوە، دەبێت بەوردی دیقەتی ئەم پرسیارە بدەین و وەلاّمی بدەینەوە [3]. تا ئێستاش، لەم ئاستەدا، لێکۆڵینەوەی جددی و بەخشینی حەقیقیمان کەمە، نەك هەر لەم بوارە بەڵکو لە گەلێك بواری تریشدا .

*** لە گۆڤاری (شیعر) دا خواستی دامەزراندنی قەسیدەیەکی نوێت هەبوو. ئەی ئێستا خواستی تۆ چییە ؟**

- خواستی من ئێستا دامەزراندنی خوێندنەوەیەکی نوێیە. قەیرانی ئەمڕۆی ڕۆشنبیریی عەرەبی لە هەموو لایەنەکانیدا بریتییە لە قەیرانی خوێندنەوە پتر لەوەی بریتی بێت لە قەیرانی نووسین. ئەم قەیرانەش تەنیا پابەند نییە بە خوێندنەوەی دەقی نوێ بەڵکو پابەندە بە خوێندنەوەی دەقی کۆنیش. خوێندنەوەی باوی ئەمڕۆش، بەتایبەتی خوێندنەوەی دەقی کۆن، وێرانەیەکە بۆ خۆی، وێرانەیەکی مەعریفییە، ئەم وێرانەیە یەکەمین شتە کە دژایەتی جوانیی هەموو شتێکی کۆن و مەزنیی هەموو شتێکی کۆن دەکات، تیشکە مومکین و پەنهانەکانی ناو دەقە کۆنەکان دەشێوێنێ و کەبتی دەکات . بەتایبەتی لە خوێندنەوەی دەقی ئاینیدا، وەك ئەمڕۆ باوە، زۆربەی جار ئەو دەقە چیایەکەو لەجۆرە خوێندنەوانەشدا دەق تەنها بەردێکە لە گۆشەیەکی تاریکدا، ئەمە لە خوێندنەوەی دەقی نوێشدا هەربەو شێوەیەیە، من وایدەبینم قەیرانی ڕاستەقینەی ئەمڕۆ قەیرانی نووسین و قەیرانی بەرهەم نییە، چونکە لێرەدا کۆمەلێك بەرهەمی باش و دەقی زۆر باش هەن، بەڵکو قەیرانەکە قەیرانی خوێندنەوەیە. لێرەدا خوێنەرێکی مەزن نابینین تەئویلکاری بۆ ئەو دەقە چاکانە بکات، تەئویلێك ئەو ئاسۆیەی بۆ بکاتەوە کە خواستی دەقەکەیە، گشت ئەمانە لەسەرشانی خوێندنەوەیە .

*** لە ئەدیبان و شاعیرانی ئەمڕۆ کێ دەخوێنیتەوە ؟ ئایا موتابەعەی جوولانەوەی ئەدەبی وەونەرە جوانەکانی دنیای عەرەبی دەکەیت ؟**

- بەشێوەیەکی تایبەتی بەرهەمی گەنجەکان دەخوێنمەوە، بەڵام زۆر کەم بەرهەمی نەوەی خۆم یان ئەوانەی پێش خۆم دەخوێنمەوە، بە ئارەزوویەکی زۆرەوە نووسینی وەچەکانی دوای خۆم دەخوێنمەوە، ئارەزوویەکی ڕاستەقینەم هەیە بزانم چۆن زمانی شیعری پەرەدەسێنێ، لێرەدا کۆمەڵێك بەهرەی باش و جوان هەیە بەتایبەتی لەو ولاتانەی پێشتر لە پەراوێزدا بوون، بۆنموونە ولاتانی کەندواوی عەرەبی، لەو باوەڕەدام لە ولاتانی کەندواوی عەرەبیدا کۆمەڵێك دەنگ هەیە لەنێو گرنگترین دەنگە شیعرییەکانی جیهانی عەرەبیدان. موتابەعەی هونەری شێوەکاریش دەکەم و لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکاندا پەیوەندیم هەیە، پێم وایە زمانی شێوەکاری عەرەبی، لەدوای زمانی شیعری، بایەخ و گرنگییەکی پلە دووی هەیە، باوەڕم وایە ئەم دیاردەیە زۆر گرنگەو دەبێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، بەڵام نەك بەشێوەی لێکۆڵینەوەی پچڕپچڕ بەڵکو وەك نزیککارییەکی نوێی جیهان لەمیانی پێکهاتەو لەمیانی ڕەنگەکان، ئێمە هێشتا دەستمان بەمجۆرە نزیککارییە نەکردووە، من ئێستا بایەخێکی گەورە بە هونەری شێوەکاری عەرەبی دەدەم و زۆربەی هونەرمەندە عەرەبەکان دەناسم بەتایبەتی ئەوانەی لەدەرەوەن. هیوادارم ڕۆژێك بێت بە تێڕوانینێکی نوێ سەیری هونەری شێوەکاریی دنیای عەرەبی بکرێت. پێم وایە زمانی شێوەکاریی عەرەبی زۆر لە زمانی ڕۆمانی عەرەبی بایەخدارترە، کەچی دەبینین بە ئەندازەیەکی گەورە بایەخ بە ڕۆمان دەدرێت لەچاو هونەری شێوەکاری .

*** بە لای ئە مجۆرە هونەرە تا ئێستاش لە ئاستێکی فراواندا نەچۆتە ناو ویژدانی خەڵکییەوە .**

- بێگومان، ئەمەش یەکێکە لە هۆیەکانی پاشکەوتووبی ڕۆشنبیریی عەرەبی .

*** ئاخۆ بەگشتی چەند ناوێکی دیاریکراو لە دنیای شیعرو هونەرو هونەرە جوانەکاندا سەرنجت ڕادەکێشن ؟**

- لەناوهێناندا دوو دڵم، یەکەم لەوە دەترسم ناوهێنان وا لێك بدرێتەوە کە پڕکردنەوەیەکەو پەیوەندیی هاوڕێیەتی یان هەندێك ئیعتیباراتی تر سەپاندوویەتی، دووەم لەوە دەترسم بەهۆی ناوهێنانەوە برەو بە هەندێك فیکرو ڕێباز بدەم و هەندێك ناوی دیارو شایانیشم لەبیربچێت، سێیەم دەشێت نەزانی یان مەعریفەیەکی کەم پیشان بدەم و لەوانەیشە شارەزاییەکی ئەوەندە فراوانم نەبێت بتوانم ناوەکان دەستنیشان بکەم‌بەتایبەتی لەبواری مۆسیقا (بۆ نموونە پیانۆ) و گۆرانی, هۆی چوارەمیش دەترسم یادەوەریم خیانەتم لێبکات لەناونەهێنانی ئەو کەسانەی دەیانناسم و خۆشم دەوێن کە هەندێجار ئەمە ڕوودەدات، بەڵام دوو دڵ نیم لەوەی لە هونەری شێوەکاریدا، بە تابلۆ و پەیکەرەوە، کۆمەڵێك هونەرمەندی گەورەمان هەیە، هەروەها لە مۆسیقاژەنیدا (پیانۆ عوود و.. هتد) هونەرمەندی گەورەمان هەیە کە دەشێت بەچاوێکی یونیڤێرسالی و گەردوونییەوە سەیریان بکەین، دەشێت ژمارەی ئەو هونەرمەندانە لەڕووی چۆنایەتییەوە، لە ژمارەی ڕۆمانووسەکان زیاتر بێت، تەنانەت دەشێت لە ژمارەی شاعیرانیش زیاتر بێت .

*** ئەی لە شیعردا ؟**

- ڕێگە بەخۆم نادەم هیچ حوکمێکی سەلبی یان ئیجابی لەسەر هیچ شاعیرێك دەربکەم، لەبەر گەلێك هۆ. ئەو کەسەی حوکم دەدا هەرچەند بابەتی بێت بەم یان بەو شێوەیە هەر کاریگەر دەبێت، بەشێوەیەك لە شێوەکان خودی خۆی دەردەخات، لەبەرئەوە دەترسم بەئینساف نەبم، دیسان دەترسم بابەتی نەبم هەر چەندێك بابەتیش بم، خۆم لەوە دەپارێزم قسە لەسەر شاعیران بکەم بەتایبەتی ئەوانەی لەژیاندا ماون.

*** جارێکیان وتت بەر لە ساڵی 1971 جوبران خەلیل جوبرانت نەخوێندۆتەوە. کێن ئەو شاعیرە گەورە عەرەبانەی تا ئێستا نە تخوێندووتەوە ؟**

- سەرجەمی شاعیرانی عەرەب، بە گەورەو بچوکیانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی مردوون، هەموویانم خوێندۆتەوە، لەوانەیە هەندێك کەس سەریان لەمە سوڕبمێنێت و سەرسام‌بن,

چۆن توانیومە گشت ئەو شاعیرانە بخوێنمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم: هەموویانم خوێندۆتەوە .

*** ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان لەهونەرەكان نزیك بوویتەتەوە ؟ ئاخۆ كاری نیگاركێشیتكردووە؟ئەڵێری مۆسیقاییت ژەندووە ؟**

- من برادەری زۆربەی هونەرمەندانم و بۆ ماوەیەكی درێژ كارم لەگەڵدا كردوون و تا ئێستاش كاریان لەگەڵ دەكەم، بەڵام تا ئێستا كاری نیگاركێشیم نەكردووەو هیچ ئامێرێكی مۆسیقاییشم نەژەندووە، بەڵام خۆم بە هەندێك كاری (كۆلاژ) خەریك كردووە، ئەم هونەرە لە زمانی فەڕەنسیدا پێی دەووترێت (كۆلاژ) بەڵام من پێم خۆشە ناوی بنێم هونەری گڵمتك (الرقیمة)، هەندێجار ئازادیی گەمە و شێوەكاری بە دەست وپەنجەكانم دەدەم، لەم گەمە شێوەكارییەدا كۆمەڵێك گڵمتكی كۆلاژ ئامێز بەرهەم دەهێنم .

*** دەشێت ڕۆژێك لەناكاو پێشانگایەكی شێوەكاریی ئەدۆنیس ببینم ؟**

- بەڵێ، دەشێت و مومكینە [4] .

*** لەبارەی ئەزموونی خۆت لەو تاراوگە جوگرافییەدا، دوور لە شوێنی لە دایكبوونتلەسوریەودوور لە شوێنی لە دایكبوونی شیعریت لە لوبنان، چی دەڵێیت؟**

- من پتر هەست بەوە دەكەم و مەیلی ئەوەم هەیە بڵێم سێ شوێنی لە دایكبوونم هەیە: لە دایكبوونی یەكەمم كە لە ئیرادەی خۆم نەبوو، لە دایكبوونێكی سروشتی بوو لە گوندی (قصابین) لە سووریە. لە دایكبوونی دووەمم لە دایكبوونێكی شیعرییە لە لوبنان. لە دایكبوونی سێیەمم لە تاراوگەیەكدا بوو خۆم هەڵمبژارد، من لافی ئەوە لێنادەم كە تاراوگەكراوم، بەڵكو بەهەڵبژاردنی خۆم، خۆم تاراوگە كرد، ئەو تاراوگەیەش بە پلەی یەكەم لە پاریس بوو. من زۆر قەرزاری پاریسم، هەروەك زۆر قەرزاری لوبنانم، زۆریش قەرزاری گوندەكەمم. من نیشتمانێكم هەیە، زمانی عەرەبی لەو سێ شوێنەدا بۆی چنیوم ، سووریشم لەسەر ئەوەی ئەم زمانە مەزنە، كە زمانی عەرەبییە، سنوورو ئاسۆو قوولایی

ئەو شوێنانەم بۆ ڕەسم بکات, هەندێجار ئینتیمای خۆم کورت دەکەمەوو دەڵێم: نیشتمانی ڕاستەقینەی من زمانی عەرەبییە .

*** لە کتێبی (فاتحة لنهایات القرن) دا دەڵێی: جۆرج شەحادە حاڵەت / تراژیدیایە، ئەو لە نیشتمانەکەی تاراوگەکراوە لەبەرئەوەی لە دەرەوەی زمانەکەی خۆیدایە، لە زمانەکەی خۆیشی تاراوگەکراوە لەبەرئەوەی لە دەرەوەی نیشتمانەکەیدایە. ئاخۆ تۆش، بەتەرزێکی جیاواز حاڵەت/ تراژیدیایەکی تری ؟**

- سەرباری ئەو هەموو گرفت و مەینەتییانەی تیایاندا ژیاوم و تا ئەمڕۆش تیایاندا دەژیم، بەتەواوی خۆم بە تاراوگەکراو نازانم. لە نیشتمانەکەمدا تاراوگە بەمەسەلەیەکی سروشتی دەزانم، ڕەوتی بەرەوپێشچوون لە کۆمەڵگەکەمدا بەو جۆرە بووەو مێژووی ژیانیشم هەر بەو جۆرە بووە، خۆیشم بەشێکم لەو گیروگرفتانە، ڕۆژێک گلەییم لەو بارودۆخەی خۆم نەکردووەو بۆی نەگریاوم، بەڵکو گلەیی و نارەزاییم لەو دیوارو بەربەستانە کردووە کە بەبێ گۆڕان ماونەتەوە. گرفتی من لەگەڵ نیشتمانەکەم و لەگەڵ تاراوگەکەم، لەگەڵ ئەم پرسیارە پێکدادێن: بۆچی نیشتمانەکەم نابێتە نموونەیەك بۆ ولاتانی دنیا؟بۆچی نابێتە نموونەیەك بۆ ئازادی و پێشکەوتن؟ بۆچی؟ پرسیارەکە ئەمەیە. بەڵام من نیشتمانەکەم بەهەموو شتێکەوە قبوڵە، من نیشتمانەکەم بەهەموو شتێکەوە خۆشدەوێت، جارێکی تر دەیڵێمەوە گرفتەکەم لەم پرسیارەدایە: چ شتێك ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی نیشتمانی من لەپێشەوەی ولاتانی دنیادا بێت؟ ئێمە هەموو توانایەکی ئابووری و ڕۆحی و ماددی و ڕۆشنبیریمان هەیە، مێژووی ئێمە یەکێکە لە مێژووە هەرە دێرینەکانی دنیا، نهێنی لەوەدا چییە ئێمە لەدواوەی جیهانین؟ ئەمەیە گرفتەکە .

*** ئەمە لە گرفتێك زیاترە. ئەمە کۆسپ و تەنگوچەڵەمەو تراژیدیایە ...**

- ڕاستە، ئەمەیە کێشەو گرفت لەگەڵ نیشتمانەکەم، بەڵام لە ئاستێکی تردا، تەنانەت داهێنەریش لە حاڵەتە ئاساییەکاندا، کاتێك لەناو خودی زمانەکەی خۆیدا تاراوگەکراو نییە، ئەوا لە حاڵەتی دڵنیایی و سەقامگیریدا دەژی. بەڵام من لە لوتکەی هەستکردنی

پابەندبوونم بە زمانەکەم و لەوپەڕی هەستکردنم بەوەی لە زمانەکەمدا نیشتەجێم و زمانیش لە مندا نیشتەجێیە، وا هەست دەکەم لەناو بزاوتێکی ناوەکیدام کە بەردەوام خاڵ لە دوای خاڵ نەفیم دەکات تا سنووردکانی خۆم جێبهێڵم و سنووردکانی ئەو دەستکەوتانەش کە ئەنجامیان دەدەم، تا بەردەوام هەست بەوە بکەم من لە شوێنێکی تردام و شەیدای ئەوەم بچمە شوێنێکی تر.

بەشی شەشەم

کێشەکانی تازەگەریی عەرەبی

* ڕۆشنبیرانی ئێمە لەوە تێناگەن مانای چییە مرۆڤ بێلایەن و سەربەخۆ بێت، لەبەرئەوە دەیان تۆمەتی سەیرو سەمەرەیان بۆ هەڵبەستووم .

* حەقیقەت لە پشتی ئێمەوە نییە بەڵکو لە پێشمانەوەیە و ئێمەش بەرەو پێشەوە دەچین تا کەشفی بکەین .

ئەدۆنیس باوەڕی وایە تازەگەریی عەرەبی هەرەسی هێناوە، عەرەبیش لە دۆخێکی وادا پێویستییان بە تازەگەرییەکی نوێ هەیە، گەلەییەکەش دەخاتە سەر ڕژێمی سیاسی کە وەک مولکێکی شەخسی مامەڵە لەگەڵ نیشتماندا دەکات و لەم مەملەکەتە شەخسییانەشدا هاوولاتی ناتوانێت ڕاو بۆچوونی خۆی دەربڕێت. ئەدۆنیس دەڵێت تازەگەری ئەوروپی، کە حاڵی حازر هەنگاوی گەورەی ناوە، پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی کۆنی یۆنانی پـچڕیوەو لەپێشکەوتن و پەرەسەندنێکی تردا دەژی کە ئیتر ڕۆشنبیریی یۆنانی سوودێکی نییـە. لێرەوە ئەدۆنیس دەڵێت دنیای عەرەبی- کە تەنها لەگەڵ (دەستکەوتەکان) ی تازەگەریدا مامەڵەی کردووە بێ ئەوەی لەو (عەقڵە) تێبگات کە لەپشتی ئەو دەستکەوتانە ڕاوەستاوە — دەگۆڕێت و تەنها دەبێت بە بازاڕ یان تەنها دەبێت بە مەوقعێکی جوگرافی. پاشان باسی ئەوە دەکات سەربەخۆیی و بێلایەنی خۆی، یان گەڕانی بەدوای سەربەخۆییدا، لەپشتی ئەو شەڕانە بووە کە لەدژی کراون، پابەند نـەبوونی بـەهیچ ڕژێمێکـەوە دووچـاری ڕەخنـەو پۆلێنکردنی نیازخراپانەی کردووەو گەلێك ناو و ناتۆرەیان بۆ هەڵبەستووە: کۆمۆنیست و مارکسیست و ناسری و وەهابی و زۆر ناو و سیفەتی تر کە دوورن لە حەقیقەتی ئەم پیاوە. ئەدۆنیس لەم بەشەی گفتوگۆکەدا بۆ یەکەمجار ئاماژە بۆ ڕەهەندی تایەفەگەرانەی ئەو هێرشانە دەکات و دەڵێت بەشێك لەو هێرشانە لـەوێوە هـەڵقوڵاون کـە ئـەو سـەر بـە تایەفەیەکی دیاریکراوە. لێرەدا ئەدۆنیس دان بەوەدا دەنێت کە ڕەهەندی تایەفەگەری — ئەگەرچی لەو هێرشانەدا زۆر گەورە کراوەتەوە — فاکتەرێکی لابەلایە چونکە زۆربەی خوێنەرانی و جەماوەری شیعەکانی لە تایەفەی ئەودا نین. دیسان پێی وایە لەپشتی ئەو هێرشانەوە ڕژدیی هەندێك لەو شاعیرانەش هەیە کە سەر بە ڕژێمێکی دیاریکراون .

خەم و کێشەکانی تازەگەریی عەرەبی

*** تازەگەری پەیوەست بووە بە داهێنان و بەتایبەتیش بە شیعر. بەڵام تازەگەری لە کۆمەڵگەدا پێویستیی بە دەسەڵاتێك هەیە تا بواریکی زیاتری بۆ بڕەخسێنرێت، هەروەك ئەزموونەکانی (سلیمان القانونی) یان (مدحەت پاشا) یان (محمد علي الكبير) [1]. لەبەرئەوە تازەگەری لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا هەرەسی هێنا کە دەشێت بەشێوەیەکی کەم و جوزئی لە داهێناندا سەرکەوتوو بووبێت. ئەمڕۆلە شیعردا کەسێك نییە وەك، بۆنموونە: (محمود سامی البارودي) یان (ولي الدين يكن) بنووسێت، کەچی زۆرکەس تا ئێستاش وەك (الامام الاوزاعي) [2] بیردەکەنەوە. بۆچی دەسەڵاتی نوێگەرو ڕۆشنگەر لە دنیای عەرەبیدا گەشەی نەکردووە ؟**

- ئەمە پرسیارێکە لە خۆتی دەکەم و ئاڕاستەی تۆی دەکەم، چونکە دەزانم تۆ بایەخ بە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانیی گشتی دەدەی، من خۆیشم ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم، بەڵام گشت ڕۆژێ قەناعەتم بەو باوەڕە پتەو دەبێت کە تەوەری گیروگرفتەکان یان کرۆکی گرفتە بنچینەییەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات، نەك بە سیفەتی دەسەڵاتێك لە خۆیدا بەڵکو بە سیفەتی دەسەڵاتێك پەیوەست و هاوجومگەیە بە ئایین، لەتەك هەستی هەژمونگەری یان هەستی سەپاندنی دەسەڵات. لەو باوەڕەدام ئەم هاوجومگەییەی نێوان سیاسی و ئایینی، بە درێژایی مێژوومان، سەرچاوەی هەموو گیروگرفتەکانی ئێمەیە، ئەگەر ئەو هاوجومگەییە لەنێو نەچێت ئەوا چانسی گۆڕینی بارودۆخەکەمان نایێت، لەوانەیە لە شێوەدا بگۆڕێت بەڵام لە جوهەردا هەروەکو خۆی دەمێنێتەوو ناگۆڕێت، گۆڕانکارییەکانی ئێمە بەدرێژایی چەندین سەدە گۆڕانکارییەك بوون لە شێوەدا، گۆڕینی دەسەڵاتیش تەنیا هاتنی دەسەڵاتێك بوو تا شوێنی دەسەڵاتێکی تر بگرێتەوە .**

*** کە پاشان جارێکی تر سەرکوت و داپڵۆسین و ستەمگەرایی بەرهەم دەهێنایەوە ..**

ئەم ستەم و داپڵۆسینە دواجار دەکەوتە سەر میللەت، میللەتیش دوور بوو لەو گۆڕانکارییانە، ئێمە هەندێجارو لە هەندێ لایەنی ژیاندا چەند شێوەیەکی نوێمان هەیە

بەڵام فیکرمان هەر بەجەوهەرە کۆنەکەی ماوەتەوەو جێگیر بووە. فیکری عەرەبی لە ڕابردوودا - ئەگەر وەک بزووتنەوەیەک وەربگریت- زۆر پێشکەوتووتر بووە لە فیکری ئەمڕۆمان، چونکە فیکری ڕابردوومان فیکرێکی خولقێنەرو مەزن بووەو لە هەموو جیهاندا بلاوبۆتەوە. بۆنموونە (ئیبن روشد) لە سەردەمێکدا بە تێکدەری فیکری خۆرئاوایی دادەنرا، ئەمڕۆ چ بیرمەندێکی عەرەبی بەو جۆرە وەسف دەکرێت کە تێکدەری فیکری خۆرئاوایی بێت؟ ئیبن روشد کە لە زانکۆکانی خۆرئاوا قەدەغەکرا، لەڕاستیدا (تۆمای ئەکوینی) لەپشتی ئەو قەدەغەکردنەبوو. فیکری عەرەبی لە ڕابردوودا لە ئاستێکی گەردوونیدا بوو کەچی ئەمڕۆ لە باشترین حاڵەتیدا ڕیفۆرمخوازو جوزئی و بەرتەسکەو، خەون و ڕوانینێکی کەمی پێیە، ئەم فیکرە جگەلە بەرهەمهێنانەوەی مارکسیاتی ئەوروپی خۆرئاوایی، یان ئایینی لۆکاڵی، شتێکی تر نییە. ئەمڕۆ ئەم پرسیارە لە ئارادایە: چۆن ئەم هاوجومگەییە لێک دەترازێت ؟

دەسەلاتە عەرەبییەکان شارەزایی و توانایەکی گەورەیان هەیە لە جێگیرکردنی ئەو هاوجومگەییەو سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بەشێوەیەکی باشتر. سەرجەمی دەسەلاتە عەرەبییەکان، بەشێوە جیاوازەکانییەوە، بووە بە دەسەلاتی خەلافەت یان دەسەلاتی خەلیفە، هەر بەتەنها پاشا میراتگری حوکم نییە بەڵکو سەرۆک کۆماریش میراتگری دەسەلاّت و بگرە شۆڕشگێڕیش دیسان میراتگری دەسەلاتە، ئەمە دیاردەیەکە دەبێت بیرمەند و سۆسیۆلۆژیست و سیاسییەکان بەقوڵی لێی بکۆڵنەوە، بەڵام بەداخەوە کەسێ ناوێرێت دەستی بۆ بەرێت .

*** مادامەکی پرسیارەکەت ئاڕاستەی منیش کرد، با ئەم موداخەلە کورتە بکەم : پێم وایە جێڵەقی و لاوازیی موڵکدارێتی تاییەتی لەدنیای عەرەبیدا ڕێگەی نەداوە چینە کۆمەڵایەتییە چەسپیوەکان نەشونما بکەن، زەوی موڵکی خوداو ئینجا موڵکی خەلیفەبوو، خەلیفە موڵکداری هەموو شتێک بووە و خەڵکیش تەنیا مافی سوود لێومرگرتنیان هەبوو. بازرگانانیش، کەلە شاردا تۆیژێکی بنچینەیی بوون، سەربازە بە ڕەچەڵەک بەدەوییەکان بە سەریاندا سەرکەوتن. ئەگەر**

خەلیفە لە بازرگانەکان تووڕەبوایە، مولك و سامانی لێ زەوت دەکردن، ئەگەر لە کەسێك تووڕەبوایە زەوییەکەی لێ دەسەندەوە، ئەگەر لە یەکێکی دی پارچەیەك زەویی پێدەبەخشی، لێرەدا زوی کرێیە نەك تەملیك، لەو سەردەمەدا رێزیان لە مولکدارێتی تایبەتی نەدەگرت، بە پێچەوانەوە لە ئەوروپا رێزیان لە مولکدارێتی تایبەتی دەگرت، لە ئەوروپا میرات دەدرایە برا گەورەبۆئەوەی سامانەکە پەخشان و پەرت و بلاو نەبێت، دەشێت ئەو بارودۆخەی ئەوروپا دەرفەتێکی وای پەخساندبێت مولکدارێتییەکی تایبەتی چالاك و بەهێز سەرهەڵبدات کە دواتر بەرەو سەرهەڵدانی سەرمایەداری هەنگاوی نا، کەچی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ئاڕاستەکە جیاوازبوو، مولکداری هەمیشە لانەوازو قێزەون بوو، دەشێت ئەو بارودۆخە رێگەی نەدابێت چەند چینێکی کۆمەلایەتی شارنشینی بەهێز سەرهەڵبدات و بتوانێت لە چەند ساتێکی دیاریکراودا ڕووبەڕووی دەسەلات بووەستێت. کۆمەڵگەی عەرەبی دواتر بەهۆی نەبوونی شارەوە، وەك کۆمەڵگەیەکی مەدەنی شکڵی نەگرت. شار لە ئەوروپادا شاری بازرگانی بوو کە بەناوی یەکسانی و ئازادی و دادپەروەرییەوە چەندین هەنگاو پێش فیودالیزمیش کەوت، کەچی شاری عەرەبی بە جەنگ و سەربازەکانییەوە پێش گوند و بەرهەمهێنەرەکان کەوت، ئیتر ئەو شارانەبوون بە شاری کۆکردنەوەی باج و شاری حوکمکردن و پۆلیس، ئەمەش یەکێکە لەو هۆیە زۆرانەی چینی کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی ناوچەی عەرەبیی کرد بە چینێکی پەرپووت و هەڵوەشاوەجێگیرو ستەمگەر، خەڵکیش لە تاکی سەربەخۆو کۆمەڵی ئازادەوە بوون بە کۆمەڵی مشەخۆر کە بەهۆی خزمەتکردنی دەوڵەت و سوڵتانەکانەوە دەگوزەران کە دەوڵەت و سوڵتانیش شمشێریان دەوەشاند و نیشتمانیان تێکدەداو مافی هاووڵاتیان زەوت دەکرد .

– ئەم وەسفە زۆر ڕاستە. منیش دەڵێم تا ئێستا سەرکردە بەجۆرێك ڕەفتار دەکات وەك بڵێی پێکرا خاوەنی هەموو ولاّت و هەموو خەڵکییە. مرۆڤی تاکیش ئەگەر سەرکردە لێی ڕازی نەبێت ئەوا تەنانەت مافی شوناسیشی نییە، ئەمەش بەقوولّی ئەوە دەردەخات کە خاوەن مولك لەسەر زەمینی واقیعدا سێبەری خودایە لەسەر زەوی، جا ئیتر ئەو سێبەرە هەر ناوێکی لێ بنرێت .

*** تۆ دەڵێیت بەبێ ڕووخاندنی بونیادە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگە، واتە ئەو سیستەمە سیاسییەی پشت بە بونیادی ئایینی دەبەستێت، تازەگەری لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بوونی نابێت. ئەمڕۆش دەبینین بونیادە تەقلیدییەکان لە جاران پتەوترن، ئۆپۆزیسیۆنیش لەو ڕژێمانە خراپترە کەدژایەتییان دەکات، حاڵی کۆمەڵگەی عەرەبیش لە دەوڵەت دواکەوتووترە، ئەمە وەك لە جەزائیر یان لە لوبنانا دەبینین.**

ئاخۆ ئەمە مانای وایە پڕۆژە نوێگەرییەکەی تۆیش هەرەسی هێناوە ؟

- تەواوی پڕۆژەی تازەگەری لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا هەرەسی هێناوە، گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەو فەشەلە ئەوەیە ئێمە دەستکەوتەکانی عەقڵی خۆرئاواییمان وەرگرتووەو پرنسیپەکانی ئەو عەقڵەمان ڕەتکردۆتەوە، خودی ئەو ئەقڵەمان ڕەتکردۆتەوەو تەنها دەستکەوتەکانیمان وەرگرتووە، ئەمەش تەنیا گەمەیەکی ئیستهلاکییەو گەورەترین بێنرخکردنی مانای تازەگەرییە. تێکڕای پڕۆژەی تازەگەری فەشەلی هێناوە، لەوەش زیاتر، کۆمەڵگە وێران و هەلا هەلا بووە، تەنانەت دەستکەوتەکە سەرەتایی و سادەکانیوەك مافی رادەربڕین و فرە حزبی و پەرلەمان و.. هتد، کە دەسەلاتە بۆرژوازییەکان لەدوای سەربەخۆیی بەدەستیان هێنا، وردە وردە پاشەکشەیان پێکراو پەرت بوون و لەنێو چوون. دەسەلاتی عەرەبی بووە بە فیودالێکی دەمامك کراو بە کۆمەڵێ بێژەو قسەی ساختەو هەڵبژاردنی ساختەو درۆزنانە. بەم مانایە تازەگەری بوونی نییەو مەحاڵە لێرەدا تازەگەری هەبێت. من جەسارەت دەکەم و دەڵێم: ئەگەر ئەمڕۆ هەندێك دیاردەی هونەریی نوێمان لە هونەری شێوەکاری یان لە هونەری ڕۆماننووسی یان تەنانەت لە هونەری شیعریشدا هەبێت. ئەگەر چەند فیکرێکی درەوشەداری باشیشمان هەبێت، ئەوا ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ گەشەکردنی سروشتییانەی کۆمەڵ و بزووتنەوە پێشکەوتووەکەی بەقەدەر ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەند بەشەی کە لە میانی پەیوەندیمان بە فکری خۆرئاواییەوە بۆمان هاتووە، لێرەوە پرسیارێکی دژ دەخەمەڕوو: ئەگەر ئەمڕۆ سەرجەمی کارتێکەرەکانی فکری خۆرئاوایی و هەموو شێوەکانی کارتێکردنی فکری خۆرئاوایی لە ڕۆشنبیریی عەرەبی دامالێن، چی بۆ دەمێنێتەوە؟ چی تیا دەمێنێتەوە ؟

*** هیچ، جگە لەو فیکرەی لە ئەشکەوتەکانەوە هاتۆتە دەرێ .**

- واتە فیکرێکی ئایینی فەندەمینتالیستی داخراو دەمێنێتەوە. دەبێت جورئەتی ئەوەمان هەبێت ئەم قسەیە بکەین، ئەو کەسانەی باسی هێرشی ڕۆشنبیری دەکەن، ڕستەی وا بەکاردێنن لەڕاستیدا شەرم و ڕیسواییە بۆ ڕۆشنبیری و مرۆڤ .

*** ئەو گرفتانەی حاڵی حازر ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی عەرەبی دەبنەوە زۆر جیاوازە لەو گرفتانەی لە پەنجاکان و شەستەکان و تا نیوەی حەفتاکانیش ڕووبەڕوویان دەبووەوە. ئایا ئەمە پێویستی بە تازەگەرییەکی نوێیە لە شیعردا وەک چۆن پێویستی بە مەعریفەیەکی نوێ و بیرکردنەوەیەکی نوێیە؟**

- ئێمە پێویستیمان بە تازەگەریی دووەم هەیە، تازەگەریی یەکەم — تازەگەریی هونەری و شیعری — لەنێو چوارچێوە مێژووییەکەی خۆیدا ئەرکەکانی بەجێهێناوە. ئەمڕۆ پێویستیمان بە تازەگەریی دووەم هەیە (دەمێکە ئەم قسەیەم لە "مانیفێستی تازەگەری" دا وتووە)، تازەگەریی دووەم واتە دەبێت ئەقڵی عەرەبی توانای ئەوەی هەبێت چەند فۆرمەلەیەکی تر بۆ گوزارشتکردن لە کێشەو گیروگرفتە هەنوکەییەکان دابهێنێت و کۆمەڵێك دەریچە بۆ ئەو گیروگرفتانە بدۆزێتەوە. پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئەمە مومکینە؟ ئایا لە ژێر سایەی ئەو دەسەلاتانەی پێیان وایە بوونی ئازادی مەرگی ئەوانە و ئیدی پەنجەرەکان بەڕووی ڕووناکبیران دادەخەن و ڕێگەی ئازادیی بیرکردنەوەیان لێدەگرن. لێرەدا هەندێك کەس هەن دەڵێن ڕووناکبیر پێویستیی بە سواڵکردنی ئازادی نییە، بەڵام لەڕاستیدا ڕووناکبیر کەسێکی دابڕاو نییەو ئەویش دەیەوێت قسە بۆ میللەت بکات، سا ئەگەر گفتوگۆی بەردەوام و کاردانەوەو مشتومڕ، بوون و کارلێکیان نەبێت، مومکین نییە فیکر لە کەش و هەوایەکی نا ئازاددا گەشە بکات تەنها فکری ئایینخوازەکان نەبێت، کە ئەمیش لە بنەڕەتدا پێویستیی بە ئازادی نییە بگرە ئەو جۆرە فیکرانە لە کەش و هەوایەکی ئازادیدا گەشە دەکەن، تەنانەت ئایینخوازو سیاسییەکانیش ئازادییەکی سنووردارییان هەیە، بەڵام ئەو ئازادییە پابەندە بە سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەت. تەنها فەندەمینتالیستەکانن ئازادیی تەواویان بۆ قسەکردن و جنێودان و تەکفیرکردن هەیەو زۆر ئازادانە تەعبیر لە ڕاوبۆچوونەکانی خۆیان دەکەن و کەسیش شتێکیان پێ ناڵێت، کەچی نەیارانی ئەوان هیچ جۆرە ئازادییەکیان نییەو مافی وەلامدانەوەو گوزارشتیان لێ قەدەغە دەکرێت، لەبەرئەوە زەحمەتە لە سێبەری بارودۆخێکی لەم جۆرەدا کۆمەڵێك کێشەو گرفتی

وا بخرێنەڕوو کە چاو بە شتە جێگیرو پیرۆزەکاندا بگێڕنەوەو تێزی نوێ پێشکەش بکەن. بەهەر حاڵ دەبێت ڕووناکبیر بنووسێت و زیندانی بکرێت و ئەگەر پێویستیشی کرد بشمرێت، چونکە دەسەلاتە عەرەبییەکان لەسەر نەفیکردنی ئازادی دامەزراون، باشە چۆن دەکرێت داوای ئازادییان لێ بکەین؟ چۆن؟..بەڵکو دەبێت ڕووناکبیر و هونەرمەند و شاعیر خۆیان بۆ ئەوە ساز بدەن داکۆکی لە فیکرو هونەرو شیعرەکەی خۆیان بکەن و نرخەکەیشی بدەن .

*** بەهەرحاڵ ئێمە تەنها لە ڕێگەی دەمەوە تازەگەریمان ناسیوە نەک لە ڕێگەی داهێنانەوە. واتە ئێمە بەرهەمەکانی تازەگەریی خۆرئاواییمان بەکارهێناوەو خۆشمان نەچووینەتە ناو پڕۆسەی بەرهەمهێنانی ئەو تازەگەرییەوە. هەمیشە زانست بە تێکنۆلۆژیا بەراورد دەکرێت کەچی تێکنەلۆژیش لەخۆیدا بووە بە شتومەک، ئەوەی پارەی هەبێت دەیکرێت. بەلأم ئەو زانستەی تێکنۆلۆژیای بەرهەمهێناوە لەلای ئێمە بەتەواوی ونە. ئایا بە بۆچوونی تۆ تازەگەریی هاوچەرخ لایەنی خراپیشی هەیە ؟**

- بێگومان، یەکەم کەس ڕەخنەی لە تازەگەری گرتبێت خۆرئاواییەکان بوون، یەکەم کەس ئاماژەی بۆ قەیرانەکانی ناو تازەگەری کردبێت، ڕووناکبیرە خۆرئاواییەکان بوون. بەلأم جیاوازیی ئێمەو ئەوان ئەوەیە قەیرانەکە لەلای ئەوان قەیرانێکی پۆزەتیڤییە، ئەوان لە قەیرانەکە تێدەگەن و شیتەلێ دەکەنەوەو سوودی لێوەر دەگرن، ئەم پڕۆسیسەش تێکەڵبە بزاوتی کۆمەڵگە دەبێت، قەیران لای ئەوان خولقێنەرە، کەچی ئێمە لەبەرئەوەی ئازادیی فیکریمان نییە قەیرانەکان دەبن بە قەیرانی خنکێنەر، هەموو قەیرانێك کە دێ پتر دەمانخنکێنێت و ناتوانین لێی دەربچین، لەبەرئەوە ئێمە میللەتێکین بەردەوام خنکێنراوین و بەردەوام دەچینەوە ناو خۆمان و ناتوانین هەناسە بدەین، زۆرم پێ سەیرە میللەتی ئێمە توانای ئەو سەبرو خۆڕاگییە مێژوویییەی هەیە، دەشێت ئەو سەبرە وای لە میللەت کردبێت واز لە بیرکردنەوەی ئازادو سەربەخۆ بێنێت و بگرە وای لێکردووە دوور بکەوێتەوە لە فیکرێکی ڕەخنەگرانە، وەك بڵێی دەسەلاتەکان ئەم مەسەلەیەیان لەڕووی دەروونییەوە

قۆستبێتەوەو بە ئەنقەست ویستبێتیان بە ڕۆشنبیرییەکی تر "یارمەتی"ی میللەت بدەن تا خۆی پێوە خەریك بكات و بە تەواوی دووری بخاتەوە لە بیركردنەوەی ئازاد .

لە خۆرئاوادا سنوورەكانی تازەگەریشیان جێهێشتووە كەچی ئێمە هێشتا پێی نەگەیشتووین، ئێستا خۆرئاواییەكان باسی گیروگرفتەكانی پاش تازەگەری و باسی پۆست مۆدێرنە دەكەن، نەك هەر ئەوە، بەڵكو. بۆ یەكەمجار دابڕانێكی تەواو لەگەڵ فیكری یۆنانی ڕوودەدا كە ئەو فیكرە بۆ ماوەی پێنج سەدە بنچینەی فیكری خۆرئاوایی ئەوان خەریكی دروستكردنی دابڕانێكن كە دەڵێت سەرجەمی كولتووری مرۆڤایەتی كە لەسەر فكری یۆنانی دامەزرابوو، ئێستا تەواو بووەو بەسەر چووە، ئێستا سەردەمێكی تر دەستی پێكردووە كە سەردەمی كۆمپیوتەرو ئەلكترۆنیات و فەزایە. پەرەسەندن و پێشكەوتنی زانست، بەتایبەتی پەرەسەندنی زانستەكانی گەردوون و فەزاو بایۆلۆژیاو جینات، ئاسۆیەكی فیكری دیكەیان بۆ دەكاتەوەبوو، ئەم شۆڕشە لەوەش گەرەترە كە هەر تەنها شۆڕشێكی تێكنۆلۆژی بێت، شۆڕشێكی زۆر گەورەو هەمەلایەنەو ئێمەی مرۆڤی سەرەتای سەدەی بیست و یەك نازانین چۆن ئەم شۆڕشە لەڕووی فیكرییەوە وەربگرین. ئێمە لەم ناوچە گەورەیەدا تەنها دەبین بە مەوقیعێكی جوگرافی یان تەنها دەبین بە بازارێك و هیچی تر .

*** ئەوەتا وا ئێمە دەچینە ناو سەدەی بیست و یەكەم و حەفتا ملیۆن نەخوێندەوار لە هەگبەماندا هەیە وەك بڵێی خزابینە ئێو نەخوێندەوارییەوەو هەوڵی لەناو بردنی نەخوێندەواریمان نەدابێت.**

- دروست ئەمڕۆ بارودۆخی ئێمە بەو جۆرەیە .

*** ئەدۆنیس تۆ كاروانی شیعریت هەمیشە گەشاوەبووە، ڕێچكەی فیكریت هەمیشە گەردەلوولئاسا هەڵی كردووە، زۆرجاریش بە هەڵە لە بیروڕاكانت تێگەیشتوون، ئەمەش لەو تۆمەتانەدا دەرەكەوێ كە خستوویانەتە پاڵت، بۆنموونە : شعوبیەت و تێكدانی زمان و تەتبیع و..هتد. ئەم بەدحاڵییونە بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟**

- ئەم بەدحاڵیبونە بە پلەی یەكەم دەگەڕێنمەوە بۆ سیاسەت، من هیچ ڕۆژێك پابەندی هیچ ڕژێمێكی عەرەبی نەبووم، ئامانجیشم ئەوە نەبوو ڕەخنە لە ڕژێمە عەرەبییەكان بگرم،

گرفتی من لە ڕژێم و سنوورەکانی ڕژێم گەورەترە، گرفتی من گرفنێکی ڕۆشنبیریی — شارستانییە. لەبەرئەوە خەمی من لە ئاستی سیاسیدا ئەوە نەبوو دژی ئەم ڕژێم و ئەو دەوڵەت بنووسم. پابەند نەبوونم بەهیچ ڕژێمێکی عەرەبییەوە بنچینەی ئەو شەڕانە بوون کە ڕۆشنبیرانێك لە دژی من هەڵیانگیرساند خۆیان بە ڕژێمەکانەوە پابەندبوون، بۆیە ئەو شەڕانەیان لە دژی من دەکرد تا گلانی خۆیانی پێ داپۆشن. هۆیەکی تریش کە ئەو ڕۆشنبیرانە بڕەویان پێدەدا ئەوەبوو کە من سەر بە تایەفەیەکی دیاریکراوم [3]. من لە ئاماژەبۆکردنی ئەم مەسەلەیەدا دوو دڵم و لە ژیانمدا ئەمەم نەدرکاندووە ئەمە یەکەمجارە ئاماژەی بۆ دەکەم، بەڵێ یەکەمجارە، چونکە گومانم لەو هۆیە هەبووە دوودڵبوومە لەوەی بیدرکێنم، بەڵام لە ماوەی ئەم بیست و پێنج ساڵەی ڕابردوودا بۆم دەرکەوت ئەگەر لە تایەفەیەکی دیکە بوومایە ئەوا لە هەموو لایەکەوە ئەو هێرشانەم بەسەردا نەدەباری وەك ئەمڕۆ بەسەرمدا دەباریێت، پێشتر لەم مەسەلەیە زۆر دڵنیا نەبووم، بەڵام ئەمەش مانای ئەوەنییە کە لایەنگران و خوێنەرانم لەدەرەوەی تایەفەکەمدا بوونیان نییە، بە پێچەوانەوە بگرە خوێنەرانێکی ئێجگار زۆرم لە دەرەوەی تایەفەکەمدا هەیە. تۆ بڕوانە, تەنانەت لە کەش و هەوای ململانێی فیکری و سیاسیشدا، دواکەوتن و دابەزینی ئاست گەیشتۆتە چ ئاستێکی نزم و خراپ. هۆی سێیەمیش ئەوەیە: لەپاش یەکەم ئەزموون و دوا ئەزموونی حزبایەتیم لەناو حزبی سووری نەتەوەیی ، من شاعیرێکم بە زەحمەت پۆلێن دەکرێم، من لە خانەیەکی دیاریکراودا پۆلێن ناکرێم، من لەگەڵ ڕژێمدا نیم و دژیشی نیم، خەمەکانی من لەدەرەوەی ئەو خەمانەن کە لەلای ڕۆشنبیرانی عەرەب هەن، ئەوان ناتوانن لە کەسێك تێبگەن کە مومکین نییە پۆلێن بکرێت، لەبەرئەوە هیچ تۆمەتێك نەماوە نەیانخستبێتە پاڵم، بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیر و پێکەنین هێنەرە: من ناسری و شیوعی و مارکسی و قەومی و وەهابیم، بەڵێ وەهابیم! من سەر بە ئەمەریکاو سەر بە خومەینیم... بەڕاستی ئەمانە سەیرن. لەلایەکی تر ئەم تۆمەتانە ئاستی باوی ڕۆشنبیریی و ئەخلاقیی ناوەندی

ڕۆشنبیری عەرەبی ڕوون دەکەنەوە، تۆمەتی سەیریان پێوە لکاندووم یان هەوڵیانداوە پێوەمی بلکێنن، تۆمەتی ئەمسەری چەپ بۆ تۆمەتی ئەوپەڕی ڕاست .

ڕۆشنبیرانی عەرەب لەوە تێناگەن مانای چییە مرۆڤ بێلایەن و سەربەخۆ بێت، ناتوانن وێنای مرۆڤێك بكەن تێدەكۆشێت و دەمرێت لەپێناوی ئەوەی بەبێ لایەنی بمێنێتەوە، لە بری ئەوەی ڕێز لەم مەسەلەیە بگیرێت كەچی حەقیقەتەكەی نازانن، تەنها دەتوانن وێنای تاكێك بكەن كە دەبێت سەر بە لایەنێك بێت و بە شێوەیەك لە شێوەكان پابەندی ڕژێمێك، حزبێك، لایەنێك، دەزگایەك بێت، لێرەدا لەلای عەرەب بەتەواوی بڕوا بەخۆ نەبوون هەیە بەتایبەتی لەلای ڕۆشنبیران، بۆیە ڕۆشنبیرانی عەرەب هەمیشە گومانیان لە تاكی سەربەخۆو بێلایەن هەبووە، هەریەكەیان گومان لەویتر دەكات چونكە هەر كەسێك باوەڕی وایە كە دەبێت ئەویتریش وەك خۆی پابەند بێت، ئەمە لەڕاستیدا فیكری نەخۆشی كەسانی نەخۆشە .

*** دیسان ئەمە عەقڵی پیلان دانانە، عەقڵێك لە حەقیقەتەكان تێناگات، پێی وایەهەموشتێك بە شاراوەیی و بە ذەیێنی ڕێك دەخرێت .**

- ئەمە عەقڵی پیلانگێڕی و فیكری نەخۆشە، گشت ئەمانەش لە ناوەندی ڕۆشنبیریی عەرەبیدا بلاّوە. باوەڕم وایە ئەو فاكتەرانە جگەلە غیرەو ڕژدییش، پالّنەری هێرشكردنی بەردەوام بوونە بۆ سەرم. زۆربەیان نەیاندەتوانی لەوە تێبگەن چۆن كەسێكی بێلایەن كە نە دەوڵەت پشتگیری دەكات نە حزبێك و نە گروپێك و نە ڕێكخراوێك، كەچی لە هەموو شاعیرە عەرەبییەكانی تر لە دنیادا ناسراوترە، ئەوان دەڵێن ئەمە هەرگیز مومكین نییەو هەر دەبێت لە پشتییەوە هێزێكی شاراوە یان دەسەلاّتێكی دیاریكراو هەبێت. ئەوان بەمجۆرە بیردەكەنەوە، باوەڕیان بە خۆیان نییەو متمانەیان بەویتریش نییە. پێم وایە ئەمانە هۆی بنەڕەتین.

*** زۆر جوانی بۆ چوویت ...**

- بەڕاستی ئەم حاڵەتە جێی داخە .

*** سوریالیزم کاتێك گەیشتە دنیای عەرەبی، لە ئەوروپادا مردبوو، کەواتە جێکەوتی سوریالیزم لە شیعری عەرەبیدا چییە؟ لە کاتێکدا ناودارترین نوێنەرانی سوریالیزم لەنێو عەرەبەکاندابەزمانی فەڕەنسی نووسیویانەو هەندێکیشیان لە فەڕەنسادا ژیاون و تەنیا لەم چەند ساڵەی دواییدانەسیمانن، وەك (جورج حنین) و (جویس منصور) و (رەمسیس یونان) [4] ؟**

- من گلەیی لە کاریگەریی بزوتنەوە ئەدەبییە خۆرئاواییەکان بەسەر شیعری عەرەبی یان هونەری عەرەبی ناکەم، گلەیی من ئەوەیە کە ئەو کاریگەرییە بوونی نییە. من خۆزگە بەوە دەخوازم کە، بۆ نموونە هەندێك شاعیری سیمبۆلیزمان هەبوایە، ئێمە شاعیری سیمبۆلیزمان نییە، خۆزگەی ئەوەش دەخوازم شاعیری ڕیالیزمان بەمانای قوواڵی وشەکە هەبوایە، حەزم دەکرد شاعیرانی (بەرناسی) [5] مان هەبوایە، حەزم دەکرد شاعیرانی (سوریالیزم) مان هەبوایە. جا بۆئەوەی شاعیرێك یان هونەرمەندێك یان ئەدیبێك کاریگەربێت بە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی یان فیکری یان هونەری، دەبێت یەکەمجار زمانەکەی بزانێت و پاشان دەبێت بەتەواوی بیخوێنێتەوە ئینجا بتوانێت هەرسی بکات و تەجاوزیشی بکات، واتە شوناسی تایبەتیی خۆی هەبێت، بەاڵم ئەگەر هەر لە لاساییکردنەوەدا بمێنێتەوە، بەڕاستی کاریگەر نابێت، من گلەییم لە نەبوونی کاریگەرییە نەك لە بوونی کاریگەری، لەبەرئەوە وای نابینم شیعری سوریالیمان هەبێت، هەندێك شاعیری وامان هەیە کە بە هەندێك دەستەواژەو ڕستەو گوتەی سوریالی کاریگەر بوونە، بەاڵم سوریالیزم وەك ڕوانینێك بۆ دنیا ئەگەر بەڕاستی کاریگەرییی بەسەر هەندێك شاعیردا هەبووبێت ئەوا ئەوانە یەکەم شت بە سۆفیگەری کاریگەر بوونە، چونکە سۆفیگەری ئەگەر لایەنە ئاینییەکەی لێ دەربکەیت ئەوا سوریالیزمە بەر لەوەی ئەو ناوەیشی لێبنرێت. سوریالیستەکان خۆیشیان دەیانووت کە سەر بە هەندێك لە سۆفیستە خۆرئاواییەکانن. بێگومان سوریالیستەکان بێباوەڕ (ئاتەئیست) بوون، بەاڵم ئاتەئیزم (ئیلحاد) لێرەدا

مەسەلەیەکی شکلییە، دەشێت کەسێك میتۆدێکی سۆفیگەرانەی هەبێت و لەڕووی ئاینییشەوە ئاتەئیست بێت، دیسان دەشێت کەسێك میتۆدێکی سۆفیگەرانەی هەبێت و باوەڕداریش بێت، واتە ئیمان و ئیلحاد مەسەلەیەکن ناچنە ناو میتۆد یان تێگەیشتنی دنیاو نزیککاریی دنیاوە .

*** کەواتە، لەم سەمتەدا، سوریالیزم وەك ئەزموونێکی تازەگەریی ئەوروپی، جۆرێکە لەئاتەئیزم.**

- بەڵکو خودی ئاتەئیزمە .

*** دژی ئایینییشە ..**

- بێگومان .

*** ئەی سوریالیزم پەیوەندیی بە سۆفیزمەوە چییە وەك ئەزموونێکی خودیی ئاینی ؟**

- سوریالیزم وەك بزووتنەوەیەك، لە تێکڕای میژووی ئێمەدا, یەك شاعیری گەورەی بەرهەم نەهێناوە، هەموو شاعیرە گەورەکان لە قۆناغێکدا وازیان لە سوریالیزم هێناوە، واتە پیایدا ڕۆیشتوون و کەم یان زۆر بە هەندێك لە تێزەکانی کاریگەر بوونە.

بەمجۆرە مومکین نییە شاعیرێك ببینیت بشێت بە شاعیرێکی گەورە وەسفی بکەیت و بە سوریالیست پۆلێنی بکەیت. سوریالیزم بەبێ هیچ گومانێك بزووتنەوەیەکە کاری لە فیکرو ڕۆشنبیری و هەستیاریی شیعریی کردووە، بەڵام ئەدەبێکی مەزن و هونەرێکی مەزنی بەرهەم نەهێناوە. کەواتە پەیوەندیی سوریالیزمی ئاتەئیزم بە سۆفیزمەوە چییە؟ ئەگەر بمانەوێت لە سۆفیزم -وەك باوەڕێکی ئاینیی- بکۆڵینەوە، ئەمەیان مەسەلەیەکەو، ئەگەر بشمانەوێت بە سیفەتی میتۆدێکی مەعریفی بۆ جیهان لێی بکۆڵینەوە، ئەمەشیان مەسەلەیەکی تر‌ە. من وەك (میتۆد)ێك جەختم لە سۆفیزم کردووە، سۆفیزمیش لەناو کەلەپووری ئیسلامیدا بە بێباوەڕو ئاتەئیزم دادەنرێت، بێگومان بە پێوەری چەمکی خودا لەلای ئیسلامییە فەندەمینتالیستەکان، چونکە چەمکی خودا لە سۆفیزمدا بریتییەلە چەمکی وەسەنی و یەکانەیی بوون و یەکگرتن. لەگەڵ ئەوەی سۆفیزم لە ڕوانگەتدا باوەڕی بە

نهێنیی جیهان و به خودا هەیە و مۆرکی دیاردەی ئیمانی پاراستووە، بەڵام، لە بناواندا، ئەگەر لە تێڕوانینێکی ئاینییەوە وەربیگرین وەك ئەوەی (ئیبن تەیمیە) [7] لێی کۆڵیوەتەوە، ئەوسا سۆفیزم، بەم مانایە، بێ باوەڕەو بزووتنەوەیەکە لەناو ئیسلامدا ناتەئیزمە. من بەو شێوەیە سۆفیزم وەرناگرم، بەڵکو وەك میتۆدێك دیراسەی دەکەم، وەك میتۆدێکی مەعریفی بەپێی تێگەیشتنی خۆم لەبارەی دیارو نادیار، ناوەکی و دەرەکی (باطن و ظاهر)، هەروەها بەپێی ئەو کاتیگۆرییەی دەڵێت حەقیقەت لەپشتی ئێمەوە نییە بەڵکو لەپێشمانەوەیەو ئێمەش بەرەو پێشەوە دەچین تا کەشفی بکەین، خواش پنتێکی قەوارەییەو نەك تەنها سروشت بەڵکو مرۆڤیش پێی دەگات، واتە خودا بیرۆکەیەکی موتاعالی و ئەبستراکتی نییەو لە جیهان جیانەبۆتەوە، بڕوانە بابەتی (شطح) لەلای سۆفیزم کە جۆرێك لە نووسینی ئامێرئاسا دەدا، (نووسینی ئامێری) سوریالیستەکان ئەم ناوەیان لێناوە، واتە کەسی سوریالیست دەگاتە قۆناغێك کە خۆی و گەردوون دەبن بەیەك

واتە خود و یونیڤێرسال، یان خود و گەردوون، تێکەڵ دەبن، ئەمە ڕێك لە ڕفانێکی خێرا دەچێت کە تاك، بۆمونە، بە ئەفیون کێشان دەگاتە ئەو قۆناغە، کەچی سۆفیست بە وەرزشکاری دەگاتە ئەو ساتەوەختە، واتە بە مراندنی جەستە کە ئیتر هیچ شتێك لە مرۆڤدا نامێنێتەوە تەنها ڕوونی و شەفافیەتەکەی نەبێت کە وای لێدەکات ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە جەوهەری گەردوونەوە بکات، ئەوسا سۆفیست و گەردوون دەبن بەیەك، جا ئەگەر لەم گۆشە میتۆدییانەوە لەم مەسەلانە بکۆڵینەوە، دەبینیت سۆفیزم بریتییە لە سوریالیزمی یەکەم، بگرە زۆر لە سوریالیزمی خۆرئاواییش دەوڵەمەندترو مەزنترە .

بەشی حەوتەم

کەلە پوور و رێنیسانس و گڵۆبالیزم

* شیعر پاشەکشەی نەکردووە، ئەوەی شیعر لەڕووی ئاسۆییەوە دەیدۆڕێنێت لەڕووی ستوونییەوە دەیباتەوە، من باوەڕم وایە مادامەکی مردن و ئەوین هەیە، شیعر نامرێت .

* پێم وایە محەمەد ئارکۆن باشترین ڕووناکبیرە کە خاوەنی پڕۆژەیەکی ڕەخنەییە بەو پێیەی قسە لەسەر دەقە ئۆریژینالەکانی ناو فیکری عەرەبی دەکات .

* مادامەکی فیکر وەک تاوانێک تەماشا دەکرێت، کەواتە بارودۆخەکە زۆر ترسناکە .

ئەدۆنیس لە خوێندنەوەی شیعری (موتەنەبی) دا پێی وایە موتەنەبی یەکەم خاڵی میژوویی عەرەبی دەنوێنێت کە لایەنی دینی و دنیایی، یان دەسەلاّت و شیعر، تیایدا، بەیەك گەیشتن، لەناو ئەم سەمتەدا موتەنەبی ڕۆشنبیریی ئەو چەرخە دەنوێنێت کە تیایدا ژیاوە، یان بە دەربڕینێکی تر موتەنەبی کورتکراوەی سەردەمەکەی خۆی بوو، لەبەرئەوە ئەم شاعیرە گەورەیە پێویستیی بە کۆمەڵێك عەقڵی گەورە هەیە تا لێی تێبگەن، عەقڵێك لە کێشی (ئەبو عەلای مەعەری) کە سەرباری ئەوەی شیعری مەزن و جوانی دەنووسی بەلاّم لەبەردەم موتەنەبیی دا دەچەمایەوە، لێرەوە ئەدۆنیس ئاماژە بۆ بایەخ و گرنگیی کەلەپوور دەکات و باسی هەندێك لەو هەوڵانە دەکات کە بێتوانایی خۆیان لە دامەزراندنی کەلەپوورێکی نوێی عەرەبیدا پیشانداوە، چونکە پتر خۆیان سەرقاڵی شتە لاوەکییەکان کردووە بێ ئەوەی بچنە سەر بابەتی ئەسڵەکان و دەقە دامەزراوە ئۆرێجینالّەکان. لێرەوە باسی هەوڵەکانی عەبدولّلاّ عورەوی و محەمەد عابد جابری و محەمەد ئارکۆن دەکات و پێی وایە محەمەد ئارکۆن لەوانیدی باشتر دەتوانێت کەلەپووری ئیسلامی بخوێنێتەوە، چونکە ئارکۆن پتر سەرگەرمی شیکردنەوەی دەقە ئەسڵییەکانە. لەبارەی شیعریش ئەدۆنیس لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە کە پێی وایە دەسەلاّتی شیعر لەبەرامبەر ڕۆمان و گۆڤارو تەلەڤیزیۆندا پاشەکشەی کردووە, ئەدۆنیس دەڵێت شیعر لە ئاستی ئاسۆییدا پاشەکشەی کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەلاّت و بەربلاّویی لایەنی تەکنیکی و تەکنەلۆژی و خۆخەریك کردن و گەمەی تەکنیکیی جۆراوجۆر بۆزاڵ بوون بەسەر ئەو بێزاری و بێتاقەتی و زەحمەتییانەی ژیان کە تەکنەلۆژیا دروستی کردوون، لێرەوە بایەخدان بە شیعر لە بایەخدانێکی چەندایەتییەوە گۆڕاوە بۆ بایەخدانێکی چۆنایەتی، بەمجۆرە ئەوەی شیعر لە ئاستی ئاسۆییدا دەیدۆڕێنێت، لە ئاستی ستوونی و چۆنایەتیدا دەیباتەوە .

لەبارەی مەرگی شیعرو ڕەخنەگرتن لە کەلە پوور

*** دوا کتێبی تۆ بەناوی (الکتاب: امس المکان الآن) [1] ناونیشانەکەی لە قورئانەوە وەرگیراوەکە ئەویش (کیتاب) ە . ئایا پەیوەندییەک لەنێوان ئەو دوو ناولێنانەدا هەیە ؟**

- ناولێنانی (کیتاب) پێش قورئانیش کەوتووە. کتێبەکان لەپێشترن، قورئانیش خاوەنی ئەو کتێبانەی بە (اهل الکتاب) ناو بردووە، ئەمەش مانای وایە لێرەدا چەند کتێبێک لەپێش قورئان هەن پاشان قورئان هات و ناوی (کیتاب) ی لێنرا، (سیبەوەیھ) یش هاتووە کتێبەکەی لەبارەی زمانی عەرەبی ناوناوە (الکتاب)، کتێبەکەی منیش (الکتاب: امس المکان الآن) چوارەمین ناولێنانە. بیرۆکەی (کیتاب) کە مالارمێ [2] —ش تەبەنی کردووە، ئەم بیرۆکەیە دەلێت شاعیر کتێبێکی سەرجەمگیر دابنێت کە وەک کتێبێک تێکڕای گیروگرفتەکانی بوون لە خۆ بگرێت، من ناوی (کیتاب) م بۆیە وەرگرتووە تا باسی پەیوەندیی خۆم بە شارستانیی عەرەبییەوە بکەم بەپێی دیدو تێگەیشتنی خۆم بۆ ئەو شارستانییەتە، هەروەها قسە لەبارەی هەموو ئەو شتانەوە بکەم کە بیریان لێدەکەمەوە، بەچەشنێک، ببێتە کتێبێکی تا ئەندازەیەک سەرجەمگیرو گشتگیر، من بەم مانایە کتێبەکەی خۆم ناو ناوە (الکتاب)، مەدلولی کیتاب بەر لە مالارمێ بە هەزار ساڵ لە کەلەپوور و نەریتی ئێمەدا هەبووە .

*** تۆ لە (الکتاب) دا (موتەنەبی) ت هەڵبژاردووە، چونکە پێت وایە موتەنەبی لە سەردەمەکەی خۆیدا بەدبەختترین بوونەوەرەو بگرە یەکێکە لە نەگبەتترین بوونەوەرەکانی مێژوو. وەک دەزانرێت موتەنەبیی لە تەک مەزنیی شیعرەکانی، داواکاری دەسەلآت و ستایشکاری دەسەلآت و هیجاکاری دەسەلآتیش بووە. ئایا بەدبەختی موتەنەبی لێرەدایە ؟**

- نە . بەدبەختی موتەنەبی لە خواستە گەورەکانیدایە، من باوەڕم وایە ستایشکردن و هیجاکردنی موتەنەبی بۆ ئەوەیە شتێک بڵێت، دەیویست لە میانی ستایش و داشۆرینا

شتێك بڵێت كه مەبەستی بوو بیڵێت، لەبەرئەوه ئەگەر بەوردی تەماشای شیعرەكانی بكەیت دەبینیت له میانی ستایشكردنی خۆیەوه ستایشی ستایشكراوی دەكرد, هەروەها له میانی داشۆرینی دنیاوه ئەو كەسەی دادەشۆری كه مەبەستی بوو ساتیری بكات. ئەو كاتەی پەیوەندیی لەگەڵ كافوری ئەخشیدی هەبوو، به دێڕه شیعرێكی جوان گوزارشتی لەو دڵەڕاوكێیه كردووه:

وما كان شعري مدحاً له

ولكنه كان هجو الوری

لێرەدا موتەنەبی پێت دەڵێت لەو كاتەی ستایشی كافوری ئەخشیدی دەكات, لەگەڵیدا هەموو دنیا دادەشۆرێت, ئەو بۆیه جیهانی دادەشۆری چونكه گەیاندییه حاڵەتێكی وا كه هەڵوێستێكی لەو جۆره وەربگرێت. موتەنەبی خواستی گەورەی هەبووەو، له پاش (امرؤ القیس) یەكەم شاعیره به چەكی شیعر ڕووبەڕووی ئەو جیهانه وەستا كه شاعیری نەفی دەكرد. ئەمه هەڵوێستی ئەو پیاوه مەزنانەیه كه وتوویانه دەبێت شیعر ڕێبەرایەتی دنیا بكات. ئەگەر ئێمه بەبێ ڕۆح و بەبێ ئەو تێگەیشتنه موتەنەبی بخوێنینەوه، وەك ئەوه وایه تەنها له تێگەیشتنێكی سیاسییانەوه له موتەنەبی تێبگەین، یان له تێڕوانینێكی سادەو له گۆشەنیگایەكی باوەوه كه شیعر له قوولاێییداو له ڕەهەندەكانییەوه نالینێت بەڵكو تەنها ناونیشانەكەی دەبینێت، وەك ئەوەی كەسێك كه تەماشای كەسێكی دیكه دەكات ئەوا له میانی جلوبەرگەكەیەوه دەیخوێنێتەوه نەك له قوولاێی و له ناخەوەی. موتەنەبی، بەم مانایه، یەكەم شاعیره دینی و دنیایی، دەسەلاّت و شیعر، یاخیبوون و ملكەچكردن، تیایدا بەیەك دەگەن. واته موتەنەببی ڕۆشنبیریی سەرجەم چەرخێك پێشان دەدات، سەردەمی ڕۆشنبیرییەكی چڕ له موتەنەبی و شیعرەكانیدا كۆكراونەتەوه. مومكین نییه كەسێك بەبێ ئەبو عەلای مەعەڕی باسی موتەنەبی بكات، ئەو پیاوه مەزنەی ڕەخنەی له

هەموو شتێك دەگرت بەڵام لەبەرامبەر موتەنەبیدا دەچەمایەوە، کاتێکیش دیوانەکەی لە کتێبێکدا ڕاڤەکرد، ناوی نا ((موعجیزەی ئەحمەد)) . هەموو فیکرێکی مەزن ئەگەر بەناو عەقڵە بچووکەکاندا بڕوات، بچووك دەبێتەوە، تەنیا بە فکری مەزن دەتوانیت فیکرێکی مەزنی دیکە کەشف بکەیت. زۆربەی ئەو عەقلانەی موتەنەبییان خوێندۆتەوە، بەداخەوە، عەقڵی بچووك بوون. مارکسی (عەرەبی) مارکسی ڕاستەقینە نییە چونکە بارستایی ئەو عەقڵە عەرەبییەی وەرگرت کە دەیڕوانییە مارکس، ئەو عەقڵە عەرەبییەش، بێگومان، بچووك بوو. کاتێکیش ئەم بابەتە لەگەڵ ئیسلام بەراورد دەکەیت و چۆن ئێستا موسڵمانەکان دەڕوانن ئیسلام، شتی سەیرو عەجایب دەبینیت، ئیسلامی ئەمڕۆ لە ئاوێنەی تێڕوانینی باودا شتێکی نا مەعقولە .

*** ماوەیەکە قسە لەسەر مەرگی شیعر دەکرێت، تۆ ئەم بۆچوونەت پێ دروست نییە بەڵکو باوڕت وایە مادامەکی مردن هەیە کەواتە شیعر نامرێت، وەك زانراویشە فەلسەفە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی مردن سەریهەڵداوە. ئاخۆ شیعر لەم سەمتەدا وەك فەلسەفەیە ؟ ئایا شیعر وەڵامی پرسیارەکانی مردن دەداتەوە؟**

- بەڵێ شیعر وەڵامی پرسیارەکانی مردن دەداتەوە بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ .

شیعر ئەوەمان فێر دەکات ئەو گرفتە ڕاستەقینەیەی ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە ژیانە نەك مردن، ئەمەش لەبەر هۆیەکی بنەڕەتی: وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد مردن شتێکی ناچیزەو گشتی و هاوبەشە، مرۆڤ هیچ ئیرادەیەکی لەبەردەم مەرگدا نییە، مەرگ لە دواجاردا مرۆڤ و ئاژەڵ یەکسان دەکات. مەرگ لەلایەنی شیعرییەوە گرفت نییە، گرفتەکە لای من، لەڕووی شیعرییەوە، خودی ژیانە، بەڵێ ژیان خۆی گرفتە، واتە: چۆن ئەم ژیانە سەربەرز و ئازادانە دەگوزەرێنیت، چۆن وا دەکەیت دنیا قەشەنگترو مرۆڤ مەزنتر بێت .

*** بە بۆچوونی تۆ، شیعر لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست و تا ئەمڕۆش، هەژموونی هەیە؟ یان ڕۆمان و سینەما و دراما تەلەڤیزیۆنی بەربەرەکانیی و کێبەرکێی شیعر دەکەن وبگرە پاشەپاشەی شیعر کەم دەکەنەوە؟**

- ئەمە دیاردەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، بێگومان لێرەدا پاشەکشەیەك بۆ شیعر هەیە بەڵام لە ئاستی ئاسۆییدا، ژمارەی خوێنەرانی شیعر کەم دەبنەوە کەچی ژمارەی خوێنەرانی

ڕۆمان لە زیادبوون و هەڵکشاندایە، هەروەها ژمارەی بینەرانی سینەما و تەلەڤیزیۆن و گۆڤاری وێنەدار تا دێ زیاد دەکات، بەڵام من باوەڕم وایە هەژموونی لایەنی تەکنیکی لایەنی خۆ خەریککردن و کات بەسەر بردنەو بۆ ئەوەیە کەشوهەوای بێزاری و وەرسی و زەحمەتیی ژیانی ڕۆژانە سووك بکاتەوە، گشت ئەمانە پاڵ بە تاکەکانەوە دەنێت تا دەریچەك لە ڕۆمان یان سینەما یان تەلەڤیزیۆن یان گۆڤاری وێنەدار یان لە وەرزشدا بدۆزنەوە، کەچی ئەم کەشە گشتییە لە سەرێکی ترەوە هەستی بایەخدان بە شیعر لای زۆر کەس قوولتر دەکاتەوە، بەڵام لێرەدا بایەخی چەندایەتی دەگۆڕدرێت و دەبێت بە بایەخدانێکی چۆنایەتی بە شیعر، بەم چەشنە ئەوەی شیعر لەڕووی ئاسۆییەوە دەیڕێنێت، پێم وایە لەڕووی چۆنایەتی و لەدیوی قوولۆ و ستوونییدا دەیباتەوە، بەتایبەتی کە مرۆڤ ناتوانێت لە بارودۆخی خۆی و لەو جیهانە تێبگات کە تیایدا دەژی تەنها ئەو کاتە نەبێت کە دنیا دەخاتە سەر ڕێچکەیەکی تراژیدی، مومکینیش نییە بەمانای قوولی وشە بگەینە تێگەیشتنی تەواو لەو ڕێچکە تراژیدییە تەنها لە بانێژەی هەستی شیعرییەوە نەبێت، ئەمە وا لە شیعر دەکات ئامادەبوونێکی بەرزو دیاری هەبێت ئەگەرچی سنووردارییش بێت، بەڵام لە دواجاردا شیعر بەهایەکی قوولۆ و کرۆکی ڕۆشنبیری و کرۆکی کۆمەڵگەی زیندوو دەنوێنێت، بەتایبەتی ئەو کاتەی فەلسەفەو زانست و لەوانەش زانستی گەردوون دەگۆڕێت و دەبێت بە جۆرێك لە خەملاندنی شیعریی. ئێستا مانای شیعر بەرینتر بۆتەوو گۆڕاوە، لەو باوەڕەدام مومکین نییە شیعر بمرێت مادامەکی مردن بوونی هەیە. مادام مردن هەیە شیعر نامرێت، مادام ئەوین هەیە شیعر نامرێت .

*** ئەمڕۆ دەبینین ڕۆمان لە دنیای عەرەبیدا خەریکە دەبێتە دیارترین هونەری ئەدەبی ئاخۆ ئێستاش حەز لە ڕۆمان ناکەیت ؟**

– نەم وتووە حەزم لە ڕۆمان نییە وەك ژانرێکی هونەریی نوێ، بە پێچەوانەوە، من بە ڕادەیەکی زۆر هانی ئەو جۆرە دەربڕینە دەدەم لەبەر ئەوەی ئاسۆیەکی تر بۆ نووسین بە

زمانی عەرەبی دەکاتەوە. بەڵام حەزم لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانانە نییە کە ئەمڕۆ دەنووسرێن. ڕۆمان بە پلەی یەکەم لەسەر حیکایەت دادەمەزرێت، حیکایەتیش وایدەبینم زەمەنەکان فرە لایەن دەکات، زەمەن لە یەك هێڵ و داوەوە دەکات بە چەندین هێڵی جیاجیا، پێشتریش باسی ئەو خاڵەمان کردووە و لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە، من حەزم لەو جۆرە زەمەنە نییە، حەزم لە زەمەنێکی شەبەکییانەی چڕو شاقوولێیە کە گەلێك شپرزەیی بەنێودا ڕەتدەبێت، لەبەرئەوە حەز لە خوێندنەوەی ئەو جۆرە ڕۆمانانە ناکەم کە هەر تەنها لەسەر حیکایەت ڕاوەستاون، بەڵکو هەندێك لەو ڕۆمانانە دەخوێنمەوە کە زەمەنێکی شەبەکییانەیان تێدایە، من ڕۆمانی ((یۆلیسیس)) [3] ی جێمس جۆیس بەنموونە دادەنێم ئەگەرچی درێژدادڕێشی تیایە، بەڵام وزەیەکی گەورەشی تێدایە بۆ سەیرکردنی دنیا بەشێوەیەکی جیاواز. کەواتە (یۆلیسیس) ڕۆمانێکە شیعری تیایە .

کەلە پوور و ڕێنیسانس و گلۆبالێیزم

*** جۆرج تەرابیشی لە کتێبی ((ڕەخنەگرتن لە ڕەخنەی عەقڵی عەرەبی)) [4] دا، محمدعابدجابری لە شوێنە بڵندەکەی هێنایە خوارێ و مەرجەعە فیکرییەکەی تێکشکاند. ئاخۆ موتابەعەی ئەوگفتوگۆ مشتومڕانەت کردووە؟ بە بۆچوونی تۆ لە خوێندنەوەی کەلە پووردا کێ خاوەنی پڕۆژەیەکی ڕەخنەگرانەی ڕاستەقینەیە ؟ ئایا ئەو کەسە محەمەد ئارکۆنە یان عەبدولڵا عوڕەوی یان حەسەن حەنەفی ؟**

- زەحمەتە وەلامی پرسیارێکی لەوجۆرە بدرێتەوە تەنیا ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی تروە تێگەیشتنمان بۆ کەلەپوور هەبێت و هەڵوێستێکی تری لەبەرامبەردا بگرین و بەجۆرێکی تر لەسەری بنووسین. باوەڕم وایە دەست لێنەدانی لایەنە جێگیرەکانی کەلەپوور، فیکرێکی خولقێنەرو ڕاستەقینە دروست ناکات، هەموو فیکرێکی ڕاستەقینە دەبێت لە ڕەخنەگرتنی بەڵگەنەویستەکان و (جێگیرەکان) دەوە دەست پێ بکات و هەروەها لە جێلەقکردنی شتە جێگیر و بێبزاوتەکان، بەجۆرێك ئەگەر بمانەوێت فیکرێکی نوێی عەرەبی بنیات بنێین دەبێت

لە سفرەوە دەست پێ بکەین. لەم ئاستەدا، لە کارەکانی (جابری) دا ئەوە نالینم یارمەتیی دامەزراندنی ئەو جۆرە فیکرە بدات کە لە ڕەخنەگرتنی خودی جێگیرەکانەوە دەست پێبکات، سا ئەو جێگیرانە ئایینی بن یان غەیرە ئایینی، لەبەرئەوە وایدەبینم ئەو کۆششە گەورەیەی (جۆرج تەرابیشی) پێشکەشی کردووە کۆششێکی بزرە، خۆزگە ئەو هەوڵ و تەقەلایەی لە شوێنێکی تر بکردایە بەتایبەتی لە ڕەخنەگرتن لە خودی جێگیرەکان. پاشان باوەڕم وایە (حەسەن حەنەفی) سەرباری کۆششە گەورەکانی، ئەویش هەر لە باوەڕبوون بەو جێگیرانە دەست پێدەکات کە پێی وایە جێگیرەکان شوێنی قسە لەسەر کردن نین. من نازانم چۆن دەکرێت فیکرێك لەناو ڕۆشنبیرییەکدا هەبێت هیچ پرسیارێك لە دروستی یان لە بایەخ و گرنگیی ئەو جێگیرانە نەکات. پێم وایە (محمد ئارکۆن) باشترین ڕووناکبیرە دەتوانێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەست بۆ جێگیرەکان ببات، لە ئاستی میژوونووسیشدا (عەبدوللاّ عوڕەوی) تا ئەندازەیەك ئەم کارەی کردووە بەلاّم لەبەرئەوەی عوڕەوی لایەنێکی دیاریکراو لە کلتوور و کەلەپووری عەرەبی وەردەگرێت، پێم وایە محەمەد ئارکۆن جددیتر کار دەکات و بەڕاستی ئەم ڕووناکبیرە خاوەنی پڕۆژەیەکی ڕەخنەییە بەو پێیەی قسە لەسەر دەقە دامەزراو و ئۆرجینالّەکانی ناو فیکری عەرەبی دەکات، کەچی عوڕەوی قسە لەسەر ئەو دەقە لاوەکی و لابەلاییانە دەکات کە لەپاش دەقی ئۆریجینالّ سەریان هەلّداوە، یێگومان ئەوەی عوڕەوی دەیلێت ئەویش هەر زۆر گرنگە، بەلاّم من نرخ و گرنگییەکی زیاتر بۆ هەولّەکانی ئارکۆن دادەنێم، هەولّەکانی محمد ئارکۆن پێویستیان بە جەسارەتێکی زیاتر و بیناکردنێکی زیاتر هەیە لەو تێزەی پێشکەشی دەکات، خۆیشی دان بەمەدا دەنێت، من زیاد لە جارێك قسەم لەگەلّ ئارکۆن کردووە، لەوە دەترسێت بەهۆی نووسینەکانیەوە ژیانی لە دەست بدات، ئارکۆن وەك خۆی پێی وتم ئامادە نییە ئەو نرخە بدات. ئەگەر لێرەدا پڕۆژەیەکی عەرەبی بەو ئاڕاستەیە و لە ئاستی کولتووری عەرەبیدا هەبێت, ئەوا دەبێت کەسێکیش هەبێت بیر لە بەخشینی ئەو نرخە بکاتەوە. هەر چۆنێك بێت هەولّەکانی محمد ئارکۆن، کە لە خۆێندنەوەی

دەقی یەکەم و دەقی دامەزراودا دەست پێدەکات، واتە دەقی ئایینی وەک دەقێکی مێژوویی، هەنگاوێکی زۆر گرنگە، ئەمە ئەو شتەیە ئارکۆن هەوڵی بۆ داوە و بەفیعلی ئەنجامیداوە بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ, هەروەها (نصر حامد ابو زید) یش ئەو هەوڵە گەورەیەی داوە. من باوەڕم وایە ئەگەر بمانەوێت فیکرێك یان بزووتنەوەیەکی فیکریی نوێ دامەزرێنین دەبێت لەو خاڵەوە دەست پێبکەین .

*** ئایا تۆش لەگەڵ منداً ئەوە نابینیت کە ڕەخنەگرتن لە جێگیرەکان تا ئێستاش گرفتێکی گەورەیە لەلای بەشێك لە گەورە ڕۆشنبیرانی دنیای عەرەبی، ئەوانەی سەرکێشییە فیکرییەکانیان هەتاسەرنەبرد بەڵکو لە ناوەڕاستی ڕێگادا پاشەکشەیان کرد، بۆنموونە طەحسین لە گومانکردن لە شیعری جاهیلی[6] پاشەکشەی کرد، هەروەها منصور فهمی [7] وازی لەو بۆچوونەی خۆی هێنا کە ئیسلام لەبەرامبەر ئافرەتدا بزووتنەوەیەکە بەرەو پاشەوە، عەلی عبدالرازق [8] یش لەدوا کتێبدا ((ئیسلام و ئوسوڵی حوکم)) قەڵەمەکەی خۆی شکاند، ئەحمەد ئەمین لە پێشنیارەکانی خۆی پاشگەز بووەوە ؟**

- بەڕاستی جێی داخە کە ئەوانە پاشەکشەیان کردووە، بەڵام هەموویان لە خاڵێکدا لەگەڵ محمد ئارکۆن یەکدەگرنەوە، یان بڵێین ئارکۆن لە خاڵێکی گرنگدا لەگەڵ ئەوان یەك دەگرێت، ئەو خاڵەش: مادامەکی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا فیکر وەك تاوانێك مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت و وەك مەسەلەیەکی قانونی سەیر دەکرێت, ئەمەش مانای وایە بارودۆخەکە زۆر ترسناکە، واتە گرفتە گەورەکە لە عەقڵییەتی کۆمەڵگەی ئیسلامیدایە. ئەمڕۆ لە دنیای هاوچەرخدا هیچ کۆمەڵگەیەك نییە وەك تاوانێك مامەڵە لەگەڵ فیکردا بکات تەنها لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا نەبێت، دەبێت خەبات لە دژی ئەم بارە هەژموونگەرایە خەباتکردنێکی گشتی بێت. خەباتی تاکە کەس بەتەنها لە بەرامبەر ئەو بەرەنگار بوونەوەیەدا، خەباتێکی لاواز و بێ توانایە. تەمەننا ئەکەم لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا لایەنێك هەبێت بەشێوەیەك لە شێوەکان پارێزگاری لە بیرمەند و ڕووناکبیرە بوێرەکان بکات, بەڵام بەداخەوە ڕووناکبیرانی ئێمە لە نەبوونی کەشێکی ئازاددا بەزۆری پەنا بۆ کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان دەبەن تا خۆیان لە ستەم و زەبرو زەنگی دەسەلآت و

گرووپەکان بپارێزن. دەبێت ئەمجۆرە بوێرییە دابمەزرێت و بپارێزرێت, ئەمەش بە تەنها داکۆکیکردن نییە لە ئازادی و لە ما فی ئازادی، بەڵکو داکۆکیکردنە لە کەلەپووری عەرەبی و لە شەرەفی عەرەب و لە کەرامەتی ئینسانی عەرەبی. لە هیچ ولاتێکی دنیادا مرۆڤێك یان گروپێك نەماوە وەك تاوان سەیری فیکر یان سەیری بیرۆکەیەك بکات، سا ناوەرۆکی ئەو فیکرە هەر چییەك بێت. ئەم حاڵەتە تەنها لە ولاتانی ئێمەدا ماوە .

*** تەنها لەخۆرهەلاتی ناوەڕاست ماوە [9] ..**

- دروست وایە، ئەمەشتێکی سامناکە، دەبێت هەموومان لە دژی ڕابووەستین .

*** لەذێوان هەردوو کتێبی (الثابت و المتحول) [10] ی ئەدۆنیس و (تکوین العقل العربي) [11] ی جابریدا, لە کوێدا ڕووی لێکچوو و ڕووی جیاواز هەیە ؟**

- من ڕێزی کۆششی هەموو ئەو بیرمەندانە دەگرم کە سەرگەرمی پڕۆسەی نووسینن. لەو باوەڕەدام ئەوەی مامۆستا جابری لە کتێبی (تکوین العقل العربي) دا وتوویەتی، پێشترو بە دارشتنێکی تر لە کتێبی (الثابت و المتحول)دا وتراوە، بەڵام ئەوەی من بەشێوەیەکی سروشتی و پراکتیکی لەناو پەرەسەندنی کەلەپووری عەرەبیدا وتوومە، جابری بەڕێگەیەکی تیۆریزەییی وتوویەتی، واتە ئەو مۆرکێکی ئەکادیمیانەی داوەتێ، بەڵام من لە مۆرکە خۆبەخۆیی و ئازادەکەیدا هێشتوومەتەوە. من کاتی خۆی گلەییەکم لە مامۆستا جابری هەبوو کە ئاماژەی بۆ ئەو حاڵەتە نەکردووە، سەرباری ئەوانە، ڕێزی جابری و ڕێزی هەوڵ و کۆششەکانی دەگرم .

*** بەڵام یەکێك لە ئاداب و ئوسوڵەکانی تۆێژینەوەی زانستی ئەوەیە مرۆڤ ئامادەبێ ئەوانی پێش خۆی بکات.**

- بەداخەوە، ئەمە نەکراوە بەتاییەتی کە کتێبی (الثابت و المتحول) سەرەتای تێڕوانینێکی تەرە بۆ کەلەپوور, یەکەم کتێبە خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ کەلەپوور دامەزراندووە .

*** لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تەنیا سێ زانکۆ لە دنیای عەرەبیدا هەبوون : کۆلیجی ئینجیلی [12] ی سووری لە بەیرووت, زانکۆی یەسوعی ئەویش هەر لە بەیرووت, زانکۆی فوئادی یەکەم [13] لە قاهیرە. ژمارەی دانیشتووان لەو سەردەمەدا پە نجا ملیۆنی تێنەدەپەڕاند, کتێبی باشیش تەنها سێهەزارانەی**

لێ چاپ دەکرا. بەڵام ئەمڕۆ (175) زانکۆمان هەیە و ژمارەی دانیشتوانیش گەیشتۆتە نزیکەی(240) ملیۆن کەس, هەندێك کەس ئەو ژمارەیە بەرزتریش دەکەنەوە, کەچی تا ئەمڕۆش کتێبێکت پێ دەڵێن ؟

- بێگومان، زۆر شت دەڵێن، بەڵام نامەوێت بچمە ناو وردو درشتی شتەکانەوە. تێبینیی یەکەم ئەوەیە: ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت لە زەمەندا پێش دەکەوین، پێشتر لە چەرخێکدا بووین و ئێستا لە چەرخێکی تردا دەژین, ئێمە ئێستا لەگەڵ میللەتانی تردا دەژین و لەیەك زەمەندا لەگەڵ ئەوان پێش دەکەوین، بەڵام ئەو بۆچوونەشم هەیە: ئەگەر بزاوتی زەمەن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بپێوین، میللەتێك لە میللەتانی دنیا نابینم هەر چەندێك زەمەن پێش بکەوێ ئەوان دوابکەون تەنها میللەتی عەرەب نەبێت. ئەمە دیاردەیەکی زۆر سەیرە، چۆنی شیتەڵ بکەین ؟ چۆنی تێبگەین؟ من داوا لە سۆسیۆلۆژیست و ئەنتڕۆپۆلۆژیست و زانایانی ئابووری دەکەم ئەم دیاردەیەمان بۆ ڕاقە بکەن .

تێبینی دووەم : زانکۆ دامەزراوێکی زانستییەو دەبێت سوود لە گشت دەستکەوتەکانی توێژینەوەی زانستی و پەروەردەو کولتوورو نووسین و سەیرکردنی دنیا وەربگرێت بۆ ئەوەی وەك دامەزراوێکی زانستی گەشە بکات، کەچی مەسەلەکان لای ئێمە بەپێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیە ڕێ دەکات. تەنانەت دامەزراوی زانستیی عەرەبی کە پێی دەوترێت زانکۆ هەرچەند مەعریفە بەرەو پێشەوە بچێت کەچی زانکۆکانی ئێمە نەزانی و جەهالەتیان پتر دەبێت. بۆچی؟ دیسان پسپۆرانی ئەو بواره بانگ دەکەم لەم دیاردەیە بکۆڵنەوە، هەمان شت بەسەر قوتابیانیش پراکتیزە دەبێت. بیرم دێت لە سەردەمی مندالێمدا ئەگەر کەسێك بڕوانامەی سەرەتایی بەدەست بهێنایە زۆر بەچاکی زمانی عەرەبی دەزانی و زۆریش بەچاکی ئاگادارو شارەزایی کەلەپووری خۆی هەبوو، خۆئەگەر کەسێك بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست بهێنایە ئەوا زانیارییەکی گەورەی لە زمانی بیانی و ڕێزمانی عەرەبیش دەبوو، کەچی ئەمڕۆ لەگەڵ بەرەو پێش چوونی زانست و وەسیلەکانی زانستدا،

ئەو قوتابییەی لیسانس بەدەست دێنێت تەنانەت خوێندنەوەش بەتەواوی نازانێت. هۆی ئەمە چییە؟ بەڕاستی من بەتەواوی ئەمە نازانم, بەڵام چاودێریی دەکەم .

*** وەک بڵێی ئێمە هەر بەرەو پاشەوە دەڕۆین ؟**

- بەڵێ, وەک بڵێی ئێمە بەرەو دواوە دەڕۆین. بۆچی؟ ئەوە هەڵە نییە ئەم قسەیە دووبارە بکەمەوەو بڵێم من نازانم چۆن ئەم دیاردەیە شیبکەمەوە، بەڵام هەست و مەزەنەیەکی وام هەیە کە گرفتی سەرەکی و بگرە بناوانی گرفتەکە لە (دەسەڵات) دایە، گرفتەکە لە بونیادی دەسەلاتی عەرەبیدایە، ئەگەر ئەو بونیادە نەگۆڕدرێت مەحاڵە پێش بکەوین، چونکە دەسەلات لەنێو کۆمەڵگەیەکی پان و بەرینداً بووە بەدەسەلاتێکی ترازاو، بووە بە کۆمەڵێکی جودا لە کۆمەڵگە، وەک قەلاێەک لە هەموو لایەکەوە شوورەو پەرژینی بۆ هەڵچنراوەو هەژمونێکی تەواوی بەسەر کۆمەڵگەدا هەیە، کەواتە ئەم بارودۆخە کۆمەڵگە ئیفلیج دەکات و ڕێگە لەوە دەگرێت کۆمەڵگە لەهەر ئاستێکدا بەشداری لە بونیادنانی سیاسەتدا بکات، کە لە ڕاستیدا بنیاتنانی سیاسەت لەسەر شانی کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەو تاکەکانی کۆمەڵگە لەهیچ ئاستێکداو لەسەر هیچ شتێك ڕاو بۆچوونی نییە، میللەت لە بەشداریکردنی بنیاتنانی چارەنووس و ئێستا و ئایندەی خۆیدا بەتەواوی گۆشەگیر کراوە، جیاکردنەوەو گۆشەگیرکردنی میللەت، کە چەندین سەدەیە دەسەلاتی عەرەبی پڕۆسەی دەکات، لەڕاستیدا ئەمە بنچینەی دواکەوتنی ئێمەیە .

*** سەد ساڵ زیاترە کۆمەڵگەی عەرەبی هەوڵ دەدات ڕاپەڕێت و پێش بکەوێت و یەك بگرێت, ئەوتا ئێمە لە پاش سەد ساڵ لە هەوڵدانی بێوچان بۆ ڕۆشنگەری، کەچی دەبینین سنوورەکانی ئازادی بەرتەسکتر دەبنەوەو وەختە بڵێم خەریکە ئازادی نامێنێت، عەدالەتی کۆمەلایەتی وندەبێت، دەبەشبوون و لێکدا پچڕان پتر دەبێت، عەرەب تائێستاش باسی حیجاب و جووبەو ڕیش درێژی و نازانم ئەوشتانە دەکەن, ئەوەتا ئێمە دەچینە ناو سەدەی بیست و یەکەم و کەچی لە هەگبەماندا حەقتاطێن ئەخوێندەوار هەیە، لەوانەیە هەندێك لە بزوتنەوە فەندەمینتالیستەکان شانازی بەوە بکەن ئێمە نەتەوەیەکین پێغەمبەرەکەمان نەخوێندەواربوو. لەو پە نجا ساڵەی ڕابردووداً پرسیار ئەوەبوو: چۆن سەربکەوین؟**

سەرباری فرەیی وەلآمەکان عەرەب نەیتوانی یەک هەنگاو لە سەرکەوتن نزیک بێتەوە. ئایالەوبارەوە ذیت ئێمە ئەمڕۆ پێویستیمان بە وەلآمدانەوەی پرسیارێکی جیاوازهەیە : بۆچی دۆڕاین؟ ئینجا بە بۆچوونی تۆ بەڕاستی بۆچی دۆڕاین ؟

- ئەمە پرسیارێکە خۆی وەلآمی تیایە. هەمیشە لە گرفت و کێشە و هەرەسدا دەووترێت: لە هۆیەکاندا بەدوای ئافرەتدا بگەڕێ، بەلآم ئێمە دەبێت بڵێین: بەدوای دەسەلآتدا بگەڕێ. با نموونەیەکی سادە بێنینەوە کە لە خواروی لوبنان ڕووەدا: من کەسێکی ئایینخوازنیم و لایەنگری (حزب االله)ش نیم، بەلآم کاتێک دەبینم ئەوەی حزب اللە لەخواروی لوبنان لەسەر سنووری فەلەستین بە ئیسرائیل و سەربازە ئیسرائیلییەکانی دەکات، دووچاری هەستی بەراوردکردن دەبم، خەڵکی هەژار کە بە چەکی سووک و سەرەتایی دەجەنگن و باوەڕێکی گەورەیان هەیە، بەلآم لە بەشداریکردنی بڕیاری چارەنووسدا بڕیاری خۆیان هەبووە. ئەگەر سەیری کارو کردەوەکانی حزب اللە لەبەرامبەر ئیسرائیلدا بکەین دەبینین حزب اللە تەئسیرێکی گەورەی لە ئیسرائیل کردووە زۆر گەورەتر لەوەی تێکڕای سوپا عەرەبییەکان لەماوەی چل ساڵدا کردوویانە. بۆچی؟ چونکە ئەگەر میللەت خۆی سەرداری چارەنووسی خۆی بێت و هەموو تاکەکان بەشداربن لە بڕیاردانو بەرپرسیاریدا, ئەوا مومکین نییە ئەو میللەتە بدۆڕێت, بەلآم ئەگەر بەتەنها دەسەلآت بڕیاری بەدەست بێت و لە جیاتی هەمووان بڕیار بدات, ئەرکی سوپاش . کە دەسەلآت فەرمانی پێدەدات. تەنها پارێزگاریکردن بێ لە دەسەلآت نەک داکۆکیکردن لە خاک, میللەتیش هیچ بڕیارێکی نەبێت، لە دۆخێکی وادا چاوەڕێی چی دەکەیت؟ چاوەڕێ دەکەیت ئاکامەکەی چۆن بێت؟ دەشێت لێرەدا بەشێک لە وەلآمەکە ببینین، ئەمەش وامان لێدەکات جارێکی تر جەخت لەوە بکەین کە بنچینەی هەڵوەشانەوەو داوەشانو بنچینەی نەخۆشیەکان و بنچینەی پاشکەوتوویی لە کۆمەڵگە مەییو و وەستاوەکانی ئێمەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەسەلآت .

بەشی حەشتەم

گلۆبالیزم و ڕۆشنبیریی مردووان

* جیهانگیری دیاردەیەکی گەردوونییەو هیچ کەسێك ناتوانێت لە دژی بوەستێت، لە ئایێندەشدا ئەو ولاتانەی مل نادەنە یاساکانی جیهانگیری ئەوا لە بازاڕدا ڕەتدەکرێنەوە .

* زۆر سەیرە لەلای ئێمە لە سەردەمی عەولەمەدا وتارێك ڕژێمێك دەترسێنێت.

لە شیکردنەوەی جیهانگیریدا ئەدۆنیس وای دەبینێت ئەم دیاردەیە تۆکڵێکی تەنکی داگیرکارییە و پڕۆژەیەکە ئەمەریکا لەسەری وەستاوەو دەیجوڵێنێت و لە میانیدا بەرهەمهێنان تەعمیم دەکات و دەیەوێت جیهان بکات بە بازارێکی گەورە. عەرەب کە لە سەدەی ڕابردوودا و لە بواری دەسکەوتی ژیاریدا هیچیان نەبووە، ئێستا بوونە بە بازارێکی بەکاربراو بۆ ئەو کولتوورە نوێیە. ئەدۆنیس تێبینی ئەوە دەکات عەرەب لە ئاکامی ئەو گرێ میژووییەی تیایدا دەژین، لە شمەکی عەولەمەدا شتێکیان نەبووە بەکاربردن نەێ. لێرەوە ڕەخنە لەو دەنگانە دەگرێت کە دەیانەوێ ڕووبەڕووی جیهانگیری بووەستنەوە. جیهانگیری دواجار ئەو میللەتانە پەراوێز دەخات کە هیچ داهێنانێکیان لەو ئاستەدا نییە، هەروەها کولتووری ڕژێمە عەرەبییەکانی ئێستاش لەناو دەبات، بەڵام، وەك ئەدۆنیس دەڵێت، ناتوانێت موتەنەبی و ئیبن سینا بکوژێت .

ئەدۆنیس لە قسەکردن دەربارەی فیکرو ڕۆشنبیریی دنیای عەرەبی زۆر ڕەشبینە، لەێو قسەکانیدا گەلێك دەستەواژەی ڕەشبینانە دەدرکێنێت لە بارەی مەرگی ڕۆشنبیری و عەرەب و لەێوچوونیان. لێرەوە ئەدۆنیس بانگەشەی دەرچوون لەێو ئەو ئەشکەوتە تاریکانە دەکات کە نەتەوەی عەرەب لە سەدەی نۆزدەوە تیایدا ژیاون، دەیێت ئێستا بەرەو لەقاندنی بنچینەکانی ئەو بونیادە جێگیرو ڕاوەستاوانە هەنگاو بنێین کە تا ئەمڕۆش وەکو خۆیان ماونەتەوە، هەروەها دەبێت نەریت و میراتە بەربەست و ڕێگرەکان بلەرزێنن. ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە بارودۆخی ئێستادا بەتەواوی ونە و لە ڕابردوو و ئێستاشدا هیچ ڕۆڵێکی لە ڕۆشنگەریدا نەبووە تەنها لەبواری فێربوون و گواستنەوەدا نەبێت، کەچی لەبواری پیشەسازی و گۆڕانکاریدا ئەو ڕۆڵە بوونی نەبووە.

جیهانگیری و ڕۆشنبیریی مردووان

*** مرۆڤایەتی بە هەموو توانایەکەوە خۆی بۆ چوونە نێو سەدەی بیست و یەکەم ئامادە کردووە. سەرکەوتنەکانی مرۆڤ لەبواری زانست و نوژداری و گەیاندن و گەردوون و فەزا و کۆمپیوتەرو خۆراکاوی لێکردووە تەنانەت پێش ئەوەی سەدەی بیستەم تەواو ببێت، بتوانێت بچێتە ناوسەدەی بیستویەکەم، کەچی ئێمەی عەرەب زۆر درەنگ هەوڵماندا بگەینە ئەم چەرخەو سەرنەکەوتین، بە مجۆرە محمدعەلی لە بەرپاکردنی ڕێنیسانسێکی نوێی عەرەبیدا هەرەسی هێنا، هەمان بارودۆخ بەسەر (جمال عبدالناصر)یشدا هات. ئاخۆ عەرەب دەتوانێ لە پە نجەرەکانی سەدەی بیستەم بێتە دەرێ پاش ئەوەی نەیتوانی لە دەرگاکانیەوە بچێتە ژوورێ ؟**

- ئەم پرسیارەش دیسان وەلاّمی تیایە، بەلاّم من شتی دیکە دەخەمە سەر پرسیارەکەت و دەلّێم میللەتێك لەماوەی 1400 ساڵدا توانی بەردەوام بێت و لەم بەردەوامبوونەشیدا، لە تێڕوانینی بۆ دنیا و شتەکان و لە پەیوەندییدا بە ئەوی تردە، پشتی بەو چەمکە چەسپیوانە دەبەست کە لە تێگەیشتنێکی دیاریکراوەوە بۆ ئیسلام وەرگیراون، ئەوەتا ئەمڕۆ ڕووبەڕووی بارودۆخێکی نوێ و کولتووری جیاوازو گۆڕانکاریی دیکە دەبێتەوە، ئێستا ئیتر ناتوانێت بەو چەمکە کۆن و بەو تێگەیشتنە باوو بەسەرچوو و بە میرات بۆ ماوانەدا لە دنیای هاوچەرخ تێبگات. بۆ ئەوەی لە دنیای هاوچەرخ تێبگەین، پێویستیمان بە بینینێکی نوێ و تێگەیشتنێکی نوێ هەیە. بەم مانایە ئێمە کولتووری ئیسلامیمان هەیە کە دەبێت لە ڕەگەوە چاوی پێدا بخشێنینەوە، دەنا ئێمە بەرەو وێرانی دەچین، دەبێت ئازایەتی و بوێرییەکی تەواومان هەبێت بتوانین ئەو شتانە بڵێین، دەنا بە تێڕوانینێکی جێگیرو چەسپیو و چەقیو کە لە سەدەی یەکەمی کۆچییەوە بۆمان ماوەتەوە، مەحاڵە بتوانین لە سەدەی بیست و یەك تێبگەین. ئێمە بە کۆتکراوی ڕێدەکەین, ئێمە بیردەکەینەوەو زنجیرەکانیش بە سەرو گەردنمانەوە ئالاّوە، سەرباری ئەمانەش کەسانێك هەن

کۆمەڵێك فیکری پەڕگیر و لاگیر دەخەنە ڕوو کە گوایە ئیسلام چارەسەری بۆ هەموو شتێك داناوە، لەبەرامبەر ئەمەدا تێڕوانینێکی لاگیری دیکە هەیە دەڵێت سەرچاوەی گشت پاشکەوتوویی‌یەکانی ئێمە ئیسلامە. باشە بۆچی ئەم پەڕگیری و دژایەتییە؟ چونکە ئازادیی گفتوگۆ و ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی فیکر بوونیان نییە .

*** لە جیاتی ئەوەی مشتومڕو گفتوگۆی گەرم لەنێوان بۆچوون و فیکرەکاندا گەشە بکات، کەچی سەنگەر لەبەرامبەر یەکتر دادەمەزرێنن .**

- بەڕاستی ئەمە پاشکەوتوویی ئێمە گەورەتر دەکات, بنچینەکانی کۆمەڵگە هەڵدەوەشێنێتەوە، تەمەنی ستەمکاری درێژ دەکاتەوە .

*** لە ڕوانگەی فیکری تۆوە لە میانی ئەزموونی دوورودرێژت لەگەڵ فیکرو ڕووداوەکاندا، ئاخۆ ئومێدێك بۆ ڕێنیسانسێکی نوێی عەرەبی و بۆ ڕابوونێکی نوێی عەرەبی هەیە ؟**

- من نیگەران و ڕەشبین نیم. دەشێت لە چەند بیروڕایەکی دیاریکراو نیگەران بم، بەڵام هەرگیز لە میللەت نیگەران نیم، هەر لەم ئاستەشەوە دەڕوانمە ئەو ئومێدەو دەڕوانمە ئەو ساتەوەختەی کە میللەت دەتوانێت چەندین دەریچەو چەندین پەنجەرە بۆ قەیرانەکان دابهێنێت، بێگومان فۆرمەلەیەکی ترو ستایلێکی تر بۆ چارەسەری ئیشکالییەتەکان دەدۆزێتەوە و پاشان بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت، من بە ئەندازەیەکی گەورە ڕەشبین نیم تەنها لە دەسەلاتەکان و لە ڕژێمە عەرەبییەکان ڕەشبینم، هەروەها لەو تەئویلاتە توند و ستەمگەرایانەی ئیسلام و کولتووری عەرەبی. من لە قۆناغێك نیگەرانم بەڵام لە میللەتێك نیگەران نیم .

*** فیکری عەرەبی، بەتایبەتی لایەنە سیاسییەکەی، لەبەرامبەر پێشکەوتنە گەورەو خێراکانی شارستانیی خۆرئاوایيدا، لەنێو داکەوتن و شکست و ڕووخان و بێتوانایيەکی گەورەدا ژیاوە. دەشێت شکستی قوونڵی ئێمە بریتی بێت لە شکستی عەقڵی عەرەبی و هەرەسی قەڵاکانی عەقڵی عەرەبی لەسەر دەستی دواکەوتن و جێگیری و بێ بزاوتی و نوێنەرە سەلەفییەکانیان و پاسەوانانی ئەشکەوتەکۆنەکان. سەربارای ئەمە، ئایا ئەمڕۆ ئامادەبوونی عەقڵ و عەقڵانییەت لە ژیانی عەرەبیدا دەبینی ؟**

- لە ئاستی تاکەکەسدا کۆمەڵێك دیاردەی زۆر گرنگ هەن بەڵام بە پەراوێزی یان بە پەراوێزکراوی دەمێننەوە و ناچنە ناو چنینی ژیانی ڕۆشنبیرییەوە؟ ئەم مەسەلەیە کەمێك ئاڵۆزەو پێویستی بە زەمەنێك هەیە. لێرەدا کۆمەڵێك تاکەکەسی گرنگ و کۆمەڵێك بیرکردنەوەی عەقڵانیی گرنگ هەن بەڵام لە پەراوێزدان یان پەراوێزکراون. ئێمە لەگەڵ فیکری مارکسیزمدا دەمانووت پەرەسەندنی چەندایەتی دەبێتە هۆی پەرەسەندنی چۆنایەتی، بەڵام ئەم تیۆرە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا هەرگیز وانەبوو، بۆیە دەبێت بەو یاسایەدا بچینەوە. دەشێت کۆمەڵگەی عەرەبی کۆمەڵێك یاسای تری هەبێت و من نایزانم. ئیسلام لە مێژووی خۆیدا هەموو شتێکی بەرهەمهێنراو و هەموو تەکنیکێکی نوێی وەرگرت و لە هەمان کاتیشدا ڕەتی دەکردنەوە, واتە ئەو بنچینانەی ڕەتدەکردەوە کە دەستکەوتەکانی لەسەر ڕادەوەستێت، ئەو عەقڵەی ڕەتدەکردەوە کە کاری گەورەی کردووەو داهێنانی مەزنی ئەنجامداوە، مامەڵەکردن لەگەڵ (ئەویدی) ی ڕەتدەکردەوە تەنها بەمانا بازرگانییەکەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد: شتی لێوەردەگرێت و لێیشی جیادەبێتەوە. موسڵمان قودرەتێکی ئەفسوناویی هەیە لە وەرگرتنی بەرووبوومی درەختێك و لە هەمان کاتدا نەفرەت لە درەختەکەش دەکات، بەڕاستی لەو ڕێڕەوەدا شتی سەیرو عەجایبەهەیە .

*** لەوە دەچێت موسڵمان وەك سوپەرمارکێت سەیری شارستانییەت بکات کە هەندێك شتی لێ هەڵدەبژێرێت و پشت لە هەموو ئەو شتانەش دەکات کە پەیوەندیی بەو عەقڵە زانستییەوەهەیە کەئەو دەستکەوتانەی بەرهەمهێناوە. ئەمە ڕەفتاری بەدەوییە لە سەدەی بیستەم .**

- بەڕاستی ئەمە شتێکی ترسناکە. برادەران نوکتەیەکیان بۆ گێڕامەوە وابزانم نوکتەش نییە بەڵکو ڕاستییە: یەکێك پرسیاری کرد بۆچی ئێمە هیچ شتێك بەرهەم ناهێنین؟ موسڵمانەکە وەڵامی دایەوە: بۆچی بەرهەم بێنین, ئەی ئەو هەموو بەرهەمە چییە خودا بۆ ئێمەی خستۆتە بەردەست .

*** من لە شوێنێکدا خوێندوومەتەوە هەندێك لە ژنانیانی پاکستان بیریان لەوە کردۆتەوەچۆن لە جنۆکەوە وزە بەرهەم بێنن بەو باوەڕەی کە جنۆکە لە وێنای ئیسلامیدا لە ئاگر دروستکراوە. تۆبڕوانە جۆری بیرکردنەوە گەیشتۆتە چ ئاستێکی خورافی .**

- شتێکی سەیرو پێکەنین هێنەرە، بەڕاستی ئەمە تراژیدیاو وێرانییە .

*** وەك دەبینین ئێمە پێش ناکەوین و هەموو پرۆژە نوێگەرییەکانیش هەرەسیان هێناووەیلەتتا ئێستاش توانای ئەوەی نییە ئازادی بەدەست بهێنێتەوەو کۆت و زنجیرەکان لە خۆی داماڵێت و بەرووی دەسەلاتە ستەمگەراکاندا ڕاپەڕێت. کەواتە گرفتی هەنووکەیی ڕۆشنبیری لە دنیای هاوچەرخیعەرەبیدا چییە ؟**

- گرفتی هەنووکەیی بریتییەلە گۆڕینی ستراکتوری دەسەلاّت، من وایدەبینم ئەمە گرفتی یەکەمە نەك ئازادیو کارەکانی عەقڵ. ئازادی و عەقڵ پێویستیان بە ناوەندێك هەیە، ئەگەر ئەو ناوەندە ساز نەدرێت مومکین نییە لەناو ئەو کێشە گەورەیە دەربچین، سازاندن و ڕەخساندنی ئەو ناوەندەش تەنها لە میانی دەسەلاّتێکی نەرم و لە میانی ئەو دەزگا و دامەزراوانە ئەنجامدەدرێت کە دەرفەتێك بۆ ئازادی و عەقڵ بڕەخسێنن تا کاری خۆیان بکەن، لەبەرئەوەی وای دەبینم گرفتی ڕاستەوخۆ لە سروشتی دەسەلاّتدایە، دەسەلاّتە عەرەبییەکانی ئەمڕۆش تەنانەت ئەگەر بەهێزی ئاتاج بتوانن لە دەمەزراندنی بەرهەمهێنان و بنیاتنانی کارگە و کۆمپانیاشدا سەرکەوتوو بن، بەلاّم ئەو دەسەلاّتانە، لە پێکهاتە زانراوەکەیاندا، ناتوانن تەنگژەکان جێبهێڵن .

*** هەموو دەستکەوتێکی کەلّەکەکراو تێکدەدەن و پەرەسەندنەکەی ئیفلیج دەکەن .**

- بەڵێ تێکی دەدەن و دەیکەن بە شوێنی بەرتیل و بەرژەوەندیی تایبەتی .

*** بەلاّم ئاخر گرفت و کێشەی گۆڕان هەر دەمێنێت. کێ ئەو بارودۆخە دەگۆڕێت؟ لە سەردەمێکیزووا دەمانووت چینی کرێکار خاوەنی پرۆژەی گۆڕانە، بەلاّم ئاکامەکان بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بوون و ئەو تیۆرییەش فەشەلی هێنا .**

- ئێستا چینی کرێکار هەڵگری پرۆژەی فەساد و جێگیری و چەقبەستوویی .

*** هەروەها دەمارگیریش. ئێستا جەماوەر بووە بە میگەڵ و دەبینین ئەهلی ئەشکەوت لە فەندەمینتالیستەکان رێبەرایەتی دەکەن، ئەمە وەک لە جەزائیر و میسر و ئەفغانستاندا دەیبینین، هەروەک پێشتریش لە لوبنان ڕوویدا [1] .**

- بگرە بوو بە هاوپەیمانی ڕژێم و پاشکۆی دەسەلآت .

*** وەک بڵێی ئێستا کۆمەڵگەی عەرەبی بووە بە فەزایەکی تەماوی. ئەمڕۆ کەسێک نییە پڕۆژەیەکی کۆمەلآیەتیی بۆ گۆڕانکاری هەڵگرتبێت، تەنها بیرمەندە عەقلآنی و ڕۆشنگەرەکان و پێشکەوتنخوازەکان هەڵگری ئەو بیرو باوەڕانەن، کەچی هێزە کۆمەلآیەتی و بزووتنەوە سیاسیەکانی کۆمەڵگای عەرەبی وەک بڵێی بوونیان نەبێت و خەریکە لەنێو بچن .**

- بەداخەوە، ڕاستە، ئەمڕۆکە پڕۆژەکان بۆ گۆڕانکاری نین بەڵکو بۆ پشتگرتن و چەسپاندنی دەسەلآتن .

*** ئەو پڕۆژە نوێکارییانەی بۆرژوازیی تەقلیدی و دەستەبژێرە ڕۆشنگەرەکان ڕێبەرییان دەکرد، فەشەلیان هێنا، لەگەڵیدا پڕۆژەکانی پەرەپێدانیش فەشەلیان هێنا تەنانەت ئەوانەیشی کەنوخبە سەربازییەکان ڕێبەرییان دەکرد، چەپیش نەیتوانی هیچ یەکێک لە بەرنامەکانی خۆی جێبەجێبکات. ئایا پێویستمان بە (عەسای موسا) یەکی نوێ هەیە؟ باوەڕم وایە ئەو شۆڕشە پیشەسازییەی ئەمڕۆلە جیهاندا هەیە وا لە دنیای بێ بزاوتی عەرەبی دەکات بە ناچاری و بە زۆر بچێتە ناو کەشوهەوای زانستەوە، یاخود بۆیەکجاری لە میژوو بێتە دەرێ و بگۆڕێت و ببێت بە کەڵەکەیەکی بەشەری بەبێ چالاکی و، بەبێ ئامادەبوونێکی ئاکتیڤ لەم ناوچەیەدا بژێن .**

- کاتێک بیر لەو توانا گەورەیەی عەرەب دەکەمەوە، بەتایبەتی کە ئەم ولآتانە بەناو هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەفەریقیادا دەکشێن و کەلەپوور و میژوویەکی دێرینیان هەیە، کاتێک گشت ئەم شتانە لەگەڵ بارودۆخی ئێستاماندا بەراورد دەکەم کە هیچ ئامادەبوونێکی خولّقێنەرانەمان، وەک دامەزراوو وەک میللەت، نییە، جگەلە هەندێک کەسی درەوشاوە، بەڕاستی ناتوانم لەو شتانە تێبگەم کە ڕوودەدەن تەنها ئەگەر لەو گریمانەیەوە قسە بکەم کە دەڵێت ئێمە میللەتێکین لەنێو دەچین، سۆمەرییەکان لەنێو چوون، فیرعەونەکان لەنێو چوون، گریکەکان لەنێو چوون، شارستانییەتەکان لەنێو دەچن و

میللەتانیش هەروەها لەنێو دەچن، ئێمەش لە قۆناغی لەنێو چوونداین، من بەهیچ جۆرێك لەم بارودۆخەی ئێستامان تێناگەم تەنها لەو سەمتەدا نەبێت کە خەریکە لەنێو دەچین. لەنێوچوونی ئێمە، بێگومان لەنێوچوونێکی مرۆیی نییە، مرۆڤ دەمێنێت و زاوزێ دەکات و زیاد دەبێت، بەڵکو لەنێوچوونی ئێمە لەنێوچوونی ئەو بەهاو بینین و تێگەیشتنانەن کە ئاڕاستەکانی ئێمە دیاری دەکەن و تا ئەمڕۆش لەسەری دەژین .

*** وەك چۆن لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا تۆپەکانی ناپلیۆن پۆنا پارت عەرەبیان لە خەوی قوڵ ڕاپەڕاند، لەوە دەچێت ئەمڕۆ پێویستیمان بە کۆمەڵێك تۆپی نوێ هەبێت تا لەو خەوقورسەبەئاگامان بێنێت کە زۆر درێژەی کێشا .**

- هەر دەبێت بنچینەکانی چەقبەستوویی و بێ بزاوتیی ئەمڕۆ، بلەقێنرێن، دەبێت ئەو نەریت و تراديسیۆنانە بلەرزێنرێن کە بوونەتە ڕێگرو بەربەستی گەورە، دەبێت گەشتی دەرچوون لەم بارودۆخە بچەسپێنین .

*** ئەمڕۆ ژمارەیەك لە بیریاران کێشەیەك دەوروژێنن، ناومڕۆکی کێشەکە بریتییە لەوەی کەڕۆڵی ڕۆشنبیر لەم جیهانەدا خەریکە دەبێتە ڕۆڵێکی بێهێز و نائەکتیڤ، بگرە ڕۆشنبیر لەزۆرحاڵەتدابووتە بەرگریکاری بەها کۆنەکان. ئایا ڕۆشنبیر مردووە یان تەنها ڕۆڵی ڕۆشنبیر پاشەکشەی کردووە ؟**

- ئێمە لەبارەی کۆمەڵگەی عەرەبی قسە دەکەین. باوەڕم وایە ڕۆشنبیر لە هەموو مێژووی ئێمەدا هیچ ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لە پەرەپێدانی بونیادی کۆمەڵگەدا نەبووە. دەشێت ڕۆڵێکی فێرکارییانەی هەبووبێ. ڕۆشنبیر فیکرەکان دەگوازێتەوە بێ ئەوەی کارێکی لە بونیادی کۆمەڵگەو لە گۆڕینی تێڕوانینی ئەو هەژموونە هەبێت کە کۆمەڵگەی داگیر کردووە. فیکر لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا هەمیشە فیکرێکی وەزیفی بووە، فیکرێك نەبووە بگەڕێت یان شتێك بخاتە سەر مەعریفە، هەرگیز دانی بە ڕۆشنبیری عەرەبیدا نەناوە تەنها بە سیفەتی فەرمانبەرێك دانی پێداناوە، لەبەرئەوە فیکری عەرەبی فیکرێکی وەزیفی بووە نەك فیکرێك بە قوواڵی باوەڕی بەوە هەبێت کە لێرەدا حەقیقەتێك هەیە، گەڕانیش لە پێناوی گەیشتن بە حەقیقەت گەڕانێکی هاوبەشە لەنێوان کۆی

ڕووناکبیران، حەقیقەتیش لە پشتمانەوە نییە بەڵکو لە پێشمانەوەیە. ڕۆشنبیری عەرەب لە کۆمەڵگەیەکدا ژیاوە ئەو کۆمەڵگەیە بە تۆندی باوەڕی بەوە هەبووە کە حەقیقەت لە پشتمانەوەیەو ئێمە دەبێت شیبکەینەوەو ڕاڤەی بکەین پاشان تەبشیری پێبکەین، سا ئەگەر ئەو ڕژێمە، بۆنموونە، لە دیدی ئێمەوە نزیك بوو، ئەوا ستایشی دەکەین، ئەگەر دووریش بوو، دایدەشۆرین. ڕۆشنبیریی ئێمە گۆڕاوە و بووە بە ڕۆشنبیریی ستایش و داشۆرین و تەبشیرو ڕاڤەکردنی شتە هەنووکەیی و مەوجودەکان. لەبەرئەوە باوەڕم وایە ڕۆشنبیر، بە سیفەتی ڕۆشنبیرێکی سەربەخۆ، ڕۆڵێکی نییە. ڕۆشنبیر ئەو کاتە ڕۆڵی دەبێت کە وەك ئەندامێك دانی پێدابنرێت لە گەڕان بەدوای ڕاستی و لە گەڕان بەدوای نادیارو پاڵنانی کۆمەڵگە بەرەو ئەو ڕوانینە. لێرەوە پێچەوانەی هەموو ئەو کەسانەم کە بە شوێن ڕۆڵی ڕۆشنبیردا دەگەڕێن. دەبێت یەکەمجار کار بۆ ئەوە بکەین دان بە ڕۆشنبیردا بنرێت، دەبێت ڕۆشنبیر شوێنگەیەکی هەبێت تا ڕۆڵیشی هەبێت، مادامەکی شوێنگەی نییە کەواتە ڕۆڵیشی نییە. کاتێك دەزگاکانی ئاسایش داوایان لە سەرۆك دیگۆل کرد جان پۆل سارتەر زیندانی بکات بەهۆی ئەو ڕۆڵە گەورەیەی لە شۆڕشی قوتابیان لە ئایاری ساڵی 1968 دا هەیبوو، دیگۆل پاش بیرکردنەوە وتی: (دەتانەوێت ڤۆلتێر زیندانی بکەم؟ کێ دەتوانێت ڤۆلتێر زیندانی بکات؟)، هەرکاتێکیش لەلای ئێمە عەقڵیەتێکی لەو جۆرە سەری هەڵدا کە وەك دیگۆل تەماشای ڕۆشنبیری عەرەب بکات، ئەوسا دەتوانین بڵێین ڕووناکبیری عەرەب ڕۆڵی هەیە [2] .

*** بەجۆرێك وەسفی سارتەر کراوە کە دوا فەیلەسووفی ئەم چەرخەیە. لێرەدا گەلێك ناوی دیکەهەن، لە سەردەمی سارتەریان لە پاش ئەویش، هەوڵیاندا شوێن و پایەی فەلسەفە بگەڕێننەوە، بەڵام ئەوەندەیان پێنەچوو کەنارگیر بوون، وەك ئەو فەیلەسووفە نوێیانەی کە ئامادەبوونیان لە چوارسااڵ زیاتری نەخایاند و پاشان بزربوون. ئەمڕۆش خەریکە چەند ناوێکی وەك فرانسیس فۆکۆیاماوسەموێل هنتنگتۆن و نوام چۆمسکی و بەر لەوانیش لوی ئالتۆسێر و کلۆد لیڤی شتراوس و ڕۆلان بارت[3] وگەلێکی**

تر دەبن بە یادەوەرییەکی نزیکی میژوویی فیکرەکان، وەك بڵێی فەلسەفە و هزرە گەورەکان شوێنی خۆیان بۆ زانستی پراکتیکی چۆڵ کردبێت. ئاخۆ ئەم چەرخە چەرخی لەناوبردنی فیکرەکانە ؟

- پرسیارێکی زۆر گرنگە. ئەگەر مەبەست لە فیکرەکان ئەو فیکرانەیە کە لەسەر فەلسەفەی یۆنانی بنیات نراون، ئەوا لەو باوەڕەدام ئەم چەرخە چەرخی لەناوبردنی ئەو فیکرانە نییە بەڵکو چەرخی کۆتایی ئەو فیکرانەیە. بەم مانایە (هایدگەر) [4] فەیلەسووفی ڕاستەقینەی سەدەی بیستەمە کە زەمینەی بۆ کۆتایی گشت ئەو فیکرانە خۆشکرد، هەروەها زەمینەی بۆ کۆتایی فەلسەفەی یۆنانی و سەرەتای فیکرێکی نوێ خۆشکرد کە لەسەر تێکنۆلۆژیا ڕادەوەستێت نەك لەسەر تێڕامانی وجود و گرفتەکانی بوون و ڕۆیشتن بەرەو خوا و مرۆڤ و پاشان سەیرکردنی ئەوەی سێنتەری جیهان لە کوێدایە. هایدگەر بوو ئیشی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی فیکری یۆنانی کردو پاشان سەرلەنوێ بە جۆرێکی تر خوێندیەوە، بەڵام سارتەر تەنها یەکێك بوو لە قوتابییەکانی هایدگەر، بەڵام ساتەر بەمانایەك لە ماناکان دوا فەیلەسووفی ڕاستەقینەی هاوچەرخە، ئەوانەی لەدوای سارتەریشەوە هاتن هەر تەنها ڕاڤەکاری بابەتی ئۆریجیناڵ بوون یاخود بەدوا داچوونیان لەبارەیەوە هەبوو. لەگەڵ سارتەردا فەلسەفەی یۆنانی کۆتایی پێهات، دەشێت سارتەر سەرەتای کۆتایی هێنانی ئەو فەلسەفەیەو سەرەتای دەستپێکردنی فیکری تەکنەلۆژی بێت. لەبەرئەوە ئەمڕۆ فەلسەفە، بەمانای وردی وشەکە، تەواو بوو، فەلسەفە بەمانا کلاسیکییەکەی تەواو بوو، هەروەك شیعری ستوونیش کۆتایی پێهات بەڵام شیعر کۆتایی نەهاتووە. فەلسەفە کۆتایی پێهات بەڵام فەلسەفەکاری کۆتایی نەهاتووە، بێگومان فەلسەفەی دیکە سەرهەڵدەدات بەڵام بەتێڕوانینی جیاواز و لەسەر بنچینەی جیاواز، کەچی فۆکۆیاما و هنتنگتۆن و کەسانی دیکەی وەك ئەوان، باوەڕم وایە ئەمانە بەهیچ جۆرێك ڕووناکبیر و بیریاری گەورە نین، عەرەب زیاد لە شایستەی خۆیان بایەخی پێداون، فۆکۆیاما و هنتنگتۆن دوو ڕووناکبیری ئاسایین و ڕاو بۆچوونی سیاسییانەیان هەیە، واتە ئەوەی

ئاڕاستەیان دەکات سیاسەتە نەك فیکر، من خۆم گرنگی بە فۆکۆیاما و هنتنگتۆن نادەم، نوام چۆمسکی لەو دوو کەسە گرنگترە .

*** لە ڕابردوودا تیۆری کۆپەرنیکۆس [5] و دۆزینەوەکانی گالیلۆ [6] ، پایەی کڵێسەیان جێلەقکردو بە شێکی زۆری دەسەلاّت و ئامادەبوونی کڵێسەیان لێسەندنەوە. ئێستاش شۆڕشی زانیارییەکان و فۆتۆکۆپیی زیندەگی و چوونە نێو فەزا، بەشێکی زۆری بیروباوەڕە کۆنەکانی مایە پووچ کردۆتەوە ئاخۆ کاریگەریی ئەم دەستکەوتە زانستییە گەورە و سەرسوڕهێنەرانە بەسەر ئایین و کۆمەڵگە و فیکرۆژیان، پێکڕا، چۆن دەبێت ؟**

- ئەوەی کاریگەر دەبێت تەنها شتی زیندووە. شتی بێگیان و مردوو کاریگەر نابێت. من لەوە دەترسم کۆمەڵگەی عەرەبی، بەتایبەتی لە ڕووە ئاینییەکەیەوە، لەناو مردووان دابنرێت، پتر لەوەش، دەترسم هێشتا ئەو کارتێکردنانە نەگەیشتبنە ئێمە. ئەمە وەلاّمێکی قورس و دلڕەقانەیە، بەلاّم من ئەم شتانە دەبینم. وا هەستدەکەم (عەقڵ) ی عەرەبی — ئیسلامی عەقڵێکی شێوە جێگیرو بە بەردبوو بێت کە بەهیچ شتێك کاریگەر نابێت، عەقڵێکی مردوو ئاسا .

*** بە لاّم بەداخەوە تا ئەمڕۆشس مردووان لە پشتی گۆڕەکانیانەوە حوکمی ئێمە دەکەن، ئەمڕۆ مۆمیاکان حوکمی ئێمە دەکەن .**

- ئەمە ڕێك هۆیەکە لە هۆیەکانی کۆمەڵگە، مردووان زیندووان دەمرێنن مادامەکی تەحەکوم بە چارەنووسیان دەکەن .

*** سەرمایەداری، سەرباری ئەکتیڤە ئابووریییەکەی، لەگەڵ خۆیدا ڕەهەندێکی شارستانی و نرخو نۆرمێکی نوێی هەڵگرت، مژدەی خۆشگوزەرانی و ئازادی و یەکسانیی ڕاگەیاند, ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەو بەڵێنانە جێبەجێ نەکران، کەچی ئەمڕۆ جیهانگیری لە زمان و گوتاریدا ڕەهەندی شارستانیی تیدا لاوازەو وەك بڵێی لە سەرمایەداری دڕندەتر بێت. ئایا دەتوانیت خاڵی هاوبەش و خاڵی جیاوازی نێوان سەردەمی یەکەمی سەرمایەداری و جیهانگیریی ئەمڕۆ، لە دەرکەوتەیەکی نوێدا، دیاری بکەیت ؟**

- لە مەسەلەی سەرمایەداریدا پسپۆڕ نیم، لەبەرئەوە خۆم لە بەراوردکردن دەپارێزم، پێم وایە جیهانگیری زۆر جیاوازە لە سەرمایەداری، من بەلای ئەوەدا دەچم جیهانگیری

بەچەشنێکی ڕوون و شەفافی داگیرکەر بچوێنم، بەچەشنێکی ئاوریشمی کە جیاوازە لە سەرمایەداریی تەقلیدی. جیهانگیری مەسەلەیەکە ناتوانیت خۆتی لێ لابدەیت، جیهانگیری مەسەلەیەکی یونیڤێرسالی و گەردوونییە، دەکرا بەشێوەیەك لە شێوەکان دژایەتی سەرمایەداری بکرێت، بەڵام هەرگیز و هیچ کەسێك ناتوانێت لە دژی جیهانگیری بووەستێت، ئێمە پێمان خۆشبێ یان نا ڕاکێشراوینەتە ناوی، گرنگترین شت لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا ئەوەیە کە پێشوەخت بە عەولەمەکراوە، نەوت بە عەولەمەکراوە، ئابووریەکی پابەندی نەوت بە عەولەمەکراوە، ڕاگەیاندن بە عەولەمەکراوە، بەڵام هەندێك شتی بنچینەیی کە دەشێت پشتی پێ ببەستریت لەپێناوی پاراستنی شوناس یان لەپێناوی قوواڵکردنەوەو دەوڵەمەندکردنی شوناس, دەبینین ڕژێمەکان ژێر پێی دەخەن و لەناوی دەبەن. سەیرە لەم چەرخەدا تا ئێستاش وتارێکی سادە کە ڕاو بۆچوونێکی سادەی لەخۆگرتبێت، ڕژێم دەترسێنێت، تەنها وتارێك ڕژێمێك دەترسێنێت. من نازانم چۆن دەشێت بە کۆمەڵگەیەکی لەم چەشنەو لەم بارودۆخەدا بەرەنگاری و بەربەرەکانی جیهانگیری بکرێت، ئەمە مەحاڵە.

*** لەم دەرکەوتەیەو لەم دەرپەڕینە خێرایەی کە سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە، ئێمە شوێنێکمان نییە.**

- تەنیا ئەگەر موعجیزەیەك ڕووبدات و هەموو شتێك بگۆڕێت، دەنا ئێمە بەبێ ئیرادەو هەڵبژاردەی خۆمان بەرەو چارەنووس ڕاگوێزراوین. لە ئایندەشدا ئەو ووڵاتانەی مل نادەنە یاساکانی جیهانگیری ئەوا لە بازاڕدا ڕەتدەکرێنەوە، واتە لە جیهان ڕەتدەکرێنەوە.

*** لە ووڵاتە عەرەبییەکانی ئێمەدا کەسانی وا هەن بانگەشەی لێدان و ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانگیری دەکەن کە گوایە لە دژی هێرشی ڕۆشنبیری وەستاون، ئەوانە لە ڕاستیدا لە ئاستی فیکری و زانستی و زانیارییەکانی سەردەمدا دواکەوتووترین تۆیژی کۆمەڵن [7]. لە زیندەوەرزانیدا جۆرێزیندەوەرێك هەیە ئەگەر دووچاری هەڕەشەیەکی دەرەکی ببێت ئەوا سەدەفێك لە دەوری خۆی دروست دەکات تا خۆی پێ بپارێزێت و داکۆکی لە خۆی بکات، ئەمە لەلای ئێمە ڕووەدات و ئێمە لەو حەشەرەیە دەچین، ئێمە لەم دەستکەوتە زانستییە نوێیەدا و لەم چەرخە نوێیەی ئەمڕۆدا تا ئێستاش سەدەف بەدەوری خۆماندا دروست دەکەین.**

- ئەمڕۆ هیچ پەردەیەك نییە بتوانێت شتەكان بشارێتەوە، ئەمەیان مەحاڵە، تەنانەت ئاینیش ناتوانێت ببێت بەو پەردەیە، جیهانگیری لەم چەرخەدا نابووتیی دەستكەوتی سیاسی و كولتووری و ئابووریی عەرەبی ئاشكرا دەكات، ئەم نابووتییەش بە پلەی یەكەم دەگەڕێتەوە بۆ نابووتی ڕژێمەكان، لەبەر ئەوە دەبینین ڕۆشنبیرانی ئەو ڕژێمانە لە ترسی جیهانگیری دەگرین كە گوایە لە ترسی شوناس دەگرین. پرسیاری ڕاستەقینە ئەمەیە: ئەو ڕۆشنبیرانە و ڕژێمەكانیان چییان بۆ دەوڵەمەندكردنی ئەو شوناسە كردووە؟ ئەوەتانێ ئەوانە بۆ دوورخستنەوەی پرسیارێكی لەوجۆرە, هێرش دەبەنە سەر جیهانگیری .

مومكین نییە جیهانگیری بتوانێت مەعەری و ئیین عەرەبی و ئیین سیناو فارابی و ئیین خەلدوون و موتەنەبی بشارێتەوە، جیهانگیری شتی خولقاو و جیاواز ناشارێتەوە، جیهانگیری ئەو كەسانە لەنێو دەبات كە ئامادەبوونێكی گەورەو خولقێنەریان نییە .

خراپترین وەسفێك بۆ عەولەمە ئەو وەسفەیە كە گوایە ناوێكی نوێ یان شێوەیەكی نوێی داگیركەری كۆنەو ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا یەكەمین جولێنەرێتی، جیهانگیری دیاردەیەكە بە چەك و تونددوتیژی تەعمیم ناكرێت، جیهانگیری چەكی دیكەی هەیە: چەكی بەرهەمهێنان. جا بۆئەوەی هەموو گەردوون ڕاپێچ بكاتە نێو جەنگەوە، گەردوون دەكات بە بازاڕ. لێرەوە جیهانگیری شێوەیەكە نابەزێنرێت و شتێكیش نییە بتوانێ پێشی بگرێت، هەروەها مەسەلەیەكی لۆكاڵی نییە بەڵكو یونیڤێرسالێیە .

جیهانگیری داهێنان ڕەتناكاتەوە بەڵكو ڕۆشنبیری ئەو كەسانە ڕەتدەكاتەوە كە ڕۆشنبیریی خۆیان ڕەتدەكەنەوە، مەبەستم ئەو كەسانەیە كە لە وتاری ڕۆژنامەیەك دەترسن و ڕۆژنامەكە قەدەغە دەكەن، هەروەها ئەو كەسانەی تا ئێستاش كتێب بە دوژمنی یەكەم دادەنێن و قەدەغەی دەكەن. ئەمڕۆ زمانی عەرەبی فەزایەكە پڕە لە زیندان، زیندانەكانیش پڕن لە كتێب و فیكرو هیواو خەونەكان، بە مسۆگەری عەولەمە ئەو فەزایە نوقم دەكات هەروەكو چۆن تۆفان هەموو شتێك نوقم دەكات، بەڵام عەولەمە ناتوانێت موتەنەبی و ئیین

سینا بکوژێت، عەولەمە کەسێك دەکوژێت داهێنان و شوناسی نەبێت، عەولەمە ڕۆشنبیریی ڕژێمە عەرەبییەکان دەکوژێت، بۆیە ئەوانەی لە عەولەمە دەترسن دەبێت یەکەمجار لە ڕۆشنبیریی ڕژێمەکانی خۆیان بترسن، لە سیاسەتی ڕۆشنبیری و لە تاکانەیی کوێرانەی ئایدیۆلۆژیاکان بترسن، لە ونبوونی دیموکراسییەت و پلورالیزم بترسن. لێرەدا ئەو کارانەی عەرەب لەناوەوە دەیکات پارسەنگی ئەو کارانەیە کە عەولەمە لەدەرەوە دەیکات بۆئەوەی دنیای عەرەبی لە هەر داهێنانێکی ڕۆشنبیری دابماڵێت و دنیای عەرەبی بکات بە کۆمەڵێك دەسەلاّت و ڕژێم و بیکات بە مەوقعێکی جوگرافی .

بەڕاستی کارەساتێکی گەورەیە کە عەرەب سەرباری ئەوەی میژوویەکی دوورودرێژ و شارستانییەتێکی دێرینیان هەیە، کەچی لە جەنگی عەولەمەدا ڕۆڵی پاشکۆیان هەیێت. من باوەڕم وایە ئێمە بەپێی واقیعی خۆمان جگەلە بازاڕێك شتێکی تر نین. جا لەبەرئەوەی عەرەب کە لە دەروازەکانی هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیادا بلاّوبوونەتەوە، تەنها بازاڕێکن و هیچی تر، ئەوا عەولەمە دەیانکات بە مەوقعێکی جوگرافی .

بەشی نۆیەم

ڕۆشنگەری و عەلمانییەت
ئایین و سەلەفییەت

* عەلمانییەت و دیموکراسییەت دوو کلیلی سیحری نین، ئەگەر ئەمانە کۆمەڵێك عەقڵی گەورەو مۆڕاڵێکی گەورەو پڕۆسیسی گەورەیان لە پشت نەبێت، ئەوا تەنها دەبن بە دوو وشە و هیچی تر .

* بە خۆڕئاواییکردن و هێرشی ڕۆشنبیری دوو دەستەواژەن هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕۆشنبیرییەوە نییە، ئەمانە دوو دەستەواژەی سیاسیی ئایدیۆلۆژین .

ئەدۆنیس پێی وایە ژمارەیەك لەو زاراوانەی لە گوتاری عەرەبیدا بڕەویان هەیە، بۆنموونە (خۆرئاواییکردن) و (هێرشی ڕۆشنبیری)، پاساوێکن دەسەلآت بۆ سەرکوتکردنی هاوولاتیان بەکاری دەهێنێت تا لە بیرکردنەوە لە چارەنووسی خۆیان دووریان بخاتەوە، ئەدۆنیس دەڵێت ئەم زاراوانە هیچ پەیوەندییەکیان بە فیکرەوە نییە و پتر گوزارشت لە مۆرکێکی ئایدیۆلۆژیی سیاسی دەکەن. لێرەوە ئەدۆنیس وایدەبینێت فیکری عەرەبی و ئیسلامی ئەمڕۆ فیکرێکی داخراوەو توانای کرانەوەی بەرامبەر بە ئەویدی نییە و ناتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەمە فیکرێکی دووپاتکراوە و ڕەسەنایەتی تیانییە. ئەدۆنیس گرفتە هەنووکەییەکانی نەتەوەی عەرەبی دەگەڕێنێتەوە بۆ داخستنی دەرگاکان بەڕووی عەقڵدا، عەقڵێك پەکی کەوتووە و بووەتە هۆی پتەوکردنی بیرکردنەوەی سەلەفیانە، ئەم بارودۆخە ئاسۆکانی ئایندەی لەبەردەم عەرەبدا داخستووە. دیسان ئەدۆنیس بەرپرسیاریی ڕووداوەکان دەخاتە ئەستۆی دەسەلآتی عەرەبی و بونیادەکانی ئەو دەسەلآتە، لێرەوە شیکردنەوەیەکی میتافیزیکیانەی فیکری ئاتەئیزمی ناو ئیسلام دەکات، تێڕوانینی خۆی لەبارەی بیرکردنەوەی فەندەمینتالیستانەی دنیای ئیسلامی دەردەبڕێت بەو پێیەی فیکری فەندەمینتالیزم فیکرێکی ئەفسانەیی بەشەرعکراوە، هەر لەم ڕەوتەشدا ئاماژە بۆ سروشتی فیکری کۆنی ئەفسانەیی دەکات لە ناوچەی ڕافیدەین و هیلالی خصیب بەشێوەیەکی گشتی و پەیوەندی ئەم فیکرە بە سێ ئایینە یەکتاییەکان کە بەپێی ئەدۆنیس ئەم سێ ئایینە فیکری ئەفسانەییان بە یاسا کردووە و ئەفسانەیان لە سێبەرەکانی شاعیریەت و سێبەرە فیکرییە جوانەکان دامالێوە .

دیسان ئەدۆنیس پرسیار لەو هۆیە دەکات کە بۆچی ڕۆڵی عەقڵ لە ئیسلامدا ڕەتکرایەوە لە کاتێکدا عەقڵ لە سەردەمی (مەئمون) دا ڕێبەری پێشکەوتن بوو، وا دیارە ئەدۆنیس لێرەدا فیکری موعتەزیلە دەخاتەڕوو لە پەیوەندیدا بە سرووش و دنیای غەیبانییەت .

ڕۆشنگەری و عەلمانییەت ئایین و سەلەفییەت

*** نزیکەی چارەکە سەدەیەکە کۆمەڵێك فیکری وەك: ڕزگاریخوازی و پێشکەوتن و سەربەخۆیی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، وردە وردە پاشەکشە دەکەن، لە کاتێکدا ئایدیۆلۆژیاکانی شوناس بەهێزێکی گەورەوە دەردەکەون. ئایا ئەم دیاردەیە نابووتی و پارچە پارچەیی کۆمەڵگەی عەرەبی پێچەوانە دەکاتەوە ؟**

- ئەو شتەی هەندێك کەس بە بەرەوهەڵکشانی ناو دەبەن، ئەوەی کە لە هەندێك گرایشی ناسیونالیستی و هەندێك مەیلی ئایینداً دەردەکەوێت، من بە دابەزین و ڕمبوونی دادەنێم، بەڵکو ئەمە شێوەیەکە لە شێوەکانی لێڕبوونەوە، ئەمە جۆرێکە لە گەڕانەوە بۆ خود، نەك بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی زیاترمان هەبێت بۆ خود، بەڵکو بۆئەوەی بەردەوام بیجوینەوە، ئەمجۆرە گەڕانەوەیە جۆرێکە لە دابڕان لە جیهان لە کاتێکدا ئێمە پێویستیمان بە جۆرێك لە پەیوەندیکردن بە جیهانەوە هەیە تا لێی تێبگەین و لە میانی ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکییەوە لە خۆشمان تێبگەین. بێگومان بیرۆکەی پێشکەوتن و ڕزگاری هەرسی هێنا، هەندێك لە بیرمەندان ئەو گەڕانەوەیە بەم فەشەلە ڕاڤە دەکەن، من باوڕم وانییە ئەم فەشەلە پاسا و بێت بۆ ئەو گەڕانەوەیە، بەڵێ وەك دەبینین جەنگی عەرەبیەکان -عەرەبیەکان و جەنگی ئیسلامی -ئیسلامییەکان بەردەوامن، ئەمانە جەنگێکن لەسەر کلۆربوونی ناوەکی وەستاون، ئەمانە جەنگێك نین لە پێناوی چاکسازی و کرانەوەو پێشکەوتن، بەڵکو لە پێناوی ئەوەیە دەسەلاتێك شوێنی دەسەلاتێکی تر بگرێتەوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ داڕمانی دنیای ئیسلامی و عەرەبی بە جۆرێك لە سەرانسەری مێژوودا وێنەی نەبووە. ئەمڕۆ دنیای عەرەبی کێڵگەیەکە دەیان دیاردەی شکست و داڕمان و تێکشکان و داخورانی ناوەکی و دواکەوتوویی تیادا بلاۆ دەبێتەوە. بەڕاستی ئەمە کارەسات و وێرانییە.

*** ئەمڕۆ کە هێرش و پەلامارێکی فراوان و بەربڵاو هەیە بۆ سەر فیکری ڕۆشنگەری و ڕووناکبیرە ڕۆشنگەرەکان. بە بۆچوونی تۆ ئەم هێرشە تواناو وجەسارەتی خۆی لە کوێوە دەهێنێت ؟**

- ئەمە لەڕاستیدا هێزی خۆی لە ڕۆشنبیریی باو و لە ڕۆشنبیریی میراتگەرا وەردەگرێت. لەڕووی زانستییەوە ناکرێت فیکرێك بە دواکەوتوو تاوانبار بکرێت، کەسانێك هەن ئیسلام بەوە تاوانبار دەکەن کە بنچینەی دواکەوتوویە، باشە، هەر ئەم ئیسلامە لە سەردەمی مەئموواندا ڕێگەی پێشکەوتن بوو، کەواتە من پتر مەیلی ئەوەم هەیە بڵێم تەئویلکردنی دەق کلیلی تێگەیشتنە. من ئایینخواز و باوەڕدار نیم، عەقڵ لەلای من ، وەك ئاتەئیستە کۆنەکان دەڵێن ، پێش ئایین دەکەوێت. دەبێت ئایین پاشکۆی عەقڵ بێت نەك بەپێچەوانەوە .

*** ئەمە هەڵوێستی (ئەبو عەلای مەعەری) یە کە جەسارەتی ئەوەی کردووە بڵێت ئیمامێك نییە جگە لە عەقڵ .**

- دروست وایە، جگەلە عەقڵ ئیمامێك نییە. ئەگەر تەئویلی باوی ئێستا لە ئایینداسەرچاوەی ئەو جورئەتە بێت کە سەری دەرهێناوە ئەوا ئەو تەئویلە نەزۆك و نەخۆشە هانی جەسارەت و بوێرییەکی زیاتری داوە. هەرەس و ڕووخانی هەموو شتێکیش لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا ڕوویداوە: (داڕوخانی خێزان و داڕوخانی قوتابخانە و زانکۆ و ئەو دامەزراوانەی لە سەردەمی سەربەخۆییەوە تا ئێستا بنیات نراون) تا هانی پشتگیریی بیرکردنەوەی سەلەفییانە بدات، ئەمجۆرە فیکرەو ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە بە هاوکاریکردنی لەگەڵ دەسەلاتدا، لەڕووی بابەتییەوە، ئاسۆکانی ئایندەی لە بەرامبەر عەرەبدا داختووە یان دایدەخات. دووپاتی دەکەمەوە: گرفتەکە لە بونیادی دەسەلاتدایە، بەڕاستی ئەمە شتێکی سامناکە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا تەنها توێژێك کە ئازادیی تەواوی ڕادەربڕین و قسەکردنی هەبێت، توێژە تاریکەکان بن، ئەم توێژە تاریکخوازانە بە ئازادییەکی تەواوەوە تەعبیر لە فیکرەکانی خۆیان دەکەن و هەر تەنها ئەوان مافی قسەکردنیان هەیە .

*** مینبەرەکانی ئەو توێژە تاریکە لە مزگەوتەکاندا هەن و جەماوەریش بۆ ئەوان ساز و ئامادەیە و ئایدیۆلۆژیاش حازرە، لەڕاستیدا ئەم توێژانە هەموو بنەماکانی حزبیان تێدایە .**

- نەك تەنها مینبەرەکانی ڕۆژانی هەینی، بەڵکو گۆڤار و ڕۆژنامە و پارەیەکی زۆر و هۆیەکانی گەیاندن و ئازادیی کۆبوونەوە و بانگەشەکردن و .. هتد .

*** ئایا پێت وایە عەلمانییەت و دیموکراسییەت دەروازەیەك بن بۆ چارەسەری مومکینی هەندێك کێشەی دنیای عەرەبی پاش ئەوەی شۆڕشی کۆمەلایەتی پاشەکشەی کردووە ؟**

- باوەڕم وایە عەلمانییەت و دیموکراسییەت دوو هەنگاون و هەر دەبێت هەبن،بەڵام عەلمانییەت و دیموکراسییەت دوو کلیلی سیحری نین، دیموکراسییەت و هەروەها عەلمانییەتیش بریتین لە پەروەردە و ڕۆشنبیری. خۆ ئەگەر عەلمانییەت و دیموکراسییەت کۆمەڵێك عەقڵی گەورە و مۆراڵێکی گەورەو کۆمەڵێك پڕۆسیسەی گەورە و پەروەردەکردنێکی بەرزیان بۆ نەڕەخسێت، ئەوا تەنها دەبن بە دوو بێژە و هیچی تر. بەڵام هەرگیز ناتوانیت دەسبەرداری دیموکراسییەت و عەلمانییەت بی و ئەمانە بە زەروورەت بونیان دەبێت و بوونیان هەیە .

*** شە پۆلە هاوچەرخەکانی فەندەمینتالیزم پێیان وایە عەلمانییەت ناحەز و نەیارێکی ڕاستەقینەیە. ئایا تۆ لە فەندەمینتالیزمی هەڵگشاودا ناحەزێکی ڕاستەقینە دەبینیت ؟**

- با مانای فەندەمینتالیزم دیاری بکەین، هەندێك لە توێژەران ئەمە ناو دەنێن (بنەڕەتخوازی-ئەسلاڤییەت)، لەوانەیە ئەم گوزارشە باش بێت. هەیە بایەخ بە ئەسڵەکان دەدات، من لەو کەسانەم بایەخ بە بەشێك لە ئەسڵەکان دەدەم، بەڵام ئەگەر فەندەمینتالیزم بەمانا ئایینییەکەی یان بەمانا باوەکەی ئەمڕۆ وەربگرین، پێم وایە ئەمە هەر تەنها نەیارێکی فیکری نییە بەڵکو نەیارێکی بەشەری و مرۆییشە. فەندەمینتالیزم لەم خاکە و لەم کۆمەڵگەیەدا ناحەزی مرۆڤە چونکە هەر تەنها ئاسۆکانی ئازادییەکی ڕەخساو لەناو نابات، بگرە جەوهەری مرۆڤانەی مرۆڤیش لەناو دەبات و مرۆڤ دەکات بەجۆرە ئامێرێك. فەندەمینتالیزم، بەمانا باوەکەی، ئامێرێکی نابینایە و هیچ شتێك نابینێت، جگەلە

بزاوتەکانی خۆی هەموو شتێك ڕەتدەکاتەوە، ئەمە ترسناکترین شتێکە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە .

*** ئەم ڕەوتانە وزە و تواناکانی کۆمەڵگە لە کاردەخەن و هەموو ئەگەرەکانی ئایندە لەناو دەبەن.**

- تواناکانی کۆمەڵگە لە کار دەخەن و هەموو ڕوالەتەکانی ژیان ناشرین دەکەنو هەروەها ئازاردەریشن، چەندین تیرۆریان ئەنجامداوە, بۆنموونە (حسين مروه) [1] و (مهدي عامل) [2] و (فرج فوده) [3] و (نجيب محفوظ) [4] جگەلە سەدان قوربانی لە جەزائیرو چەندین ولاتی دیکەی عەرەبی .

*** هەندێك لە ڕەوتە فیکرییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لەناو ناسیونالیزمی کلاسیکییەوە هاتوونەتە دەرێ، بە هەر نجەتی (بەخۆرئاواییبوون) لە ونبوونی شوناس دەترسن. هەندێك ڕەوتی ئایدیۆلۆژی بەتایبەتی ئەوانەی لەناو سەلەفییەتی نوێدا نشونمایان کردووە، لە دژی ئەو حاڵەتە تێدەکۆشن کە بە (هێرشی ڕۆشنبیری) ناو دەبرێت. چۆن ڕەخنە لە پاسەوانەکانی ئەدووڕبوتەدەگرێت؟**

- بەخۆرئاواییکردن و هێرشی ڕۆشنبیری دوو دەستەواژەن و هیچ پەیوەندییەکیانبە ڕۆشنبیرییەوە نییە، ئەمانە دوو دەستەواژەی سیاسی ئایدیۆلۆژین، ئەگەر ئەو کەسانە بەڕاستی لە بەخۆرئاواییکردن دەترسن، ئەوا ئەمانە پێشتر بەخۆرئاوایی کراون، هەموو شتەکانی ژیانی ڕۆژانەمان و ژیانی عەمەلیمان لە نەریت و جلوبەرگ و خۆراك و خانووەکانمان و هۆیەکانی گواستنەوەمان، گشت ئەمانە خۆرئاوایین، هەموو شتێك لە خۆرئاواوە هاتووە، ئەگەر خوێندنەوەی فرۆید یان مارکس خۆرئاواییکردن بێ ئیتر نازانم چۆن باسی خۆرئاواییکردن و هێرشی ڕۆشنبیری دەکەن، بەڕاستی ئەم قسانە هیچ مانایەکیان نییە، من دەڵێم ئەم پاساوە داپۆشینی ئەو پاشەکشە سیاسییەیە کە لەبەرامبەر ئیسرائیلدا کراوە، هەروەها بۆ داپۆشین و شاردنەوەی دیمەنە دزێوەکانی ناو کۆمەڵگەیە، هەروەها گۆڕینی ئاڕاستەی بینینی خەڵکییە تا بیر لە چارەنووسە ڕاستەقینە و ناوەکییەکانی خۆیان نەکەنەوە کە بەردەوام ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەبیانووی ئەوەی دوژمنێك لە دەرەوە هەیە. بەپێی ئەو دەسەلاتە گەندەلانە هەر دەبێت گرفتە گەورەکان

بشاردرێنەوە، لەبەرئەوە من لە ڕەگوڕیشەوە دژی ئەو جۆرە چەمك و تێگەیشتنانەم، هێرشی ڕۆشنبیری و بەخۆرئاواییکردن هیچ مانایەکیان نییە [5]. پاشان شوناس هەر چەندێك کارلێك لەگەڵ ئەویدیدا بکات ئەوەندە گەشە دەکات، ئاخۆ شوناس بریتییە لە قاڵبی شەکر ئەگەر بخرێتە بەر هەتاو دەتوێتەوە؟ شوناسی زیندوو ئەو شوناسەیە کە لەگەڵ جیهان و بەردەنگاربوونەوەکانی جیهاندا کارلێك دەکات. شوناس شتێك نییە لەنێو سنووقێکدا هەڵبگیرێت و هەواو هەتاوی لێ قەدەغە بکرێت، شوناس بەسروشتی خۆی ئاشکراو بەرچاوەو دەدرێتە بەر بای جیهان سا ئەو بایە لە هەرلایەکەوە هەڵبکات، لەڕاستیدا ئەمە دەبێتە هێزو وەزی شوناس .

*** پێم وایە بیرۆکەی بەردەنگاربوونەوەی بەخۆرئاواییکردن و بەردەنگاربوونەوەی هێرشی ڕۆشنبیری بەهانەیەکی وەهمییە و هەندێك کەس دایانناوە بۆ ئەوەی گرفتە بنەڕەتییەکان لەبیربچنەوە تەنانەت ئێرانیش کە بەمانایەك لە ماناکان دەوڵەتێکی فەندەمینتالیستییە، هەر لە سەرەتاوەکۆمەڵێك وشەو زاراوەی نا ئیسلامیی بەکارهێناوە، بەڵکو وشەی تەواو خۆرئاوایی بەکارهێناوە، وەك: دەستوری کۆماری، هەڵبژاردن، کەچی وشەی ئیسلامیی وەك موبایەعە و خەلافەت و ..هتد بەکارنەهێناوە .**

- بزووتنەوەی میژوو و بزاوتی واقیع بەریان پێناگیرێت .

*** یەکێك لە پارادۆکسەکانی میژووی هاوچەرخی ئێمە ئەوەیە ناوچەی عەرەبی کە ئایینی تیالە دایکبووە، هیچ بزووتنەوەیەکی فیکریی بۆڕەخنەگرتن لە ئایین بەرهەم نەهێناوە. ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟**

- لەم پرسیارەدا جۆرێك لە بەگشتیکردنی خێرا هەیە. بەپێچەوانەوە من باوڕم وایە سەرەتاکانی بزووتنەوەی فیکری و گرنگترین بزووتنەوەی ڕەخنەگرتن لە ئایین، لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ئەمڕۆ، لەم ناوچەیەدا سەریان هەڵداوە، واتە لە بەغدا و لە دیمەشق، زۆرن ئەو بزووتنەوە فیکری و ئەو بیرمەندانەی ڕەخنەیان لە ئایین گرتووە.

*** مەبەستت بۆنموونە (ابن الراوندی) [6] یە ؟**

- ئیبن ڕاوەندی و غەیری ئیبن ڕاوەندیش. ئیبن ڕاوەندی ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لە ئایین گرتووە و کەسانی دیش ناڕاستەوخۆ ڕەخنەیان گرتووە، میژووی ئیمە پڕیەتی لەو جۆرە بزووتنەوانە، زۆر کەسیش بەهۆی ئەم هەڵوێستانەیانەوە کوژراون. ئێستا دەتوانم لە میژووی فیکری عەرەبیدا، ئەو بزووتنەوانەی ڕەخنەیان لە ئایین گرتووە، بەمجۆرەی خوارەوە ڕیزبکەم:

یەکەم:- بزووتنەوەی ئاتەئیزم (ئیلحاد) ئەمەش لە مەبەست و ئامانجەکانیدا ڕوون و ئاشکرایە.

دووەم:- بزووتنەوەی سۆفیزم، ئەمەش بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی قوڵ بوو لە فیکری ئایینی.

سێیەم :- بزووتنەوەی تەئویلی، ئەویش دیسان بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە لە ئایین بەڵام بەڕێگەی تایبەتی خۆی .

چوارەم:- شیعری عەرەبی، ئەویش ڕەخنەگرێکی مەزنی ئایین بوو، ئەم ڕەخنەیە لە (ئەبونەواس) و (ئەبو عەلای مەعەڕی) [7] دا پتر دەردەکەوێت, تەنانەت هەندێك لە پیاوانی دەسەلاّت بەشداربیان لەو ڕەخنە توند و ڕەگوڕیشەییە لە ئایین کردووە و ئاتەئیستی خۆیان دەرخستووە. هەموومان هەڵوێستی (الولید بن یزید) [8] لەبارەی قورئانەوە دەزانین کاتێك لەگەڵ قورئاندا قسەی کردو وتی ئەگەر خوایەکەی تۆ لە ڕۆژی حەشردا هاتە لات پێی بڵێ خودایە وەلید پارچە پارچەی کردم [9] . کەواتە لێرەدا کەلەپوورێکی گەورەو هەمەچەشن هەیە کە بەشێوەی جیاجیا ڕەخنەی لە ئایین گرتووە. بەڵام گرفتەکە لەم چەرخەی ئێستاماندایە، ئەوەی بەڕاستی شوێنی سەرسوڕمانە ئێمە لە سەردەمی مارکسیزمدا و لە سەردەمی فەلسەفەکانی ئاتەئیزم و لە چەرخی زانستدا بە جیاوازیی ئاست و شێوەکانی، هیچ بزووتنەوەیەك بۆ ڕەخنەگرتن لە ئایین نابینین، یان بۆ ڕەخنەگرتن لە فیکری ئایینی بەمانای ڕیشەیی وشەی ڕەخنە. ڕاستە لێرەدا جۆرە ڕەخنەگرتنێك هەیە بۆ هەندێك ڕەفتارو پراکتیکی ئایینی، بەڵام تا ئێستا پرسیارێکی مەعریفی یان

پرسیارێکی فەلسەفیی قوواڵ و ڕاستەقینە، وەک ئەم پرسیارە، نەخراوەتە ڕوو: ئەمڕۆ نرخ و بەهای مەعریفیی سرووش (وەحی) چییە؟ بیریارێك یان فەیلەسووفێك یان تیۆرێکی کۆمەڵایەتی نییە پرسیارێکی لەو چەشنەی خستبێتەڕوو کەلە مێژووی فیکری ئێمەدا ئەم چەشنە پرسیارە بە شێوەیەك لە شێوەکان کراوە. ئەمە پتر ئەو وتەیە دەردەخات کە دەڵێت: ئەو ئۆپۆزیسیۆنانەی خۆیان وەك ئەلتەرناتیڤێك پێشکەش دەکەن و گەلێك کەسی حزبی و عەلمانی و مارکسیستیان لەگەڵدایە، ئەمانە لە قووڵاییدا و لە بونیادی عەقڵانیدا، دەسەڵاتخوازن، چونکە ئامانجەکانیان لەوەدا کورت دەبێتەوە کە دەسەڵاتێك لابەرن و لە شوێنیدا دەسەڵاتێکی تر دامەزرێنن، کەچی جێلەقکردنی بنچینەکانی کۆمەڵ و جێلەق کردنی بیری کۆمەڵ و بنیاتنانی فیکری نوێ و دەزگاو دامەزراوی نوێ لە ئامانجی ئەواندا نییە. باوەڕم وایە ئەمە لە بنچینەکانی ئەو هەرەسە گەورەیەدا پەنهانە کە لە دنیای عەرەبیدا بە ئەزموونی حزبی ناودەبرێت .

*** شە پۆلی ئاتەئیزمی کۆن لە کەلە پووری عەرەبیدا بەرەو ڕەخنەگرتنێکی ڕیژەیی هەنگاوی هاویشتووە نەك بەرەو ڕەتکردنەوەی خوداوەند وەك ئەوەی بۆنموونە لەلای ئەبو بەکری رازی [10] و کەسانی دیکە شدا هەیە .**

- نا، ڕازی و ئیبن ڕاوەندی و غەیری ئەوانیش هەڵوێستیان ئەوە بوو کە یان ئایین لەگەڵ عەقڵدا دەگونجێت، یانیش ناگونجێت. کەواتە هەرچۆنێك تەماشای ئایین کرابێت، ئەوا عەقڵ پێش ئایین دەکەوێت و هەر عەقڵ پێوەرە، باوەڕم وایە ئەم هەڵوێستە نکۆڵیکردن لە چەمکی خودا لەخۆ دەگرێت، خودا بەو پێیەی سروش هێناویەتی، بەڵام ئاتەئیستە کۆنەکان چەمکێکی نوێ و جیاوازیان بۆ خودا دەرنەخستووە وەك خۆیان پێیان وایە، بەڵکو نکۆڵییان لە چەمکی خودا کردووە بەو پێیەی سروش هێناویەتی.

*** تۆ دەڵێیت من ئایین وەك باوەڕێکی شەخسی وەرناگرم بەڵکو وەك دیاردەیەکی ئەنتۆپۆلۆژی ئەم هەڵوێستە بەرەو کوێت دەبات؟ ئاخۆ بەرەو ڕەتکردنەوەی خورافەتەکانی ئایین و باوەڕی غەیبانیاتو بەرەو موعجیزەکانت دەبات، یان بەرەو ئاتەئیزم ؟**

- بەڕەو هەموو ئەو شتانەم دەبات. بەڵام دەبێت لێرەدا لە ئاست وشەی ئاتەئیزمدا بووەستین. ئاتەئیزم لە ڕەوتی قسەکانماندا بریتییە لە باوەڕنەبوون بەچەمکی خودا وەك ئەوەی تەئویلی ئیسلامی یان سرووشی ئیسلامی پێشکەش دەکات. چەمکی ئیسلام خودا وەك خاڵێکی دابڕاو لە دنیا پێشکەش دەکات، لەم چوارچێوەیەشدا دەشێت خۆم بە ئاتەئیست ناو ببەم، بەڵام ئەگەر بە تێڕوانینێکی تر سەیری چەمکی خودا بکەین، مرۆڤ خۆی دەبێت بە سێنتەر کە دەشێت خودای تیادا دەربکەوێت، چونکە خودا بە چەمکێکی تر، نهێنییەکانی لە جیهاندا مەوجوودە ، ئەگەر بشێت ئەو نهێنییە بە نادیار ناو ببرێت، ئەوا پێویست ناکات ناوی خۆی بە ئاتەئیست ببات. من لەو باوەڕەدام نهێنییەك لە دنیادا هەیە، ئەو نهێنییەش ناوی (خودا)ی لێنانێم، من لە ڕەهەندە جیاوازەکەیەوە لەم مەسەلەیە تێدەگەم، واتە دەشێت ئەو نهێنییە هەر هەمان ئەو هێزە گەردوونییە یونیڤێرسالێیە بێت کە لەوانەیە ناوی لێبنێت خودا. بەڵام من خۆم پتر بۆئەوە دەچم بڵێم جیهان دیاردەیەکی سروشتی و گەردوونییە و خودی مرۆڤیش دیاردەیەکی سروشتییە، باوەڕم بەوەش نییە غەیب بە مانا میتافیزیکییەکەی، هەبێت، لەبەرئەوە باوەڕم بەوە نییە کە زیندووبوونەوە بەهەشت و دۆزەخ هەبێت. ئەمە بە ڕاشکاوی باوەڕی منە .

*** تۆ سەرپەرشتیی لە چاپدانی هەرسێ بەشی کتێبی (دیوان الاساطیر) [11] ت کردووە. بۆچی لە کەلە پووری ئیسلامیدا ئەفسانە و داستان ناببینین ؟**

- هیوادارم وەڕگێڕانی ئەم کتێبە بەردەوام بێت تا هەمووی تەواو دەبێت و گشت ئەو دەقە دێرینانەش بگرێتەوە کە بەر لە ئایینەکان هەبوون، ئەو دەقە دێرینانەی لەم ناوچەیەدا و بەدیاریکراویش لە دۆڵێ ڕافیدەین و لە میسریش هەبوون. تۆ بەتەواوی ئەوە دەزانیت بۆچی ئیسلام ئەو دەقە دێرینانە ڕەتدەکاتەوە، ئیسلام جارێك بەناوی وەسفێت و جارێکی تر بەناوی خورافەو سیحرەوە ڕەتیاندەکاتەوە، بەڵام سەیر لەوەدایە ئیسلام زۆربەی ئەو چیرۆکانە تەبەنی دەکات بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە یەهوود, وەك: عەسای موساو

تۆفان و هەروەها ئەوەی کە گوایە لە میسردا دەریا لە بەردەم کۆچی یەهودییەکاندا شەقبووە و بووە بە دوو لەتەوە. ئەگەر چی ئیسلام ڕەخنەی لە ئەفسانەو فیکری ئەفسانەیی گرتووە، کەچی لە میراتی ئیسلامیدا گەلێك ئەفسانە هەیە. باوەڕم وایە فیکری باوی ئیسلامی لە شکڵە فەندەمینتالیستەکەیدا فیکرێکی ئەفسانەییە، بەڵام فیکرێکی ئەفسانەیی بەشەرعکراو، واتە ئەم فیکرە شیعرو شەفافیەتی ناو ئەفسانە کۆنەکانی بزر کردووە و کردوویەتی بە ئەفسانەیەکی بەشەرعکراو و مۆرکی یاسای وەرگرتووە، ئەمەش بزاوتی فیکری ئیسلامی و خەیاڵگەی ئیسلامیی دووچاری بەستەڵك کردووە. من لەو باوەڕەدام دەبێت فەیلەسووف و بیریارە پسپۆڕەکان بەو چەشنە لە فکری باوی فەندەمینتالیزم بکۆڵنەوە وەك ئەوەی فیکرێکی ئەفسانەیی بەشەرعکراوە [12] .

*** ئەمانە کۆمەڵێك بیروڕان پێویستیان بە مشتومڕێکی قوونڵ و کراوە هەیە و بگرە پێویستیان بەزۆر لەمە دوورتریش هەیە، بەڵام من وایدەبینم جیاوازییەك لەنێوان خورافە و ئەفسانەدا هەیە، کاتێك ئەفسانە گەشە دەکات کە (عەقڵ) بەر پرسیارە گەردوونییە قورسەکان دەکەوێت و لێرەدا عەقڵ هەوڵدەدات بەڕێگەیەکی نا عەقڵانی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، ئیتر وەڵامەکانیش تێکەڵەیەك دەبن لە شیعرو مێژوو و حەپەسان .**

- بەڵێ، بێگومان، ئەفسانە، شیعرو شەفافیەت و واقیع، پێکەوە، لەخۆ دەگرێت..

*** کەچی خورافە هەوڵدانێکە بۆ پێکهێنانی وێنەیەکی تەوەهومی بۆ ئەو هەستپێکراوانەی تەفسیر ناکرێن، خورافە لە ئە نجامی بەرپەککەوتنی عەقڵ بە پرسیارە جەوهەرییەکانەوەسەرهەڵدەدات، بەڵکو لە سروونە ئایینییەکانەوە سەرهەڵدەدات، خورافە کچی پەرستنە تەوتەمییە کۆنەکانە و دایکی گەلێ حاڵەت و دیاردەی جادووگەریی باوی کۆمەڵگاکانی ئێستامانە کە لەسەر (تەوەکەل بەخوا)ی خەڵکو ملکەچی مێگەل ئاسا و ڕێکردن لە پشتی شتی باو و میراتەوە گەشە بەخۆی دەدات .**

- ئەمە ڕاستە .

*** لەنێوان تەورات و ئەفسانەکانی (بین النهرین) دا پەیوەندییەکی پتەو هەیە، دەشێتتەورات بە هەموو ئەفسانەکانییەوە، لە ئەفسانەکانی ولاتانی ڕافیدەین وەرگیرابێت. ئایا لە ناوچە مەسیحی-ئیسلامییەکانی ئێمەدا پەیوەندییەك لەنێوان ئایین و ئەفسانەدا دەبینیت ؟**

- ئەمە گومانی تیا نییە، بەشێکی زۆری دەقەکانی ناو تەورات نووسینێکی تری ژمارەیەك لە ئەفسانە کۆنەکانە .

*** بۆنموونە (سفر التكوين)..**

- سفر التكوين و سفر ايوب و سفر أرميا و نشيد الانشاد، گشت ئەمانە لە دەقەکانی پێشترەوە وەرگیراون، بەلأم ئیسلام بەشێکی زۆری ئەفسانەکانی ناو تەوراتی وەرگرتووە، کەچی مەسیحییەت بەتەواوی ئەو ئەفسانانەی تووڕداوەو پشتی بە هیچیان نەبەستووە تەنیا یەك ئەفسانە نەبێت ئەویش ئەفسانەی تەموزە، واتە ئەفسانەی مردن و زیندووبوونەوە، لەبەرئەوە مەسیحییەت درێژکراوی وەسەنییەت بوو، لەڕاستیدا مەسیحییەت درێژکراوی شەفافی وەسەنییەتی کۆن بوو، بایەخی مەسیحییەت لێرەدایە، مەسیحییەت بەردەوامبوونی فیکری دەولّەمەندی مرۆڤایەتی و فیکری یۆنانی — سۆمەریی کۆنە، مەسیحییەت درێژکراوەیەکی سروشتیی گشت ئەمانە بوو، کەچی یەهوودییەت دابڕانێك بوو، هەروەها ئیسلامیش دابڕانێك بوو. پێم وایە ئەم دابڕانە لایەنێك لە لایەنەکانی قەیرانی فیکری ئێستای عەرەبی پێکدەهێنێت، چونکە ئەمڕۆ ئەو فیکرە لەناو کۆمەڵگەدا باوە، بەلأم مەسیحییەت خەریکە تەواوپەراوێز دەکرێت و لە ڕەوتی فیکری ڕۆشنبیریدا بوونی نییە، تەنانەت کڵێسەش لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بەمانایەك لە ماناکان بە ئیسلامیکراوە، لەبەرئەوە مەسیحییەتی خۆرهەلاّتی ئامادەبوونێکی فیکریی نییە، چونکە بە مەزەنەی من مەسیحییەت ماوەیەکی درێژە بە ئیسلامکراوە، واتە مۆرکی کۆمەڵگەی ئیسلامیی وەرگرتووەو تەنها بووە بە کۆمەڵێك سروتی ئایینی, خودی ئیسلامی باویش فیکری تیا نییە. ئەگەر ئیسلامی ئەمڕۆ بە سیفەتی فیکر وەربگرین، ئەوا یەك بیرمەندی بەهاداری تیا نابینین، خۆئەگەر بیرمەندێك هەبێت تا ئەندازەیەك ئامادەبوونی هەبێت ئەوا فیکری ئەو بیرمەندە شتێك نییە جگەلە نووسینەوەی نووسینی فیلۆلۆژیستە کۆنەکان (فوقەهاکان)، ئەمڕۆ فیکری نوێی ئیسلامی

بە هیچ جۆرێك بوونی نییە, ئەم قسەیە بۆ ئیسلامی سەرانسەری سەدەی بیستەم ڕاستە، لەگەڵ ئەوەی بەردەوام قسە لەسەر ئیسلام دەکرێت و لێرەدا قسەکردن و ئاخاوتنێکی ئێجگار زۆر هەیە لەبارەی سەحوەی ئیسلامی و بووژانەوەی ئیسلامی و فکری ئیسلامی, بەڵام لەڕووی مرۆیی و عەقڵییەوە هیچ فیکرێکی نوێ و زیندوو نەخراوەتە سەر ئەو شتانەی موسڵمانە کۆنەکان وتوویانە، هەموو شتێکیش گۆڕاوەو بووە بە کۆمەڵێك سرووت و شەرع، تەنیا شتێك بوونی هەبێت شەرع و قانونە. بێگومان فیقە شتێکەو فیکریش شتێکی تڕە. وا دیارە ئەو ئیسلامەی ئەمڕۆ پڕۆسیسە دەکرێت و هەروەها ئایینەکانی تری ئەم ناوچەیە لەدەرەوەی فیکرو لەدەرەوەی عەقڵان و پتر لەناو سرووت و پەرستن و تەشریعەکاندان .

*** با منیش شتێك بخەمە سەر قسەکانت. ئیسلامی ئەمڕۆ بە دوو شێوەیە : یانئیسلامێکیبزێوەك لە جەزائیرو ئەفغانستان و میسردا دەیبینین کە لەوێدا تەکفیرکردن و کوشتنی هەمەجییانە پیادەدەکرێت, یان ئیسلامێکی بێجوولەو نەبزێوە کە مێشکی خۆی بە عەمامەیەکی تورکی گۆڕیوتەوە وەکو ماری هیندی بە سەریەوە دەبەستێت و هیچ کێشەیەکی نییە جگەلەخۆ خەریککردنبەوەی کەئەمشتە حەلاڵە و ئەوپەڕ حەرامەو گوایە وێنەگرتن حەرامەو گەمەی منداڵان حەرامەو خەتمی ئاڵتوون حەرامەو ڕیش درێژکردن زیاد لەناو لەپی دەست حەرامە، کەچی ئەتك کردنی ئافرەتان لە چیاکانی(الزبربر)لە جەزائیر حەلاڵە [13] . هەر لە درێژەی قسەکاندا دەڵێم مەسیحییەت میراتگری ئایینە بە پێتەکانەکەلە ناوچە کشتوکاڵییە سەقامگیرەکاندا بلاوببۆوە، کەچی یەهوودییەت ئاینێکی شوانکارەیی دوور لە شارستانییەت و سەقامگیرییە .**

- سەیر ئەوەیە چۆن ئەم ئایینە سەرەتایی و شوانکارەییە دۆخێکی وای بۆ جوولەکە خولقاند کە جۆرە هاوسەنگییەك لەنێوان ئایین و عەلمانییەتدا دامەزرێنێت. ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئیسرائیلی لە دیوێکدا کۆمەڵگەیەکی عەلمانییە لە دیوێکی تریشدا دیموکراسییە، چۆن کەسانی خاوەن ئەم ئایینە سەرەتاییە تواناییان دیموکراسییەت و عەلمانییەت بهێننە ناو کۆمەڵگاکەیانەوە و سەرباری ناکۆکی و جیاوازیی قوواڵی نێوانیان

دیالۆگی نێوان خۆیان دامەزرێنن بێئەوەی لە ساتەوەختی دیالۆگدا شەڕ بکەن و یەکتری بکوژن. خۆیان توانییان کۆمەڵگەیەك بخولقێنن کە بەشێوەیەکی دیموکراسییانە دیالۆگی تیا ئەنجام بدەن. کەچی ئیسلامی دێرین کە لەڕووی ئایینەوە ئاستێکی بەرزتری لە چاو یەهودییەتدا هەیە، هەرگیز نەیتوانیوە بگاتە ئەو پلەیە. باشە چۆن مەسیحییەت لە پاش چەندین شۆڕشی توندوتیژو جەنگی خوێناویدا توانی بگاتە ئەم کۆمەڵگایانەی ئەمڕۆ، کەچی ئیسلام لەپاش 1400 ساڵ تا ئێستاش خۆی دووبارە دەکاتەوەو هەمان ئەو دەسەلاتە بەرهەم دەهێنێتەوە کە بەر لە 1400 ساڵ دایەزراندووە .

*** ڕەوتی عەلمانی لە بزووتنەوەی ژایۆنیزم و عەلمانییەکانی کۆمەڵگەی ئیسرائیلی باوەڕیان بە تەورات، وەك دەقێکی پیرۆز نییە، بگرە پێیان وایە تەورات تەنها دەقێکی فۆلکلۆرەوخزمەتی پیرۆکەی جوولەکە بۆ نەتەوە دەکات، 87 ٪ی ئیسرائیلییەکان (تلمود) یان نەخوێندۆتەوە، کەچی لە جیهانی عەرەبیدا تا ئەمڕۆش ئەگەر بمانەوێت سیاسەتی ئیسرائیل تەفسیر بکەین دەچین سفریەشووەدگرین و دە یخوێنینەوە وەك بنەڕەتی سیاسەت و جەنگەکانی ئەمڕۆ لەسەر دەقی ئایینی بنیات نرابن .**

- لەڕاستیدا ژمارەیەکی گەورەی جوولەکە ڕۆشنبیرەکان گاڵتە بە چیرۆکەکانی تەورات و حیکایەتی پێغەمبەرەکان دەکەن .

بەشی دەیەم

زایۆنیزم و فەلەستین
ئازادی و خەون

* قوونڵترین ئازاری من ئەوەیە بەدەگمەن کەسێك دەبینم بەتێگەیشتنێکی ڕاستەقینەوە لێم تێبگات .

* ئازادی وێنەیەکی دیکەی نییە ئازادی نەبێت، فیکر هیچ یاسایەکی نییە ئازادی نەبێت .

* دەسەلاّت شتێکە دەبێت بەردەوام دژایەتی بکەین، ئیتر هەر دەسەلاّتێك بێت، تەنانەت ئەگەر دەسەلاّتی منیش بێت .

لەدوا بەشی ئەم گفتوگۆیەدا ئەدۆنیس باسی سروشتی هەڵوێستەکان لەبارەی جوولەکە و زایۆنیزم دەکات و دەڵێت ئێستاکە زایۆنیزم بایەخێکی ئەوتۆی نییە و پەیوەندیی بە پڕۆژەی یەهوودییەوە نییە، چونکە کەرەستەکانی ئەو پڕۆژەیە تەواوبوونە و لەکار کەوتوون، لەڕاستیدا ئێستا لۆژیکی دەوڵەت ئامادەبوونی خۆی بەسەر کۆمەڵگەی ئیسرائیلدا دەسەپێنێت، لێرەوە — وەک ئەدۆنیس دەڵێت — ئیسرائیل پێویستیی بە پێناسێک هەیە تا لەو چوارچێوەیەی تیایدا دەژی خۆی پێناسە بکات و بەشوێن فۆرمەلەیەکی لۆکاڵییەوە بێت تا ببێتە قەوارەیەکی قبوولکراو، هەروەها باسی هەژاریی ڕۆشنبیریی ئیسرائیلی دەکات و دەڵێت لە ئیسرائیلدا ڕۆشنبیرییەکی جیهانی نییە بەڵکو ڕۆشنبیریی جیهانی سێیەمە. ئەگەرچی ئەدۆنیس لە دابینکردنی ئاشتیدا ڕەشبینە بەڵام پێی وایە پڕۆسەی ئاشتی وەسیلەیەکە بۆ لابردنی دەمامکەکان و ڕووتکردنەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی (ئەویدی)ی ئیسرائیلی .

لە ڕەهەندێکی تردا ئەدۆنیس قسە لەسەر کۆتایی پشکۆی شیعریی خۆی دەکات و دەڵێت هەر کاتێك هەستی بەوە کرد خۆی دووبارە دەکاتەوە ئەوسا واز لە شیعر نووسین دەهێنێت، بەڵام بە چەند شێوەو ڕێگەیەکی تر لەسەر نووسین بەردەوام دەبێت و لەو جۆرە نووسینەشدا دیسان کەرەستەکانی شیعر بەکاردەهێنێت .

لەتەك بلاۆبوونەوەی ئەم گفتوگۆیەدا لە ڕۆژنامەی (القدس العربي)، بەردەوام نامەی جیاواز و جۆراوجۆر بۆ ڕۆژنامەکە دەنێردران کە هەندێك لەو نامانە بە تووڕەیی و بێزارییەوە هەستی خۆیان دەردەبڕی و هەندێکی دیکەشیان بە دڵخۆشییەکی گەورەوە ستایشی ئەدۆنیس و بیروڕاکانیان دەکرد .

جوولەکە و زایۆنیزم و فەلەستین

*** تۆ لە ئەورووپا ژیاویت و لە نزیکەوە چاودێریی چۆنییەتی کارکردنی دەزگاو دایرەکانی کۆمەڵگای مەدەنیت کردووە. ئاخۆ ئەو قسەیە پاستە کە لوبیی یەهوودی تەحەکوم بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەکات، یان بە پێچەوانەوە ئیدارەی ئەمریکی بڕیارەکانی ئیسرائیل بەدەستەوە دەگرێت؟ئایالەوباوەڕدا نیت هێزی لوبیی یەهوودی لە ئەمەریکا و لە ئەورووپادا پتر لەوێوە هاتووە کە سامانێکی ستراتیژییەبۆ ئەمەریکا و ئەورووپا نەک لەوێوە هاتبێت کە جوولەکە هێزێکی خۆیی هەیە ؟**

- وەڵامی ڕاستەقینەی من ئەوەیە هێزی یەهوود لەوەوە هاتووە کە ئیسرائیل لەو ناوچەیەدا بایەخێکی زۆری بۆ ئەمەریکا و خۆرئاوا هەیە. سەبارەت بە لوبیی یەهوودیش دەبێ یەکەم دان بەو واقیعەدا بنێین کە یەهوود نفوز و دەسەلاتێکی گەورەیان لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا هەیە، لەوانە: سینەما و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەگەری و دەزگاکانی بلاوکردنەوە دەزگا داراییەکانی ئەمەریکاو ئەورووپا، دووەم دەبێت دان بە زیرەکییاندا بنێین، ئەوان بۆ تەنیا جارێکیش باسی ئەوەیان نەکردووە کە بەسیفەتی یەهوود لە فەڕەنسا یان لە ئەمەریکا دەژین، بەڵکو بەجۆرێك قسەدەکەن کە بەشێکن لەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژین، دەبینین جولەکەکانی فەڕەنسا وەك هاوڵاتییەکی فەڕەنسی قسە دەکەن و جوولەکەکانی ئەمەریکا وەك ئەمەریکییەك قسە دەکەن و..هتد، کاتێکیش فیکرێکی دیاریکراو یان بیروڕایەکی دیاریکراو دەردەبڕن، وەك فیکرو بیروڕایەکی بۆنمونە فەڕەنسیی سەربەخۆ دەریدەبڕن و بەرژوەندی میللەتی فەڕەنسی لەبەرچاو دەگرن. بەڵام جالیەی عەرەبی بەپێچەوانەوە، ئەمان یەکسەر بەمجۆرە قسە دەکەن: ئێمە عەرەبین و ئێوەش فەڕەنسین. زۆرجاریش ئەم جالیە عەرەبییە ڕەگەزنامەی فەڕەنسییان هەڵگرتووەو لەبێو جەرگەی ژیانی فەڕەنسیدا دەژین، لەلای جالیەی عەرەبی هەمیشە جیاوازییەك هەیە: (ئێمە) و (ئێوە). کەچی جوولەکە ئەوەندەی من ئاگادارم هەرگیز ئەم کارە ناکەن و ئەو ڕەفتارە نانوێنن،

لێرەوە یەهوود هێزی ستراتیژیی خۆیان وەرگرتووە، وەك فەرەنسییەك یان وەك ئەمەریكییەك قسە دەكەن و خۆیان جیاناكەنەوە، بەم مانایە لە هیچ ولاتێكی ئەوروپیدا دەسەلاتێك نییە یەهوود بەشێك نەبێت لێی، بەلام لەناو جەرگەی دەسەلاتدا زۆر كەسی یەهوودیی بێلایەنیش هەن، بۆنموونە (جاك لانگ) [1] لە فەرەنسە هاوسۆزیی لەگەڵ كێشەی فەلەستینیدا هەبووەو پێی لەسەر داواكارییەكانی میللەتی فەلەستینی دادەگرت كە دەوڵەتێكی سەربەخۆیان هەبێت. بەلام یەهوودییەك نابینی (زۆر كەم نەبێت) گومانی لەوە هەبێت كە دەبێت جوولەكە مافی دەوڵەتی ئیسرائیلییان هەبێت، هەموو یەهوودییەك بە شێوەیەك لە شێوەكان لایەنگیری ئیسرائیلن، كەچی هەموو یەهوودیەك لایەنگیری سیاسەتی ئیسرائیلی نییە، لێرەدا جیاوازییەكی گەورە هەیە, دەبێت عەرەب ئەم جیاوازییە بزانێت. لێرەدا كەسانێك هەن جوولەكەن و بەكردەوە داكۆكی لە مافی فەلەستینییەكان دەكەن پتر لە زۆربەی ئەو عەرەبانەی داكۆكی لەو مافە دەكەن, هەروەها كەسانێكیش هەن، كە ژمارەیان كەمە، جوولەكەن و لە دژی ئەو دەوڵەتە ڕاوەستاون كە بە ئیسرائیل ناو دەبرێت، بەلام ئەو ژمارە بچووكە وەك ناو و وەك هێما كەسایەتیی زۆر گرنگیان تێدایە، لەوانە بۆنموونە (یەهودا مینۆحین) [2] كە بۆ چەند جارێك یەكترمان بینیوە، ئەم پیاوە یەكێكە لە كەمانچەژەنە مەزنەكانی دنیا، بەردەوام لە دژی ئیسرائیل وەستاوە، من خۆم لە یەكێك لەو مشتومڕە تووندانە ئامادەبووم كە لە بەردەم ژمارەیەكی زۆری ڕووناكبیراندا لەگەڵ یەكێك لە ئیسرائیلییەكاندا كردی، ئەو دەمە یەهودا مینۆحین هەڵوێستێكی زۆر تووندی لە بەرامبەر ئیسرائیل و سیاسەتەكانیدا وەرگرت. لەڕاستیدا مەسەلەكە زۆر لەمە ئاڵۆزتر كە لەلای ڕاگەیاندنی عەرەبی و دەسەلاتە عەرەبییەكاندا هەیە، ئەمە مەسەلەیەكی ئاڵۆزو بەنێو یەكدا چووەو دەبێت بە دوورودرێژی دیراسەی بكەین.

*** تێڕوانینی عەرەب بۆ جوولەکە تێڕوانینێکی گشتگیرەو هەرگیز جیاوازی و کەلەبەرەکان نابینێ، زۆربەی تۆیژەرانی عەرەب قەوارەیەکی یەکپارچەو یەکگرتوو لە جوولەکە دەبینن، وەک بڵێی جوولەکە لە دەرەوەی مێژوو بن و وەک بڵێی یاساکانی سۆسیۆلۆژیا بەسەر ئەواندا پراکتیزە نەبێت.**

- ئەمە لەڕاستیدا تێڕوانینێکی سادەکارییانەیە و هەڵەیشە. زەحمەتە پەیوەندیی جوولەکە بە دەسەلاتەکانی خۆرئاواوە، بە شێوازە باوەکان شیبکرێنەوە. بۆچی کەمایەتییەکی بچووکی وەک جوولەکە بۆنموونە لە فەرەنسادا کە ژمارەیان نزیکەی 600 هەزار کەسە، ئامادەبوونێکی ئابووری و ڕۆشنبیری و سیاسیی گەورەیان هەیە، کەچی سێ ملیۆن موسڵمان لە فەرەنسا بەهیچ جۆرێك ئامادەبوونیان نییە؟ ئەگەر سۆشیالیستەکان بێنە سەرحوکم ئەوا جوولەکە لەنێو جەرگەی دەسەلاتدا شوێنێك دەگرن، ئەگەر دیگۆلییەکان بێنە سەر حوکم ئەوا دیسان جوولەکە لەنێو جەرگەی دەسەلاتدا دەبن، هەر دەسەلاتێك بێتە سەرحوکم ئەوان بەشێوەیەکی ئۆرگانی لەو دەسەلاتەدا بوونیان هەیە. بۆچی؟ ئەم پرسیارە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی درێژو قوول و ورد هەیە. بەلاّم دەبێت جارێکی تر دان بەوەدا بنێین جوولەکە زیرەکن و گەلێك بەهرەی جۆراوجۆرو گەورەیان هەیە و خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی بەرزن، ئەوان بەڕاستی بە مەعریفەیەکی ڕاستەقینەو بە جدیەتێکی زۆرەوە کارو چالاکییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی ئاکتیڤ ئەنجام دەدەن، ئەوانە کەسانی نەزان و نەخوێندەوار نین.

لە جەنگەکانی عەرەب ئیسرائیلدا، ئیسرائیلییەکان بەجۆرێك شەڕیان دەکرد شارەزاییەکی تەواویان لە سەرانسەری ناوچەکانی ئێمەدا هەبوو و دەیانزانی چۆن و بە چ ئاڕاستەیەك دەخولێنەوە، ئەوان بەبێ دیراسەکردن و پلانڕێژی و سووسەکردن هیچ کارێکی سەربازی و هیچ هێرش و پەلامارێك ئەنجام نادەن. کەچی ئێمە ئەگەر دەسپێشکەری لەهەر کارێکی سەربازی یان سووسەکردن بکەین، بەتەواوی شارەزای ناوچەکانی نیشتیمانی خۆمان نین، واتە ئاگامان لە وردەکارییەکانی ئەو شوێنانە نییە کە ئیسرائیل داگیریان دەکات،

واتە ئاگامان لە تەفسیلاتی ناوچەکانی فەلەستین نییە، فەلەستین گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئێمەش هیچ شتێك لەبارەی ئەو گۆڕانکارییە نازانین .

*** سەد ساڵ پێش، واتە لە سەرەتای کۆچکردنی جوولەکە بۆ فەلەستین لە 1882 و لەدوای پەنجا ساڵیش لە دامەزراندنی ئیسرائیلدا، کەچی ئێمە تا ئێستاش بەتەواوی ئیسرائیل ناناسین .**

- کەواتە چۆن لەگەڵ نەیارێکدا بجەنگین هیچی لێنازانین؟ ئاخۆ ئەمە یەکێك نییە لە هۆیەکانی هەرەس و شکستیمان کە ژمارەیان ئێجگار زۆرە .

*** ئێستا چۆن ڕێتمی سیاسەتی عەرەبی دەخوێنیتەوە کە بە پەلەکردن و بەخێرایی کۆتایی بەو شێوەیەی ئەمڕۆ دەیبینین ؟ چارەسەرکردنی مەلاڵێی عەرەبی - زایۆنی هەنگاو دەنێن، بەو شێوەیەی ئەمڕۆ دەیبینین ؟**

- بەداخەوە، من شتێك دەڵێم لەوانەیە ئەم شتە لەسەرەتادا شتێکی دڵڕەقانە بێت. ڕژێمە عەرەبییەکان (پێ لەسەر گوتەی رژێمە عەرەبییەکان دادەگرم) بۆ تەنیا جارێکیش جیدی و ڕاستگۆ نەبوونە لە ڕەگەهلکێشانی ئەو شتەی بەڕژێمی ئیسرائیلی یان بەدەوڵەتی ئیسرائیلی ناوی دەبەین، بگرە جۆرێك لە دانپیانان بە ئیسرائیل هەبووە. کەچی جەنگیش جۆرێك بووە لە خۆپاراستن پتر لەوەی جەنگی رزگاربوون بێت لە دەست ئەو قەوارەیە. تەنها هەوڵدانێك کە بەفیعلی وبستوویەتی ئیسرائیل لەناوببات، ئەو چالاکییە جیهادیانە بوون کە بەر لە ساڵی 1948 تا سەرهەڵدانی فیدائییەکان و بزووتنەوە چەکدارییەکان، ئەنجام دەدران. ئەوان بەڕاستی لەو سەردەمەدا بیرێکی وایان هەبوو ئەو قەوارەیە لەناوبەرن کە ئەوسا بە قەوارەی یەهوودی ناودەبراو دواتریش بەقەوارەی زایۆنیزم ناوبرا. کەچی ڕژێم و جەنگەکان تەنها ڕژێم و جەنگی خۆپاراستن بوون، تۆ بڕوانە جۆری قسەکردنی ڕژێمە عەرەبییەکان چۆن لە لەهجەی (احمد الشقیری) یەوە دەگۆڕدرێت بۆ لەهجەی ئەو ڕژێمانەی لەپاش الشقیری هاتن. ئێمە لە ڕابردوودا وشەی (ئیسرائیل) مان لەبیر دووجووت کەوانەدا دەنووسی. کەچی ئەمڕۆ تەنها گلەیی لێدەکەین، گوتاری ئێمە گوتاری گلەیی کردنە، ئێمە وەك برادەرێك گلەیی لێدەکەین کە بەپێی پێویست و داواکاری کارەکان ئەنجام نادات.

لێکۆڵینەوە لە دیالێکتی گوتاری سیاسیی عەرەبی ئەوە ئاشکرا دەکات کە ململانێ لەگەڵ ئیسرائیلدا بەهیچ جۆرێك ململانێیەکی قەوارەیی نەبووە، لێرەشەوە دەڵێم ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل لەکاتێکدا ڕوویدا کە لەگەڵ میسردا، وەك گەورەترین دەوڵەتی عەرەبی، ڕێککەوتننامەی مۆرکرد، ئەوەیشی مایەوە بریتی بوو لە هەندێك تەفاسیلی بچووك. سیاسەتە گەورەکانی ئەم ناوچەیە لەدەوری ئەم شتانە دەخوولانەوە: چۆن فلانێ سەرۆك ڕازی بکەین؟ چۆن پەیوەندی خۆمان لەگەڵ فلانێ سەرۆك ڕێك بخەین؟ ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا لە ساڵی 1979 وە ئەنجام دراوە، ئەوەیشی ماوەتەوە بارمتەکراوە بەکاتی گونجاو و ڕێکخستنی دەرهێنان و ڕازیکردن و شڵەقاندنی هەندێك مەسەلەی ئەمنی و جوگرافی. ئێمە ئێستا لەگەڵ ئیسرائیلدا لە ئاشتییەکی ڕێژەییداین، هەموو کۆمەڵگەی عەرەبی بەشێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ ئیسرائیل لە ئاشتیدان .

*** دەوترێت مۆرکردنی ئاشتیی نێوان میسرو ئیسرائیل بێگومان کۆتایی بە جەنگ هێنا و لەگەڵ مۆرکردنی ئەو ئاشتییەدا ململانێی عەرەبی زایۆنی لەڕووی سەربازییەوە تەواوبوو. بەڵامئاشتیبەچەمکە سەرجەمگیرییەکەی نەبوو بە حەقیقەتێکی ڕاستەقینە، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ڕێککەوتننامەی (ئۆسلۆ) لەگەڵ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینیدا لە 13 /9/ 1993 مۆرکرا، ئەوە تاقە ڕێککەوتنێکە خاوەنی مۆری کێشەی فەلەستینییە .**

- ئەوە ئاشتییەکی بێ فاتیحە بوو. بەڵام ئێستا کاتێ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی ڕێککەوتننامەی ئۆسلۆی مۆرکرد، ئیدی فاتیحە خوێندرا .

*** ئێمە ئێستاکە لە قۆناغی ئاشتیداین و لە دواقۆناغیداین. کێشەی ئاشتیی داهاتوولەناوچەی عەرەبیدا چییە؟ ئاخۆ ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی ڕووداتی گۆڕانکاریی جەوهەریی لە بونیادی قەوارەی ئیسرائیلی و لە خودی زایۆنیزم وەك چۆن ئەمڕۆ باسی پۆست زایۆنیزم دەکرێت؟ ئاخۆ ئەمناوچەیەبەرەو دیموکراسی و ئازادی هەنگاو دەنێت یان بەرەو ستەم و داپڵۆسینێکی پتر ؟**

- ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئاڕاستەکانی دەسەلاتی ئێستای کۆمەڵگەی عەرەبی. وایدابنێ ئەو سوپا و توانا گەورانەی زۆر پشتگیری دەکرێن و پەرەیان پێدەدرێت,

بگۆڕدرێت و ببێت بە سوپایەك داکۆکی لە ڕژێم بکات، ئەو سوپایە دەبێتە ڕوانگەیەك بۆ پاراستنی دەسەلاتی فەرمانڕەوا، گریمانەی دووەم وایدابنێ ئەگەر ئەو سوپایانە هەڵبووەشێنەوە (لایەنی پارادۆکسی و لایەنی سەیری ئەم مەسەلەیە ئەوەیە ئیسرائیل مەرج بۆ هەندێك دەوڵەتی عەرەبی دادەنێت هێزەکانیان کەم بکەنەوە) و ئەگەر ئەو ڕژێمانە هەندێك لە سوپاکەی خۆیان کەم بکەنەوە کە لە بنەڕەتدا لەسەر چەوسانەوە و سەرکوت دامەزراوە، ئەو ڕژێمانە چییان بەسەر دێت؟ باوەڕم وایە بۆ پاراستنی ئەو ڕژێمانە چەند هێزێکی شاراوە دەهێنرێن .

من خۆم زۆر گەشبین نیم بە ئاشتی، چونکە مەسەلە قوواڵەکە لەپشتی ئاشتییەوەیە و لە شوێنێکی دوورتردایە، لە هێزو وزەو پڕۆژەو بارودۆخی ئێستاماندایە، دەشێت بۆنموونە وزە و پارەی میللەت — کە بۆ جەنگێکی وەهمیی هەڵنەگیرساو دانرابوون —بۆ پاراستنی دەسەلاتێکی چەوسێنەر و داپڵۆسێنەری تووندوتیژ ئاڕاستە بکرێت. ئەو قسەیەی دەڵێت مومکینە دیموکراسی و ئازادی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا دەربکەوێت، جۆرێکە لە خەون. من زۆر گەشبین نیم بە ئاشتی، بەاڵم، لەهەموو حاڵەتەکاندا، من پتر بەالی ئەوەدا دەچم کە بڵێم ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا توانایەکی زیاترمان دەداتێ بۆ کردنەوەی کۆمەڵێك توانای دیکە بۆ ڕووبەڕووبونەوە، پتر لە حاڵەتی ئەو جەنگەی وزەیەکی زۆری میللەتی بە خەسار داو ئەمە لە هیچ باریێکیشدا جەنگ نەبوو. لەبەرئەوە من پتر مەیلی ئاشتیم هەیە، چونکە ئاشتیی بریتییە لە کردەی ڕووتکردنەوەو داماڵێن و کەشفکردنی ڕووبەڕووبونەوە و لابردن و سڕینەوەی گشت وەهمەکان، لەو باوەڕەدام ئێمە پێویستیمان بەو لایەنە هەیە، ئەو ڕووتکردنەوە و داماڵینە تەنیا ڕووتکردنەوەی پەیوەندیمان نییە بە فەلەستینەوە، بەڵکو ڕووتکردنەوەو لابردنی دەمامکی ڕژێمەکانیشمانە. ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە چەك لە ململانێی نێوان میللەتاندا تەنیا ڕێگەیەك نییە بۆ سەرکەوتن، بەڵکو لێرەدا چەندین چەکی دیکە هەیە کە دەتوانێت لە بارودۆخێکی دیاریکراودا زۆر لە چەکی ماددی

کاریگەرترو چالاکتربێت، بۆنموونە ئەمەریکاو ژاپۆن وەربگرە: ئەمەریکا بەچەکی ماددی بەسەر ژاپۆندا سەرکەوت، بەلآم ژاپۆن گەڕایەوەو بەچەکی مەعریفەو بەچەکی تەکنیکو تەکنەلۆژیاو بەچەکی زانست بەسەر ئەمەریکادا سەرکەوت، بگرە ئەمەریکای لەناو مالآکەی خۆیدا بەزاند. ئێمە هیوامان وایە . ئەمەش تەنها هیوایە .ئەمە نموونەیەکبێتو بتوانین سوودی لێوەربگرین و لەژێر سێبەری ئەم خۆبەدەستەوەدانە و پاش ئەویش بتوانین شوێن پێی ئەو نموونەیە هەلبگرین .

*** مەسەلەکە هەرچۆنێك و بەهەر بارێکدا بکەوێتەوە، دەبێت ئاشتی کۆمەڵێك ماف بۆ فەلەستینییەکان بەدیبێنێت.**

- ئەگەر لێرەدا دەریچەیەك بۆ دەرچوون لە قەیران و تەنگژەی عەرەبی هەبێت، ئەوا من باوەڕم وایە ئەو دەریچەیە لەڕێگەی فەلەستینییەکانەوە دێ، ئەگەر لێرەدا دەریچەیەك بەمانای ڕۆشنبیری و شارستانی بۆ قەیرانی کۆمەڵگەی عەرەبی هەبێت، ئەوا من زۆرتر باوەڕم وایە ئەو دەریچەیە لە پەنجەرەکانی فەلەستینەوە دێت. فەلەستینییەکانی ئەمڕۆ سەرباری هەموو گیروگرفتەکانیان, بارمتەیەکی ژیاری و ڕۆشنبیرین لەپێناوی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی، من بەجۆرێك سەیری ڕەگەزی فەلەستینی دەکەم بەسیفەتی ئەوەی ئامێزانبوونێکی ژیاری و ڕۆشنبیریی سەرانسەری ناوچەی عەرەبییە. هیوادارم لەمەدا ڕاست بم .

*** ئایا وێنای بارودۆخێکی وا دەکەیت کە لە دنیای عەرەبیدا هەڵبژاردنێکی واقیعیسەرهەڵبدات ولە میانیدا ئیسرائیل بتوانێت ئاوێزانی ناوچەی عەرەبی بێت؟ سا ئەگەر ئامێزانبوونبێتەشتێکیواقیعی، مەرجەکانی ئەو ئامێزانبوونە چین ؟**

- من ئەو شتەم لە ساڵی 1994 لە غەرناتەدا وتووە، لەوێدا وتم ئەم ناوچەیە کە ئێستا ئیسرائیلی تیادا ڕاست دەبێتەوەو لانی کەم لەڕووی جوگرافییەوە ئینتیما بۆ ئەم ناوچەیە دەکات، هەر لەسەردەمی سۆمەرییەکانەوە بەرەو ژوورتر لەسەر ئامێزانبوونی ڕەگەزەکان و ئامێزانبوونی کولتوورەکان ڕاوەستاوە، پاشان ئایینەکان هاتن تا ئەو

ئامێزانبوونە لەخۆبگرن، ئایینی مەسیحی ئەو ئامێزانبوونەی لەخۆگرت و ئیدی ڕەهەندێکی کولتووریی بەدەستهێنا جگەلەوەی ڕەهەندێکی ئاینیشە، پاشان ئیسلام هات و ئەویش خۆشبەختانە ئەو ئامێزانبوونەی لەخۆگرت، لەژێر سێبەری ئیسلامدا جوولەکەو مەسیحی وەك دوو ڕەگەزی پێکهێنەری دەسەلاّت و دەوڵەتی ئیسلامی، ژیانیان دەگوزەراند . عەرەب ئەم ئامێزانبوونەیان لە ئەندەلووسدا بەجۆرێك دابینکرد کە لە هیچ نەتەوەو لە هیچ شارستانییەتێکدا وێنەی نەبوو. بەلاّم ئەمڕۆ پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئیسرائیلییەکان ئامادەن پەیوەندیی خۆیان بە شوناسی خۆیانەوە بگۆڕن؟ ئایا ئەوان قەناعەت بەوە دەهێنن بەرامبەر بە ئەویدی بکرێنەوە؟ ئایا ئەوان ئامادەن کۆمەڵێك پرسیاری یەکلاکەرەوە لەبارەی میژوو و بەهاو کولتووری خۆیان بخەنەڕوو؟ ئاخۆ ئەوە مومکینە جوولەکەیەك کە لە فەلەستیندا دەژی، چاوەڕێی ئەوە بکات وەزیرێکی مەسیحی وەزارەتێکی ئیسرائیلی بگرێتە دەست بۆئەوەی ببێتە نوێنەری ئیسرائیل نەك نوێنەری کەمایەتییەکی مەسیحی؟ هەروەها وەزیرێکی موسڵمان شوێنێکی گرنگ بگرێت و هەمان ڕۆڵی هەبێت؟ بە مانایەکی تر ئاخۆ ئەو دەرفەتە بۆ شوناسی ئیسرائیلی دەڕەخسێت کە بەرامبەر غەیری خۆی بکرێتەوە، یاخود هەر بە داخراوی دەمێنێتەوە؟ ئەمڕۆ ئەمانە پرسیارن. جۆری وەلاّمدانەوە لە مەودایەکی دووردا بڕیار لەسەر جەوهەری شوناسی ئیسرائیلی دەدات. مومکینە ئاشتی لەنێوان ڕژێمەکاندا دابین ببێت نەك لەنێوان میللەتان، قەیرانی ڕاستەقینەی ئیسرائیل لێرەدایە، من باوەڕم وایە ئاشتی بە زەرورەت کۆمەڵگەی ئیسرائیلی بەرەو تەقینەوەیەکی ناوەکی دەبات, ئەم تەقینەوەیەش شتێکی حەتمییە ئەگەر کۆمەڵگە بەسەر دەرەوەدا نەکرێتەوە، بەم مانایە شوناسەکەی دەگۆڕدرێت. ڕژێمە عەرەبییەکان بەدرێژایی پتر لە پەنجا ساڵ نەیانتوانی قەوارەی ئیسرائیل کلۆر بکەن، ئەمڕۆکەش هیچ هێزێکی دەرەکی نییە بتوانێت ئیسرائیل کلۆر بکات، ئیسرائیل لەناوەوە کلۆر دەکرێت، بە فاکتەرە بابەتی و بە کارلێککەرە قەیراناوییەکان، لەیەك کاتدا، کلۆر

دەکرێت. بۆیە بەردەوام دەموت: دەبێت ئیسرائیل لە نیعمەتی بوونی دوژمنێك بۆی، بێبەش بکەین.

*** ئەمە پرسیارێکە ئێستا لە ئیسرائیلدا بەتەواوی خراوەتەڕوو. ئێستا مشتومڕی فکریوسیاسی دەڕژێتە سەر جۆرە پرسیارێکی وەك: ئایا ئیسرائیل هەروەکو دەوڵەتێك بۆ جوولەکە دەمێنێتەوە یان دەبێتە دەوڵەتێك بۆ هەموو هاووڵاتیان؟ ئایا مافی گەڕانەوە هەر تەنها لە مافی گەڕانەوەی جوولەکەکاندا قەتیس دەکرێت، یان دەبێتە مافێك بۆ جوولەکە وفەلەستینییەکان پێکەوە ؟**

- مەحاڵە ئیسرائیل وەك جاران یاخود وەکو ئێستای خۆی بمێنێتەوە، ئیسرائیل ناتوانێت وەکو قەلاێەك بمێنێتەوە، بەڵام هەتا جەنگ و ڕۆحی جەنگ و سەرباز بمێنن ئەوسا هەروەك قەلاێەك دەمێنێتەوە. ئاشتی بۆ عەرەب لە چوارچێوەی نێو دەوڵەتیی ئێستادا و زاڵبوونی ئیسرائیل لەهەموو لایەنەکاندا، تەنیا جەنگێکی مومکینە لە دژی ئیسرائیل. ئەمەیە مەزەنەی من .

*** ئایا موتابەعەی گۆڕانکارییە خێراکانی ئەم ڕۆژانەی کۆمەڵگەی ئیسرائیلی دەکەی ؟**

- بەپێی تواناو ئەوەندەی بۆم بڕەخسێت موتابەعەی ئەدەب و هونەرەکان دەکەم. باوەڕم وایە ئەدەب و هونەری عەرەبی زۆر پێشکەوتووترو گرنگترە لە ئەدەب و هونەری ئیسرائیلی. دەتوانم بڵێم کۆمەڵگەی ئیسرائیلی لەناو دوو جۆر کولتووردا دەژیی: یان کولتوورێکی میراتگەرا کە بریتییە لە کولتووری تەورات لەلای ئایینخوازەکان، ئەمەش کولتوورێکی بەسەرچووەو هیچ نرخ و بەهایەکی نییە، یان کولتوورێکی تەواو خۆرئاوایی، لێرەدا کولتوورێکی ڕاستەقینە نییە لەو کۆمەڵگەیەدا نەشونمای کردبێت بە چەشنێك ئامادەبوونێکی گەورەی لە جیهاندا هەبێت. ڕۆشنبیریی ئیسرائیلی ڕۆشنبیرییەکی لابەلاو سانەوییە، بگرە ڕۆشنبیریی جیهانی سێهەمە بەبێ زێدەڕۆیی، بەڵام هێزی ئەو ڕۆشنبیرییە هێزێکە لەدەرەوە وەریدەگرێت پتر لەوەی لەناوەوە وەریبگرێ، بۆیە پێم سەیرە چۆن عەرەب لە ڕۆشنبیریی ئیسرائیلی دەترسن .

*** ئەمە خوراەڤەی هێرشی ڕۆشنبیرییە، هەروەها ترسی گەورەیە لە ئیسرائیل .**

- بێگومان خورافەیە. تەنها عەرەب دەتوانێت پرۆسەی هێرشی ڕۆشنبیری بۆ سەر ئیسرائیل بکات، لەگەڵ لاریم لە بەکارهێنانی زاراوەی هێرشی ڕۆشنبیری .

*** لە قودس و تەلئەبیب چەندین گەڕەك هەن بەتەواوی بە گەڕەکی عەرەبی دادەنرێن، کەسێك بەو گەڕەکانەدا تێپەڕێت گوێی لە دەنگی لەیلا موراد و فەرید ئەترەش و (أمان یالالی) دەبێت، بەتایبەتی ئەو گەڕەکانەی جوولەکە عێراقییەکانی تیا دەژین، ئەوانەی تا ئەمڕۆش ڕۆحی بەغدادییانەی خۆیان پاراستووە [3]. لێرەدا ناوی هەندێك کەسایەتیم لە جوولەکەکانی عێراق لەبیرە، ئەوانەی بەبێ خواستی خۆیان ناچارکران بەغدا بەجێبهێڵن، بۆنموونە (شەمون بلاس) و (سەیر نقاش).**

- ئەمە خاڵێکە پێویستی بە تەفسیلێکی جیاواز هەیە .

*** ئێستا لە ئیسرائیلدا قسە لەسەر پۆست زایۆنیزم دەکرێت، شەپۆلی باو لە ئیسرائیلدا سیمبۆلە ئایدیۆلۆژیای زایۆنیزم بگۆڕێت و ئارەزووی ئەوەی هەیە ئیسرائیل لە نۆرمی قەلاو پەرژینەوە بگۆڕێتبۆ نۆرمی دەوڵەتێکی ئاسایی. وەچەی نوێی لاوان لە وەچەی ڕێبەرانی پێشوو ناچن کە دەوڵەتیان دەمەزراند، ئێستا لاوان دەیانەوێت وەك وڵاتانی تر بژین، دەیانەوێت ئازادانە پرۆسەی سەفەر و بازرگانیبکەن و بچنە نێو ژیانی سەردەمەوە. ئایا لە مەودایەکی دوورتردا وێنای ئیسرائیلێك دەکەیت بەبێ زایۆنیزم؟ ئاخۆ باوەڕت وایە مومکین بێت قسە لەسەر ئیسرائیلێکی دیموکراتی بۆهەموو هاووڵاتیان بکرێت ؟**

- زایۆنیزم لەڕووی عەمەلییەوە کۆتایی هاتووە یان بڵێین ئیسرائیل پێویستی بە زایۆنیزم نەماوە. زایۆنیزم هەرچۆنێکی شیبکەینەوە دەبینی لەڕووی تیۆرییەوە دیلی ناو کتێبەکانە، لەڕووی واقعیشەوە تەواوبووە و کاری خۆی جێبەجێکردووە لە بەسوپاکردن و مۆبیلیزەو هەستانەوەو دامەزراندنی دەوڵەتدا. ئەمڕۆش، بە مەزەنـەی مـن، لـۆژیکی دەوڵەت زاڵترە بەسەر لۆژیکی ناسیونالیستی زایۆنیزمی تەقلیدی، بۆیە ئەمڕۆ ئیسرائیل دووچاری قەیرانێکی گەورە بووە. جا ئەگەر زایۆنیزم لەوە بووەستێت ببێتبە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت، ئەدی چ شتێکی دیکە شوێنی دەگرێتەوە؟ ئیسرائیل خاوەنی ڕۆشنبیری نییە و ناشتوانێت بەمانای زیندوو و خولقێنەر ڕۆشنبیری بخولقێنێت تەنها بەکارلێککردن نەبێت لەگەڵ ئەویدی، واتە یەکەمجار کارلێککردن لەگەڵ فەلەستینی و پاشان لەگەڵ عەرەب. کاتێك ئیسرائیل توانای ئەوەی هەبێت ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییە بخولقێنێت و شوناسێکی

لۆکاڵیی پەیوەست بە ناوچەکەی هەبێت نەك شوناسێکی پەرت یان شوناسێکی خۆرئاوایی لە خاکێکی نامۆدا چێنراو، ئەوسا دەشێت قسە لەسەر گۆڕانێکی ڕاستەقینە لە بونیادی دەوڵەتی ئیسرائیلدا بکەین. ئەو قەیرانانەی لە ئاستی شوناس و لە ئاستی خوڵقاندنی ڕۆشنبیرییەکی تایبەتدا ڕووبەڕووی ئیسرائیل دەبنەوە، قەیرانی زۆر توند و زۆر گەورەن و زۆریش لە قەیرانەکانی عەرەب زراو ڕێژەترن، چونکە عەرەب ڕووبەڕێکی نەرمیان هەیە و تیایدا دەجوڵێنەوە، کەچی ئیسرائیل بواڕێکی نییە، پاشان زایۆنیزم هەرگیز وەکو جاران ڕەگەزێکی کاریگەرو سوودبەخش نییە لە هیچ ئاستێکدا، بەم مانایە زایۆنیزم پەکی کەوتووەو هیچ بەهایەکی جەوهەریی نەماوە، بەڵام پرسیاری گرنگتر ئەمەیە: پاش زایۆنیزم چییان دەوێت؟ ئەمە پرسیارێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و تەماوییە و قەیرانێکی قوڵ و ڕاستەقینە لەناو ئیسرائیلدا پێچەوانە دەکاتەوە، دەبێت ڕوانگەی بگرین و ئاگاداری بین و بەجیدی دیراسەی بکەین .

دیلی و ئازادی و خەون

*** تۆ دان بەوەدا دەنێیت لە نائاگاییتدا کۆنکراوی و ناوێری هەموو ئەو شتانە بڵێی کەدەتەوێتلە بارەی سێکس و ئایین و سیاسەت قسەیان لەسەر بکەیت، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە بارەیانەوە دەدوێیت. ئایا شیعر لەو کۆت و زنجیرانە ڕزگاری نەکردووین ؟**

- دەبێت شیعر ڕزگاریبەخش بێت، شیعر نەزری ئازادییە، ئەم پرسیارەش ئاڕاستەی کەسێکی وەك, بۆمونە, ئەبو عەلای مەعەری ناکرێت، یان کەسێکی وەکو ئەبونەواس کە دەیووت: (ئایینی خۆم بۆ خۆم ئایینی خەڵکی دیش بۆ خۆیان)، یان ئەبو عەلای مەعەری کە دەڵێت:

اثنان اهل الارض ذو عقل

بلا دین وآخر دین لا عقل له

بەڵام ئەمڕۆ شیعر لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بەداخەوە ناتوانێت لە سێبەری بارودۆخی ئێستایدا بگاتە ئەوجۆرە ئازادییە. کاتێك ئەو فەتوایە لە دژی سەلمان روشدی دەرچوو، ئەم پیاوەش کە خاوەنی ڕۆمانی (ئایاتی شەیتانی) یە، وتارێکی سەرەکی نووسی و تیایدا داکۆکی لەخۆی کرد، منیش ئەو وتارەم وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و ناردم بۆ بەیروت تا لە ژمارەی داهاتووی گۆڤاری (مواقف) بڵاوبکرێتەوە، لەپڕێکدا بۆمان دەرکەوت ئەو کەسەی پێتەکانی تەنزید دەکرد ڕازی نەبوو ئەو وتارەی سەلمان روشدی چاپ بکات، پاشان پەیوەندیمان بە خاوەنی چاپخانەکە کرد، ئەویش وتی: (بەڵێ ڕاستە هەڵوێستی ئەو پیاوەی چاپی دەکات بەوجۆرە بوو، بەڵام باشە ئەگەر حزب اللە یان هەر دەسەلاتێکی تر بێتە سەرمان و چاپخانەکەم تێك بشکێنێت، کێ پشتیوانیم دەکات و کێ لە تەکم دەوستێت؟ ئەو کاتە ئێوەی نووسەران لە کوێ دەبن؟). بەمجۆرە نەمانتوانی ئەو وتارەی سەلمان روشدی بڵاوبکەینەوە، من ئەو کاتە وتم: وای دابنێین سەلمان روشدی لەبەردەم دادگا ڕاوەستاوە، ئایا مافی بەرگری لەخۆکردنی نییە؟ ئەگەر لەهەمان کاتدا ئەندازەی ئەو ئازادییەی من هەمە لەگەڵ ئەندازەی ئەو ئازادییەی شاعیرێکی خۆرئاوایی هەیەتی، بێێوم، (ئەگەر چی من حەز لە بەراورد کردن ناکەم)، واهەست دەکەم من لە ڕووبەرێکی زۆر تەسکدا دەجوڵێمەوە، کەچی شاعیرێکی خۆرئاوایی لە ئاسۆیەکی بێکۆتاییدا ڕێ دەکا. لەوەش زیاتر، لێرەدا چەندین دەستەواژەو بگرە چەندین ئایەت لە قورئاندا هەن وەك ((ومريم ابنة عمران التي احصنت فرجها)) [4]، خۆ ئەگەر ئەمڕۆ وشەی (فرج) لەهەر ڕۆمانێك یان لەهەر قەسیدەیەکدا بەکاربهێنرێت ئەوا لە زۆربەی ولاتە عەرەبییەکاندا قەدەغە دەکرێت و ئیتر دەرگاکانی دۆزەخ بۆ ئەو نووسەرە یان ئەو شاعیرە دەکرێنەوە. بەداخەوە شیعر ڕزگاری نەکردووم، من تائێستاش کۆتکراوم.

*** بیستوومانە پاش ئەوەی کتێبی (الکتاب: امس المکان الان) تەواو دەکەیت، واز لەنووسینی شیعر دەهێنیت. ئاخۆ پشکۆی شیعر لە تۆدا کوژاوەتەوە؟ ئایا گڕی ناوەوە لە ویژدانتدا دامرکاوەتەوەتاوێلە نووسینی شیعر بهێنیت ؟**

- هەر دەبێت ڕۆژێك بێت ئەو گڕە خامۆش بێت و بکوژێتەوە، بەڵام هەر دەشبێت لە شتێکی تردا گوزارشت لەخۆی بکات. ئەگەر بمەوێت لە شیعر نووسین بووەستم ئەوا لەبەرئەوەیە هەستم بەوە کردووە کەرەستەو شێوازەکانی دەربڕینم گەیاندۆتە ئاستێك ئیتر نەتوانم تەجاوزیان بکەم، ئەوسا نامەوێت خۆم دووبارە بکەمەوە، لەبەرئەوە دەبێت لەبەرامبەر خۆمدا بێلایەن بم و بە کەرەستەو بە ڕێگەی تر خۆم دەربخەم، بەم مانایە دەتوانم بڵێم واز لە نووسینی شیعر دەهێنم بەڵام بە چەند ڕێگەیەکی تر دەنووسم، دەشێت بە فۆرمێکی دیکەی شیعری بنووسم کە تەواو جیاواز بێت، بەڵام من لەهەموو حاڵەتێکدا جگەلە بازنەی شیعرو جگەلە بواری شیعر، خۆم لە شوێنێکی تر نابینمەوە، تەنانەت ئەو کاتەی فیکرێك یان چیرۆکێك یان هەر جۆرە نووسینێکی تر دەنووسم، تەنها لە چوارچێوەی شیعردا خۆم دەبینمەوە .

*** تۆ ئاگرێکت کردەوە هەرگیز ناکوژێتەوە ..**

- هیوادارم وابێت .

*** لەم ڕۆژانەدا خەون بەچییەوە دەبینیت؟ ئاخۆ ئێستاش خەونەکانت (باخچەی ئاگر)ن؟ئاخۆتا ئێستاش لە (مەلەکوتی با) [5] دا دەژیت ؟**

- تا ئێستاش لە مەلەکوتی بادا دەژیم. تائێستاش لەگەڵ هیراکلیتس دەژیم کە دەیووت (دووجار خۆت لە ئاوی ڕووبارێك نادەیت)، کەچی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا مرۆڤ سەدان جار خۆی لە هەمان ئاو دەدات .

*** ئەو ڕووبارە لێخن و قوڕاوییە .**

- بەڵێ لێخنە. ڕووبارەکان لێخنن. لەگەڵ ئەوەی من ڕقم لە بەراوردکردن دەبێتەوە کەچی هەندێجار ناچارم بگەڕێمەوە بۆی، چونکە ئێمە کۆمەڵگەیەکین لەناو تێکڕای

هۆیەکانی تەکنیك و لەناو ئەو ژیارەدا دەژین کە هەموو کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان تیایدا دەژین، ئێمە بەشێکین لەم جیهانە، کەواتە ئێمە ناچاری جۆرێك لەو بەراوردکردنەین. کاتێك وەك شیعرو وەك ڕۆمان و وەك تەکنۆلۆژیا دەستکەوتەکانی جیهان بە دەستکەوتەکانی خۆمان بەراورد دەکەم، وەختە بڵێم مرۆڤ شەرم دەکات لەوەی سەربە جیهانێکی لەم چەشنەی لای خۆمانە، پاشان کە دادوەرییە عەقڵیی و فیکرییەکان دەخوێنمەوە، یان کە بۆچوون و گفتوگۆو مشتومڕو خەم و هیواو خواستەکانی کۆمەڵگاکانی ئەم چەرخە دەخوێنمەوە، پاشان کە سەیری ئەو شتانە دەکەم کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا باو و بلاۆون، هەست بە خەم و کەسەرێکی قوڵ دەکەم، چونکە گرنگترین شتێك کە خەمی تاکی عەرەبییەو تەنها شتێك کە خۆی پێ سەرقاڵ دەکات، شەرەفی ئافرەتە، تراژیدیاکە ئەوەیە شەرەفی ئافرەت و مەزنی قەوارەی ئافرەت لە ئەندامی سێکسییاندا قەتیس دەکرێت، بیرۆکەی حەرام و حەلاڵ بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە، ئەمانە لەڕاستیدا کۆمەڵێك کێشەی بچووکن و کەچی مرۆڤ و دنیای ئێمە گزگل و گورنەتەڵە دەکەن، تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کەسێك شەرم بکات لەوەی سەربەمجۆرە کەلتوورەیە، بەڕاستی شەرمێکی قوڵ دایدەگرێت.

*** تۆ لە (اغاني مهيار الدمشقي) دا دەڵێیت: (اتجه نحو البعيد و البعيد يبقى, هكذا لا اصل ولكنني اضيء)، پێم وایە ئەم وێنە شیعرییە زۆر قوڵترو جوانترە لە وێنەی سیزیف و ئازارەکانی سیزیفـ ئەی (ساحیری تە پوتۆز) [6] ئازاری تۆ چییە؟**

- ئەم پرسیارە زۆر جوانە، من نامەوێت لەڕووی عەقڵییەوە وەلاّمی بدەمەوە، بەڵکو بە وێژدان وەلاّمی دەدەمەوە. قوولّترین ئازاری من ئەوەیە بەدەگمەن کەسێك دەبینم بە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەوە لەمن تێبگات، ناوەکەم زۆر ناسراوەو زۆریش بلاّوە بەلاّم ئەوانەی تێمدەگەن زۆر دەگمەنن, ئەم مەسەلەیە لەناخەوە زۆرم ئازار دەدات، ئازارەکەش لەوەدایە من خۆم ئەم شتە دەزانم و درکی پێدەکەم. تۆ دەزانیت و وا هەست دەکەیت کە

بەرەو ڕووناکی دەڕۆیت کەچی هەر کەسێك تەماشات دەکات بەجۆرێك وەسفت دەکات کە گوایە بە ئاڕاستەی تاریکی دەڕۆیت، ئەمە بۆ من ئازارێکی گەورەیە، ئازارەکەش لەوەدایە من زۆر چاك کۆمەڵگاکەی خۆم دەناسم (من خۆم وا دەبینم کە شارەزای ورد و درشتی کۆمەڵگاکەمم، مێژووی کۆمەڵگەی خۆم لە 1500 ساڵ بەر لە ئەمڕۆوە تائێستا دەزانم، هەموو شتە شاراوەکانی شارەزام، ئاگاداری لە ئەلفەوە تا یائی بەرهەمەکانیم، بەبێ خاکەڕاییەکی درۆزنانە دەڵێم هیچ کەسێك ئەوەندەی من مێژووی نەخوێندۆتەوە، مێژووم لە هەموو ئاستە شیعری و فەلسەفی و جوگرافی و فیلۆلۆژی و زانستییەکانیدا خوێندۆتەوە).

*** لە کتێبی (مقدمة للشعر العربي) [7] دا دەڵێی: (کاتێك دەرگاکانی ئازادی دادەخرێن، گوناهەسبێت بە شتێکی پیرۆز). ئەو گوناهە پیرۆزانەی تۆ چین کە دانت پێداناون یاخود ئەوانەی تا ئێستا دانت پێدانەناون؟**

- هەموو ئەو شتانەی ئازادی قوولتر دەکەنەوە، هەموو ئەو شتانەی یاساکان دیودەرە دەکەن و هەموو ئەو شتانەی جەخت لەوە دەکەن کە ئازادی وێنەی تری نییە ئازادی نەبێت، گشت ئەمانە گوناهەکانی منن، فیکر هیچ یاسایەکی نییە ئازادی نەبێت، من هەست ناکەم بوونم هەیە تەنها لەو شتانەدا نەبێت کە دیودەرە دەکرێن، لێرەوە من ئەو قسەیەی ئەبو نەواس دەڵێمەوە: (انفت نفسي العزيزة ان لا تقنع الا بكل شيء حرام)، ڕێگە پێدراوەکان گرنگ نین، دەبێت بگەینە ئەودیوی حەرامکراوەکان. گوناە لەلای من، هەر ڕەنگێکی هەبێت، لە هەموو ئاستێکدا پیرۆزە، سا خۆی لەهەر شتێکدا بگرێت: دەسەلاتی باوك بێت یان دەسەلاتی خێزان یان دەسەلاتی قوتابخانە یان دەسەلاتی سیاسەت، ئەم دەسەلاتانە لەڕاستیدا بریتین لە تیرۆر و ستەم و سەرکوت و چەوسانەوە، دەسەلات شتێکە دەبێت بەردەوام دژایەتی بکەین، واتە هەر تەنها ڕەتی نەکەینەوە بەڵکو لە دژیشی بجەنگین، ئیتر هەر دەسەلاتێك بێت، تەنانەت ئەگەر دەسەلاتی منیش بێت، من لە (اغني مهيار الدمشقي) دا وتوومە: (امحو وانتظر من يمحوني)، بەبێ ئەم کارە مومکین نییە پێش

بکەوین و مومکین نییە هیچ داهێنانێك بەمانای ڕاستەقینەی وشەی داهێنان. لەلای ئێمە سەرهەڵبدات .

*** هەر لە کتێبی (مقدمة للشعر العربي) دا دێرە شیعرێکی: (عدي بن زيد العبادي)تەهێناوتەوەکە دەڵێت : (ما غبطة حي الى الممات يصير). ئایا تۆ پرپیت لە خۆشنوودی؟ ئەی چۆن ڕووبەڕووی بیرۆکەی مەرگ دەبیتەوە؟ ئاخۆ ئەو پرسیارانە بەزۆر پێتەوە دەنووسێن کە بیرۆکەی مەرگ دەیانوروژێنێت ؟**

- من بە ژیان پڕم لە خۆشنوودی و کامەرانی، هەر تەنها بە ژیان، بەختەوەرییەکەمی من هەر تەنها ژیانە، چونکە ژیان لە هەموو سامان و لەهەموو مولکێك مەزنترە, تۆ وەك مرۆڤێك تەنها یەك جار ژیانت پێدەبەخشرێت،لەبەر ئەوە گرفتی سەرەکیی من ژیانە نەك مردن، مردن شتێکە ناچیزەیەو لەبەینی هەمووانداا هاوبەشە، پێشتر ئەم قسەیەم کردو ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە، مرۆڤ لەمەدا یەکسانە بە ئاژەڵ و بوونەوەرەکانی تر، کێشە و گرفتی ڕاستەقینە بریتییە لە خودی ژیان، من تێدەکۆشم لە پێناوی ئەوەی هەرچی زیاتر ژیانم جوان بێت، بەڵام بەداخەوە چەکەکانم بەپێی پێویست یارمەتیم نادەن، هیچ شتێك لە ژیان مەزنتر نییە، دەبێت هەموو شتێك لە پێناوی ژیاندا تەرخان بکرێت، دەبێت ئامانجی فیکرو پرەنسیپ و بیروباوەڕەکان بریتی بێت لە مرۆڤ و ژیان، مومکین نییە و ناشبێت ژیان ببێت بە هۆیەك یان ببێت بە کەرەستەیەك لەپێناوی شتێکی تردا .

*** ئەمە گەورەترین ترخ و بەهای بوونی بوونەوەری بەشەرییە کە هیچ ترخ و بەهایەکی تر لە سەروویەوە نییە. ترخی فیکرو بیروباوەڕەکان چییە ئەگەر وجودی بوونەوەر دەڵەمێنترو پڕتری نەکات.**

- بەڵێ ژیان لەخۆیدا بەهایەکی گەورەیە، ئەمەیە خەباتی من لەم دنیایەو ئەمەیە گرفتی من، ئەوە ئاسان نییە بژیت، قبوڵکردنی مردن زۆر ئاسانترە لە قبوڵکردنی ژیان .

*** بەڵام چەکەکانی تۆ بێهێز نین، تۆ بیست وهەشت پیتت کرد بە موڵکی خۆت و کۆمەڵێك سوپای گەورەو بەهێزت لێ دروستکردن .**

- کۆمەڵێك سوپا لەسەر کاغەز [8] .

*** بەڵام سوپاکانی تۆ سوپای چالاکن و کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە، ڕاستە تۆ نەبوویتە زەعیمێکی سیاسی، بەڵام بە راستی بوویت بە زەعیمی بیست و هەشت پیت کە بریتین لە پیتی هیچی عەرەبی، بەو پیتانە سوپایەکت لە شیعرو فیکرو هەڵوێست دروستکرد. چۆن ئەزموونی فیکری وئیبداعیی خۆت هەڵدەسەنگێنیت ؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر جوانە و زۆریش موحریجەو زۆریش زیرەکانەیە. بە ڕاستگۆییەکی تەواوەوە واهەست دەکەم هەموو ڕۆژێك سەرلەنوێ دەست پێدەکەم تا ئەو سوپایە پێکبهێنم، هەستکردنیش بە دەستپێکردن لە هەموو ڕۆژێکدا، هەستکردنی کەسێکە لە ئاسۆیەکی نادیاردا ڕێدەکات و نازانێت چۆن دەستپێدەکات و چۆنیش تەواو دەبێت، بەم مانایە وا هەست دەکەم هیچ شتێکم بەدی نەهێناوە، بۆیە هیوادارم مردن بەر لە وادەی خۆی نەمباتەوە بەڵکو بتوانم شتێك بەدی بهێنم، ئارەزوو و گرفتی من ئەوەیە ئەوەی کە خواستم بوو جێبەجێی بکەم هێشتا پێی نەگەیشتووم و جێبەجێم نەکردووە .

*** ناگەیت بەڵام ڕۆشنایی دەبەخشیت .**

- هیوادارم وابێت, لەو باوەڕەدام کە دەبێت وابێت, ئەوەی دەمەوێت هێشتا پێی نەگەیشتووم .

*** ئەدۆنیس, من ستایشت ناکەم, بەڵام ڕێگەم بدە ڕستەیەك بڵێم، ئەو ڕستەیەش کورتەی ئەو بۆچوونەمە کە لەماوەی سی ساڵی خوێندنەوەی شیعرەکانت و فیکرو شەڕەکانت پێکم هێناوە: "تۆ شاعیرێکی مەزن و مرۆڤێکی خانەدانیت" .**

تێبینی:

ئەم گفتوگۆیە لە 10 ژمارەی ڕۆژنامەی (القدس العربي) بلاوکراوەتەوە لە ژمارە (3468) هەتا (3477) لە 2000/7/5 هەتا 2000/7/16 . پاشان لە دووتوێی کتێبێکدا لە ساڵی

پەراوێزەکان

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم :

.....

1 - نەواویس : گۆڕی فیرعەونەکانی میسر .

2 - لەم دواییەدا تیرۆپشکی (گرووپی بەرەنگاربوونەوەی تەتبیع) کەوتە سەر سمیح‌القاسم‌ی شاعیر. ئەم گرووپە هەمیشە پێویستییان بە نێچیرێك هەیە، وەك چۆن دەسەلاتەکان پێویستیان بە جەلاد و کاهین و ڕیش سپی هەیە .

3 - بیروت، دار **مجلة** (شعر)، 1957 .

4 - (قصابین) ئەو گوندەیە شاعیری تێدا ژیاوە، دەکەوێتە باکووری سووریا لە تەنیشت شاری (جبلە) ی میژووییی لەناوچەی (اللاذقیة)، ئەدۆنیس لە چەندین قەسیدەدا ناوی ئەو گوندەی هێناوە، بەتایبەتی لە دیوانی (مفرد بصیغة الجمع).

5 - لە ڕۆژێکی زستاندا باران بەخوڕ دایدەکرد، ئەدۆنیس لە قوتابخانەیەکی دوورەوە، بەپێ بەرەو ماڵەوە دەگەڕایەوە، ئەوەندەی نەمابوو ئاوی ڕووبارەکە ڕاپێچی بکات، ئەم ڕووداوە بووە هۆیەك کە واز لە قوتابخانە بێنێت .

پەراوێزەکانی بەشی دووەم :

.....

1 - ئەدۆنیس دووجار گریا، جاری یەکەم کاتێك براەرانی مندالێیی بیرکەوتەوە، جاری دووەم کاتێك باسی زیندانی کرد .

2 - ئەم بەرنامەیە لە کەناڵی فەزایی لوبنانی **LBC** لە ساڵی 1998 پەخشکرا .

3- عەبلە خوری لە ساڵی 1919 لە ناوچەی (الكفير) ی لوبنانی لە دایکبووە، ئەساڵی خێزانەکەی سەر بە گوندی (عين حليا) یە لە ناوچەی (زبدانی) ی سووری، لە ساڵی 1949 لە ئێستگەی سووریا کاری کردووەو یەکەم ئافرەت بوو وەك بێژەر کاری کردبێت. لە ڕێکەوتی 12/11/1992 کۆچی دوایی کرد .

4- ناوی تەواوی ئەدۆنیس بەپێی ناسنامەکەی: عەلی ئەحمەد سەعید ئەسبر، سەرەتا بەناوی عەلی ئەحمەد سەعید دەینووسی لەتەك ناوی ئەدۆنیس، لە ساڵی 1930 لە گوندی (قصابين) لە سوریا لە دایکبووە، لە ساڵی 1956 بۆ یەکجاری چووەتە لوبنان و لەوێدا جێگیر بووە. لە ساڵی 1957 لە دامەزراندنی گۆڤاری (شيعر) بەشداریی کردو بوو بە سەرنووسەر، ئەم گۆڤارە تا ساڵی 1963 بەردەوام دەردەچوو. پاشان گۆڤاری (مواقف) ی دامەزراند کە تا ئێستاش دەردەچێت. وەك مامۆستای ئەدەبی عەرەبی لە کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی لوبنانیدا دەرسی وتۆتەوەو تا ساڵی 1978 بەردەوام بووەو پاشان گواستراوەتەوە بۆ کۆلێجی ئەدەبیاتی هەمان زانکۆ. لە زانکۆی قەدیس یوسف لە بەیروت بڕوانامەی دکتۆرای دەوڵەتی لە ئەدەب بەدەست هێنا، تێزی دکتۆرانامەکەی بەناوی (الثابت والمتحول: بحث في الأتباع و الأبداع عند العرب) لە چواربەشدا . (ئەم زانیارییانەم لە کتێبی –الأسلام والحداثة، ندوة مواقف، دار الساقي، ط1، 1990 – وەرگرتووە "وەرگێڕ") .

5- ئەنتوان سەعادە: دامەزرێنەری حزبی سووری نەتەوەیی کۆمەلایەتییە، یەکێکە لە گەورە ڕووناکبیرانی عەرەب لە سەدەی بیستەم. لە 1/3/1904 لە دایکبووەو لە ڕێکەوتی 8/7/1949 دەسەلاتی لوبنانی، لەپاش موحاکەمەیەکی شەکلی بە تۆمەتی خۆئامادەکردن بۆ شۆڕش لە دژی ڕژێم، لە سێدارەی داوە .

6- المزة: بەندیخانەیەکی ناوداراە لە سوریا .

7- بنات يعقوب: پردێکە سوریا بە فەلەستین دەگەیەنێت، ئەوکاتەی ئەدۆنیس لەوێدا خزمەتی سەربازیی دەکردو ئەرکی عەسکەری لەسەر نەبوو، ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو گەلێك بەرهەمی بە زمانی فەرەنسی خوێندەوە، بۆنموونە: ڕیلکەو ماکس جاکوب و ئەپۆلینێر و ڕینێ شار و جێمس جۆیس، هەر لەوێشدا قەسیدەی (مجنون بين الموتى) ی نووسی کە پاشان لە ژمارە (1)ی گۆڤاری (شيعر) دا بلاوکرایەوە.

8 - لێرەشدا چاوەکانی ئەدۆنیس پڕ بوون لە فرمێسک، کاتێك بیر لە هەڵوێستە جوانەکان دەکاتەوە یەکسەر چاوەکانی تەڕ دەبن .

9 - ئەم یانەیە مینبەرێکی ڕۆشنبیریی (جمعية العروة الوثقى) بوو لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت، لەنێو کەشوهەوای ئەو کۆمەڵەیەدا ژمارەیەك ناسیونالیستی عەرەب چالاکانە کاریان دەکرد، بۆنموونە: قسطنطين زريق، وليد الخالدي، جورج حبش، رامز شحادة، برهان‌الدجاني، هاني الهندي، احمد الخطيب .

10 - د. قوستەنتین زورەیق: ڕوناکبیرێکی ناسراوی سوورییە، لە ساڵی 1909 لە دیمەشق لە دایکبووە، سەرۆکی زانکۆی سوریا بوو، لە ساڵی 1952 چووەتە لوبنان و پاشتر بووبە سەرۆکی زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت .

پەراوێزەکانی بەشی سێیەم:

.....

1 -البئر الأولى، ناونیشانی بیۆگرافیاکەی جەبرا ئیبراهیم جەبرایە .

2 -الحسين بن حمدان الخصيبي (260-346) هیجری، لە میسر لە دایکبووە و پاشان چووەتە عێراق و دواجاریش بۆلای سیف الدوله الحمدانی لە حەلەب، ڕێگەی سۆفیگەری گرتووە پاشان بووەبە سەرۆکی ڕۆحیی عەلەوییەکان. المنتجب العانی (595ھ) شاعیر بووە. الحسن‌المكزون (583ھ) میری سنجار بووەو پاشان چۆتەناو دنیای سۆفیگەرییەوەو چەندین شیعری پڕلە ڕەمزو تەمومژی نووسیوەو لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە. النفری: ناوی محمد بن عبدالجبار النفری - یە لە ساڵی (965ھ) کۆچی دوایی کردووە، لە بەرهەمەکانی (المواقف) و (المخاطبات) ، ئەدۆنیس گۆڤارەکەی ناوناوە (مواقف). محی الدين ابن عربی: لە ئەندەلوس لە دایکبووە و لە دیمەشق لە ساڵی 1240 ز کۆچی دوایی کردووە، لە بەرهەمەکانی: (ترجمان الأشواق) و (فصوص الحكم) .

3 -فریدریك هیگل (1770-1831) فەیلەسووفێکی ئەڵمانییەو کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر فیکری سەدەی نۆزدە هەبووە.

4 -تۆمای ئەکوینی ڕاهیبێکی دۆمنیکانییە، لە ساڵی (1225) ز لە ئیتالیا لە دایکبووەو لە ساڵی 1274 ز کۆچی دوایی کردووە.

5 -ئەم کتێبە لەنێوان ساڵانی 1964 و 1968 لە بەیروت بە سێ بەش چاپکراوە .

6 -هەشت بەشی ئەم کتێبە لە گۆڤاری (الزوبعة) بلاوکراوەتەوە کە لە ساڵی 1942 لە بۆینیس ئایرس دەردەچوو، پاشان لە ساڵی 1943 لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپکرا .

7 -ئەم قەسیدەیە بە ڕادەیەکی زۆر ناوداربوو بەتایبەتی لەدوای لە سێدارەدانی ئەتتوان سەعادە لە 1949/7/8 بلاوکرایەوەو پاشان لە ساڵی 1954 لە دیمەشق لە کتێبێکدا چاپکرا .

بدوی الجبل: شاعیرو سیاسی و خەباتگێڕە، لە ساڵی 1908 لە دایکبووەو ناوی محمد سلیمان الأحمد - ە، لە دژی ئینتیدابی فەڕەنسی خەباتی کردووە، لە سەردەمی سەربەخۆییشدا بووە بە وەزیر، لە ڕێکەوتی 1981/1/19 کۆچی دوایی کردووە .

8 -سەعید عەقل شاعیرێکی لوبنانیە و بە ڕەسەن سوورییە، لە ساڵی 1912 لە دایکبووە .

9 -جەواهیری: دوا نوێنەری قەسیدەی کلاسیکیی عەرەبییە، لە 1899/7/26 لە شاری نەجەف لە عێراق لە دایکبووە، لە 1997/7/27 لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە .

10 -هیراکلیتس: لە ساڵی 576 پ.ز لە شاری ئەفسسی یۆنانی لە دایکبووە، دەیووت: جیهان لە یەك کاتدا یەك جیهانەو فرە جیهانیشە، ناونیشانی دیوانەکەی ئەدۆنیس (مفرد بصیغة الجمع) لەو وتەیەی هیراکلیتس وەرگیراوە .

فریدریك نیچە: یەکێکە لەو بیرمەندانەی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر فیکری هاوچەرخ جێهێشتووە، لە 1844/10/15 لە ئەڵمانیا لە دایکبووە، لە ساڵی 1900 کۆچی دوایی کردووە، لە بەرهەمەکانی: (هکذا تکلم زرادشت) و (ارادة القوة) .

پەراوێزەکانی بەشی چوارەم :

.....

1 -ئەدۆنیس دەڵێت: (بەڕاستی ئەمە دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەرە کە لەڕووی لاهووتییەوە فیکرێکی ئایینی –بە مانای قوول و تایبەتی ئەو دەستەواژەیە - لە لوبناندا نەبینین، بۆنموونە ئێمە

کتێبێك یان توێژینەوەیەك نابینین کە لە فیکری هاوچەرخی ئایینیدا بەشداریکردنێکی لوبنانییانە پیشان بدات(...) لە لوبناندا فیکرێکی ئایینی خولقێنەر نییەو ئایینیش ئامادەبوونێکی ڕۆشنبیریی نییە کە بەشداری لە نوێکردنەوەی (بینین) بکات و لە گیروگرفتەکانی ژیان تێبگات(...)بگرە ئایین لە لوبناندا بریتییەلە کۆمەڵێك سروت) (**ئەدۆنیس، ها انت ایها الوقت، بیروت-دارالأداب،** 1993) .

2- سەعدوڵڵا وەنوس: لە ساڵی 1941 لە سوریا لە دایکبووە ,یەکێکەلەباشترین نووسەرانی شانۆی عەرەبی، لە ڕێکەوتی 1997/5/15بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە،لە بەرهەمەکانی.. (فیلەکەت ئەی خاوەن شکۆ) و (پاشا پاشایە) .

3- ئەنتۆنیۆ گرامشی.. یەکێکە لە کۆمۆنیستە دیارەکانی ئیتاڵیا لە 1889/1/27لە دایکبووەو لە 1937/4/27کۆچی دوایی کردووە .

4- یوسف الخال: شاعیرێکی سورییە و لە 1917/12/25 لە دایکبووە، یەکەم کۆمەڵە شیعری لە ساڵی 1944 بەناوی (ئازادی) چاپ کردووە.

محمد الماغوط: لە ساڵی 1934 لە سوریا لە دایکبووە لە پەنجاکاندا بەهۆی ئەندامێتی لە حزبی سوری نەتەوەیی بەرەو بەیرووت هەڵاتووە بەڵام لە ساڵی 1962 گەڕاوەتەوەبۆ سوریا، یەکێکەلە دیارترین شاعیرانی پەخشانە شیعر.

نذیر العظمة: لە ساڵی 1930 لە دیمەشق لە دایکبووە، لە ساڵی 1956چۆتەلوبنان، ئێکەی 8 کۆمەڵە شیعری چاپکراوی هەیە.

فوئاد رفقە: لە ساڵی 1930 لە سوریا لە دایکبووە، لەو کودەتا شیعرییەدا بەشداری کردووە، کە گۆڤاری (شیعر) ڕێبەرایەتی دەکرد.

کەمال خیربك: لە سوریا لە دایکبووە لە ڕێکەوتی 1980/11/5لە بەیروت تیرۆرکرا، پاش ئەوەی وازی لە شیعر هێنا چووە ڕیزەکانی خەباتی فەلەستینی و بە نهێنی کاری دەکرد، چەند دیوانە شیعرێکی چاپکراوی هەیە لەگەڵ کۆمەڵێك بەرهەمی تر کە تائێستا چاپ نەکراون .

5 -سەعدی یوسف: شاعیرێکی عێراقییەو لە ساڵی 1932لە دایکبووە، چواردە دیوانە شیعری هەیە، یەکەم دیوانە شیعری لە ساڵی 1952بەناوی (القرصان)چاپکردووە، لە زمانی ئینگلیزییەوە بەرهەمەکانی کافافی و ڕیتسۆس و لۆرکای وەرگێڕاوە .

6 - جۆرج صەیدەح: شاعیرێکی مهجەری سوورییە لە ساڵی 1893لەدیمەشق لەدایکبووەو لە ڕێکەوتی 1978/10/10لە پاریس کۆچی دوایی کردووە .

7 -خلیل بن احمد الفراهیدی: دانەری زانستی عەروزە، خاوەنی کتێبی (الجمل فی النحو)، لە 175 هیجری کۆچی دوایی کردووە .

8 - میشێل عەفلەق: لە ساڵی 1910لە دیمەشق لە دایکبووە لە ساڵی 1932 لە زانکۆی سۆربۆن مۆڵەتی لە مێژوو وەرگرتووە، لە ساڵی 1948لە شەڕەکانی فەلەستینیدا بەشداریی کردووە، لە 1947/4/7حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دامەزراندووە کە لە ساڵی 1963لە سوریا و عێراق دەسەلاتیان گرتە دەست، لە ڕێکەوتی 1989/6/24لە پاریس کۆچی دوایی کردووەو لە بەغدا نێژراوە .

9 - زەکەریا تامر: لە ساڵی 1931 لە دیمەشق لە دایکبووە، لە وەزارەتی ڕاگەیاندن وەک چاودێر کاری کردووە، لە بەرهەمەکانی: (صهیل الجواد الأبیض) و (النمور في الیوم العاشر) .

علي الجندي: لە سوریا لە دایکبووە و چۆتە ڕیزەکانی حزبی بەعس، لە وەزارەتی ڕاگەیاندنبووە بە بەڕێوەبەری هەواڵەکان، لە ساڵی 1962یەکەم کۆمەڵە شیعری بەناوی (الرایة المنکوسة) چاپکردووە .

پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم :

.....

1 - تۆفیق صایغ: خەڵکی سوریایەو لە 1923/12/14 لە گوندێکی شاری السویداء -لە دایکبووە، لەگەڵ خێزانەکەی بەرەو فەلەستین کۆچیان کردووە و لە ساڵی 1948پەنای بۆ لوبنان بردووە، لە نۆڤەمبەری ساڵی 1962 تا ئایاری ساڵی 1967 گۆڤاری (دیالۆگ)ی دەرکردووە، لە ساڵی 1973 لە ئەمەریکا کۆچی دوایی کردووە.

2 - میشال طراد: شاعیرێکی لوبنانییەو بەزمانی میللی دەینووسی،لە 1912/10/21 لە دایکبووەو لە 1998/2/8 کۆچی دوایی کردووە.

طلال حیدر: شاعیرێکی لوبنانییە و لە 1937/8/22 لە بعلبك لە دایکبووە.

3 - ئەدۆنیس دەڵێت: (بەهای هونەری لە دەستپێکردنی زەمەنیدا نییە، بەشار بن بورد لە مێژووی شیعری عەرەبیدا دەستی بە تازەگەریی شیعری عەرەبی کرد ,کەچی ئەبونەواس کەلەدوای ئەوهات، لەویش مەزنترە، لوی بیرتراندی شاعیری فەرەنسی یەکەمین کەس بوو لە ئەدەبی فەرەنسیدا پەخشانە شیعری نووسی کەچی لەرووی شیعرییەوە بە بۆدلێرو رامبۆو مالارمێ بەراورد ناکرێت. واتە مەرج نییە دەستپێشخەری زەمەن بە پێویست دەسپێشخەری هونەری یان ئیبداعیش بێت) بڕوانە ئەو چاوپێکەوتنەی لە ژمارە 405 ی گۆڤاری (الوسط) لە 1999/11/1 دا بلاوکراوەتەوە .

4 - لەم ماوەیەدا ئەدۆنیس پێشانگایەکی شێوەکاری لە گەلەریی (ئەریا) لە پاریس کردەوە کە بۆماوەی مانگێك بەردەوام دەبێت و تیایدا کۆمەلێك تابلۆی پڕ لەهەستی شیعریی نمایش کردووە، پێشانگاکە لە 2000/11/10 دا کرایەوەو تا 2001/1/15 بەردەوام دەبێت. (ڕۆژنامەی الحیاة- ژمارە 13780 لە 2000/12/3).

پەراوێزەکانی بەشی شەشەم :

.....

1 -سلیمان القانونی: لەگەڵ سولتانەکانی عوسمانیدا ژیاوەو پیاوێکی زۆر ناودار بووە، لەسەردەمی ئەودا دەوڵەتی عوسمانی گەیشتە لوتکەی گەشانەوە. یاساو شەرائعی دارشتووەو گەلێك چاکسازیی لە بواری ئەدەب و هونەرەکاندا کردووەو چەندین کۆمیسیۆنی بۆ ئەوروپا ناردووە. لە سالی 1520 ز لە دایکبووە و لە سالی 1566ز کۆچی دوایی کردووە .

مدحت پاشا: خاوەنی دەستووری عوسمانییەو والی سوریا بوو، پاشان بووە بە (صدر الاعظم). لە سالی 1822 لە دایکبووە و لە سالی 1884لە زیندان کۆچی دوایی کردووە .

محمد علی الکبیر: لە سالی 1805 لە دایکبووە و لە سالی 1849 کۆچی دوایی کردووە. هەولێدا حوکمێکی عەرەبی لەنێوان میسرو شام دروست بکات .

2- محمود سامی البارودي: لە شاعیرانی سەردەمی رێنیسانسی عەرەبییە، لە ساڵی 1840 لە قاهیرە لە دایکبووە و لە ساڵی 1904 هەر لەوێدا کۆچی دوایی کردووە.

ولی الدین یکن: لە ساڵی 1873 لە ئوستانە لە دایکبووە، لە ساڵی 1921 لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە، بەردەوام لە دژی زوڵم و ستەم خەباتی دەکرد، لە بەرهەمەکانی: (الصحائف السود).

الامام عبدالرحمان الاوزعی: فەقێهێکی موسڵمانەو لە ساڵی 707 ز لە بەعلەبەك لە دایکبووە، لە ساڵی 774 ز لە بەیروت کۆچی دوایی کردووە. لە بەرهەمەکانی: (س السنن) و (المسائل).

3- ئەدۆنیس سەر بە تایەفەی عەلەوییە، ئەم تایەفەیە کۆمەڵێك ناوی گەورەی تیاهەڵکەوتووە، بەتایبەتی لە شیعرو هونەرو ڕۆشنبیری و سیاسەتدا لەوانە: بدوی الجبل, سعدالله ونوس، زکي الاورسوزي، صالح العلی، حیدر حیدر و زۆری تریش.

4- جورج حنین: لە 20 /11 /1914 لە قاهیرە لە دایکبووە، لە ساڵی 1937 گرووپی "هونەرو ئازادی"ی دامەزراندو لە ساڵی 1938 یەکەم دیوانە شیعری چاپکرد, کەسێکی ترۆتسکیست بوو، پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەندرێ بریتۆن زۆر نزیك بوو، لە ساڵی 1973 کۆچی دوایی کردووە.

خانم جویس منصور: لە ساڵی 1928 لە ئینگلتەرە لە دایکبووە، بە منداڵی لەگەڵ خێزانەکەیدا هاتوونەتە قاهیرە، لە قاهیرە هینری میشۆی شاعیری ناسیوەو شیعرەکانی خۆی پیشانداوە، ئەویش زۆر سەرسام بووە پێی و پاشان بۆ پاریس بانگهێشتی کردووە، لەسەرەتای پەنجاکاندا چووەتە پاریس و لەوێدا ئەندرێ بریتۆنی ناسیوە.

رمسیس یونان: لە ساڵی 1913 لە دایکبووە، لە ساڵی 1923 قوتابخانەی هونەرە بالاکانی تەواوکردووە، بەشداربووە لە دامەزراندنی گرووپی "هونەرو ئازادی"، لە 25 /12 /1966 لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە.

5- ئەم ناوە لە بنەڕەتدا لە وشەی "پارناسوس"ەوە هاتووە کە ناوی شاخێکە لە یۆنان و دوو لوتکەی هەیە، گریکەکان باوەڕیان وابوو ئەپۆلۆی خواوەند لە لوتکەیەکیدا دەژی و خواوەندەکانی هونەریش لە لوتکەکەی تریدا دەژین، پاشان ئەم مانایە فراوانتربووەوە تێکڕای شیعرو شاعیرانی گرتەوە. پەرناسیزم قوتابخانەیەکی شیعرییە و لە کۆتایی سەدەی نۆزدە لە فەرەنسە دامەزراوە، ئەم

ناوەشیان لە گۆڤارێکی ئەدەبی وەرگرتووە بە ناوی (پەرناسوسی هاوچەرخ) کەلە ساڵی 1866 دەرچووەو لە ساڵی 1876 وەستاوە، ستیڤان مالارمێ یەکێك بوو لەو شاعیرە گرنگانەی لەو گۆڤارەدا دەینووسی .

6 - سوریالیزم: زاراوەیەکە شاعیری فەرەنسایی گیوم ئەپۆلینێر (1880 -1918)لە ساڵی 1917 دا دایهێناوە. لە ساڵی 1924 یشدا ئەندرێ بریتۆن مانیفێستی سوریالیزمی دەرکردو لە دایکبوونی ڕەوتێکی نوێی شیعریی ڕاگەیاند کە ناوی لێنا "سوریالیزم". سوریالیزمیش بزووتنەوەیەکی هونەرییەو ڕەگی ئەم ڕەوتە شیعرییە لە قەسیدەکانی رامبۆو لە "گۆرانییەکانی مالدۆرۆر"ی لۆتریامۆن هەیە، سوریالیزم هەر لە سەرەتاوە بەرەو ئەوەدەچوو داهێنانلە کۆتەکانی عەقڵ و ئایین ڕزگار بکات، ئەم ڕەوتە هونەرییە لەڕاستیدا بزووتنەوەیەکەلە دژی ستەمو سەرکوتو داپڵۆسین و پۆلیسی فیکری، ئازادیش لە ڕێگەی لەنێوبردنی سانسۆری ئاگایی ولە میانی خەیاڵەوە بەدی دێت کە دەبێت لەوێوە عەقڵی ناوەوەش ڕزگار بکرێت. سوریالیزم درێژە پێدانی دادایزمە کە تریستان تزاراو فیلیپ سۆبۆ دایانمەزراند. لەنێوان ساڵانی 1930 تا 1940 سوریالیزمبە ڕادەیەکی زۆر گەشەی کرد بەڵام لە پاش داگیرکردنی پاریس لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانیاوە، بنکەی ئەم بزووتنەوەیە گواستراییەوە بۆ ئەمەریکاو پاشان وردە وردە خامۆش بۆوەو نەما. بەڵامڵەو مێژووە کورتەدا کۆمەڵێك ناوی گەورەی بەرهەمهێنا، بۆنموونە: ئەنتۆنین ئارتۆ, سلڤادۆر دالی، لویس بۆنۆیل، ئەلبێرتۆ جیاکۆمیتی، ماکس ئەرنست، رینێ شار، ئۆکتاڤیۆ پاز .

7 -ابن تیمیة: ناوی تەواوی – تقی الدین احمد بن تیمیة -، فەقێهێکی حەنبەلییە، لە ساڵی 1263 ز لە سوریا لە دایکبووە، لە ساڵی 1328 ز لە زیندان کۆچی دوایی کردووە.

پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم :

.....

1 - ئەم دیوانە (الکتاب: امس المکان الآن) یەك قەسیدەی دوورودرێژە وبونیادێکی شێوەکییانەی هەیەو بەشێوەیەکی ئۆرکیسترالی دادەبەزێت و هەڵدەکشێت و خامۆش دەبێت و بڵندەبێتەوەو دەقیژێنێت و دەچرپێنێت و ون دەبێت و دەردەکەوێتەوە و لە بزاوتێکی پێکهاتووەوا شپرزەدەبێتو

هێوریش دەبێتەوە و ئاماژە بۆ دەریای مێژووییمان دەکات. ئەم کتێبەلە سالّی 1995 بەدووبەش لە (دار الساقي) دا لە بەیرووت چاپکراوە.

2- مالارمێ: یەکێکە لە دیارترین شاعیرانی سیمبۆلیزم، لە 1842/3/18 لەپاریس لە دایکبووە و لە 1898/9/9 کۆچی دوایی کردووە .

3- ئۆلیس **Ulysse** لە جەنگی تەرواد ە یەکێك بوو لە پالّەوانە ئەفسانەییەکانی یۆنان. پاشای ئیتاکاو مێردی پینلۆپ بوو، قارەمانێتی ئەم پالّەوانە لە (ئۆدیسە)ی هۆمیرۆسدا باسکراوە. جیمس جۆیسیش لە سالّی 1922 ڕۆمانی (یۆلیسیس) ی لەم کارەکتەرەوە دارشتووە. جۆیس ڕۆماننووسێکی بە ڕەسەن ئیرلەندییە، لە سالّی 1882 لە دایکبووەلە سالّی 1941 کۆچی دوایی کردووە .

4-جورج تەرابیشی: نقد نقد العقل العربي، دار الساقي 0 بیروت . 1996 .

5- جورج تەرابیشی: نووسەرو ڕووناکبیرێکی سوورییە، لە سالّی 1931 لە شاری حلّەب لە دایکبووە، لە سالّی 1972 چۆتە لوبنان و پاشان لە سەرەتای هەشتاکانا چووەتە پاریس، گەلێك کتێبی وەرگێڕاوە و ئەم کتێبانەشی نووسیوە (شرق و غرب/ رجولة وانوثة) 1989 ، (منجة التراث في الثقافة العربية المعاصرة) 1993.

محمد عابد الجابري: ڕووناکبیرێکی مەغریبییە، لە 1935/12/27 لە دایکبووە،لە سالّی 1970 بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی (الرباط) وەرگرتووە و ئێستا لە هەمان زانکۆدا مامۆستای فەلسەفە و فیکری ئیسلامییە. لە کتێبەکانی: (نحن و التراث) 1980 ، (الخطاب العربي المعاصر) 1982 ، (بنية العقل العربي) 1986 ...هتد .

محمد ئارکۆن: ڕووناکبیرێکی جەزائیرییە و لە پاریس دەژی، لە سالّی 1969 بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە، لە زانکۆی سۆربۆندا مامۆستای مێژووی فیکری ئیسلامییە. لە کتێبەکانی (الفكر الأسلامي. قراءة علمية) 1987 ، (الأسلام، اوروبا، الغرب) 1995 ، (قضايا في نقد العقل الديني) 1998 ، (الفكر الأصولي واستحالة التأصيل) 1999 .

عبدالله العروی: ڕووناکبیرێکی مەغریبییە، لە 7 /11 /1933 لە دایکبووە، یەکێکەلە دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانی هێزە میللییەکان. لە کتێبەکانی (الأيديولوجية العربية المعاصرة)

1967 ، (العرب و الفكر التأريخي) 1970 ، (مفهوم التاريخ) 1992 ، (مفهوم العقل) 1996

.

حسن حنفی: ڕووناکبیرێکی میسرییە و لە ساڵی 1935 لە قاهیرە لەدایکبووە، سەرۆکی بەشی فەلسەفەیە لە کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی قاهیرە. لە کتێبەکانی: (مقدمة في علم الأستغراب) و (التراث و التجديد) و (من العقيدة الى الثورة) .

6 - کتێبی (في الشعر الجاهلي) ی طه حسين بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1926 لە قاهیرە چاپکراوە .

7 - منصور فهمي: نووسەرێکی میسرییە لە ساڵی 1886 لە دایکبووە لە پاریس خوێندنی تەواوکردووە ، لە ساڵی 1959 کۆچی دوایی کردووە. لە ساڵی 1913 دا کتێبێکی نووسیوە بەناوی (أحوال المرأة في الأسلام) ئەم کتێبە هەر لە زانکۆدا هەڵگیرابوو و چاپ نەکرا تا لە ساڵی 1997 دا (دار الجمل) لە ئەڵمانیا چاپی کرد.

8 - علی عبدالرازق: لە ساڵی 1888 لە دایکبووە، لە ساڵی 1925 کتێبی (الأسلام وأصول الحكم) ی نووسیوە، لە ساڵی 1971 کۆچی دوایی کردووە .

9 - (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) ناونیشانی ڕۆمانێکی ناوداری ڕۆمانnووسی سعودی (عبدالرحمن منيف) ە کە لە ساڵی 1977 لە بەیرووت چاپکراوە .

10 - ئەم کتێبەی ئەدۆنیس لە ساڵی 1947 لە چاپخانەی (دار العودة) لە بەیرووت چاپکراوەوە

.

11 - ئەم کتێبەی جابری لە ساڵی 1984 لە چاپخانەی (دار الطليعة) لە بەیرووت چاپکراوە.

12 - ئەم زانکۆیە لە دواییدا ناوەکەی گۆڕدراو بوو بە: زانکۆی ئەمەریکی لە بەیرووت.

13 - ئەمڕۆ پێی دەوترێت: زانکۆی قاهیرە .

پەراوێزەکانی بەشی هەشتەم :

.....

1 -ئەو چینانەی زۆر هەژارن، زۆرتر کۆنەپەرستن، هەژاری بواریکی زیندووە کە نەخوێندەواری و تاوانکاری تیادا سەوز دەبێت و پاشکەوتوویی و نەزانینی تیادا بلاۆ دەبێتەوە. لەم نێوەندەدا

دەسەلاتەکان پیاوەکانی خۆیان ساز دەدەن و شەپۆلە فەندەمینیتالیزمەکانیش موریدەکانی خۆیان لە پیاوکوژان هەڵدەبژێرن. ئاخۆ عەقڵی دەستەبژێرە ڕۆشنگەرەکان دەتوانێت ئەو توێژەبەدوای خۆیدا ڕابکێشێت و نەهێڵێت ببنە ئامرازێکی سەرکوت و ستەمکار و نەهێڵێت ببنە ئەو توێژە تاریکەی لە دژی ڕووناکبیرە ئازادەکان بووەستن .

2-جان پۆل سارتەر لە ساڵی 1958 و لە ساتەوەختی شۆڕشی جەزائیریدا، بانگەوازێکی بلاوکردەوەو تیایدا داوای لە فەڕەنسییەکان کرد خزمەتی سەربازی ڕەت بکەنەوەو سەرۆک دیگۆل بە جەللاد وەسف بکەن، وەزیری ناوخۆش پێشنیاریکرد سارتەر بگرن و زیندانی بکەن، بەڵام دیگۆل وتی: ئایا دەشێت قۆڵتێر زیندانی بکرێت ؟

3- ئاڵتۆسێر: ڕووناکبیرێکی مارکیسیی گەورەیە، لە ساڵی 1918 لە دایکبووە، دووچاری شیزۆفرینیایەکی توند بوو و لە ڕێکەوتی 16 /11 /1980 ژنەکەی خۆی خنکاند، خۆشی لە ڕێکەوتی 22 /10 /1990 کۆچی دوایی کرد.

(فۆکۆیاما) ئەمەریکییەو بە ڕەگەز ژاپۆنییە لە ساڵی 1952 لە شیکاگۆ لەدایکبووە، لە ساڵی 1989 وتارە بەناوبانگەکەی بەناوی (کۆتایی مێژوو) نووسیوە.

هنتنگتۆن لە ساڵی 1927 لە نیویۆرک لە دایکبووەو لە ساڵی 1993 وتارەبەناوبانگەکەی بەناوی (ململانێی شارستانییەکان) نووسیوە.

نوام چۆمسکی جوولەکەیەکی ئەمەریکییەو بە ڕەچەڵەک ڕووسییە، لە ساڵی 1928 لە دایکبووە.

لیڤی شتراوس جوولەکەیەکی فەڕەنسییە و لە 28 /11 /1908 لەدایکبووە، (ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادگەری1958) یەکێکە لە گرنگترین بەرهەمەکانی.

(ڕۆلان بارت) نووسەرێکی فەڕەنسییە لە ساڵی 1915 لە دایکبووە وەلە ساڵی1980 بە کارەساتی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کردووە .

4-هایدگەر: گرنگترین فەیلەسووفی سەدەی بیستەمە، لە 26 /9 /1889 لە ئەڵمانیا لە دایکبووە، لە ساڵی 1920 پەیوەندیی بە کاسۆلیکییەت پچڕیوە، لە ڕێکەوتی26/5/1967 کۆچی دوایی کردووە. لە بەرهەمەکانی (الکینونه و الزمان) .

5 -کۆپەر نیکۆس: زانایەکی گەردوونیی پۆڵۆنییە لە ساڵی 1473 لە دایکبووە، ئەم زانایە سەلماندی کە زەوی بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و بەدەوری هەتاویشدا دەسووڕێتەوە لە ساڵی 1543 کۆچی دوایی کردووە.

6 -گالیلۆ: زانایەکی گەورەی زانستی فیزیاو گەردوون و بیرکارییە، گالیلۆ ئەوەی سەلاند کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، پاشان کڵێسە دژایەتییانکرد تا ناچار بێتلەو ڕایە پاشگەز بێتەوە.

7 -جیهانگیری باوەڕێك یان تەوژمێك نییە تا ڕەتی بکەینەوە یان قبوڵی بکەین یان دژایەتی بکەین، بەڵکو پێشکەوتنێکی مێژوویی و بازدانێکی ژیاریشە کە دنیا ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شۆڕشە زانستی و تەکنەلۆژییەکان. بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە ئەم کتێبەی (عەلی حەرب) ی ڕووناکبیری لوبنانی (علي حرب، حديث النهايات: فتوحات العولمة و مأزق الهوية، الدار البيضاء 0 بيروت، المركز الثقافي العربي، 1999) .

پەراوێزەکانی بەشی نۆیەم :

.....

1 - حسين مروه، لە 1987/2/18لە بەیرووت تیرۆرکرا .

2 - مهدی عامل، لە 1987/5/18لە بەیرووت تیرۆرکرا .

3 - فرج فودة ، لە 1993/6/8لە قاهیرە تیرۆرکرا .

4 - نجيب محفوظ، لە 1994/10/14 هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە .

5 - ڕۆشنبیری هێرش نابات، بەڵکو پڕۆسەی خۆی و گەشانەوە و ڕەونەقی خۆی دەردەخات، ئیدی فراوان دەبێتەوە و بە هەموو لایەکدا بلاودەبێتەوە، لەڕاستیدا فراوانبوونەوە و بلاوبوونەوەدوو خاسییەتی جەوهەریی ڕۆشنبیرین نەك هێرش و پەلاماردان. دۆخی ڕۆشنبیریی یۆنانی لە چاخی کۆنا بەمجۆرە بوو، دۆخی ڕۆشنبیریی عەرەبی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەمجۆرەبوو، دۆخی ڕۆشنبیریی خۆرئاواییش لەم چەرخە نوێیەی ئەمڕۆماندا بەمجۆرەیە.

6 - ئیبن راوەندی دەیووت: ئەگەر ئایین لەگەڵ عەقڵدا ڕێك بێت ئەوا پێویستیمان پێی نییە، ئەگەر لەگەڵ عەقڵیشدا جیاواز بێت ئەوا ڕەتی دەکەینەوە. ئیبن راوەندی لە سالّی 210ی هیجری لە دایکبووە و لە سالّی 250 ی هیجری کۆچی دوایی کردووە، لە بەرهەمەکانی: (فضيحة المعتزلة) و (الزمرد) .

7 - دوو دێرە شیعری ئەبو عەلای مەعەرِی هەیە هەڵوێستی ئەو لە بارەی ئایین ڕوونەکەنەوە:

اثنان اهل الأرض ذو عقل

بلا دين و دين لاعقل له

افيقوا افيقوا ياغواة فأنما

ديانا تكم مكر من القدماء

8 -الوليد بن يزيد: خەلیفەیەکی ئومەوییەو لە سالّی 707 زلە دایکبووە، لە پاش مەرگی هشام بن عبدالملك کراوە بە خەلیفە، لە سالّی 744 زلە خەلافەت لابراوەو پاشان کوژراوە. کەسێکی شەهوانی بووەو حەزی لە شەراب و بەزم و ڕەزمی ئاهەنگ و گۆرانی بووە.

9 - المسعودي لە کتێبی (مروج الذهب و معادن الجوهر) دا ئەم بابەتەی باسکردووە، ئەم کتێبە لە سالّی 1964لە قاهیرە چاپکراوە .

10 - ئەلرازی: ناوی محەمەد کوڕی زەکەریا ئەلرازیە، نکولّی لە پێغەمبەرایەتی دەکرد و کتێبە پیرۆزەکانی ڕەتدەکردەوە. لە کتێبەکانی (العلم الألهي) و (مخاريق الأنبياء) .

11 - قاسم الشواف ئەم کتێبەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و ئەدۆنیس پێشەکی بۆ نووسیوە، لە سالّی 1996 لە دار الساقي لە بەیرووت چاپکراوە.

12 - هەندێك لە توێژەران وایدەبینن چیرۆکەکانی قورئان گێڕانەوەی ڕووداوگەلێك نین کە بەڕاستی لە مێژوودا ڕوویاندا بێت، بەڵام کۆمەلێك حیکایەتن و مەبەستی مەوعیزە دادانیان تیا هەیە. لەبەرئەوە نابێت ئەو چیرۆکانە وەك کۆمەلێك ڕووداوی ڕاستەقینە تەماشا بکرێن بەڵکو وەك کۆمەڵێك هێما تەماشا دەکرێن .

13 - بڕوانە فەتوای ابو حمزة المصري (مصطفى كامل) لە ڕۆژنامەی (الحياة) لە 1997/5/1 کە ڕێگە بە یەکێك لە میرەکانی گرووپی ئیسلامی جەزائیر (عنتر الزوابري) دەدا چێژ لە ئافرەتە

جەزائیرییەکان وەربگرێت چونکە ئەوانە ژنی موشریکەکانن، وەك چۆن ابو بکر الصدیق ئەم کارەی لەگەڵ ژنی موشریکەکان کردووە .

پەراوێزەکانی بەشی دەیەم :

.....

1 - جاك لانگ: فەرەنسییەکی یەهوودییە، لە ساڵی 1939 لەدایکبووە. لە ساڵی 1981بووە بە وەزیری ڕۆشنبیریی فەرەنسا .

2 - یەهودا مینۆحین: یەهوودییەکی بە ڕەسەن ڕووسییە، لە ساڵی 1917لە دایکبووە ولە ساڵی 1999 کۆچی دوایی کردووە .

3 - گەرەکی (رامات غان) لە تەلئەبیب تا ڕادەیەکی زۆر بە گەرەکێکی عێراقی دادەنرێت.

4 - قورئانی پیرۆز ، سورەتی (التحریم) ، ئایەتی (17) .

5 - (باخچەکانی ئاگر) و (مەلەکوتی با) لە قەسیدەی (ملك مهیار) ولە دیوانە شیعری (أغاني مهیار الدمشقي) دا، ئەم شیعرە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری (شیعر) ساڵی 1961 لە بەیرووت بلاوکراوەتەوە.

6 - ناونیشانی قەسیدەیەکە لە کۆمەڵەی شیعری (أغاني مهیار الدمشقي) دا .

7 - بیروت، دار العودة، 1971.

8 - ئەدۆنیس لە (أغاني مهیار الدمشقي) سوپاکانی خۆی لە درەختو بەردو شیو و گژوگیاکان کورت دەکاتەوە و دەڵێت: (شجرة تغیر اسمها وتأتي الي، حجر یغتسل بصوتي، سهل یکتسي بأوراقي، هذه جیوشي و سلاحي العشب) .

هەندێک گفتوگۆی دیکە

ئەگەر ئێمە تەنها دیوە جوانەکەی میژووەمان ببینین، واتە میژووی خۆمان نابینین !

دوا کتێبی شیعریی (ئەدۆنیس) ی شاعیر, کتێبێکە بە نێوی (کیتاب) کە لە ساڵی (1995) لە (دار الساقي) چاپکراوە, ئەم کتێبە لە ناونیشانی بابەت و فۆرمدا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەو دیوانە شیعریانەدا هەیە کە تائێستا چاپکراون, بۆیە چەندین پرسیاری جۆراوجۆری لەلای نووسەران و خوێنەران وروژاندووە .

ئەدۆنیس ئەم کتێبەی ناو ناوە (الکتاب- أمس المکان الان) لە خوارەوەشدا نووسیویەتی (مخطوطة تنسب الى المتنبي يحققها وينشرها أدونيس) واتە، ئەمە دەستنووسێکە دەدرێتە پاڵ موتەنەبی و ئەدۆنیس لێی دەکۆڵێتەوەو بلاوی دەکاتەوە .

بۆ زیاتر شارەزابوون لەم کتێبەی ئەدۆنیس، بڕوانە گۆڤاری (الموقف الثقافي) ژمارە (5) ساڵی (1996) کە ڕەخنەگری عێراقی (طراد الکبیسي) لێکۆڵینەوەیەکی جوانی لەسەر فۆرم و ناوەڕۆکی دەقەکان نووسیوە لە تەك هێنانەوەی چەندین نموونە لە دەقەکان .

بە بۆنەی دەرچوونی ئەم کتێبەوە کە دواتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییە عەرەبییەکاندا زۆری لەسەر نووسرا، گۆڤاری (العالم) لە ژمارە (664) ی مانگی ئازاری ساڵی (1999) دا دیمانەیەکی لەگەڵ ئەدۆنیس سازکردووە، لێرەدا تەواوی دیمانەکە وەردەگێڕین چونکە ئەو بۆچوونانەی لە فیکری ڕۆشنبیرێکی گەورەی وەك ئەدۆنیس دەردەچێت، شوێنی بایەخ پێدانێکی گەورەیە، ڕەخنەکانی ئەو لە میژوو و کۆمەڵگای عەرەبی، تا ئەندازەیەکی زۆر، بەسەر میژوو و کۆمەڵگەی ئێمەشدا دەچەسپێت .

*** دوا بەرهەمی تۆبەناوی (الكتاب) هەر لە ناونیشانەکەیەوە تا ناوەرۆك و بونیادی فۆرمەکەی، گەلێك پرسیاری وروژاندووە، ئاخۆ لە کاتی هەڵبژاردنی ناونیشانەکەیدا تاچ ئەندازەیەك قورئانی پیرۆز لە زەینی تۆدا ئامادە بووە؟ بێگومان لێرەدا (کتاب) ی (سیبویە) یش هەیە .**

- بێگومان ناتوانم قورئانی پیرۆز لەبیر بکەم کە ناونراوە (الكتاب)، هەروەها ناشتوانم (سیبویە) لە بیربکەم، بەڵام جگەلەوانە چەندین کتێبی دیکەی ئایینی هەن، قورئانی پیرۆز بەو کۆمەڵ و گرووپانەی بەر لە سەرهەڵدانی ئیسلام هەبوون پێیان دەڵێت (ئەهلی کیتاب)، ناوی (کتێب) لە کەلەپووری ئیسلامیدا هەیە، ئەمەش فیکرەیەکی بنچینەیی سەبارەت بە گواستنەوەی قۆناغی زارەکی بۆ قۆناغی نووسین. هەروەك چۆن (سیبویە) خواستی ئەوەبوو کتێبێکی بنچینەیی بۆ زانستی زمانی عەرەبی دابنێت، ئەوا منیش خواستی خۆم لەوەدا ناشارمەوە کە دەمەوێت لە تێڕوانینی خۆمەوە کورتەی ئەزموونی خۆم لە پەیوەندیم بە شارستانییەت و بە کولتووری عەرەبییەوە پێشکەش بکەم، من ئەم کتێبەم بە ئەقڵەست ناوناوە (کیتاب) تا هەمان ئەو ناوەی پێ ببەخشم، هەروەها بۆئەوەی ڕەهەندێکی دیکەیشی بدەمێ کە ڕەهەندێکی بەربلاوو گشتگیرە، بەجۆرێك ناکرێت لە دوای (الكتاب) شیعرییانە قسە لەسەر شارستانی عەرەبی بکەم, بەڵکو لێرەدا سەبارەت بە پەیوەندی و بە تێگەیشتنم بۆ شارستانیی عەرەبی، دوا قسەی خۆم دەکەم، بەڵام ئەو ناولێنانە ڕێژەییە چونکە لەخوارەوە ناونیشانێکی بچووکم بۆ دانا (الكتاب أمس المكان الان)، ئیتر لە چوارچێوەی چەمکی ڕەهای کتێبدا نەماوە، بەمجۆرە مەسافەیەك لەنێوان من و دەلالەتی ئایینی و وشەی کتێبدا هاتە کایەوە، ئەم وتە ئایینییە دەبەستمەوە بە شوێن و جوولانەوەی زەمەن و بزاقی میژوو .

*** ئەی سەبارەت بە بونیادی فۆرمی (الكتاب)، چی دەڵێی ؟**

- بۆ ئەوەی خۆم بە کولتووری عەرەبی و بەم میژووە عەرەبییەوە بگرم، دەبوایە خۆم لەناو ئەو قەسیدەیە دەربهێنم کە گشت توخمە خودی و بابەتییەکان بە بینایەکی یەکگرتوو

و بە شێوەیەکی داخراو دەتوێنێتەوە، من دەمەوێت وێنەیەکی لێکدراوی ئەم میژووە، بە ڕەهەندە جیاوازەکانییەوە، ببەخشم، لەبەرئەوە ماوەیەکی زۆر خۆم خەریك کرد تا دواجار گەیشتمە ئەو بونیادی فۆرمەی لەم کتێبەدا هەیە، بەجۆرە هەر لاپەڕەیەك سێ دەقی لەخۆگرتووە، دەقی لای ڕاست (پەراوێز) گریمانی ئەوەی لێدەکرێت کە یادەوەریی (موتەنەبی) بێت : ڕێنیشاندەری من لەم زەمەنەدا، ئەم یادەوەرییەش لە سالّی (11)ی کۆچییەوە دەستی پێکردووە، لێرەدا تەرکیزم کردۆتە سەر زۆربەی ئەو ڕووداوانەی بە میژووی ئیمەدا تێپەڕیون کە دەلالەتێکی سیاسییان لە پەیوەندیی نێوان دەسەلاّت و هاوولاّتیدا هەبووە, بەلاّم دەقی دووەمی هەمان لاپەڕە ئیستلهامی ژیانی موتەنەبی دەکات، ئەمەش بەشێوەیەکی ئالۆز لە ڕووی سیاسی و کولتووری و کۆمەلاّیەتییەوە تێکەڵ بە ژیانی عەرەبی بووە، نەك تەنیا لەناو کۆمەلّگەی عەرەبی بەلّکو لە پەیوەندیی ئەم کۆمەلّگەیە بە ئەویترەوە، بەلاّم دەقی سێیەم بریتییە لە خاتیرەیەکی سەربەستی شیعریی، واتە بریتییەلە قسەی شاعیر پاش ئەوەی لە میژوو و ژیانی ڕۆشنبیری سیاسی کۆمەلاّیەتی عەرەبی ڕادەمێنێت .

لەم فۆڕمە نوێیەدا ویستوومە ئەو لاپەڕەیە فرەدەنگیی تێدابێت، وەك درەختێك لقەکانی بەهەموو ئاڕاستەیەك درێژ بکاتەوە، بەچەشنێك کارلێك لەنێوان تووخمەکانی ئەو لاپەڕەیەدا هەبێت، تا لەو سیستمە تەقلیدییە دەرچین, هەروەها لە دەنگی لیریکییەتی ناو میژووی شیعری عەرەبی دەرچین، هەروەها ئەو دەنگە لیریکییەی کە بەسەرچووە، من لێرەدا شتەکان لە هەمان چرکەساتدا دەبینم، زۆریش سوودم لە هونەری سینەما وەرگرتووە، چونکە شاشەی سینەما دەتوانێت لەیەك کاتدا ڕابردوو و ئێستاو پێشبینییەکانی ئایندەمان پیشان بدات، واتە توێژێکی تەواوی ژیانی فکری و دەروونی و هونەریی دەنوێنێت، ویستم لەهەر لاپەڕەیەکدا توێژێکی خودیی بابەتی لە ژیانی کولتوورو سیاسی پێشکەش بکەم، لەبەرئەوە، ئەم کتێبە سێ کتێبە لەیەك کتێبدا، کتێبەکەشم

دابەشکردۆتە سەر حەوت پاژ، هەر پاژێکیش لە بیست و هەشت دەق پێکدێت، واتە بەقەدەر ژمارەی پیتی ئەبجەدی، لە کۆتایی پاژەکەشدا بە (پەراوێزە عەرەبییەکان)دا تێدەپەڕم، پەراوێزەکان بریتیین لە گەورە نووسەران و شاعیران و ڕووناکبیران، ئەوانەی بەشداری خولقاننی شارستانیی عەرەبی و ئیسلامییان کردووە، ئەوانیشم ناونـاون (پەراوێزەکان) چونکە چارەنووسی ئەوان وابوو هەمیشە دژایەتی دەکران و دەخرانە پەراوێزەوە، یان لەبەر هەر هۆیەک بوایە دەکوژران .

*** بەڵام بۆچی سوور بوویت لەسەر ئەوەی تەنیا لایەنی ڕەشی مێژووی عەرەبی ببینیوبینووسیتەوو تەدوینی بکەیت ؟**

- بەڵێ با منیش بپرسم بۆچی ئەمڕۆ گشت عەرەب بە دڵڕەقی و تونلو تیژییەوە باسی ئێستا دەکەن، بەڵێ کاتێک سادەترین ڕەخنە لە ڕابردوو دەگرین ئیدی هەڵدەچن وەک بڵێی ئێمە دەبێت تەنیا دیوە ڕەونەقدارەکەی ببینین و قسەی لەسەر بکەین، دەبێت ئەو مێژووە ڕووت بکەینەوە کە لێوەی هاتووین، مێژوویەک ڕێنوێنیمان دەکات و ئێمەش تەنیا لایەنی ئایدیۆلۆژیی دەبینین کە ئەمەش مێژوو دەشێوێنێت، ئەگەر ئێمە تەنیا دیوە جوانەکەی مێژوو ببینین مانای وایە نایبینین, جا بۆئەوەی ڕاستیی مێژووی خۆمان ببینین دەبێت وەک گشتێک ببینین ئەوسا دەتوانین بۆچوونێکی دروست لەسەر ولاّت و ژیان و ئایندەمان پێک بێنین، بەم مانایە مێژوونووسە کۆنەکانی عەرەب لە مێژوونووسەکانی ئێستامان زۆر بوێرترو ڕاستگۆترو واقیعیتربوون، مێژوونووسە تازەکانمان مێژوو وەک جوانی و چاکەو مەزنی پێشکەش دەکەن، کە باسی ئەندەلوس دەکەن تەنیا وەسفی مەزنی و جوانیی پاشماوە دێرینەکانی ئیسلامی دەکەن، باسی ئەو جەنگە دوورو درێژانە ناکەن کە بە درێژایی (700) ساڵ بەردەوام بوو.

سەرنجم چۆتە سەر بابەتێکی دی، کەسێک باسی مەزنیی مۆرفۆلۆستیی لەلای تاکی کۆنی عەرەبی نەکردووە کە چۆن دژایەتیی دەسەلاّتدارانی کردووەو، ژیانی لەو پێناوەدا

بەخشیوە، یان بەناچاری ژیانی ئاوارەیی و پڕ لە ئازاری هەڵبژاردووە، بەڵام ئەو کاتە سنوورەکان دانەخرابوون، بۆنموونە ئەگەر شاعیرێك لە بەغدا تووڕە بوایە و نەیتوانیبایە لەوێدا بەبێ ترس بژی ئەوا دەیتوانی بچێتە شارێکی دی بێتەوەی کەسێك ڕێی لێ بگرێت.

*** باشە بۆچی (موتەنەبی) ت هەڵبژارد، لە کاتێکدا موتەنەبی لەڕووی هونەرییەوە شاعیری یەکەمی تۆ نییە وەك خۆت زۆرجار ئەمەت درکاندووە ؟**

- ئەمە ڕاستە، موتەنەبی لەڕووی هونەرییەوە شاعیری یەکەمی من نییە بەپێی ڕەوتی شیعریی من، لەڕاستیدا ڕەوت و ئاڕاستەکان دابەش دەکەمە سەر دوو بەش: یەکەم ئەو شاعیرانەی لەنێو پێدراوی کەلەپوور و نەریتی باودا دەنووسن کە دەشێت هەندێکجار ڕەخنەیان لێبگیرێت بەڵام ڕەخنەکان هەرچەندێکیش تووندبن ئەوا هەر لەناو هەمان ئەو پێدراوی مەقبوڵ و باوەدا دەمێننەوە، بەڵام ئاڕاستەی دووەم: ئەو پێدراوە باوە ڕێتدەکاتەوە و بنچینەکەی دەلەقێنێت و هەوڵدەدات ئاسۆیەکی دی بۆ نووسین و بەهای نووسین و چەمکی شیعر بکاتەوە، خۆم سەر بە ئاڕاستەی دووەمم، بەم تێگەیشتنە، موتەنەبی شاعیری یەکەمی من نییە، بەڵکو من (ئەبو نەواس) م پێ باشترە چونکە ئەبونەواس بەهایەکی دیکەی ئیستاتیکی و جیهانێکی دیکەی خوڵقاندووە کە جیاوازە لە جیهانی باو و جیهانی (بادیە). شیعری ئەبو نەواس، بۆ یەکەجار لە میژووی شیعری عەرەبیدا، شیعری مەدەنییەتە، بەداخەوە ئێمە لە زانکۆکانماندا وەك شاعیرێکی بەدمەست و وەك شاعیرێکی بەڕەلاێی سێکسی (ماجن) دەیناسێنین، لە کاتێکدا ئەو یەکێکە لە گەورەترین ئەو شاعیرانەی لە شیعری عەرەبیدا هەستی نوێ و بەهای ئیستاتیکی نوێی دامەزراندووە، بەڵام هەڵبژاردنی من بۆ (موتەنەبی) دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی دی، موتەنەبی لەناو شیعری عەرەبیدا بە شاعیری دەسەلاّت دەژمێردرێت, هەروەها تەماهییەك لەنێوان ژیان و شیعری ئەم شاعیرەدا هەیە بە ڕادەیەك دژایەتییەکی ئێجگار زۆر دەردەخات کە لەگەڵیدا دژایەتییەکانی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەلاێەتی و ئابووری عەرەبی دەردەخات،

لەگەڵ ئەمانەشدا موتەنەبی شاعیرێکی مەزنە، ئەم لایەنانە وایان لێکردم موتەنەبی هەڵبژێرم تا بتوانم لەوێوە دژایەتییە جیاوازەکانی ژیانی عەرەبی ببینم .

*** هەندێ کەس وایدەبینن لەلای تۆ (فیکر) بەسەر کەشوهەوای شیعردا زاڵە ؟**

- ئەمە بۆچوونێکە بەتەواوی شیعر لە فیکر جیادەکاتەوە، من خۆم یەکێکم لەو شاعیرانەی شیعرو فیکر بەیەکەوە گرێ دەدەم، لەو باوەڕەشدانیم بەبێ یەکگرتوویی شیعروفیکر، شیعرێکی مەزن هەبێت، ئەگەر هەموو شاعیرانی دنیا بخوێنیتەوە، لەوانە بێگومان شاعیرە گەورەکانی عەرەب و تەنانەت شاعیرانی تەسەوف و ئەوین, دەبینی فیکر لە نووسینی شیعرییاندا شتێکی بنچینەییە، بۆنموونە، (موتەنەبی) دەڵێت:

على قدر اهل العزم تأتي العزائم
وتأتي على قدر الكرم المكارم
یان (ابو علاء المعري) دەڵێت :

جسدي خرقة تماط الى الأرض
فيا خائط العوالم خطنى

ئەمە فیکرە لە شیعردا، ئەگەر شیعر فیکری لەناودا نەبێت ئەوا نابێت بە شیعرێکی مەزن، بەڵام بێگومان لە شیعردا جیاوازی لەنێوان فیکرێك و فیکرێکی دیکەدا هەیە، دەبێت بزانین چۆن ئەم فکرەیە هەڵدەبژێرین,فیکر لە شیعردا وەك بۆنی گوڵ وایە، من دان بەوەدا دەنێم شاعیرێکم هەڵەم کردووە، ئەگەر ئەو هەڵەکردنانەش نەبوونایە قێزم لەخۆم دەبۆوە، جا لەبەرئەوەی من دان بەو هەڵانەدا دەنێم، واتە هەوڵدەدەم هەڵەکان تێپەڕێنم، دەشێت لە هەندێك شیعردا فیکر زۆرتر بێت بەڵام ئاڕاستەی سەرەکیی من ئەوەیە کە فیکر لە شیعردا زیاد بکەم تا بۆنی عەترێکی لێبێت کە لە ئاخاوتنەنەوە دەردەچێت .

*** بۆچی هەمیشە باسی ڕابردوو دەکەیت، وەک بڵێی دواکەوتوویی ئێمە لە ڕابردوومانەوە بێت ؟**

- بۆ سەیرکردنی مێژوو چەند ئاستێك هەیە، یەکەمیان ئاستی (زمان)ە کە قسەی پێدەکەین و پێیدەنووسین, ئەم زمانە تەنیا موفرەدەو فەرهەنگ نییە، بەڵکو بە سۆزو دەلالەت و چەند مانایەك بارگاوی کراوە کە تەنیا بە تێگەیشتن و شارەزابوون لە ڕێردوویان دەتوانین تێیبگەین، بەمجۆرە کاتێك ئاگاداری ڕابردووی ئەو زمانە نەبین یان ئاگاداری ئەو جوانییە نەبین کە لە ڕابردوودا هەیبوو،ئەستەمە بتوانین بە زمانێکی وا، ئیستاتیکایەکی نوێ دروست بکەین. دیسان ئەستەمە بتوانین لە نێوان (وشە) و (شت) دا پەیوەندییەکی نوێ بخوڵقێنین، ئەگەر لە پەیوەندییە کۆنەکەیان تێنەگەین .

بەڵام لە ئاستی دووەمدا، ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، ئەوا لە مێژووی عەرەبیدا هیچ دابڕانێکی بنچینەیی ڕووی نەداوە تا چەند بەهایەکی مەدەنی و دیموکراسی و مرۆیی دامەزرێنێت کە (مرۆڤ) لەناو تەوەرەکانی بایەخپێدانـدا ببێتـە تەوەرەیـەکی سەرەکی, بەڵکو هەمیشە ڕابردوو گرنگیی پێداوین و لە گشت ئاستەکانی قوتابخانە و خێزان و سیاسەتدا تیاماندا دەژی، هەروەها لەسەر ئاستی سیستەمی کۆمەڵایەتیش. ئێمە بۆچی ئەمە بشارینەوە؟ ئێمە زۆرمان نەماوە بچینە ناو سەدەیەکی نوێوە و کۆمەڵگەی عەرەبیش لە دوو کیشوەری ئاسیاو ئەفـەریقیادا بـە (300) ملیـۆن کەسـەوە ژیـان دەگوزەرێنن، ئێمە شارستانییەتێکی کۆنینـەی (5000) سـاڵیمان هەیـە و لانکـەی مرۆڤایەتی لە زەوییەکانی ئێمەوە دەرچووەو هێزێکی بەشەریی زۆر و هێزێکی ماددیی مەزنمان هەیە و زۆر قسەی دیکەی لەم بابەتە کە بێزاربووین ئەوەندە باسـیان بکـەین. جگەلەمانە، کاتێك ئێمە دەچینە ناو شارستانییەتێکەوە کە لـە ڕەگـەوەو لـە گـشت لایەنێکەوە جیاوازە لەگەڵ ئەو شارستانییەتەی ئەمڕۆی ئێمە، دەبینین شارستانییەتی فەزاو کۆمپیوتەر هیچ پەیوەندییەکی بە شارستانییەتی ئێمەوە نییە، بەڵکو لەوە دەچێت ئێمە لەسەردەمی بەر لە مێژوودا بژین، عەرەب یەك کۆمەڵگەی مەدەنیشی نییە، بۆیە دەڵێم

ڕابردوو هەمیشە لە ناوماندا دەژی و جێگیربووە، بەڵام ئەوەش نالێم کە ڕابردوو لە دواکەوتوویی ئێستە بەرپرسیاربێت.. (دواکەوتوویی) خۆمانین, دواکەوتوویی ئەو واقیعەیە کە تیایدا دەژین، هۆیەکانی دواکەوتن لە ئێستای ئێمەدا خۆی حەشارداوە، بەڵام بەبێ پەیوەندی قوواڵی دواکەوتوویی (ئێستا) بە (ڕابردوو) ەوە ناتوانین لە (ئێستا) تێبگەین، بۆ ئەوەی لە ئێستا تێبگەین دەبێت لە ڕابردوو تێبگەین .

*** زەمەنی لەیەکچوونی نێوان سەردەمی (ئەدۆنیس) و سەردەمی (موتەنەبی) چییە ؟**

- لە یەکچوونی نێوان زەمەنی (موتەنەبی) و زەمەنی (ئێستا)، بە باوەڕی من، زەحمەتە چەند بەشێکی میژوویی وا هەبێت دوور لەیەك و بەڵام وەك یەکیش بن، هەندێك دیاردە هەن ئەوەندە جێگیرو کەڵەکەکراون، ئەوەندە ماونەتەوەو بەردەوام بوونە، وامان لێدەکات پێمان وابێت هەندێ شت لە میژووماندا بە جێگیری دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی من لەهەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا باوەڕم بە شتی جێگیرو نەگۆڕ نییە ، ئەو جێگیرییە تەنیا لە ئایینداا هەیە، ئایین جێگیرو نەگۆڕە چونکە خۆی بەجۆرێك پێشکەش دەکات کە بینینی ئایین بۆ جیهان و گەردوون بینینێکی کۆتاییە، تەنانەت لەناو ئایینیشدا کەسی وا هەیە لە تەقەلای خۆیدا بە تەئویللکردن چەند ڕەهەندێکی نوێ بە دەقی ئایینی دەبەخشێت، دواجار ئەو دەقە فیکری نوێی دیکە هەڵدەگرێت کە لە پێشتر و لە ڕابردوودا هەڵگری ئەو فیکرە نوێیە نەبووە.. واتە بەهیچ جۆرێك شتی نەگۆڕ بوونی نییە .

ئەم دیاردانە کەڵەکە دەبن و بەردەوامێتی وەردەگرن، بەتایبەتی لە ئاستی دەسەڵاتو هاوولاتیانداو هەروەها لە ئاستی دامودەزگادا، من ئێستاکە هیچ گۆڕانێکی قوواڵ و جۆرەکی (نەوعی) بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا, بەدی ناکەم، بەگشتی دەتوانین بڵێین گۆڕانەکانی ئێمە، لەچاو قەبارەی میژووەکەمان، زۆر لاوازە، خۆئەگەر بەراوردێك لەنێوان نووسەرێکی عەرەب و نووسەرێکی فەرەنسیدا بکەین (ئەگەرچی من لەگەڵ بەراورد کردندا نیم چونکە هەر کۆمەڵگەیەك بارودۆخێکی تایبەتی خۆی هەیە)، ئەگەر ئەو دوو ڕووبەرە

ئازادە بپێوین کە هەریەك لە نووسەرە عەرەب و نووسەرە فەرەنسییەکە تیایدا دەجوڵێنەوە، ئەوا دەبینین ئێمە لە مەودایەکی زۆر تەسك و بچووکدا دەجوڵێینەوە، کەچی ئەوروپییەك لە فەزایەکی بێ سنووردا دەجوڵێتەوە.. ئەمە لە ئاستی پەیوەندیمان بەخۆمانەوە، ئەی ئەگەر ئەمە لەسەر کۆمەڵگەدا بەگشت ئاستە جیاوازەکانییەوە بەراورد بکەین, چۆن دەکەوێتەوە؟ ئەوسا دەبینین تەنانەت تاکی عەرەبی وەك ژمارەیەك دێتە بەرچاو کە بوونی نییە, بەڵام ڕووناکبیرانی سەردەمی (عەببасی) زۆر لە ئێمە بوێرترو ئازاتربوون، هەروەها زۆر شاعیری کۆنی عەرەب لە شاعیرانی ئێستامان بوێرتربوون .

*** تۆ بەوە تاوانبار دەکرێی کە دەقەکانت قورسن، کەچی زۆرجار باسی ئەوەت کردووە دەقمۆڵگی خوێنەرە بەمەرجێك خوێنەر لە ئاستی دەقەکەدا بێت، لەلای تۆ پێوەری خوێنەری چاك چییە بۆئەوەی بگاتە ئاستی دەق؟**

- بۆئەوەی چێژ لە هونەر وەربگری دەبێت خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی هونەری بیت، ئێمە تا ئێستایش کە تەماشای تابلۆیەکی هونەری دەکەین تەنیا (بابەت) دەکەی دەبینین نەك خاڵی شێوەکارییەکەی، لە کاتێکدا بابەت لە هونەردا زۆر سانەوییە، سانەوی بەو مانایەی ئەگەر لە تابلۆدا بابەتێك هەبێت ئەوا دەبێت لەڕێگەی پێکهاتە و شێوەکارییەکەیەوە ببینین, هونەرمەند و شاعیر لەسەر فیکر کارناکەن بەڵکو لەسەر کەرەستەکانیان, واتە زمانی شێوەکاری خۆی لە خۆیدا زمانێکی تاریکە، بەڵام تا ئێستا تابلۆ لەلای ئێمە، هەروەها شیعریش، تەنیا بریتییە لە ڕۆشنبیرییەکی گشتی .

چۆن دەکرێت قسە لەسەر (کانت) بکەم ئەگەر گشت نووسینەکانی نەخوێنمەوە، بەداخەوە کەسانی وا هەن لە میانی خوێندنەوەی وتارێك یان کتێبێك کە لەسەر کانت نووسراوە ئیتر حوکمی جۆراوجۆری بەسەر دەدەن، دیسان چۆن دەتوانم حوکم بەسەر شیعرەکانی ئەدۆنیس بدەم بێئەوەی گشت نووسینەکانی بخوێنمەوە، بێگومان خەڵکی واهەن جورئەتی ئەوە دەکەن حوکم بەسەر ئەدۆنیس و کەسانی تردا بدەن کەچی کتێبێکی

ئەوانیشیان نەخوێندۆتەوە، بیرم دێت جارێکیان لە زانکۆ لەگەڵ مامۆستایان کۆبوینەوە، مامۆستایەك وتی: ئەدۆنیس کتێبێکی بەناوی (الثابت والمتحول) لەسەر کەلەپووری عەرەبی نووسیوەو لەوێدا ئەو کەلەپوورەی بەجێگیرو نەگۆڕ تاوانبارکردووەو ئیدانەشی کردووە، من زۆرجار ئەم قسانەم لەخەڵکی ئاسایی بیستووەو گوێم نەداوەتێ، بەڵام ئەم پیاوە مامۆستای زانکۆیە و ئاگاداری مێژوو و زمانی عەرەبییەو لەبەرامبەر مامۆستایانی زانکۆدا ئەم قسەیەی کرد، بۆیە بڕیارمدا وەڵامی بدەمەوە، پێم وت: من بەتەیعەتی حاڵ وەڵامی کەس نادەمەوە، بەڵام لەبەر ڕێزم بۆتۆ وەڵامت دەدەمەوە، یەکەم ئەگەر تەماشای ناونیشانی کتێبەکە بکەی (الثابت والمتحول-بحث في الاتباع والابداع عند العرب) بۆت دەردەکەوێت من باسی داهێنان و گۆڕاویش دەکەم نەك تەنیا نەگۆڕ، دووەم ئایا تۆ کتێبەکەت خوێندۆتەوە؟ لەبڕ ڕاچڵەکی و بەڕاستگۆیی وەڵامی دایەوەو وتی نەخێر، وتم باشە چۆن دەبێت یەکێك لەو شوێن و ئاستەی تۆدا بێ و حوکم بەسەر کتێبێکدا بدات کە نەیخوێندبێتەوە. من ئەگەرچی بەتوندی قسەم لەگەڵدا دەکرد، بەڵام نەرم و لەسەرخۆش بووم. جا بۆئەوەی حوکم لەسەر شاعیرێك بدەم دەبێت بەقوولّی گشت شیعرەکانی بخوێنمەوە.

*** تۆ بەنەرجسییەت تاوانبار دەکرێیت، بۆیەشە ناوی خۆت ناوە (ئەدۆنیس)، تۆ دەڵێی چی ؟**

- ئەدۆنیس وەك ئەدۆنیسی ناو ئەفسانەکە نەرجسی نییە، ئەو کاتەی لە پۆلی دووەمی ناوەندی بووم گەنج بووم و شیعرم دەنووسی و بەناوی خۆمەوە (عەلی ئەحمەد سەعید) دەمنارد بۆ گۆڤارو ڕۆژنامەکان، بەڵام هیچیان دەقەکانیان بۆ بڵاوّنەدەکردمەوە، بێگومان منیش تووڕە دەبووم وەك هەر هەرزەکارێك حەزدەکات ناوی خۆی لە ڕۆژنامەدا ببینێت. جارێکیان بە ڕێکەوت گۆڤارێکی لوبنانیم بەرچاو کەوت بابەتێکی دەربارەی (ئەفسانەی ئەدۆنیس) تێدابوو، منیش خوێندمەوەو سەرسام بووم بە ئەدۆنیس، ئیتر بڕیارمدا ناوی هونەریی خۆم بکەم بە ئەدۆنیس، ئەوەبوو شیعرێکم نووسی و ناردم بۆ

ڕۆژنامەی (الارشاد) لە لازقیە کە هەفتانە دەردەچوو, لە خوارەوە ناوی خۆم نووسی: ئەدۆنیس، لەدوای هەفتەیەك بلاۆکرایەوە، پاشان شیعرێکی دیم لەسەر فەلەستین بۆ ناردن، لە لاپەڕەی یەکەمدا بلاۆیانکردەوە لەگەڵ تێبینییەك نووسرابوو (داوا لە ئەدۆنیس دەکەین لە نووسینگەی ڕۆژنامەکەمان ئامادەبێت بۆ هەندێك کاری پێویست)، ئیتر منیش بە جلوبەرگێکی لادێیانەوە چوومە نووسینگەی ڕۆژنامەکە و وتم من ئەدۆنیسم، لەسەرەتادا باوەڕیان نەکرد، بەلاّم لە دواییدا قەناعەتیان هێنا کە من ئەو شیعرانە دەنووسم، لەوساوە ناوی ڕاستەقینەی من لە (عەلی ئەحمەد سەعید) ەوە بووە بە (ئەدۆنیس) و لەو باوەڕەشدام دەرچوون لە ناوی ڕاستەقینەوە بۆ ناوێکی ڕەمزی دژی نەرجسییەتە .

سوریالیزم و پەخشانە شیعر لە دەقی سۆفیگەریدا دەبینم

ئەدۆنیس شاعیرو ڕەخنەگرو تیۆریستی ئەدەبیی عەرەب، بە لێکۆڵینەوە ئەدەبی و نووسینە شیعرییەکانی، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەرجەم نووسینی عەرەبیی جێهێشتووە، لە پەنجاکان و شەستەکاندا هەنگاوەکانی پەرەپێدانی شیعرو نووسینی عەرەبیی خێراتر کردو، لە حەفتاکان و هەشتاکاندا گەلێك پرسیاری لە بەرامبەر شیعرییەتی عەرەبی و بونیادی نووسین قیت کردەوەو، شیعری هێنایە بەردەم گومان و پرسیارکردنەوە، تا هەنووکەش ئەدۆنیس لە لووتکەی هەڕەمێکدا - کە بە نووسینەکانی ئەو هەڕەمەی بنیات ناوە — دانیشتووەو لە (نووسین) ی عەرەبی ڕادەمێنێت و بە تیۆرییەکانی خۆشیدا دەچێتەوە. دیوانە شیعرەکانی (قصائد اولی) و (أوراق في الريح) و (أغاني مهيار الدمشقي) لە سەرەتاکانی نووسینی شیعریدا، ڕووی نووسینی عەرەبیی بەلای شێوازو دەربڕینێکی نوێدا وەرگێڕا، دواتریش (كتاب الحصار) و (كتاب التحولات والهجرة في أقاليم النهار و الليل) و (هذا هو اسمي) و (مفرد بصيغة الجمع) و (المطابقات والأوائل) و دواجاریش (احتفاء بالاشياء الغامضة الواضحة) و (الكتاب- امس المكان الآن) شیواز و ڕوانینێکی نوێیان بۆ شیعری عەرەبی داڕشت. لەتەك ئەم دیوانە شیعرییانەدا، نووسینە تیۆری و ڕەخنەییەکانی — وەك پارسەنگێك- کۆڵەکە ئەدەبییەکەی پتەوتر دەکردەوە بەتایبەتی (زمن الشعر) و (سياسة الشعر) و (الشعرية العربية) و هەرسێ بەشی کتێبی (الثابت والمتحول) و (النص القرآني وآفاق الكتابة) و ئینجا (الصوفية والسوريالية). شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە تەواوی دیوانی (احتفاء بالاشياء الغامضة الواضحة) لەلایەن د.محسن احمد عمر کراوە بە کوردی لە ژمارە (5) ی گۆڤاری (سەراب) بلاوکراوەتەوە .

ڕەخنەگری عەرەبی (فخری صالح) ئەم چاوپێکەوتنەی ئەدۆنیسی بۆ گۆڤاری –راية الاستقلال- ساز کردووەو، لەوێدا پەیوەندی ئەدۆنیس بە سەرجەم ڕۆشنبیریی عەرەبیی هاوچەرخ باسکراوە، ئەم پرسیارو وەلآمانەی خوارەوە بەشێکن لەو هەڤپەیڤینەی کە لە ژمارە 16 ی گۆڤاری (أسفار)ی عێراقی ساڵی 1994 بلاۆکراوەتەوە، ئێمەش لەم گۆڤارەوە وەرمانگێڕاوە، تیایدا ئەدۆنیس باسی پەخشانە شیعری عەرەبی دەکات .

*** دەمەوێت پەخشانە شیعر- کە تۆ لە ڕۆشنبیریی عەرەبیدا بەشداربوویت لە دەرخستنی -بەسقی سۆفییە وە ببەستیەوە، ئایا دەکرێت قسە لەسەر ئەوە بکەین کە دەقی سۆفیی عەرەبی، پەخشانە شیعرێکی بەر لەو پەخشانە شیعرە بێت کە ئێستا دەنووسرێت ؟**

- بێگومان دەقی سۆفی پەخشانە شیعرە، واتە بەر لە ناولێنان، شیعرە، بەم مانایە دەکرێت بڵێین بەر لە ناولێنان سوریالیزمە، لێرەدا، لە کەلەپووری عەرەبیدا زۆر شت بەر لەوەی ناوی لێ بنرێت، هەبووە. بەم مانایە ئێمە سودێکی زۆرمان لە میتۆدو ڕێبازەکانی خۆرئاوا وەرگرت بۆ تێگەیشتن لە کەلەپووری خۆمان. من لە ڕێگەی زانینی کولتووری خۆرئاواوە زیاتر لە کەلەپووری خۆمان فێربووم. شتی زۆر قوولّمان هەیە بەلآم هەمووی وەک بەرهەم ماونەتەوە، توانای تێگەیشتنی لەلای عەرەب زۆر کەمتر بووە لە توانای داهێنان لەلایەن شاعیران و نووسەرانی. لە ڕۆشنبیریی عەرەبیدا، لەسەر ئاستی بەرهەمە داهێنەرەکان، تێگەیشتنێکی نییە. دەولّەمەندیی کەلەپوور لەوەوە هاتووە کە چەندین خوێندنەوەی جۆراو جۆرو جیاواز دەڕەخسێنێت، ئەمەیش نیشانەیەکی زیندووی ئەوەیە کە کەلەپوور قابیلی تەئویلاتێکی زۆر بێت .

بەداخەوە ئەو جۆرە تەئویلاتە لەلای عەرەب زۆر لاوازە، ئێمە مەیلێکمان هەیە کە دەق بەرەو گۆڕ دەگوێزینەوە، هەر جارەی کە دەتەوێت بیخوێنیتەوە وا هەست دەکەیت دادەبەزیتە نێو گۆڕێکی پێشترو ئیدی خۆت بۆ ئەو شتانە ئامادە دەکەیت کە ئەوانی دی گوتوویانە، کەچی سۆفیزم فێری ئەوەی کردووین بەجۆرێك دەق بخوێنینەوە وەك ئەوەی

دەریایەك بێت، وەك جوولانەوەیەك، كە دەچیتە نێو ئەو دەقەوە وەك ئەوەیە بچیتە نێو ئاسۆیەكەوە .

*** بەم مانایە دەتوانین بڵێین دەقی سۆفیگەری عەرەبی ڕەگی پەخشانە شیعری عەرەبییە، واتە پەخشانە شیعری عەرەبی شەرعییەتی خۆی لە دەقی سۆفیزمی عەرەبییەوە وەردەگرێت، تۆ لەگەڵ ئەم ڕێگەدانە وەیە دایت ؟**

- ئەمە لە بنەڕەتدا ڕوون نەبوو، ئێمە پەخشانە شیعرمان لە دەقی خۆرئاواوە وەرگرت، دەبێت ئەمە بزانین و ئاشكرای بكەین، هەروەكو بۆدلێر پەخشانە شیعری لە ئادگار ئالان پۆ وەرگرتووە (واتە تیۆری شیعریی پۆ). ڕۆشنبیرییەكان كارلێك دەكەن، ئێمەش پەخشانە شیعرمان لە خۆرئاوا وەرگرتووە، بەڵام پاش بەسەركردنەوەو خوێندنەوە. دەبێت ئەوەش بڵێین كە ئێمە ڕەگێكمان هەبووە بەڵام لە بیرمان كردبوو، ئەو ڕەگەش كە دەتوانین پشتی پێ ببەستین، بە پلەی یەكەم دەقی سۆفیزمە. ئەمڕۆ دەشێت چاوێك بە بۆچوونەكانی پێشوومانداا بخشێنینەوە .

*** ئایا تۆ، كەم و زۆر، لەگەڵ ئەوانەدا جیاواز نەبوویت كە پەخشانە شیعریان دەنووسی؟ یا بۆ نموونە ئەزموونی (انسي الحاج) بهێنینەوە كە كتێبی (پەخشانە شیعر لە بۆدلێرەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆكەمان)ی سۆزان بێرنار زۆر كاری تێكردووە، پێشەكی دیوانی (لن)ی انسی الحاج بەئاشكرائەو كاریگەرییە لەسەر نووسینی شیعریی ئەودا دەردەخات. هەستت بەوە نەدەكرد كە جیاوازیت؟بەوماناییەی تۆ ئاگاداری دەقی سۆفیت؟ پرسیارەكە ئەمەیە : تۆ كاتێك پەخشانە شیعرت دەنووسی، كاریگەریی دەقی سۆفی و كاریگەریی پەخشانە شیعری ئەوروپی و تیۆریزەكردنی، چۆن كارلێكیان لەتەك نووسینی پەخشانە شیعری تۆدا كرد ؟**

- هەر خوێندنەوەیەكی ئەو شتانەی لەو بارەیەوە نووسیومە یاخود ئەوەی (انسی الحاج) ی هاوڕێم نووسیویەتی, ئەم جیاوازییە دەردەخات، لەبەرئەوە پێویست ناكات قسەی لەسەر بكەین چونكە جیاوازییەكە ئاشكرایە .

سەبارەت بە من، تەنانەت ئەو كاتەی كە ڕەخنەم لە نووسینی شیعری و ناشیعریی عەرەبی دەگرت، من پەیوەست بووم بە زمانی عەرەبی و كەلەپووریتی زمان، هەروەها بە

هەستیاری و مەودا زمانییەکانی کەلەپووری عەرەبی، هەر شتێکی وەرم دەگرت لەنێو زمانی عەرەبی دەمتواندەوە، لەبەرئەوە مۆرکی زمانی عەرەبی زیاتر لە پەخشانە شیعردا بەرجەستەکراوە وەك لە نووسینە عەرەبییەکانی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا نەمویست ئەو کۆپلانە لەسەر شێوەی نووسینی پەخشانە شیعری خۆرئاوایی بنووسم, بەڵکو دەمویست شێوەیەکی دیکەی جیاواز بخولقێنم، ئەو شێوە جیاوازەیش من بۆم نییە قسەی لەسەر بکەم بەڵکو ئێوە دەتوانن دەستنیشانی بکەن. من خۆم وا دەبینمەوە (هیوادارێشم ئەمە ڕاست بێت) کە لەبواری نووسینی پەخشانە شیعردا بەتەواوی جیاوازم .

*** لە پەخشانە شیعری عەرەبیدا چەند ڕێبازێك هەیە. تۆ لە نووسینی شیعردا مۆرکێکی جیاوازت هەیە ، انسی الحاج مۆرکێکی جیاوازی هەیە، محمد الماغوط- یش جیاوازە. ئێستاکە لە پاش ئەو وەچەیەی کە دەتوانین بڵێین شیعری عەرەبی لەسەر دەستی ئەوان دامەزرا، ئاسۆی ئەو قەسیدەیە چۆن دەبینیت؟ ئایا دەکرێت قسە لەسەر پەخشانە شیعرێکی ڕەگ داکوتاوی عەرەبی بکەین بە جۆرێك بەربەرەکانێیی شیعری کێشدار بکات ؟**

- لێرەدا دەمەوێت هەندێك شت بهێنمەوە یاد. کاریگەریی ئێمە بە خۆرئاوا، بە گشتی، کاریگەرییەکی فۆرمالیستی و لە ڕووکاردا بووە. من لە چارەکە سەدەیەکی ڕابردووەدا، لە ڕۆژانی گۆڤاری (شیعر) هوە تاوەکو ئەمڕۆ، ڕەخنەم لەسەر ئەو ناکاریگەرییە نووسیوە، ڕەخنە لە نەبوونی کاریگەرییەکی پتر لەو کاریگەرییەی باس دەکرێت، لێرەدا کاریگەرییەکی قوولّ و ڕاستەقینە نییە نە بە نووسینی خۆرئاوایی و نە بە پەخشانە شیعری خۆرئاوایی، ئەو کاریگەرییە لەسەر ئاستی بینای فۆرم و هەندێکجاریش لەسەر ئاستی وێنە و فیکرەکان ماوەتەوە، کەچی کاریگەری لەسەر ئاستی ڕوانینی قوولّی شتەکان و خولّقاندنی جیهانێکی فیکری و ئیستاتیکی، ئەمە هەر بەتەواوی، لەسەرجەم نووسینی عەرەبیدا، ونە .

لە دوا لێکۆلّینەوەدا، شاعیر لەو جیهانە دەژی کە دروستی دەکات، ئەوەی پاساوی فۆرمی نوێ دەدەات ئەو جیهانەیە کە ئەو فۆرمە نوێیە پێچەوانەی دەکاتەوە، ئێمە لە

نووسینە عەرەبییەکانماندا ئەو جیهانەمان نییە، لەلای عەرەب لە گشتبوارەکاندا گەلێک بەهرەی چاك هەیە، نووسینەکانی ئێمە لەچاو ئاستی نووسینە جیهانییەکانی دی کەمترنین، بەڵام بەداخەوە دیاردەی فۆرم و بونیادەکان ئێمەیان فریودا، ئێمە یاریمان بە ئاوەڕۆی کانییەکە دەکرد کەچی بەگوێرەی پێویست پرسیارمان لە قوڵی و دەوڵەمەندیی ئاوی ئەو کانییە نەدەکرد، ئەمە بنچینەیەکە دەبێت ئەمڕۆ لەوێوە دەست پێ بکەین. بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم بەگشت ئەو نووسینانەدا بچینەوە کە لەدوا چارەکی ئەم سەدەیە نووسراون، هەروەها ڕەخنە لە پەخشانە شیعرو لەو شتەی بە تازەگەری ناودەبرا، دەبێت وشەی نوێخوازی و تازەگەری هەڵبوەشێنرێتەوە چونکە بووە بە وشەیەکی بێنرخ و سواو .

شتێکی دیکە دەمەوێت بیوروژێنم، ئەو جیاکردنەوەیەی بە بەردوامی لەنێوان مەودای فیکری و مەودای شعوریدا دەکرێت و هەمیشە ئەوە دووپات دەکەینەوە کە شیعر سۆز و هەڵچوونە، ئەمەش هەڵوێستێکی کزو تەقلیدییە، خۆئەگەر لەسەر ئەو هەڵوێستە بەردەوام بین ئەوسا شیعری ئێمە لەخوار شیعری جیهانیدا دەمێنێتەوە، مرۆڤ بوونەوەرێکە بەش بەش ناکرێت، شیعریش ئەو (گشت) هیە کە بەش بەش ناکرێت، کەواتە ئەو مەودا فیکرییەی کە پرسیارکردن و ئازارە قوولەکان لەخۆ دەگرێت وەختە بڵێم بوونی نییە بە بیانووی ئەوەی کە گوایە شیعر نابێت فیکربێت، لەبەرئەوە دەبینین تا ئێستاش مەودای تەقلیدیی چەمکی شیعر لە نووسین و بەتایبەتی لە پەخشانە شیعردا بالاّدەستە، لەبەرئەوە پێویستە ڕەخنە لەلایەنی تەقلیدی بگیرێت کە تا ئێستاش لە نووسینی نوێدا هەر زیندووە.

دەمەوێت ئەوەشت پێ بڵێم لێرەدا کەسانی وا هەن پەخشانە شیعر دەنووسن ڕەنگە زۆر تەقلیدی تر بن لەهەر شیعرێکی تەقلیدی کە لە ڕابردوو یاخود لە ئێستادا نووسراون و هیچیان تێدا نییە ئەوە نەبێت کە بە (کێش) نەنووسراون، لەبەرئەوە پەخشانە شیعریش خەریکە دەبێت بە چەند پێکهاتەیەکی دەرەکیی فۆرمالیزمی. ئێستا پەخشانە شیعر ڕەواییەکی هەیە وەك ئەوەی توانایەکە بۆ دەربڕینی شیعریی لەدەرەوەی کێشدا، بەڵام

چەندێتی دامەزراندنی ئەو قەسیدەیە ئەوەی هەمیشە لە گۆڕاندابێت، ئەوە بەهایەکی گەورەی لە دەربڕینی ئەدەبیدا هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەهرەی ئەو کەسانەی دەینووسن، بەڵام من لەو باوەڕەدام لە هیچ کەلەپوورێکدا نووسین گرنگ نابێت ئەو کاتە نەبێت کە لەپشتی فۆرمەوە میتۆدێکی تازەی بۆ شتەکان و بۆ جیهان هەڵگرتبێت، دیسان چەند پەیوەندییەکی نوێی نێوان مرۆڤ و شتەکان، مرۆڤ و زمان هەڵگرتبێت، کاتێکیش دەیخوێنیتەوە هەست دەکەیت کە هەموو ڕابردوویەك تیایدا ساتێکە ڕابردووی تێدا نییە، کاتێکیش وەك خوێنەرێك پرسیارت ئاڕاستە دەکرێت پێشتر ئەو پرسیارەت لێ نەکراوە .

*** ئایا ئاسۆی هیچ پەرەپێدانێکی پەخشانە شیعر لە ئەزموونە نوێیەکانی پەخشانە شیعری عەرەبیدا دەبینیت؟ وەچەی یەکەم ڕەوایی خۆی پەیداکردو بووە کۆڵەکەیەکی بنچینەیی پەخشانەشیعر، ئەی ڕات چییە بەرامبەر بەم وەچەیەی ئێستا ؟**

- ئەمەیان حوکمێکی قورسە، چونکە شیعرێك یان دوو شیعر یاخود کۆمەڵە شیعرێکیش بۆ شاعیرێك بەس نییە تاوەکو شتێك دامەزرینێ، لەبەرئەوە تۆ داوای شتێکی قورسم لێدەکەیت، بەڵام بەهەموو باوەڕێکەوە دەتوانم پێت بڵێم لەوچەی داهاتوودا گەلێك نووسینی گرنگ هەیە. من (عباس بیضون) دەخوێنمەوەو دەڵێم ئاسۆیەك دەکاتەوە، (سمیر الصائغ) یش شتی جوانی دەنووسی بەڵام لەم دواییەدا بەرەو نیگارکێشان ڕۆیشت، ئەمەش ئەوەت بۆ دەردەخات کە نووسەر بریتییەلە کاری بەردەوام و پەیدەرپەی، دەبێت لێردەدا ئەزمونێکی بەردەوام و بەدوای یەکدا هاتوو هەبێت تا بتوانین حوکمێك بدەین، دیسان هەندێك بەهرەی چاك هەن کە لە گۆڤاری (مواقف) بەرهەمیان بۆ بلاوکەمەوە پێویست بە ناوهێنانیش ناکات. من باوەڕم بەوە هەیە چەند بەهرەیەکی گەورە هەن ڕەنگە بتوانن ئەو وەچەیەش جێبهێڵن کە بە وەچەی ڕابەران (رواد) ناسراوە، بەڵام بەمەرجێك، مەرجێکی دوولایەنی، یەکەم: ڕۆشنبیری، واتە مەعریفەیەك وەك (با) و (هەتاو) وایە بۆ ئەزموون. دووەم: دەبێت شاعیر ئەو کەرەستانە بناسێت کە پێی دەنووسێت، ئەو شاعیرەی بەتەواوی

کەرەسەو تەکنیکی خۆی نەزانێت مومکین نییە بتوانێت قەسیدەیەکی مەزن بنووسێت، ئەمەش پێم وایە لای وەچەی نوێ زۆر دەگمەنە .

*** ئایا لەو باوەڕەدایت ئەو مەشروعیەتەی پەخشانە شیعر لە ئاستی ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەدا بە دەستی هێناوە، بتوانێت لە داهاتوودا ئەو گەمارۆیە بشکێنێت کە ڕۆشنبیریی باو بەسەریداسەپاندووە؟ بە جۆرێك بگاتە پێناسێکی شیعریی وەها کە دابڕاو بێت لەو پێناسە کۆنەی کە "کێش" دەکات بەمەرجێکی بنەڕەتیی شیعرییەت؟**

- ئەمە کاری ڕەخنەیە. ڕەخنەش لەم بوارەدا زۆر کەمتەرخەمە، کاری ڕەخنە ئەوەیە ئەم مەشروعییەتە لەخۆ بگرێت و لەڕووی تیۆرییەوە بنیاتی بنێت، لێرەدا بنیاتێکی تیۆریی سەبارەت بە نووسینی پەخشان بوونی نییە، هەندێك نووسین و لێکۆڵینەوە هەن بەڵام کتێبی تیۆریمان لەسەر نووسینی شیعریی ، وەك نووسین، نییە، جا ئەو نووسینە شیعر بێت یان پەخشان، من باوەڕم بە جیاکردنەوەی نووسینی پەخشانی و نووسینی کێشدار نییە وەك هەندێك کەس جیای دەکەنەوە، هەندێك کەسیش وای بۆ دەچن پەخشانە شیعر پێوەرێکی نوێیە لەبەرامبەر شیعری کێشدار. ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، لەلای من نووسینی شیعریی یەك نووسینەو جیاوازییان لەنێواندا نییە, شیعری باش پەخشان بێت یاخود کێشدار هەر شیعرێکی باشە، شیعر لەمیان بێ یاخود لەویان فەرق ناکات، پاشان نەك تەنیا نووسین بە پەخشان گەمارۆی لەسەرە، بەڵکو نووسین بەکێش دیسان بەنزمی تەماشا دەکرێت و قەدەغەیە، کۆمەڵگەی عەرەبی هیچ پەیوەندییەکی بە شیعرەوە نییە ئەگەر بە مانای قوولّی وشەکە قسە بکەی., شیعر، حاڵی حازر، جوانی و زەخرەفەیەو لەدەرەوەی ژیان و فیکردایە، کەچی لەولاتر ڕووناکبیرێکی مەزنی ئەوروپی نالینین خۆی بە شیعر تێر نەکردبێت و بە بەردەوامی شیعر نەخوێنێتەوە. بەڵام ڕووناکبیرێکی عەرەب نابینیت لە نزیکەوە ڕێز لە شیعر بگرێت. خوێنەری عەرەب شیعر ناخوێنێتەوە ئەو کاتە نەبێت کە لەسەریەتی و پێویستە بیخوێنێتەوە، پاشان نەریتێکی عەرەبیی کۆن هەیە شیعر

بەسەرچاوەی مەعریفە نازانێت، لەسەردەمی جاهلی دا ئایین وەک سەرچاوەیەک بۆ مەعریفە جێگای شیعری گرتەوە، بۆیە شیعر دەبوو دوای دام و دەزگاکان بکەوێت. شیعر وەک ئەزموونێکی جیاواز و دەگمەن و ئازاد، بەتایبەتی لەڕێگە جۆراوجۆرەکانی گوزارشتی زمانییەوە، لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا دانی پێدا نەنراوە، سەرجەمی شیعر گومانی لێدەکرێت.

کۆمەڵگای ئێمە لەگەڵ هەموو دیاردە مەدەنییەکاندا ، پێکهاتەیەکی خێڵەکییانەی هەیە

بەبێ کارە ئیبداعی و فیکرییەکانی ئەدۆنیس، مومکین نییە بتوانین بە قوولی بڕوانینە دیمەنە جیاوازەکانی فیکرو ئەدەبی عەرەبی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، ئەم شاعیرە بەناوبانگە بەردەوام ڕەخنە و پرسیارەکانی ڕووبەڕووی پیرۆز ڕاگرتنی ڕابردوو دەکات و پێی وایە سەروەریکردنی ڕابردوو و گەڕانەوە بۆ ئەسڵەکان، سنووورەکانی فرەیی و جیاوازی ئەستوورتر دەکات و تاکڕەهەندیی فیکری بەرهەم دێنێت. ئەدۆنیسی خاوەن ستاتیك و دینامیك (الثابت والمتحول) بە دوو چاوی وردبین و بە فیکرێکی قوولّ و ڕادیکاڵانەوە دەڕوانێتە بونیادە سست و باوەکان و لەناو زەمەنێکی تاڵ و پڕ لە شکستدا بە وزە و توانایەکی ئبداعیی گەورەوە ڕەخنە لە کەلەپووری شیعری و فیکری دۆگمایی دەگرێت.

ئێستا ئەدۆنیس سەرقاڵی نووسینی (قەسیدە – ڕۆمان) یکە لە بیۆگرافیا نزیك دەبێتەوە، دەچێتە ناو کێشە گەورەکانی کۆمەڵگایەکەوە کە شەفافیەت و ڕاستگۆیی ڕەت دەکاتەوە، ئەدۆنیس لەم چاوپێکەوتنەدا باسی دیمەنی ڕۆشنبیریی عەرەبی و بزووتنەوەی شیعری و ونبوونی تاکی عەرەبی دەکات لەنێوان پیرۆزکردنی ڕابردوو و ترس لە ئاینده .

(امل الجبوري) لە ئەڵمانیادا ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ئەدۆنیس سازداوە لە ژمارە (405) گۆڤاری (ئەلوەسەت) لە (1999/11/1) بڵاوکراوەتەوە، ئێمە لێرەدا بەشێکی چاوپێکەوتنەکەمان وەرگێڕاوە .

*** گەلێك بابەتی ڕەخنەیی لە بارەی سەرەتا فیعلییەکانی جوولانەوەی شیعری نوێی عەرەبی نووسراون، تۆڕات بەرانبەر ئەو بۆچوونە جیاوازانە چییە کە سەرەتای ئەو جوولانەوەیە دیاری دەکەن؟**

- پرسیارکردن لە سەرەتاکانی جوولانەوەی شیعری نوێی عەرەبی پرسیارکردنێکی سروشتییەو لە هەمان کاتیشدا پێویستە مەبەست لەم پرسیارکردنە مێژوویی بێت، بەڵام ئەگەر بۆئەوە بێ کێ دەستپێشخەرە و کێ باشترە، ئەوە شتێکی بەتاڵ و پێکەنین هێنەرە. چونکە بەهای هونەری لە دەستپێکردنی زەمەنیدا نییە، سەیر لەوەدایە ئەوانەی ئەو پرسیارە دەکەن وەك بڵێی ئاگایان لە شیعر نییە، بۆنموونە (بەشار بن بورد) لە مێژووی شیعری عەرەبیدا دەستی بە تازەگەریی شیعر کرد, کەچی (ابونواس) کە لەدوای ئەو هات, لەویش مەزنترە، شاعیرانی (موشحات) یەکەمین کەس بون یەکێتی دێڕی شیعری و بڕگەکانیان هەڵوەشاندەوە، بەڵام ئەوەی دواتر لەم چوارچێوەیەدا لە جوولانەوەی شیعری نوێی عەرەبیدا ئەنجامدرا، مەودایەکی قوواڵترو دەوڵەمەندتری هەبوو. با نموونەیەکیش لە کەلەپوورێکی شیعریی تردەوە بهێنینەوە: لوی بیرتراند (1807 - 1841) ی شاعیری فەڕەنسی یەکەمین کەس بوو لە ئەدەبی فەڕەنسیدا پەخشانە شیعری نووسی، کەچی لەڕووی شیعرییەوە بە بۆدلێرو ڕامبۆو مالارمێ بەراورد ناکرێت .

بێگومان دەبێت ستایشی ئەو کەسانە بکرێت کە دەستپێشخەر بوون، بەڵام دەبێت لەوەش تێبگەین مەرج نییە دەستپێشخەریی زەمەنی بە پێویست دەستپێشخەریی هونەری یان ئیبداعیش بێت، پێم سەیرە چۆن ڕەخنەگرەکان ئاگایان لەم مەسەلەیە نییە .

*** چۆن دەکرێت سەرەتایەك دیاری بکرێت ؟**

- ئەم پرسیارە هەیە و کراوە بەتایبەتی کەلەپشتی هەر سەرەتایەکەوە چەندین سەرەتا هەیە، (ئەسڵ) یش زنجیرەیەکە لە چەندین ئەسڵی سەرەتایی دیکە. گرنگ ئەوەیە شاعیر چیی بەرهەم هێناوە و چۆنی بەرهەم هێناوەو لە کوێدا کۆتایی هاتووە، ئەوەی پێویستە جەختی لێ بکەین: ڕۆیشتنە بەرەو شوێنێکی دوورترو قوواڵتر .

*** تۆ هەمیشە داوا دەکەیت زمان بە دابڕاوی لە ڕوانین و پڕۆژە ئایدیۆلۆژییەکان، لەگەڵ ئیستاتیکی خۆیدا یەکگرتوو بێت، لەبەرئەوە هەندێك کەس پێت دەڵێن تۆ (شاعیرێکی نانیشتمانی) یت، کاتێك ئەم قسەیە دەبیستیت هەست بەچی دەکەیت ؟**

- بەزەییم بەو کەسانەدا دێتەوە کە ئەجۆرە قسەیە دەکەن، خەم بۆ خۆم ناخۆم بەڵکو خەمبارم بۆ ئاستی هۆشیاریی ئەو کەسانە، بەڵێ ئەوجۆرە قسانەشم پێ سەیر نییە: شیعر لەلای ئێمە، تەنانەت لە ئاگایی زۆربەی شاعیرانماندا، تا ئێستاش لە پێناوی دڵخۆشکردنی (میللەت) و سەروەریکردنی (نیشتمان) دا وەك ڕەبابەو تەنبوور تەماشا دەکرێت، لەڕاستیدا شاعیر بە شیعر نابێت بە کەسێکی نیشتمانی یان نانیشتمانی. هەموو شاعیرە گەورەکانی دنیا: بۆدلێرو ڕامبۆو مالارمێ و پاوەند و ئیلیەت و بەر لەوانیش دانتی و مەعەری و موتەنەببی و ئەبونەواس، ئەمانە لەلایەنی شیعرییەوە ناپاکییان لەگەڵ نیشتمانەکەی خۆیاندا کردووە، مەبەستم لە (نیشتمان) بەو مانایەی ئەو (نیشتمانپەروەرانە) ئاماژەی بۆ دەکەن: دامەزراو و ڕژێم و دابونەریت و خەبات و جەنگەکان .. شیعریش لە دەرەوەی هەموو ئەو شتانەیە، شیعر بە دیاریکراوی ترازانێکە، یان بەپێی تێڕوانینی نیتشە شیعر یان دژە یان نییە .

شیعر لە درزو کەلەبەرەکانی زەمەنێکی بەردەوامدا تەقینەوەیەکی بەردەوامە، لەبەرئەوە شیعر لە دژی (نیشتمان)ە بە هەنووکەیی دامەزراوە ئایدیۆلۆژییەکانی، دژی هەموو شتێکی باو و جێگیرە، دژی باوەڕو نەریت و هەموو شتێکی گشتییە، لەم چوارچێوەیەدا ئەو شیعرەی بە (نیشتمانی) ناودەبرێت شیعرێکی پێکەنین هێنەرەو دژی شیعرە، شاعیرێك وەسفی شیعرەکانی خۆی بە (شیعری نیشتمانی) بکات، جگەلە شاعیرێکی خراپ شتێکی تر نییە، خراپی و پێکەنینی ئەو شاعیرە ئەو کاتە پتر دەردەکەوێت کە دەبێت بە هێمایەکی نیشتمانی، لێرەدا ئەو شاعیرە بە سیفەتی شاعیری تاکو تەنیا هاوشان دەبێت لەگەڵ حاکمی تاکو تەنیا .

لەڕاستیدا زۆربەی شاعیرانی ئێمە بە سروشی ئەم (نیشتمانپەروەرییە شیعرییە) دەژین و دەنووسن، ئەوەی لەم بارەیەوە سەرنج ڕادەکێشێت شیعری کۆنی ئێمە لە شیعری ئەمڕۆمان ڕۆشنبیرترو مەعریفیتر بووە، با بۆنمونە بڕوانینە ئەبونەواس و ئەبولعەتاهیەو ئەبو تەمام و موتەنەبی و مەعەری، ئەمانە هەر تەنیا شاعیر نەبوون بەڵکو ڕۆشنبیرێکی کاملێ بوون و چەند قۆناغێکی مێژوویی کاملێ بوون، لە شیعری ئەو شاعیرانەدا، لە نووسینی مێژوونووسەکان پتر, لە سەردەمەکانیان تێدەگەین .

زۆربەی شیعری نوێمان، بەتایبەتی شیعری (نیشتمانی)، بەو پێوەرە، زۆر هەژارو داماوەو وەك بڵێی لە کوخێکدا دەژی و دووڕە لە ژیارو گەردوون، ڕەبابە دەژەنێ و لە تەنبوور دەدا .

*** بەڵام ئەو مەودا ڕۆشنبیری و گەردوونییە، یان ئەو مەودا فیکری و فەلسەفییەی لەشیعریەتدا دەیبینین، وەك ئاماژەت بۆ کرد، هەمان ئەو مەودایەیە کە هەندێك کەسی والێکردووە کە لە دوای خوێندنەوەی هەردوو بەشی دیوانی (الکتاب) ی ئەدۆنیس، پێیان وابێت ئەم کتێبە خاڵییە لەشیعر, بۆچوونی تۆ چییە ؟**

- بۆ جاری دووەم دەڵێم ئەوجۆرە هەڵوێستەم پێ سەیرنییە، خوێنەری عەرەب پتر مەیلی ئەوەی هەیە ئەو دەقەی دەیخوێنێتەوە بەپێی هەست و سۆزی خۆی ببینێت، جگەلە هەڵچوونەکانی خۆی شتێکی تری تیا نابینێت، پەیوەندیی خوێنەری ئێمە بە دەقەوە پەیوەندییەکی دیالۆگی و پرسیارئامێز نییە، پەیوەندییەکی فیکری — مرۆیی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی سۆزداریە، بە (عەقڵ) و بە (ئێستا) ی خۆی نایخوێنێتەوە بەڵکو بە (یادەری) و بە (ڕابردوو) ی خۆی دەیخوێنێتەوە، خوێنەری عەرەبی، وەك مێژوو و کولتوورو پەروەردە، خوێنەرێکە ئینتمایەکی ئایدیۆلۆژی هەیە .

دیوانی (الکتاب) یەك قەسیدەیەو بونیادێکی شەبەکییانەی هەیە، بە شێوەیەکی ئۆرکیسترالی بە چەند هێلێك دادەبەزێت و سەردەکەوێت، کز دەبێت، بەرز دەبێتەوە، لە

جوولانەوەیەکی کورت و درێژدا هێور دەبێت، هێما بۆ دەریای مێژوویی مان دەکات بە چالاۆ و کەنارەکانیەوە. ڕەبابەو ئەهلی ڕەبابە ، تەنبوورو ئەهلی تەنبوور لە کوێی ئەم ئاستەدان.

*** ئایا نووسینی یاداشتت تاقی کردۆتەوە ؟ ئایا بیرت لەو ساتەوەختە کردۆتەوە کە ڕۆژی(من) جیابێتەوە تا لە دووڕەوە لێی ڕا بەێنیت ؟**

- تا ئێستا بەو مانایەی تۆ ئاماژەی بۆ دەکەیت هەوڵم نەداوە یاداشت بنووسم .

دەشێت ئەمە بگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ: هۆی یەکەم شەخسییە، نووسینی یاداشت وام لێدەکات هەست بەوە بکەم من ئاوێنەیەکم ئەو شتانە پێچەوانە دەکەمەوە کە ڕوودەدەن و لەگەڵ جوولانەوەی زەمەنێکی خاو و پەڕپووت و ئاسۆییدا جووت دەبێت، ئەم هەستکردنە (وێرانم دەکات)، من کەسێکم بە شێوەیەکی ستوونی نەبێت ناتوانم بژیم، زەمەن لای من چەند ساتەوەختێکی پەلامارەرو تەقێنەرو شپرزەیە، یان مەرگێکی تڕە، نووسینی (یادداشت) یش لەم حاڵەتەدا مەرگێکی تڕە، لەوانەیە لەبەرئەوە بێت کە ناتوانم جگەلە ڕۆمانی ستوونی ڕۆمانێکی تر بخوێنمەوە، ڕۆمانی ستوونی جۆرە شیعرێکی تڕە .

هۆی دووەم بابەتییە: ئێمە تا ئێستاش لە کۆمەڵگایەکدا دەژین، لەگەڵ هەموو دیاردە (مەدەنی) و (شاری) یەکاندا، پێکهاتەیەکی خێڵەکییانەی هەیە، مەبەستم ئەوەیە نووسینی یاداشت بەو مانایەی تۆ دەیڵێی، بەرپرسیارییەك دەخاتە سەرشانی نووسەر کە بە تەنیا خۆی ئەو بەرپرسیارییە هەڵناگرێت — ئەمەش بەڕاستی کارەساتە — بەڵکو ئەندامانی ئەو خێزانەش هەڵێدەگرن کە نووسەر پەیوەستە پێیان، بەتایبەتی خوشك و براو خزمی نزیکی نووسەر، لێرەدا (تاوان) ی فەردی دەبێتە (تاوان)ی جەماعی، با نموونەیەکت بدەمێ، ئەو کاتەی گەنج بووم لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا گیرام، ئەم گرفتەی من کاری کردە سەر براکانیشم و هەندێکیان لە وەزیفەش دەرکران ئەگەرچی زۆریش لە فیکری ڕژێم نزیك بوون و لەگەڵ منداجیاوازبوون، لە چ شوێنێکی تری جیهاندا ئەم عەدالەتە دەبینیت؟ ئەمجۆرە سیاسەتە و ئەم چەشنە کولتوورە لە کوێی تردا دەبینیت؟ جا باشە من ئەگەر ڕای

تایبەتیی خۆم لە بارەی چەند کێشەیەکی گرنگتری وەک کێشەی ئایین و سێکس و سیاسەت دەربڕم، مەسەلەکە چۆن دەکەوێتەوە چی ڕوودەدات؟ کەواتە سوودی یاداشت چییە ئەگەر ڕاستگۆو گشتگیر نەبێت .

*** ئەم قسانەی تۆ بەسەر نووسینی بیۆگرافیاشدا دەسەپێت ؟**

- بێگومان, لەبەرئەوە نابێت سەرمان لەوە سوڕبمێنێت کە بیۆگرافیاو یاداشتی ڕاستگۆیانە لە ئەدەبی عەرەبیدا نییە. ئەگەر چەند کتێبێکی وەک (الخبز الحافي) ی محەمەد شوکری و (حديقة الحواس) ی عەبدە وازن و کارەکانی لەیلا عوسمان و عالیە شوعەیب و کەسانی دی، ئەو هەرا سیاسی و ئەخلاقییە بنێتەوە، ئەی ئەگەر چەند کتێبێك لەوەش دوورتر بڕوات، چی ڕوودەدات؟ ئەمانە بەشێکن لەوەی دەیسەلمێنن کە: تاکی ئازادو سەربەخۆ تەنیا خۆی بەرپرسی کارو فیکری خۆی بێت و بتوانێت بە ئازادییەکی تەواو و بەبێ ترس قسەبکات, تائێستاش لە (ئاگایی) باوی عەرەبیدا، بوونی نییە، تا ئێستاش لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بە جۆرێك سەیری تاکەکەس دەکرێت و بە جۆرێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت وەك ئەوەی سەر بە کام هۆز و سەر بە چ خێڵێکە و ئینتمای بۆچ فیکرێك هەیە .

*** لەم دواییەدا ڕووت کردۆتە دوو هونەری تری غەیری شیعر: ڕۆمان و کۆلاژ. ئایا ڕۆمانلەپشتی دەمامکی ڕۆماڤشامێزەوە جۆرێکە لە بیۆگرافیا ؟**

-ئەوەی هەوڵدەدەم بینووسم ڕۆمان نییە، ناتوانم ڕۆمانێك بەپێی پێوەرە زانراوەکان بنووسم، لەبەر چەند هۆیەك پێشتر هەندێکم درکاند، مەبەستم ڕۆمان وەك ژانرێکی ئەدەبی تایبەت، نەخێر ناتوانم و ناشمەوێت بینووسم، باشترواید بڵێم من (قەسیدە - ڕۆمان) یێك دەنووسم، یان بەجۆرێکی تر: قەسیدەیەك سنووورەکانی پەخشان و سنوورەکانی بەکارهێنانی پەخشانی تیادا فراوان دەکەمەوە، زۆریشی نەماوە تەواو بێت، ناونیشانەکەشی بەمجۆرە دەبێت: (هن: هي انت)، ئەم کتێبە وەك لە ناونیشانەکەیدا دیارە جۆرێکە لە بیۆگرافیا

بەڵێم بەقەدەر ئەوەی ئەو هەڵومەرجە ڕێگەدەدا کە تۆ ئاماژەت بۆ کرد، ئەگەرچی من هەوڵ دەدەم ئەو بارودۆخە بشکێنم .

*** هەستت بەرامبەر بە جیهانی عەرەبی و غەیری عەرەبی چییە کە هێرش دەکەنە سەر یەکترو پەلاماری یەکتر دەدەن, بەتایبەتی لە ناوەندی ڕۆشنبیریدا ؟**

- وا هەست دەکەم من لەجۆرە دۆزەخێکدا دەژیم، ئەگەر ئەمڕۆ دانتی زیندوو بوایە، پێویستی بەوە نەدەبوو خەیاڵی دۆزەخی خۆی بکات، واقیعی ئێستا لەسەرووی خەیاڵیشەوەیە. مەسەلەکە ئەوەیە ئەم مرۆڤە خولقاوە لەسەر شێوەی ئەو خواوەندەی باوەڕی پێیەتی, چۆن بتوانێت لە خودی دڕندە دڕندەتربێت، وەک بڵێی کوشتنی مرۆڤ لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا نەبووە بە بەشێک لە (جەنگ) بەقەدەر ئەوەی لە ئاستی گەردووندا بووە بە بەشێک لە (گەمەیەک). ڕەنگە کودەتایەکی پێچەوانەی تیۆرەکەی داروین ببینین و مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ ئەسڵە دڕندەکەی خۆی. لەوەش کارەساتتر ئەوەیە مرۆڤ خۆی هەموو شتێک دەکات بۆئەوەی هەموو هیوایەک بە مرۆڤ بسڕێتەوە، کەواتە هیوامان بەچی هەبێت ؟ بە سروشت؟ بە تۆفانێک زەوی وێران بکات ؟

من یەکەم کەس بووم زاراوەی "پەخشانە شیعر" م دانا

ماوەیەك بەر لە ئێستا ئەدۆنیس بەشداریی لە کۆنگرەیەکی ئەدەبیدا کرد کە لە قاهیرە سازدرا، لەوێدا (منی عبدالعظیم) ی پەیامنێری ڕۆژنامەی (الحیاة) ئەم چاوپێکەوتنە خێرایەی لەگەڵدا کردووە .

*** لە بەهاری ساڵی 1960 دا زاراوەی "پەخشانە شیعر"ت خستەڕوو، ئێستاش لەگەڵ تەقینەوەی ئەو زاراوەیەدا، گرفتێکی ڕەخنەیی ناوەتەوە, تۆ دەڵێی چی ؟**

- بەڵێ، من یەکەم کەس بووم ئەم زاراوەیەم ناونا "پەخشانە شیعر"، بێگومان لە ئاستی عەرەبی و لە گۆڤاری "شیعر" دا، کە ئەمەش لە دارشتنە فەرەنسییەکەیەوە وەرگیراوە، ئەو کاتە وتم مومکینە زاراوەکە ئەم ناوەی لێبنرێت، بەڵام بونیادی ئەم نوسراوە نە وتارەو نە چیرۆك، بەو مانایەی ئەمە تایبەتمەندێتی شیعریی تێدایە تا لە قەسیدەی کێشدار جیابکرێتەوە, نەشمدەزانی ئەم ناولێنانە ئیشکالییەت دروست دەکات، بەهەر حاڵ دەبێت ئەم زاراوەیە قبوڵ بکەین و ئەوەندەش لەسەری نەوەستین .

*** دەڵێن تۆ زاراوەکانی خانمە ڕەخنەگری فەرەنسی (سوزان بێرنار) ت لە بارەی شیعر، خۆمالّی کردووە، وەك: دۆزینەوە، ڕوانین، عەڕاف... و لەوانەدا گوتاری شیعریی خۆت پێکهێناوە بینەوی ئەمڕۆ بۆ سەرچاوەکەی بکەیت.. چۆن وەلاّمی ئەم قسەیە دەدەیتەوە ؟**

- ئەم زاراوانە هی سۆزان بێرنار نین، ئەمانە لە کەلەپووری عەرەبیدا هەن، بەتایبەتی کەلەپووری سۆفیگەریان کە پڕە لە دەستەواژەی ڕوانین و کەشف و تەجللی و عیرفان و نبوئەت, ئەمە زمانێکی سۆفیانەی عەرەبییە، لەڕاستییدا بیانییەکان ئەم زاراوانەیان لە عەرەب وەرگرتووە, سوزان بێرناریش تێزێکی لەبارەی پەخشانە شیعر نووسیوە، ئەو تەنها خانمێکی ڕەخنەگرەو بایەخێکی هێندە گەورەی نییە، کاتێکیش من وتاری "پەخشانە

شیعر"م نووسی ئاماژەم بۆ کتێبەکەی سۆزان خان کردووەو لەوێدا وتوومە چەمکەکانی من بۆ پەخشانە شیعر لەو کتێبە وەرگیراون، دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ وتارەکەم کە بۆ یەکەمجار لە پەنجاکاندا لە گۆڤاری (شیعر) دا بلاوکراوەتەوەو دواتریش جارێکی تر لـە کتێبـی "زەمەنی شیعر"دا بلاوم کردۆتەوە .

*** هەندێك كەس دەڵێن شیعری كێشدار هەرچیی پێ بووە بەخشیویەتی، شتێكی دیكەی پێنەماوە.**

- ئەمە بڕیارێکی خێرایە، ئەمە حوکمێکە شاعیرێك نایدا کە پڕۆسەی نووسـینی شیعریی بکات و، گیروگرفتەکانی شیعر بزانێت، ئەمە جۆرێکە لە ڕەجمکردنی نادیار، ئەمە حوکمێکی ناشیعرییەو وردبین نییە، هەمیشە هەموو شێوەکانی دەربڕین دەمێنن، شیعری کێشدارو شیعری ئازاد .

*** ئەدۆنیس ئەو شاعیرەی کاریگەریی لەسەر دوو وەچەو بگرە پتریشدا هەبووە، ئەی خۆی بەکێ کاریگەر بووە ؟**

- کاریگەریی زۆر کەسم لەسەر بوو، لەڕاستیدا کاریگەریی ڕووناکبیرەکانم پتر لە شاعیرەکان بەسەرەوە بوو, یەکەمین شت کاری لێکردبم شیعری عەرەبییە کە بە بەردەوامی دەمخوێندەوەو تا ئێستاش دەیخوێنمەوە. لە "ئومرو ئەلقەیس"ەوە تا ئەبو عەلای مەعەری، پاشان بە بزاڤی فیکریی سۆفیزم کاریگەر بووم. نەك شیعری سۆفیگەری، بەڵکو نووسینی سۆفیگەری، هەروەها کاریگەریی فیکری یۆنانیم لەسەرە بەتایبەتی هیرۆکلیتس کە دەڵێت ئێمە دووجار لەهەمان ڕووباردا مەلە ناکەین، لەو باوەڕەدام کلیلەکانی شیعری من لەم تێڕوانینەی هیرۆکلیتسدا، زۆر نزیکە لە فیکری سۆفیگەری، بەو مانایەی کەسێك بیەوێت بەڕاستی لە ئەزموونی من تێبگات پێویستە ئەم کلیلە هیرۆکلیتسیە سۆفییە لە ئاگایی خۆیدا دابنێت، پاشان بە (نیچە) کاریگەر بووم، بەتایبەتی لایەنی تووڕەیی و یاخیبوون و ڕەتکردنەوە لەپێناو ئایندەیەکی باشتردا، دیسان کاریگەریی فیکری سۆفیزمی خۆرئاواییم بەسەرەوە بوو، لەو باوەڕەدام ئایندەی شیعر بەندە بە وەرگرتنی ئەپیستیمە جۆراو جۆرەکان، چونکە قەسیدە چنینێکی تاکەکەسی و گەردوونییە .

*** لە شاعیرانی ئۆپۆخواز، شیعری کێ دەخوێنییەوە ؟**

- بەهۆی کارکردنم لە هەردوو گۆڤاری (شیعر) و (مواقف) دا، هەموو شیعری نوێی عەرەبیم خوێندۆتەوە، لەبەرئەوە لەم بوارەدا هەموو شتێك دەزانم، پێویستیش ناکات ناوی شاعیرەکان ڕیز بکەم، چونکە لیستەکە درێژە, هیچ شاعیرێکیش نییە نەیناسم، لەبەرئەوەی شاعیران بەزۆری شیعرەکانی خۆیانم بۆ دەنێرن و هەندێکیشیان لەو گۆڤارو ڕۆژنامانەدا دەخوێنمەوە کە لە سەرجەمی ولاتە عەرەبییەکاندا بلاوەبنەوە .

*** ڕات چییە بەرانبەر بەو قسەیەی کە دەڵێت شیعر پاشەکشەی کردووە، زەمەنی نێستازەمەنی شیعر نییە، بەڵکو زەمەنی ڕۆمانە ؟**

- ئەم قسەیە لە خۆرئاوادا باوە، دەشێت ساتەوەختی مێژوویی و باری ڕۆشنبیریی گەردوونی، بوار بۆ گەشەکردنی ڕۆمان بڕەخسێنێت، شیعر پێویستی بە تێڕامانە، زەحمەتە بۆ خوێنەرێك لە میترۆدا دیوانێکی شیعری بخوێنێتەوە، بەڵام دەکرێت ڕۆمانێك بخوێنێتەوە، گێڕانەوەی ڕۆمان لەو قەرەبالّغیەدا پتر ئاتاجی خوێنەر دابن دەکات، ئەمەش مانای ئەوە نییە هەموو ڕۆمانێك ئاسانە، لەلایەکی تر، جیهانی شیعری جیهانێکی زۆر تایبەتە، چوونە نێو ئەو جیهانە پێویستیی بە ڕۆشنبیرییەکی بەرز و ئەزموونێکی قوول هەیە، لێرەوە شیعر لەبەرامبەر گەلێك فاکتەری وەك تەلەڤیزیۆن و سینەماو گۆڤاری وێنەداردا پاشەکشە دەکات، بگرە دەشێت کتێب نەمێنێت و بۆنوونە ببێت بە بەشێك لە ئیستیوانەی لوولەیی (مەبەستی CD یە)، بەڵام بە باوەڕی من هەمیشە لە هەموو شوێنێك و لەنێو هەموو میللەتان و لە هەموو زمانێکیشدا، هەزار شێت دەمێنێت شیعر بخوێنێتەوە، ئەوەندەش بەسە..

*** چۆن تەماشای دیمەنی ئێستای ڕەخنە دەکەی؟ ئاخۆ ڕەخنە لەتەك داهێناندا ڕۆڵی خۆی دەبینێت؟**

- بەگشتی ڕەخنە (دژە ڕەخنەیش) زیندەگییەك دەنوێنێت، ڕەخنە و گفتوگۆ بزاڤی شیعری و ڕەخنەیی دەوڵەمەند دەکەن، ئەمە لەڕووی پرەنسیپەوە، بەڵام لەلایەنی پڕۆسەدا وایدەبینم ڕەخنە پابەندبووە بە هەڵوێستی تاکەکەسییەوە، من نێگەتیڤانە ڕەخنە لە تۆ

دەگرم لەبەرئەوەی پەیوەندی تایبەتیمان نێگەتیڤانەیە، یان بە پێچەوانەوە، کەواتە کەش و هەوای پەیوەندییەکانمان بەسەر کەش و هەوای ڕەخنەییدا زاڵە، هەروەها لایەنی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و بگرە خێڵایەتیش زاڵە. لە پڕاکتیکیشدا هەژارییەکی مەعریفی دەبینرێت، هەندێك کەس جۆرە ڕەخنەیەك دەنووسن لە بنەڕەتدا هیچی لێنازانن، بۆنموونە کەسێك ڕەخنە لە کێشی شیعری دەگرێت کەچی هیچ شتێك لەبارەی کێش نازانێت، تەنانەت نازانێت چۆن شیعرێکی کێشدار بخوێنێتەوە، یاخود کەسێك ڕەخنە لە پەخشانە شیعر دەگرێت لەبەرئەوەی پێی وایە تەنها لە شیعری عەروزیدا (کێش) هەیە. ئەمە تەسکبینیە، چونکە زمانی عەرەبی زۆر فراوانترە لە وەزنە شیعرییەکانی، زمانێك کە (16) بەحر یاخود (16) ئیقاعی لێبووبێتەوە، لە تواناشیدا هەیە چەند شێوەیەکی ئیقاعیی دیکە دروست بکات، زمان پێش ئیقاع دەکەوێت نەك بەپێچەوانەوە، لەبەرئەوە وای دەبینم نابێت حوکمێکی وا بدرێت کە گوایە لەدەرەوەی وەزندا شیعر بوونی نییە، لە کەلەپووری ئێمەیشدا کاتێك قورئانی پیرۆز دابەزی، هەندێك کەس بە شیعر ناویان برد تا سیفەتی (وەحی) ی لێ دوور بخەنەوە، کەواتە سیفەتی شیعریان دا بە نووسینێك کە وەزنی شیعریی نییە، ئەمەش مانای وایە عەرەب لە کۆندا شیعریان لە نووسینی ناکێشداریشدا دەبینی.

(سەرچاوە: ڕۆژنامەی : ژ/ 13289 : 1999/7/27)

داهێنەری ڕاستەقینە لە هەرشوێنێکدا بێت، تاراوگە کراوە

ئەدۆنیس پتر لە چل ساڵە دەنووسێت، لە شیعرو نووسینەکانیدا بەردەوام خوێنەر دووچاری حەپەسان و شۆك و سەرسامی دەکات، چونکە لە قوولاییدا پرسیاری تازەگەری ئاڕاستەی کولتوورو کەلەپوورە تەقلیدییەکانی ناو فکری عەرەبی دەکات و ڕەخنە لە بونیادە پەککەوتەکانی فکری عەرەبی دەگرێت و دەیەوێت ڕۆشنبیریی عەرەبی لە قاڵبە مەییو ڕووکەش و دۆگماکان ڕزگار بکات. ئەدۆنیس لە پشتی هەموو بزووتنەوە نوێخوازەکانی شیعرو ڕۆشنبیریی عەرەبیدا وەستاوە، لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە یەکێکە لە پێشەنگە گرنگەکانی فیکری نوێ و شیعری هاوچەرخی عەرەبی .

ئەم چاوپێکەوتنە کە (حسونە مصباحی) لە مەغریبدا سازیداوەو لە ژمارە (45)ی ساڵی 1987 ی گۆڤاری (فکر و فن) دا بلاۆکراوەتەوە، بەبۆنەی چاپکردنی شیعری (شهوة تتقدم في خرائط المادة) ئەنجامدراوە کە ئەدۆنیس ئەم شیعرەی لە کۆتایی ساڵی 1986 و سەرەتای ساڵی 1987 لە پاریسدا نووسیوە. ئێمە لێرەدا گرنگترین بەشی ئەم چاوپێکەوتنەمان لەو ژمارەیەی گۆڤاری (فکر و فن) دا وەرگێڕاوە .

*** شیعرە نوێیەکەت (شهوة تتقدم في خرائط المادة)م خوێندەوە، ئیحای ئەم قەسیدەیەت لەکەش و هەوای پاریس وەرگرتووە کە ماوەیەکە تیایدا دەژیت. ئەم قەسیدەیە چەند بیرێکی نوێ و هەمەجۆری تێدایە. ئەوەی لەم قەسیدەیەدا سەرنجی ڕاکێشام جۆری پەیوەندیی ڕۆشنبیری عەرەبە بە خۆرئاواوە. ئێمە واڕاهاتووین ڕۆشنبیری عەرەبی بەوجۆرە ببینین؛ یان لە خۆرئاوا دەترسێت و ڕەتیدەکاتەووگشت دەروازەو پە نجەرەکانی بەڕوودا دادەخات، یان بەبێ داهێنان لاسایی دەکاتەوەو بەبێ ئاگایی دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانیەوە، کەچی تۆ هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەت لەبەرامبەر خۆرئاوادا وەرگرتووەوبە**

ئاگاییەوە دەیدوێنیت، وەك ئەوەی بتەوێت بە خۆرئاوا بڵێیت: من لەناوەوە دەتناسم و دەرك بە ئەێنییەكانت دەكەم، لەبەرئەوە لەوە ئاترسم ئەوەی بە زەینمدا دێ پێتی بڵێم.

- ئەم هەڵوێستەی من شتێکی نوێ نییەو لەوێشەوە وەرم نەگرتووە کە لەپاریسدا دەژیم، پێشتر ئەم هەڵوێستەم لە ساڵی (1965) دەربڕیوە. لە کتێبی (المسرح والمرایا) شدا کە لە ساڵی (1968) لە بەیروت چاپکراوە، بە ڕوونی ئاماژەم بۆ جێهێشتنی ئەوجۆرە پەیوەندییە کردووە کە تۆ لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت بۆ کرد، هەروەها بۆ ئیشکالیەتی خۆرهەڵات و خۆرئاواو سەر لەنوێ پێداچوونەوەی تێگەیشتنی ئێمە لە خۆرئاوا. لە چەندین لێکۆڵینەوەشدا وتوومە خۆرئاوا چەمکێکی سیاسییە پتر لەوەی چەمکێکی فیکری و فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی بێت، کاتێکیش لە مەسەلەی مرۆڤایەتیدا قوڵ دەبینەوە، دەبینێ خۆرئاواو خۆرهەڵات یەك شتن. ئەم هەستەی من بێگومان لەو کاتەدا پتر قوڵبووەوە کە بەردەوام بە ولاتە ئەوروپییەکاندا دەگەڕام، بەتایبەت فەڕەنسە، ئەم هەستەم لەو کاتەدا پتر قوڵ بووەوە کە لە پاریسدا نیشتەجێ بووم، هەروەها لە ئاکامی خراپیی بارودۆخی لوبنان و ژیانی من لەو (تاراوگە)یەدا (وشەی "تاراوگە" دەخەمە نێو دوو جووت کەوانەوە چونکە لەو باوەڕەدام هونەرمەندی ڕاستەقینەو ڕەسەن لە هەر شوێنێکدا بێت, تاراوگە کراوە) و پەیوەندیی بەردەوامم لەگەڵ ئەو واقیعە نوێیەی ئێستاکە تیایدا دەژیم .

*** لەو قەسیدەیەدا ئاماژەت بۆ خۆرئاوایەکی هەڕەشە لێکراو بە کارەساتێکی نەوەوی کردووە، هەروەها ئاماژەت بۆ خۆرهەڵاتێك کردووە چەند نەخۆشییەکی ترسناك هەڵا هەڵاو ماندووی کردووە، نەخۆشیی سیاسەت و نەخۆشیی ئایدیۆلۆژیا .**

- من شاعیرێکم باوەڕم بە مرۆڤدۆستی هەیە بەمانای فراوانی وشەکە، ئەگەرچی پەیوەستم بە چارەنووسی مرۆڤی عەرەبی، بەڵام وای دەبینم کە مرۆڤ لەم زەوییەدا سەر بەهەر ڕەگەزو ڕەنگێك بێت، جوانترین و بە بەهاترین سامانی ژیانە. من باوەڕم وایە خۆرئاوا چەند دیوێك و چەند ڕووێکی جیاوازی هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەو خۆرئاوایە دوژمنیشم بێت بەڵام لە هەمان کاتدا ڕووەکەی ترمەو درێژکراوەی منە، خۆرئاوای

هۆڵدەرلین و نیتشەو ڕامبۆ جیاوازە لە خۆرئاوای سیاسی و جیاوازە لە خۆرئاوای تێکنۆلۆژی، من پەیوەستێکی قوڵم بە والّت وایتمەن و ڕامبۆو ئەدگار ئالان پۆ و بۆدلێرەوە هەیە، ئێمەی داهێنەران لەهەر شوێنێك بین پەیوەندییەکی قوڵمان بە یەکترەوە هەیەو هیچ سنوورێکی جوگرافی لە یەکترمان جیاناکاتەوە. بەڵێم لە خۆرهەڵّت و دنیای عەرەبیدا سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا بوون بە دوو نەخۆشیی ترسناك و مرۆڤیان شێواندووە بەهاکانیان تێکداوە .

*** تۆ دەڵێی داهێنەری ڕاستەقینە هەمیشە (تاراوگەکراوە)، بەڵام ئەو تاراوگەیەی ئێستاتیایا دەژیت زۆر جیاوازە لەو تاراوگەیەی کەلە پە نجاکاندا سوریات بەجێهێشت و چوویتە لوبنان. ئەمتاراوگە نوێیە چیی پێ بەخشیویت ؟**

- وەڵامی ڕاستەقینەی ئەم پرسیارەی تۆ ئەو قەسیدەیەیە کە لە سەرەتادا ئاماژەت بۆ کرد، هێشتا وا هەست دەکەم قەسیدەکە تەواو نەبووە .

*** ئەو بازنانەی لە شیعرەکەتدا باسیان دەکەیت و دەڵێی: (دەمخنکێنن) چ مانایەکیان هەیە؟**

- من لەو شیعرەدا دەڵێم (ناوەوە بۆ من بەرتەسکەو دەرەوەش هی من نییە) ناوەوە بریتییە لە نیشتمانەکەم، دەرەوەش هەموو زەوییەکی تر, گرفتی من لەو شوێنەدا نییە. شوێن بۆ من وەڵام نییە. لەهەر شوێنێکدا بژیم، تەنانەت لە ولاتێکی زۆر دیموکراسیشدا بژیم، وەڵامێکی کۆتایی و یەکلاکەرەوە نادۆزمەوە بۆ گیروگرفتە مرۆڤایەتییە قوڵەکانم. ئێمە کاتێك ولاتی پڕ لە ستەم و دیکتاتۆریەتی خۆمان جێ دەهێڵین، وەهمی ئەوەمان لا دروست دەبێت کەلە شوێنێکی تردا چارەسەری گیروگرفتەکانمان دەدۆزینەوە، کەچی ئەمە شتێکی ڕاست نییە تەنیا لە ڕووکەشدا نەبێت .

*** ئایا ئەو تاراوگەیەی ڕۆشنبیرە دیموکراسییەکانی ڕووس لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەدەستی ستەمی تزاریزم (قەیسەری) هەڵیان بژارد، لەو تاراوگەیە دەچێت کە ئێستا هەندێك لە ڕۆشنبیرانی ئێمەتیایا دەژین ؟**

- نەخێر، لەبەرئەوەی ڕۆشنبیرانی ڕووس لە سەدەی نۆزدەیەمدا هۆشیاربیان بۆ مەسەلەکەی خۆیان هەبوو و بەقوولّی و دلّەڕاوکێوە تیایدا دەژیان. بەلاّم ڕۆشنبیرانی ئێمە -بە تێڕوانینی من- تاراوگەکراو نین بەڵکو لە تاراوگەکراو دەچن .

*** ئەمە مانای چییە ؟**

- ئەوان بە وەهم لە حاڵەتی تاراوگەدا دەژین. واتە ئەوان ئەو شتانەی لە دەرەوەی ولاّتەکەی خۆیاندا دەیڵێن دەتوانن لەناو ولاّتەکەی خۆشیاندا بیڵێن .

*** مەبەستت ئەوەیە چەوساندەوە لە ڕژێمە عەرەبییەکانی ئێستادا نییە ؟**

- با واز لە هەندێك حاڵەتی دەرهاویشتەو تایبەتی بێنین کە بە باوەڕی من زۆر کەمن، بەلاّم تەماشای گشت ئەو بلاّوکراوەو گۆڤارو ڕۆژنامانە بکە کە لەدەرەوە دەردەچن، هەر هەموویان لە ولاّتە عەرەبییەکانیشدا بلاّو دەکرێنەوەو دەفرۆشرێن. ناوی یەك تاکە گۆڤاری عەرەبیم بۆ بهێنە کەلە گشت ولاّتە عەرەبییەکاندا قەدەغەکرابێت .

*** هیچ گۆڤارێکی لەوجۆرە نییە .**

- باشە ناوی چەند ڕۆشنبیرێکی لێهاتوو و داهێنەری عەرەبم پێ بڵێ کە پەیوەست نەبن بە یەکێ لە ڕژێمە عەرەبییەکان .

*** نازانم، هەندێك کەسی زۆر کەم و پەراوێزکراو هەن .**

— واتە ئەو کەسە بە ژمارە زۆر کەمانە کە لێرەو لەوێدا پەرت و بلاّوبوونەتەوە، هێزێکیان دروست نەکردووە بتوانن پرۆژەیەکی گرنگ دامەزرێنن کە پێچەوانەی پرۆژەکانی دی بێت، بەلاّم ئەمە مانای ئەوەش نییە کە ئێمە لە ولاّتەکانی خۆماندا ڕووبەڕووی کۆمەلّێك گرفتی گەورە نابینەوە. من لەو باوەڕەدام کە ئێمە بە ئاسانی (تاراوگە) دەکەین بە شوێنی خۆمان، ڕۆشنبیرانی عەرەب لە تاراوگەدا نەیانتوانیوە داهێنانێکی گەورە دروست بکەن .

*** ئایا ئەوپەڕی حاڵەتی (تاراوگە) وای ئێکردی ئەم قەسیدەیە بنووسیت ؟**

- بەڵێ بوونی من لە پاریسدا بوونێکی لابەلاییە. پاریس بەو رادەیە کاری لێ نەکردووم، بەڵام شوێنێکی ئارامی پێبەخشیوم, من لە پاریسدا گوێم لە زرمەی بۆمب و تەقینەوە نابێت و ناچمە ناو حەشارگەکانەوە، ئێستا ئەو هەستەم نییە وەک لە شەڕی ناوخۆیی لوبناندا هەمبوو ئەوەی کە نامەوێت بە خۆڕایی بمرم. پاریس لەمە زیاتر هیچی دیکەی پێ نەبەخشیوم .

*** لە کەیەوە ئەم قەسیدەیە لەناختدا ڕسکاوە ؟**

- ماوەیەکی زۆرە. قەسیدە لەلای من ڕۆشناییەکە لە ئاسۆدا, کاتێکیش دەست بەوەرگێڕانی ئەو ڕۆشناییە بۆ شێوەی نووسین دەکەم، گەورەو فراوان دەبێتەوە تا دەگەمە ئەوەی وا هەست دەکەم دەچمە ناو ئاسۆیەکەوە نازانم ئەو ئاسۆیە چۆن تەواو دەبێت . ماوەیەکی زۆرە وا ڕاهاتووم پەلە لە نووسینی شیعرەکانمدا نەکەم و نەکەومە ناو ئەو هەرایەی لە سەرەتادا دامدەگرێت. من ئێستا کاتێك دەست بە نووسینی شیعر دەکەم کە جەستەم بووبێت بە گڕکانێك، لەبەرئەوە ئێستا زۆر کەم شیعر دەنووسم .

*** تۆ ئەم قەسیدەیەدا کاتیگۆریی خۆرهەلات/خۆرئاوات ڕەتکردۆتەوە، هەروەک دابەشکردنی زەمەنیشت بۆڕابردو و ئێستاو داهاتوو ڕەت کردۆتەوە، زەمەن لەلای تۆ دەبێت بە بازنەیەک نەک بەهێلێکی ڕاست کە لەزەینی زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئێمە هەیە. ئاخۆ مانای ئەوەیە تۆ یاخیتەبە پەیوەندیی ڕۆشنبیری عەرەب بە زەمەنەوە ؟**

- چونکە داهێنان بەگشتی زەمەنێکی جیاوازی لە زەمەنی ماتماتیکی و زەمەنی زانستی هەیە، ئەمانە زەمەنێکی ئاسۆیین، تیۆر لەدوای تیۆر دێ و زانستەکانیش یەکتر نەفی دەکەنەوە، بەڵام زەمەنی ئیبداعی زەمەنێکی ستوونیی و پاشان زەمەنێکی بازنەییە. بۆنموونە من وادەبینم (ڕێنێ شار) و (هێنری میشۆ) لەگەڵ (ئەبو تەمام) و (هۆمیرۆس) و (دانتی) دا بەیەکەوە دەژین. زەمەنی ئیبداع یەك زەمەنە هەرچەندە شوێنەکانیشیان جیاوازبێت، چونکە زەمەنی ئیبداعی زەمەنێکە لە قوواڵییدا. زەمەن بەتێگەیشتنی من زەمەنێکی تەقینەوەئامێزە، دێ و دەڕواو دەگۆڕێت و نوێ دەبێتەوە .

*** دەمەوێت مەسەلەیەکی دیکە بوروژێنم، ئەویش مەسەلەی زمانە. بۆچی تۆ هەمیشە بەدەست زمانەوە گیرت خواردووە و بۆچی هەمیشە باسی زەحمەتیی زمان دەکەیت، لەکاتێکدا تۆ زمانێکی جوان و بەهێزت هەیە و زۆر بەوردی شارەزای زمانیت ؟**

- هەموو قەسیدەیەك لەلای من بەتەنها پرسیارکردن نییە لە جیهان، بەڵکو پرسیارکردنە لە خودی زمان خۆیشی، واتە ئەو کەرەستانەی ئەم شیعرەی پێ نووسراوە. شیعر لای من پرسیارێکە ئاراستەی جیهان و مرۆڤ و سروشت و توخم و ئەو زمانەشی دەکەم کە تیامدا دەژی و ڕۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم. بەم مانایە من گرفتم لەگەڵ زماندا هەیە. واتە وەك چۆن لە هەموو شیعرێکدا هەوڵدەدەم (دنیایەکی جیاواز) بخوڵقێنم، لە هەمان کاتیشدا هەوڵدەدەم زمانێکی جیاوازیش بخوڵقێنم، زمانێك بتوانێت ئەو هەست و بیرانەم بگوازێتەوە کە بەردەوام نوێ دەبنەوە, پرسیاری من لە زمان لەو پرسیارە دەچێت کەلە جیهانی دەکەم .

*** ئەدۆنیس شاعیرێکە بەردەوام پرسیار لەخۆی و سەردەمەکەی و مێژووی نەتەوەکەی و لە شارستانییەتەکانی تریش دەکات، لەوانە شارستانییەتی نوێی خۆرئاوایییش. خەریکە لەلای زۆربەی شاعیرانی دیکەی عەرەب پرسیار ون دەبێت، هۆی ئەمە چییە ؟**

- هۆی ئەمە, بە بڕوای من، کاریگەریی خراپی ئەو ئایدیۆلۆژییانەیە کە حوکمی کولتووری عەرەبی و هەست و شعوری مرۆڤی عەرەبییان کردووە, ئەو کولتوورەی لەسەر ئایدیۆلۆژیا دادەمەزرێت پێی وایە وەلاّمی کۆتایی بۆ هەموو شتێك پێیە، لەبەرئەوە ئەمجۆرە کولتوورە پرسیار ناکات بەڵکو تەنیا وەلاّمدەداتەوە. من لەوباوەڕەدام مەسەلەکە لەوەدا نییە وەلاّم بدەیتەوە بەڵکو لە چۆنییەتی پرسیارکردنە لە جیهان، پاشان وزەی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە خستنەڕووی وەلاّمی ئامادەکراودا نییە بەڵکو لە خستنەڕووی پرسیاری بەردەوامە. گرنگترین گیروگرفتی ڕۆشنبیریی ئێمە کە تیایدا دەژین ون بوونی پرسیارە، هەر ڕۆشنبیرییەکیش پرسیاری گەورەی تیادا نەبێت، ڕۆشنبیرییەکی مردووە .

*** جارێکی تر دەگەڕێمەوە بۆ مەسەلەی زمان؛ تۆ لە یەکێك لە شیعرەکانتدا دەڵێیت؛ ("با" زمانی سروشتە و تێشکیش زمانی پەتی) ئەمە ماناى چییە ؟**

- مەبەستم لەوەی کە (تیشك) زمانی پەتییە، واتە تیشك بە سروشتی خۆی شت ڕۆشن و ڕوون دەکاتەوە. تیشك لەم لایەنەوە زۆر لە زمانی پەتی دەچێت کە دەتوانێت مرۆڤ و هەست و بۆچوونەکانی ڕووناك و ئاشکرا بکات, بەڵام زمانی ئاسایی ناو خەڵك، سەبارەت بە من، وەك (با)یەکی فرە دەلالەتە هەندێکجار ناشیرینەو هەندێکجاری دیش تونده‌و جاری واش هەیە گەرمەو جارو باریش فێنك و هێمنە. (با) هێمای جیهانە لە هەمەڕەنگی و فرەیی و جوولانەوەیدا. زمانی ئاسایی قوولترین دەلالاتی مرۆڤ هەڵدەگرێت چونکە بەو زمانە خەون دەبینێ و جنێو دەدات و ژیانی ڕۆژانەی پرۆسە دەکات، لەبەرئەوە ئەو زمانە لە (با) دەچێت. بۆیە من وای دەبینم پێویستە لە زمانی پەتیدا ڕۆحی زمانی ئاساییش هەبێت .

*** ئایا خەون بە دەرکەوتنی (نیچە) یەکی عەرەبی دەبینیت ؟**

- بەڵێ، نیچە لای من هێمای ڕۆشنبیرییە، چونکە لەرزینێکی خستەناو ڕێساکانی ڕۆشنبیریی مەسیحی و یەهودیی ئەوروپییەوەو ئاسۆیەکی نوێی بەخشییە پرسیاری چارەنووس و بوون. بەڕای من کولتووری عەرەبی پێویستیی بەداهێنەرێکی وەك نیچە هەیە تا ڕێسا جێگیرەکان بلەرزێنێت و لەناو تایبەتمەندی و گیروگرفتە تایبەتییەکانی خۆیدا ئاسۆیەکی نوێ بکاتەوە .

*** جگەلە نیچە، لە داهێنەرانی ئەڵمانیدا، کێی دیکە کاری تێکردووە ؟**

- من بەتایبەتی بەرهەمی هۆڵدەرلین و ڕیلکەو کەسانی دیکەم خوێندۆتەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە لەڕێگەی وەرگێڕانەوە خوێندوومنەتەوە، لەبەرئەوە نەمتوانیوە چێژ لە شیعرییەتی زمانەکەیان وەربگرم. بەبڕوای من مەحاڵە شیعرییەتی قەسیدە لە شیعرییەتی زمان جیابکرێتەوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە نەمتوانیوە بچمە ناو دنیای ئەو شاعیرانەوە،

بەلآم زەحمەتە بتوانم کاریگەری ئەوان لەسەر ڕوانینی شیعریم دیاری بکەم. دەتوانم بڵێم نیچە لە شاعیرەکانی دی پتر کاری تێکردووم چونکە نیچەم وەک سەرجەمگیرییەکی فیکری خوێندەوە، بەلآم نەمتوانی شاعیرەکانی دی بەسیفەتی سەرجەمگیریی شیعری بخوێنمەوە، بێگومان بەهۆی بەربەستی زمانەوە .

*** کتێبە شیعرییەکەت بەناوی (کتێبی گەمارۆ - کتاب الحصار) لەدوای تێپەڕبوونی چوارسآڵبەسەر گەمارۆدانی بەیرووتدا چاپکرا. ئەم ماوە زەمەنییە بۆچی ؟**

- بۆئەوەی ڕووداوێك بکەی بەدەق دەبێت مەسافەیەك لەنێوان تۆو ڕووداوەکەدا هەبێت تابتوانیت وەك (هێما) ئەو حاڵەتە دەربخەیت نەك وەك کۆمەڵێك (ڕووداو)، گشت ئەو جەنگ و مەینەتییانەی لە جیهانی عەرەبیدا ڕوودەدەن دووچاری سەرسوڕمانم ناکەن، تۆ دەتوانیت دەرك بەوە بکەیت ئەو تاشە بەردەی لەسەر چیایەك وەستاوەو هیچ شتێکیش جێگیری نەکردووە, دەشێت لەهەر ساتێکدا خلۆربێتەوە، بۆیە ڕووداو و کارساتەکانم پێ سەیرنین .

*** زۆرجار دەوترێت ڕووداوی گەورە ئەدەبی گەورە بەرهەم دەهێنێت، کەچی دەبینین لەناوعەرەبدا، سەربارای ئەو ڕووداوە گەورانەی لە چەرخی نوێدا تیایدا ژیاون، تا ئێستاش شتێکی وایان بەرهەم نەهێناوە بە قەدەر بارستایی ئەو ڕووداوانە بێت .**

- من ئەم قسەیەم پێ ڕاست نییە، گەلێك ڕووداوی گەورە لە مێژوودا هەن ئەدەبێکی گەورەیان بەرهەم نەهێناوە, بەپێچەوانەشەوە هەندێك ڕووداوی بچووك هەن ئەدەبێکی مەزنیان بەرهەم هێناوە، شاعیر تەنیا لە بارەی جەنگ و کوشتن و ستەم نانووسێت, بەڵکو لە بارەی مێرووڵەو گوڵ و زەردەخەنەو چۆلەکەو شتی زۆر بچووك و ئاساییش دەنووسێت، گەورەیی ڕووداو بەهیچ جۆرێك پەیوەندی بە گەورەیی کاری هونەرییەوە نییە. بەلآم بۆچی ڕووداوە گەورەکانی جیهانی عەرەبی ئەدەبێکی ئیبداعی گەورەیان بەرهەم نەهێناوە، ئەمە پەیوەستە بەچەند شتێك کە پێشتر باسمان کردووە، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم شیعری هاوچەرخی عەرەبی لە ئاستی ئەو ڕووداوانەدا بووە کە تیایاندا ژیاوین، شیعری هاوچەرخی

عەرەبی لە ئاستی شیعری جیهانیدایەو لەوانەیە پێش شیعری هاوچەرخی خۆرئاواش بکەوێت, بۆنموونە هەندێك شیعری بەدر شاکر سەیياب هەن لە هیچ شیعرێکی هاوچەرخی دیکەدا نموونەی وانابینین, لەڕاستیدا ئێمە زۆر زوڵم لەخۆمان دەکەین ئەگەر پێمان وابێت شاعیری گەورەمان نییە کەلە ئاستی شیعری جیهانیدا بێت .

*** ڕای ئەدۆنیس لە بارەی ڕۆمانی عەرەبییەوە چییە ؟**

- ناتونم لەم بوارەدا قسە بکەم و ببمە دادوەر. من لە بنەڕەتدا بایەخ بەشیعری جیهان دەدەم. ڕۆمانیش جیاوازە لە دنیای شیعر، ڕۆمان لە پەخشانێکدا جیهان دەخاتەڕوو زەمەن تیایدا شیکراوەتەوە، بەلاّم شیعر بریتییە لە زەمەنێکی چڕکراو . کاتێك ڕۆمانێك دەخوێنمەوە واهەست دەکەم جیهان هەر ئەو جیهانەیە کە لە ژیانی ڕۆژنەدا دەیبینم، لەوانەشە ئەم ڕایەی خۆم بگۆڕم ئەگەر (ڕۆمان — قەسیدە) یەکی جوانم دەستبکەوێت، ئەوەی کە لە ئەدەبی نوێی عەرەبیدا ونە. یەکێك لەو ڕۆمانانەی عاشقی بوومە (مۆبی دیك) ی هێرمان ملیڤڵە، ئامادەم هەمیشەو بە بەردەوامی بیخوێنمەوە، چونکە ئەم ڕۆمانە ڕوانینێکی شیعرییە بۆ جیهان.

کورتە ژیان و بەرهەمەکانی ئەدۆنیس

ناوی تەواوی (علی احمد سعید إسبرة) ە، لەسەرەتای مانگی کانوونی دووەمی سالّی (1930) لە گوندی (قصابین) لە سووریە لە دایکبووە، لە تۆماری ڕەسمیدا ڕۆژی لە دایکبوونی 1930/9/14 نووسراوە, لەسەر دەستی باوکی کە شاعیرێکی سۆفیست بووە، فێری خوێندەواری بووە، پاشان لە قوتابخانەی (لاییك) خوێندوویەتی و قۆناغی ناوەندیشی لە ئەنتاکیە تەواو کردووە، لە سالّی (1946) کە لە پۆلی پێنجەمی دواناوەندی بوو, پەیوەندیی کردووە بە حزبی نەتەوەیی سووری، لەو کاتانەدا دەستی بەنووسینی شیعر کردووە, لە سالّی (1948)دا ناوی (ئەدۆنیس)ی بۆ خۆی هەڵبژارد، لە سالانّی چلەکاندا هەندێك شیعری لە گۆڤاری (القیثارة) بلاّوکردەوە، لە سالّی (1950) دا (خالیدە سەعید) ی لە دیمەشق ناسی کە دواتر بوو بە خێزانی، لە سالّی (1954) دیوانە شیعری (قالت الأرض) ی چاپکرد. لە زانکۆی دیمەشقدا بەشی فەلسەفەی تەواوکردو پاشان ماجستێری بەدەست هێنا، بابەتی ماستەرەکەی بەناوی (الهو هو عند المکون النجاری) کە شاعیرێکی هاوچەرخی (ابن الفارض) بووە، (الهو هو) تەعبیرێکی سۆفیگەرانەیو واتای (مانا) و (وێنە) دەگەیەنێت .

لە سالّی (1954) بەهۆی ئەندامبوونی لە حزبی سووری نەتەوەیی، خرایە زیندانەوە، هەروەها خالیدە سەعیدی خێزانیشی هەر لەو سالّەدا خرایە زیندانەوە، لە سالّی (1956) لە زیندان بەربوو و بەرەو بەیرووت کۆچی کرد, لەوێدا یوسف الخالی ناسی کە لە نیوێورك هاتبووەوە پێکەوە گۆڤاری (شیعر) یان دەرکرد، لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری شیعرو لە سالّی (1957) دا ئەدۆنیس شانۆنامەیەکی شیعریی کورتی بەناوی (مجنون بین الموتی) بلاّوکردەوە، هەر لەو سالّەشدا لە بەیرووت سەیابی ناسی .

ئەدۆنیس لە بەیروتدا ژیانێکی شیعری و ڕۆشنبیریی نوێی دەستپێکرد، بەمجۆرە لە گۆڤاری (شیعر) دا بەردەوام شیعرو بابەتی دیکەی دەنووسی و خۆی بەکاری وەرگێڕانەوە خەریك دەکرد، لە ساڵی (1957) دیوانی (قصائد اولی) ی چاپکرد.

ئەدۆنیس لە هیچ شوێنێکی ڕەسمیدا وەك فەرمانبەر دانەمەزراوە، لە ساڵی (1958) لەگەڵ حەلیم بەرەکات و عادل زاهیر گۆڤاری (أفاق) یان دامەزراند، هەر لەو ساڵەشدا دیوانە شیعری (أوراق في الريح) ی بەچاپ گەیاند, لە ساڵی (1960) منحەیەکی لە حکومەتی فەڕەنسی دەستکەوت تا بۆ ماوەی ساڵێك لە پاریسدا بژی، لە پاریسدا لە نزیکەوە بزاوتی شیعری و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵێك شاعیری ناسی، لەوانە : هێنری میشۆ، تریستان تزارا، پێیر ئیمانۆئێل، ئیف بۆنفوا، ئۆکتاڤیۆپاز، پییێرجان جوف، جاك بریڤێر, پۆل سیلان, میشێل دۆکی، زۆربەی شیعری ئەم شاعیرانەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە گۆڤاری (شیعر) بلاوی کردوونەتەوە.

لە ساڵی (1961) لە بەیروت کۆمەڵە شیعری (أغاني مهيار الدمشقي) ی چاپکردو هەر لەو ساڵەدا چووە ئیتالیا تا بەشداری لە کۆنگرەی ڕۆمادا بکات و لەوێدا بابەتێکی بەناونیشانی (شیعری عەرەبی و گرفتی نوێکردنەوە) پێشکەشکرد، لە بەهاری ساڵی (1963) دا لەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (شیعر) بوو بە ناکۆکییان و لێیان جودا بووەوە، لە ساڵی (1965) دیوانی (كتاب التحولات والهجرة في اقاليم النهار والليل) ی چاپکرد. لە ساڵی (1968) دا گۆڤاری (مواقف)ی دامەزراند کە هەر لەو ساڵەدا دیوانە شیعری (المسرح و المرايا) ی چاپکرد .

لە ساڵی (1970) لە زانکۆی بەیروتدا بوو بە مامۆستا، لە ساڵی (1973) دکتۆرای دەوڵەتی لە زانکۆی قەدیس یووسف لە بەیروت بە دەستهێنا، تێزی دکتۆرانامەکەی بەناونیشانی (الثابت والمتحول: بحث في الاتباع والابداع عند العرب) کە بریتی بوو لەسێ بەش، بەشی یەکەمی لە ساڵی (1974) بەناوی (الاصول) چاپکردو

بەشی دووەمیشی لە ساڵی (1977) بەناوی (تأصيل الاصول) و بەشی سێیەمیش لە ساڵی (1978) بەناوی (صدمة الحداثة). بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەزۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەرهەمەکانی بلاوکردۆتەوە، بەتایبەتی لەهەردوو ڕۆژنامەی (السفير) و (النهار) و گۆڤاری (الموقف الادبي) و (المسرح) و گۆڤاری ESPRIT لە پاریسو گۆڤاری (المجلة) لە قاهیرەو (الكرمل) لە بەیروت و نێقۆسیا و (الطريق) لە بەیروت و (الثقافة الجديدة) لە مەغریب و (كلمات) لە بەحرەین.

لەنێوان ساڵانی (1980 – 1981) لە زانکۆی سۆربۆن لە فەرەنسە وانەی وتۆتەوە، لە ساڵی (1983) بوو بە ئەندامی دەستەی باڵای کۆلێجی فەلسەفە لە پاریس. لە ساڵی (1985) بەهۆی شەڕی ناوخۆوە بۆیەکجاری بەیروتی بەجێهێشت و چووە پاریس، پاشان بۆ ماوەی چوار مانگ لە زانکۆی جۆرج تاون لە واشنتۆن دەرسی وتۆتەوە, پاشانبووبە نوێنەری هەمیشەیی کۆمکاری ولاتە عەرەبییەکان لە یۆنیسکۆ لە پاریس، بەڵام لە ساڵی (1990) دا دەستی لەکار کێشاوەتەوە .

بەرهەمەکانی ئەدۆنیس

1 - شیعر

(دليلة)، 1950، دیمەشق .

(قالت الارض)، 1954، دیمەشق .

(قصائد اولى)، بەیرووت، چاپی یەکەم، 1957 .

(اوراق في الريح) بەیرووت، چاپی یەکەم، 1958 .

(أغاني مهيار الدمشقي) بەیرووت، چاپی یەکەم، 1961 .

(كتاب التحولات والهجرة في أقاليم النهار والليل)، بەیرووت، چاپی یەکەم، 1965.

(المسرح والمرايا)، بەیرووت، چاپی یەکەم، 1968 .

(وقت بين الرماد و الورد)، بەیرووت، چاپی یەکەم 1970 .

(هذا هو اسمي) بەیرووت، چاپی یەکەم 1980 .

(مفرد بصيغة الجمع)، بەیرووت، چاپی یەکەم 1977 .

(كتاب القصائد الخمس) بەیرووت، چاپی یەکەم 1979 .

(المطابقات والاوائل) بەیرووت، چاپی یەکەم 1980 .

(كتاب الحصار) بەیرووت، چاپی یەکەم 1985 .

(شهوة تتقدم في خرائط المادة)، دار توبقال للنشر،المغرب، 1987 .

(احتفاء بالاشياء الغامضة الواضحة) بەیرووت، چاپی یەکەم، 1988 .

(ابجدية ثانية) دار توبقال للنشر، الدار البيضاء – 1994 .

(الكتاب: امس المكان الان) بەیرووت، 1995 .

(فهرس لاعمال الريح) دار النهار –بیروت 1998 .

(أول الجسد آخر البحر)، دار الساقي، بيروت 2003.

(تنبأ، ايها الاعمى)، دار الساقي، بيروت 2003.

(تاريخ يتمزق فى جسد امرأه)، دار الساقي، بيروت 2007.

(اهدأ، هاملت، تنشق جنون اوفيليا)، دار الساقي، بيروت 2008.

2- ئینگلیزی:

.....

(مقدمة للشعر العربي) بەیرووت، چاپی یەکەم 1971 .

(زمن الشعر) بەیرووت، چاپی یەکەم 1972 .

(الثابت والمتحول- بحث في الاتباع والابداع عند العرب)

أ- (الاصول - 1974 .

ب- تأصيل الاصول - 1976 .

ج- صدمة الحداثة وسلطة الموروث الديني - 1978 .

د- صدمة الحداثة وسلطة الموروث الشعري- 2001

(فاتحة لنهايات القرن) بەیرووت، چاپی یەکەم، 1980 .

(سياسة الشعر —دراسات في الشعرية العربية المعاصرة) بەیرووت، چاپی یەکەم 1985 .

(الشعرية العربية) بەیرووت، چاپی یەکەم 1985 .

(كلام البدايات) بەیرووت، چاپی یەکەم / 1989 .

(الصوفية و السوريالية) بەیرووت، چاپی یەکەم 1992 .

(مختارات من شعر يوسف الخال) بەیرووت، چاپی یەکەم 1962 .

(مختارات من شعر السياب) بەیرووت، چاپی یەکەم 1967 .

(مختارات من شعر شوقي) بەیرووت، چاپی یەکەم 1982 .

(مختارات من شعر الرصافي) بەیرووت، چاپی یەکەم 1982 .

(مختارات من شعر الكواكبي) بەیرووت، چاپی یەکەم 1983 .

(مختارات من شعر محمد عبده) بەیرووت، چاپی یەکەم 1983 .

(مختارات من شعر محمد رشيد رضا) بەیرووت، چاپی یەکەم 1983 .

(مختارات من شعر الزهاوي) بەیرووت، چاپی یەکەم 1983 .

(مختارات من الامام محمد بن عبدالوهاب)، بیروت، 1983.

(ئەم شەش کتێبەی دوایی لەگەڵ خالیدە سەعید شیعرەکانیان هەڵبژاردووەو پێشەکییان بۆ نووسیوە) .

(النظام والكلام) – بیروت – 1993 .

(النص القرأني وأفاق الكتابة) – بیروت – 1993 .

(ها انت ايها الوقت: سيرة شعرية ثقافية) – 1993 .

(موسیقی الحوت الازرق) بیروت، 2002.

(المحیط الاسود)، بیروت، 2005.

3- وەرگێڕان :

.....

(الاعمال المسرحية الكاملة لجورج شحادة)، الكويت، 1972 – 1975 .

(الاعمال الشعرية الكاملة- سان جون بيرس)، دمشق، 1976 – 1978 .

(مسرحيتان لراسين)، (فيدر) الكويت 1975، (الشقيقان العدوان) دمشق 1975 .

(الاعمال الشعرية الكاملة-أيف بونفوا)، دمشق، 1986 .

تێبینی : ئەم زانیارییانەم لەم کتێبانە وەرگرتووە

.....

1- محمد بنيس، الشعر العربي الحديث (3) الشعر المعاصر، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، ط2، 1996.

2- أدونيس, النص القرأني وأفاق الكتابة، دار الاداب –بيروت) ط1 –1993 .

3- صقر ابو فخر، حوار مع ادونيس: الطفولة، الشعر، المنفى – المؤسسة العربية للدراسات والنشر – ط1 – بيروت 2000 .

بەرهەمە چاپکراوەکانی وەرگێڕ

- ئەرکەکانی رێکخراوی لاوان، نووسینی: لینین، وەرگێڕانی بەناوی خواستراوی (هەڵگورد)لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی خوێندکارانی کوردستان، بالیسان، 1984.
- شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، (دەق و رەخنە)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2001.
- بیری رەخنەیی هاوچەرخ، (کۆمەڵێ وتاری وەرگێڕدراو)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2001.
- گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس، منداڵی-شیعر-تاراوگە،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم- 2001، چاپی دووەم 2008.
- ئایین و عەلمانییەت و کۆمەڵگای مەدەنی، گفتوگۆ لەگەڵ د.محەمەد ئارکۆن، سازدانی: هاشم سالح، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2002.
- لەنێوان بلیمەتی و شێتیدا، نووسینی: هاشم سالح، کتێبی گیرفان(23) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم 2002، چاپی دووەم لە کتێبخانەی سۆران لە هەولێر 2004.
- مەملەکەتی تیشکەکان، کۆمەڵێ چیرۆکی جەلیل قەیسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.
- عەلمانییەت و ئایین: ئیسلام-مەسیحییەت-خۆرئاوا، نووسینی: د.محەمەد ئارکۆن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2005.
- ئیسلام و گلۆبالیزم، د.محەمەد ئارکۆن، کتێبی گیرفان (66)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،2005.

- ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەرەیەکی ڕەخنەیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،2006.
- ئیسلام و عەلمانییەت، د.محەمەد ئارکۆن، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما، هەولێر، 2007.
- شوناسی تەواونەکراو، داهێنان-ئایین-سیاسەت-سێکس، نووسینی: ئەدۆنیس، لەبلاوکراوەکانی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی، 2008.
- دارشتنی دەستوری هەمیشەیی و ئایندەی سیاسیی عێراق، د.مونزیر فەزڵ، لەبلاوکراوەکانی بەشی چاپ و بلاوکردنەوەی ڕادیۆی نەوا، سلێمانی، 2005.
- نصوص كردية حديثة، قصائد وقصص مترجمة، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، 2008.
- المدينة في قصص جليل القيسي، قراءة سايكو-سوسيولوجية، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية اللغات-قسم اللغة العربية في جامعة السليمانية، 2008، (غير مطبوعة).